# تەفسیری زادی

تەفسیری زادی

نووسینی: کرێــکار

مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر

چاپی یەکەم ١٤٤٤ك- ٢٠٢٣ز

**نوسینگەی تەفسیر**

بۆ بڵاوکردنەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر

تـەفســـیری زادی،

کرێــــکار (نووسـەر)،

٤٥٧ لاپـــــەڕە ،

١٧* ٢٤ ســــم ،

بابـەت ، ئایینی

ISBN: 978-9922-654-16-4

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان - هەرێمی کوردستان

ژمارە سپاردنی (٥٨٥) ی ساڵی ٢٠٢١ز پێدراوە.

"بیروبۆچوونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"

**خــەتی بــەرگ : نـــەوزاد کۆیــی**

**دیزاینی ناوەوە : زەردەشت کاوانی**

# تەفسیری زادی

سورەتەکانی:

## الصف • الجمعة • المنافقون

نوسینی

کرێکار

بسم الله الرحمن الرحيم

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

إنَّ الحَمْدَ لله نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعينُهُ ونَسْتَغْفِرُه، وَنَعُوذُ بالله منْ شُرُور أنْفُسنا وَمنْ سَيِّئات أعْمالنا، مَنْ يَهْده اللهُ فَلا مُضلَّ لَهُ، وَمَنْ يُضْلل فَلا هَادِيَ لَهُ. أَشْهَدُ أنْ لا إلَهَ إلاَّ الله وأَشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً عَبدُهُ وَرَسُولُهُ.

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ ﴾ آل عمران: ١٠٢

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا ﴾ النساء: ١

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ٧٠ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ الأحزاب: ٧٠-٧١.

أمَّا بَعْدُ: فَإنَّ أَصْدَقَ الحَديث كتابُ الله، وَخَيرَ الهَدي هَدْيُ مُحَمَّد ﷺ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثاتُها، وَكُلَّ مُحْدَثَة بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ، وَكُلَّ ضَلالَةٍ في النَّارِ.

## پێشکەشە

بەو پیاوە بەجەرگانەی، خوا خۆشی دەوێن..

ئەوانەی لە مەیدانی جیهاددا، یەک ڕیز ڕاوەستاون

# تەفسیری سورەتی

# الصف

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ (١) يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ (٢) كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ
أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ (٣) إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ
صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ (٤) وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ
تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ
وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ (٥) وَإِذۡ قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ يَٰبَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ إِنِّي
رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُم مُّصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيَّ مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي
ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُۖ فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ (٦) وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ
عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُوَ يُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ (٧) يُرِيدُونَ
لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ (٨) هُوَ ٱلَّذِيٓ
أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ (٩) يَٰٓأَيُّهَا
ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ (١٠) تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ
وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ (١١) يَغۡفِرۡ
لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ
ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ (١٢) وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ
(١٣) يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ
أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ
وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ (١٤)﴾ **الصف: ١ - ١٤**

## پێناسەی سورەتەکە

ئەم سورەتە، هەر لە سەردەمی یاوەراندا پێی وتراوە: سورەتی (الصف)، بۆیە (ئیمامی بوخاری)، هەروەها (ئیمامی ترمزی)ش (رحمهما الله)، کردویانە بە ناونیشانو پێناسەی سورەتەکە.

ئەلفو لامی ناوەکەی، پێی دەوترێت: (ئەلفو لامی عەهد)، الصف: ڕیزە، کە بریتییە لە: ڕێکخستنو ڕێکدانانی هەرچی شتێك، کە لێکدەچن.

لەو ئایەتەوە هاتووە، کە خوای گەورە، هەر لەم سورەتەدا لە ئایەتی چوارەمیدا دەفەرموێ: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَـٰتِلُونَ فِى سَبِيلِهِۦ صَفًّا﴾.

واتە: خوا ئەو کەسانەی خۆش دەوێت، کە لەپێناوی ئەودا یەکریز کوشتاردەکەن.

(ئیمامی سیوطی) دەفەرموێ: پێشی دەڵێن: سورەتی (حەوارییین)و سورەتی سەییدنا (عیسا).

ئەم سورەتە، شەستو یەکەمین سورەتە، چواردە ئایەتە.. (النحاس)و (موجاهید)و (عەطاء) لە (ئیبنوعەبباس)ـەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، دەگێڕنەوە، کە فەرموویەتی: مەککییە. (واتە: لە مەککە هاتۆتەخوارەوە).

بەڵام (ماوەردی)و (زەمەخشەری)و (فەخری ڕازی)و ئەوانیتر دەفەرموون: هەموو ئایەتەکانی مەدەنین. (واتە: لە مەدینە هاتوونەتە خوارەوە).

وام بۆ ساغبۆتەوە: کە ئەمەیان ڕاستترە، چونکە ئەو هۆی هاتنە خوارەوانەی بۆ پێشەکی سورەتەکە هێنراونەتەوە، هەمووی (وَاللَّهُ أَعْلَم) دەگەڕێنەوە بۆ موسوڵمانان لە مەدینە، بە تایبەتی کە ڕیوایەتی (جابری کوڕی زەید) خوا لێی

ڕازی بێت، دەفەرموێ: ئەم سوڕەتە لە دوای سوڕەتی (التغابن) هاتۆتەخوارەوە، کەوابوو: لە ڕیزی هاتنەخوارەوەدا سوڕەتی سەدو هەشتەمە...

**ئەم سوڕەتە - لەگەڵ ئەو ئاماژەکردنانەی بۆ ئەم باسو ئەو باسی جودا- چەند خاڵێکی سەرەکی ڕۆشن، زۆرتر تۆخدەکاتەوە:**

**خاڵی یەکەم:** ئەوە زیاتر لە مێشکی موسوڵماناندا دەچەسپێنێت، لەوە دڵنیابێت، کە دینەکەی ڕێبازو بەرنامەی خوای گەورەیەو، بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ناردووە، بەم شێوازە کۆتاییە ناردویێتی، هەر لەوەیە، کە پێشتر بە شێوازیتر دەینارد، کە لەگەڵ دیدو بیروهۆش و، قەبارەی کۆمەڵگەکانیتری پێشووی مرۆڤایەتیدا دەگونجا.

پێشتر ئەزموونی جۆراوجۆری گەلێك لە پێغەمبەرانو نێرراوانی خوای گەورەو، پەیامەکانیانو خەڵکانیتر ڕابورد، کە هەر هەموویان ڕێخۆشکەرو زەمینەسازیی بوون، بۆ هاتنو پیادەکردنی ئەم دینە کۆتاییە.

ئەم دینەی، کە خوای گەورە ویستی وابوو، بیکاتە مۆری ڕەسمی خۆیو پێغەمبەرایەتیی پێ خەتم بکات، کە ئەی مرۆڤایەتی ئەوە بزانن، کە ئەمە کۆتا بەرنامەمە بۆتانی دەنێرم و، غەیری ئەمەش لە ئێوە قبووڵناکەم، ئێوەش بیگرنەبەرو پیادەی بکەن، تا بەختەوەریی دنیاو ڕووسووری قیامەت بن..

لەم نێوانەدا ئاماژەیەك بە پەیامەکەی سەییدنا (موسا) دەکاتەوە، (سەلامی خوای لێبێت)، تا هەموو لایەك چارەنووسی بەنوئیسرائیلییەکان وەبیربهێنێتەوەو، وەك ئەوەی پێیان بفەرموێ: بزانن، کە بەنوئیسرائیلییە کافرەکان، ئەو هەموو ئازارەی پێغەمبەرەکانی خوایاندا، ئەو هەموو بەرهەڵستییەیان کردن و، ئەو هەموو بەربەستو کەندو کۆسپەیان خستنەڕێ، ئاقیبەتییان بوو بەچی؟!

کێ سەرکەوتو ڕووڕەشیو نەهامەتی دەروونیی و، زەلیلی جەستەیی بۆ کێ مایەوە؟!

پێغەمبەرانو ئیماندارا‌ن سەرکەوتن و، دوژمنەکانیان گومڕابوون، بەڵام ئەم سەرکەوتنو سەربەرزییەی ئیماندارانی بەنوئیسرائیل خۆشیان، زۆری نەخایاند!

ئەمانیش وردە وردە لە دینەکەی خوا لایانداو، ڕاو بۆچوونی خۆیان خستە پێش دینەکەی خوای گەورەو کارزان!

تا سەرەنجام شایانی ئەوە نەمان، کە پەیامی خوایی لەسەر زەمیندا هەڵبگرن:

﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦ يَٰقَوۡمِ لِمَ تُؤۡذُونَنِي وَقَد تَّعۡلَمُونَ أَنِّي رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيۡكُمۡۖ فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ٥﴾.

واتە: کە موسا (علیه السلام) بە قەومەکەی فەرموو: ئەرێ ئێوە بۆچی _ کە دەشزانن من نێرراوی خوامو بۆ ئێوەی ناردووم_ هەر ئازارم دەدەن؟! ئەوجا کە لە ڕێ لایاندا، خوای گەورەش دڵی ئەوانی لەسەر خواویستی لادا، چونکە خوا ڕێنمایی خەڵکانی لادەر ناکات.

کەوابوو: قەومەکەی سەییدنا (موسا)، هی ئەوە نەمان پەیامی خوایی هەڵبگرن، چونکە هەر لەو کاتەوەی، کە لە ڕێ ترازانو لایاندا، ئەمیندار نەمان، هەر لەو کاتەوە، کە دینەکەیان پشتگوێخست، خۆیان گومڕاکردو، هی ئەوە نەمان خەڵکانیتر هیدایەت بدەن.

دیسان هەر لەم نێوانەدا، ئاماژەیەکیش بە پەیامی سەییدنا (عیسا -علیه السلام) دەکاتەوە، بەو سیفەتەی، کە هەر بەردەوامبوونی ئاڕاستەی پێغەمبەرایەتییەکەی سەییدنا (موسایە -علیه السلام) و ڕێڕەوو پێشەکییەکیشە بۆ پەیامەکەی سەییدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە کۆتا پەیامی پێغەمبەرێتییە.

ئاڵقەی پەیوەستی نێوان پەیامی پێشووی سەییدنا (موسا)و پەیامی دوایی سەییدنا (محمد)ە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)..

سەییدنا (عیسا) مژدەی هاتنی پێغەمبەرێکی دی دەداتە خەڵکەکەی، کە ئەگەر، تا ئەو زەمانە ژیانو دیتتان، لاتان نامۆ نەبێتو ئێوە پێش هەموو کەس، باوەڕی پێبهێننو شوێنی بکەون: ﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ﴾.

واتە: کە عیسای کوڕی مەریەم (علیهما السلام) بە بەنی ئیسرائیلییەکانی فەرموو: من پێغەمبەری خواو بۆ ئێوە نێرراوم، ئەو (تەوڕات)ـەی خوا بە ڕاستدەزانم، کە پێش پەیامەکەی من بۆی ناردن، مژدەی هاتنی پێغەمبەرێکیتری خواشتان پێدەدەم، کە لە دوای من دێت، ناوی ئەحمەدە.

کەوابوو: سەییدنا (عیسا) بۆ ئەوە هات، تا ئاڕاستەی پێغەمبەرایەتییەکە لە سەییدنا (موسا) وەربگرێت و، قەومەکەی خۆی پێ ئاڕاستەبکات، ئینجا زەمەنەکە بەردەوام بکات، هەتا پەیامەکەی سەییدنا (محمد)یش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دێت.

لە زانیاری خوای پەروەردگاردا ئەم هەنگاوانە دیاریکراوبوون، دەبوو هەر ئاوا هەڵهێنرێنەوە، تا هەموو دەگەنە کاتو شوێنی پێویست، کاتو شوێنی چەسپاندنی بڕیارە نەگۆڕەکەی خوای کارجوان، کە بریتییە لە: وەرگرتنو پیادەکردنی دینەکەی خوا -بەو شێوە کۆتاییەی- کە لەسەر دەستی کۆتا پێغەمبەری خوا هاتووە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و دەبێت بەو، هەموو دینو ڕێبازێکی دی، کەنار بدرێت و، هەر ئەویش ببێتە ڕێبازی کارو بەرنامەی ژیان: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ﴾.

واتە: ئەوە هەر خوای گەورەیە، کە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە ڕێنمایی خۆیو دینی حەقەوە ناردووە، تا -بە کوێرایی چاوی موشریکان- بەسەر هەموو دینو بەرنامەیەکیتردا زاڵ ببێت..

**خاڵی دووەم:** خاڵی دووەمیش، لەسەر ئەم خاڵی یەکەمە بنیاتدەنرێت! ئەگەر ئەمە لە هەستی موسوڵمانانٛدا دابین بوو، کە قەناعەتی تەواوی ئەوەی بۆ دروستبوو، کە ئەو بۆیە هیدایەتی خوای بۆ هاتووە، تا پەیامە کۆتاییەکەی خوا وەربگرێتو پێوەی پابەندبێت و، وەکو ئەمانەتێکی خوایی -کە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت) هێناویانە- بیگەیێنێتو لە ژیانی کۆمەڵگەکەیدا پیادەی بکات، کە ئەم مانا بەهێزو هەستە بەرزە، وەك عەقیدەیەکی نەگۆڕ لە ناخی چەسپی، ئیدی هەستی بەرپرسیو هیممەتی شاندانەبەر لێپرسراوێتییەکەی زیاتردەبێت و، بە نییەتێکی پاكو ورەیەکی بەرزەوە ڕوو لە جیهادەکە دەکات، سووردەبێت لەسەر دەرخستنو سەرخستنیی، سوور دەبێت لەسەر ئەوەی، کە بەم دینە، هەموو دینو بەرنامەیەکی دی -وەکو خوای گەورە مەبەستێتی- وەلا نێت.

مساوەمەش لەسەر ئەم خاڵە نەگۆڕەی _لێی بووە بە عەقیدە_ ناکات، دڵەڕاوکێو ڕاڕاییشی تووشنابێت، کە ئەم حەقیقەتە ئاشکرا بکاتو هەنگاوی بۆ هەڵێهێنێتەوە، یان نا؟!

ئەو کاتە (بەڵێ، تەنها ئەو کاتە، کە ئەم خاڵەی لە دڵو دەروونٛدا بۆ بۆتە بەڵگەنەویستی عەقیدەکەی)، پێی شتێکی ناقۆڵاو ناماقوڵییە، ڕێی جیهاد بگرێتەبەرو دواتر لێی بکەوێتە پاشەکشە، یان لێی لابدات! یان مساوەمەی لەسەر بکاتو چۆکدادات!

وەکو، کە لە هەندێك موسوڵمانانی سەردەمی یەکەمی قورئانو زۆرێکی موسوڵمانانی سەردەمە دوایینەکانی ئێمەدا ڕوویداوە.

هەر لەبەر عاری ئەم هەڵوێستە بەزیوانەیە، خوای پەروەردگاری کردگاری مرۆڤو کارزان، لە سەرەتای سوڕەتەکەدا بە موسوڵمانەکان دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٣ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ

مَّرۡصُوصٞ ﴿٤﴾.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! هۆ موسوڵمانینە! بۆچی شتێك ناکەن، کە خۆتان دەیڵێن؟! ئاخر ئەمە هەڵوێستێکە -کە شتێك دەڵێن‌و خۆتان نایکەن- ڕقی خوا هەڵدەستێنێت!

خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت، کە یەکڕیز لەبەر خاتری ئەوو لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەکەی ئەودا کوشتاردەکەن! یەکڕیز وەکو دیواری خشت‌و ڕێك، بەرامبەر دوژمن ڕاوەستاون.

خاڵی سێیەم: هەر لە سەرەتای سوڕەتەکەوە حەزەردەداتە ئیماندارن، کە نەکەن وادە بەخیلاف دەربچن. بەڵکو پێویستە سەرڕاستانە بە ئەحکامی دینەکەوە پابەندبن‌و پیاوانە بیگرن.. کە ڕۆژی هیممەت‌و جوامێریش هاتەپێش، خۆنەدزنەوە! بەڵکو وەکو یاوەرانی (عیسا -علیه السلام) هاوار بکەن: ﴿نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِ﴾. واتە: ئێمە پشتیوانانی خواین! ئینجا ئەوەش داوادەکات، کە دوای بە دەمهاتنی ئەم هاوارەوە، خۆگرانە بەردەوام بمێننەوە،

ئەمەی دووەمیش، گرنگترە، چونکە لەوانەیە، کە دیمەنێکی مەزلومێتی ئیسلام‌و موسوڵمانان ببینیت، جوامێریت وات لێ بکات، هەموو کیانت بخرۆشێت‌و ببیتە ڕقێکی پیرۆزی بەرخۆدان‌و ڕابوون‌و بەرەنگاریی، بەڵام دوای کاڵبوونەوەی وێنە دراماتیکییەکەو، ساردبوونەوەی حەماسەتت، ئیتر ئیرادەی بەردەوامبوونت سست ببێت و، حەزو شەیتانیش بە بەهانەی هیچ‌و پووچ، بۆت بکەونە حیلە شەرعی خۆدزینەوە.. زۆرمان هی ئاوا بینی.

ئینجا لە ناوەڕاستی سوڕەتەکەدا، بانگهێشتیان دەکات بۆ بەرەواجترین بازرگانی، بۆ قازانجترین بازرگانی دنیاو ڕۆژی دوایی، بۆ جیهادکردن، بۆ کوشتاری ئەو کافرانەی، نە تەسبیحاتی خوا دەکەن (واتە: لە سیستمی هەموو بونەوەر یاخیبوون‌و پێچەوانەی هەموو زیندەوەرو بێگیان دەبزون) و، نە ئامادەشن

سەروەریی شەریعەتەکەی بکەنە سێبەری ژیانی خۆیانو کۆمەڵگە موسوڵمانەکە:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلْ أَدُلُّكُمْ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنْ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠ تُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِكُمْ وَأَنفُسِكُمْۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٞ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ ١١ يَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَيُدْخِلْكُمْ جَنَّٰتٖ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدْنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ١٢ وَأُخْرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصْرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتْحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ١٣﴾.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هۆ موسوڵمانینە! جۆری ئەو بازرگانیەتان پێڕابگەیێنم، کە ئەگەر کردتان، لە سزاو ئازاری بەژان قوتارتان بکاتو لاتاندا؟!

باوەڕ بە خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بهێنن و، لە پێناوی خوادا بە سامانو گیانتان جیهادبکەن، گەر پەی پێببەن، ئا ئەوەتان باشترە، بە ئەنجامدانی جیهادەکە، لێتان خۆشدەبێتو دەتانخاتە نێو ئەو بەهەشتانەوە، کە ڕوبار بە ژێر باخو باخاتەکانیدا دەڕواتو کۆشكو تەلاری جوانو ڕازاوەیان تێدایە، بەهەشتێکی نەبڕاوەیە، ئا ئەوەشە سەرکەوتنو سەرفرازی مەزن.. جگە لەمانەش، هیتریش هەیە، کە خۆتان زۆر شەیداینی، سەرکەوتنیشی لای خواوەیەو ئازادی نزیکە، دە ئەم مژدە بدە بە موسوڵمانان..

ئینجا سوڕەتەکە بە بانگێشتێکیتر بۆ موسوڵمانان کۆتایی دێت، تا هەموویان ببنە پشتیوانی خوا! هەر وەکو کە یاوەرانی دەوری سەییدنا (عیسای -علیه السلام) پێش ئەمان (حەوارییەکان)، بوونە پشتیوانانی خوا، ئەو حەوارییە ئیماندارە بەڕێزانە، هەرچەند بەنوئیسرائیلییە کەلـلەڕەقەکان، زۆریان دوژمنداریێتی کردن، زۆر بەرهەڵستی سەییدنا (عیسا)و بانگەوازەکەی بوونەوە، بەڵام ئەمان هەر سووربوون لەسەر سەرخستنی بانگەوازی خواویستیی سەییدنا (عیسا -علیه السلام):

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ لِلْحَوَارِيِّـۧنَ مَنْ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلْحَوَارِيُّونَ نَحْنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسْرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ

﴿عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا۟ ظَٰهِرِينَ ١٤﴾.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هۆ موسوڵمانینە! ببنە پشتیوانی خوا، هەر وەك (عیسای کوڕی مەریەم -علیه السلام) بە یاوەرانی خۆی فەرموو: کێ لەگەڵ من دەبێتە پشتیوانی خوا؟!

ئەوانیش هەموو فەرموویان: ئێمە پشتیوانی خواین، ئینجا ئەوە بوو کۆمەڵێکی بەنوئیسرائیل باوەڕیان هێناو موسوڵمانبوون، کۆمەڵێکیتریشیان باوەڕیان نەهێناو کافربوون، ئیدی ئێمەش ئەوانەمان هیدایەتدا، کە باوەڕیان هێنابوو، پاشان بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرمانخستن، تا هاتنە نێو خەڵکیو دەرکەوتن..

ئەم دوو خاڵە لە سورەتەکەدا زۆر گەشو ڕۆشنن، چونکە تەقریبەن هەموو سورەتەکەیان گرتۆتەوە، تەنانەت ئەو ئایەتانەش، کە سەرزەنشتی کافرو بەرهەڵستکارەکان دەکەن، هەر لەبەر ئەو هەڵوێستە دوژمنکارانەیانە لە ئیسلامو بانگەوازو شوێنکەوتوانی!

دینی هەموو پێغەمبەران (علیهم السلام)، هەر ئیسلامە، بۆیە قورئانی پیرۆز لە باسی هەموویاندا (علیهم السلام)، هەر زاراوەی ئیسلام بەکاردەهێنێت.

بۆیە، کە لەم سورەتەشدا لە نێو جەرگەی باسی هەڵوێستی دوژمندارانەی بەنوئیسرائیلەوە، وا دێتە سەر هەمان هەڵوێستی دوژمندارانەی قورەیش، کە زۆرجار قورئانخوێن هەست بەوە ناکات، کە بەرەی شەڕەکە لە ڕووی زەمەنەوە گۆڕاوە!

نابینیت دوای هەڵوێستی دوژمنکارانەی ئەوان و، مژدەی پێغەمبەرایەتییەکەی سەییدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، دێتە سەر باسی قورەیشو دەفەرموێ:

﴿فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ٦ وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ٧ يُرِيدُونَ

﴿يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَٰفِرُونَ ٨﴾.

واته: هەر، کە بەڵگەو نیشانەی ڕۆشنی بۆ هێنان‌و هەنجەتی بڕین، هاواریانکرد: ئەمە سیحرەو ئاشکرایە!!ئاخر کێ لەو کەسە ستەمکارو زاڵمترە، کە هەر کاتێك بۆ ئیسلامەتی بانگبکرێت، درۆو دەلەسەو بوختان بە ناوی خواوە دروستدەکات!

بەڵام بە تەئکید، خۆ خوا ڕێنمایی ستەمکاران ناکات، ئەوانە دەیانەوێت نووری خوایی بە فوو بکوژێننەوە! بەڵام حەتمەن خوای گەورە -بە کوێرایی چاوی کافران- تەواوکاری نوورەکەی خۆیەتی..

موسوڵمان، هەر لەم دوو خاڵە سەرەکییە گەشەی ئەم سورەتەوە، دەگاتە ئەو قەناعەتەی، کە ئەو ئیسلامەی ئەو گرتوویێتیەبەر -کە کۆتا شێوازی کۆتا پەیامی خواییەو هاتۆتە سەر زەمین- عەقیدەیەکی خواویستییەو بە ئەمانەت بەو سپێرراوە، دەبێت شیاوانە نەوەبەنەوە بۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی هەڵبگرێت و، لەپێناوی پاراستن‌و پیادەکردنیدا، جیهادێکی بەردەوامی نەپساوە بکات، ئەمەشیان (جیهادکردنەکە، بەو شێوەیەی، کە خوای گەورە دەیەوێت‌و خۆشی دەوێت)، تەکلیفی خوای گەورەیەو لێی کردووە..

هەر موسوڵمانێك، کە ئەم سورەتە دەخوێنێت، دەبێت لەوە بەرچاوڕوونبێت، کە ئەم کۆتا دینەی بۆ ئەم هاتووە، ئەمانەتی خوای گەورەیەو، دەبێت جیهاد لە پێناو مانەوەو پایەدارکردنیدا بکات، دەبێت ئەمەی لا بەڵگەنەویست بێت و، منجەمنج‌و جووینەوەی تێدانەکات، نە خۆی هەڵخەڵەتێنێت، نە خەڵکی دەروبەریشی.

دەبێت بەوپەڕی قەناعەتەوە خۆی بخاتە ڕیزی ئەو موجاهیدانەی، کە لەبەر خاتری خوای گەورە یەکڕیز کوشتاردەکەن!

سورەتەکە لەگەڵ تۆخکردنەوەی ئەو دوو مەبەستەی خۆیدا، لە گۆشەو کەنارەکانی ئاراستەو ئامۆژگارییەکانی خۆیدا، ڕەوشت‌و ڕەفتارە ڕەسەنەکان وەبیر موسوڵمانان دەهێنێتەوە، هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکات: کە نەکا ناوەوەو

دەرەوەی خۆیان یەك نەبن!

نەکا لە ناخیاندا شتێکیان بوێتو بە ڕەفتاری دەرەوەیاندا شتێکی پێچەوانەی ئەو ئەنجامدەن! چونکە ئەمە ناقۆڵایە، ئەمە لە ڕەوشتی موسوڵمان ناوەشێتەوە، چۆن دەشێت موسوڵمان لە ناخیدا چەپەڵ بێت و، لە دەرەوەی جوان!

چۆن دەبێت شتێك ئاشکرا بکاتو دژەکەی لە ناخیدا پەنهان بکات؟! نا، ناشێت، موسوڵمانی خواویست ئەوەیە: کە بۆخواساغبۆتەوە، ڕەنجو هەوڵی لەبەر خاتری خوایەو بۆ دینەکەی ئەوە، هەنگاوو هەڵوێستەکانیشی بە پێی شەریعەتەکەی ئەون، بۆیە ڕێکوپێکەو خشتی خشتەو، لەگەڵ خوشكو براکانی تریدا، هەر شیاوی دیواری سفتو ڕێکی بانگەوازەکەی خوان..

## هۆی هاتنە خوارەوەی

(ئیمامی ئیبنوکەثیر) چەندین ڕیوایەتی لە تەفسیرەکەیدا هێناوەتەوە، کە بە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم سورەتەی داناوە، کە لە چەندین ڕێگاوە دێنەوە سەر ئەم دەقە: ڕیوایەتی (ئیمام ئەحمەد) لە (عبداللەی کوڕی سەلام)ـەوەو، (ترمذي) لە (عبداللەی کوڕی عبدالرحمانی داریمی)یەوە، ئەویش دەیگەیێنێتەوە (عبداللەی کوڕی سەلام)، کە فەرموویەتی: (تَذَاكَرْنَا أَيُّكُمْ يَأْتِي رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَيَسْأَلَهُ أَيُّ الْأَعْمَالِ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ، فَلَمْ يَقُمْ أَحَدٌ مِنَّا فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَيْنَا رَجُلًا، فَجَمَعَنَا فَقَرَأَ عَلَيْنَا هَذِهِ السُّورَةَ يَعْنِي سُورَةَ الصَّفِّ كُلَّهَا).[١]

واتە: چەند کەسێك بووین دانیشتبووین، هەر وا قسەماندەکرد، وتمان: ئەرێ کێمان بچێتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و لێی بپرسین: داخۆ چ کردەوەیەك لە هەموان لای خوای گەورە خۆشەویسترە؟

کەسمان هەڵنەستاین، کەچی هەر لەو کاتەدا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ناردی بە شوێن یەك یەکماندا، کە چووینە خزمەتی‌و لای کۆبووینەوە ئەم سورەتەی (الصَّفّ)ی بە تەواوی بەسەرماندا خوێندەوە.

بەڵام هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە - وەکو زۆر لە موفەسسیرین ڕیوایەت دەکەن و، (ئیمامی طەبەری)ش ئیعتیمادی کردۆتەسەر- ئەوەیە: کە هەندێك لە یاوەرانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە هێشتا جیهادیان لەسەر فەرزنەبووبوو، خۆزگەیان بۆ خواستبوو، کەچی کە فەرزکرا هەندێکیان کەمتەرخەمییان تێدا نواند، بۆیە خوای گەورە ئاوا بە سەختی سەرزەنشتیکردن.

---

(١) ترمذی (٣٣٠٦)، ئەحمەد (٢٣٩٠١). شێخی ئەلبانی (رحمەالله) لە (صحیح سنن الترمذی/ ٢٦٣٦)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

(عەلی کوڕی طەڵحە) لە (ئیبنوعەبباس)ـەوە دەگێڕێتەوە: کە فەرمووی: چەند کەسانێك، پێش ئەوەی جیهاد لەسەر موسوڵمانان فەرزببێت، هەر دەیانوت: خۆزگە خوای گەورە ئەو کارەی بۆ ڕوونبکردینایەتەوە، کە پێی خۆشە، تا ئەنجامی بدەین، تا بیکەینو خۆشەویستی خوا مسۆگەر بکەین، تا دواتر خوای گەورە پێغەمبەرە ئازیزەکەی خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لێ ئاگادارکردەوە، کە ئەوەی خوا پێی خۆشە بیکەن: باوەڕهێنانتانە -بێگومانو دوودڵیی- بە خوای گەورە، ئینجا جیهادکردنتانە دژی یاخییانو سەرپێچیکارانی فەرمانی خوای گەورە، ئەوانەی کە باوەڕیان نەهێناو بڕیاری خوای گەورەیان وەرنەگرت.

بەڵام، کە جیهادەکە فەرزبوو، هەندێك موسوڵمان پێیان ناخۆشبوو، بەلایانەوە قورسبوو! بۆیە خوای گەورە فەرمووی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ۝٣﴾..

(ئیمامی ئیبنوکەثیر)یش لە تەفسیرەکەیدا وای ڕیوایەتکردووە، کە: جمهوری ئەهلی تەفسیر ڕایان لەسەر ئەوەیە: کە ئەم ئایەتانە دەربارەی ئەو هاوەڵانە هاتەخوارەوە، کە خۆزگەی جیهادکردنیان خواست، کەچی، کە فەرز کرا، هەندێکیان خۆیان لێ دزییەوە، ئەمەش وەکو ئەو ئایەتانەی ترە کە دەفەرموێ:

﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمۡ كُفُّوٓاْ أَيۡدِيَكُمۡ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيۡهِمُ ٱلۡقِتَالُ إِذَا فَرِيقٞ مِّنۡهُمۡ يَخۡشَوۡنَ ٱلنَّاسَ كَخَشۡيَةِ ٱللَّهِ أَوۡ أَشَدَّ خَشۡيَةٗۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبۡتَ عَلَيۡنَا ٱلۡقِتَالَ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖۗ قُلۡ مَتَٰعُ ٱلدُّنۡيَا قَلِيلٞ وَٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ وَلَا تُظۡلَمُونَ فَتِيلًا ۝٧٧ أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي بُرُوجٖ مُّشَيَّدَةٖ﴾ النساء: ٧٧ - ٧٨.

واتە: مەگەر حاڵی ئەوانەت نەدی کە پێیان دەوترا: دەست لە جیهاد بگرنەوەو هەقتان نەبێتو مەیکەن (بەڵام هەندێکیان هەر داوای فەرزبوونیان دەکرد!)، نوێژی خۆتان بکەنو زەکاتەکەتان بدەن، کەچی، کە کوشتاریان لەسەر فەرزکرا، کۆمەڵێکیان ئەوەندە لەو خەڵکە تۆقیبون زیاتر لەوەی، کە لە خوا دەترسێن! بۆیە

دەیانوت: خوایە! بۆچی ئەم کوشتارەت لەسەرمان فەرزکرد؟! نەدەبوو بتخستایەتە کاتێکی تر؟!

بڵێ: شمەکی لەزەتی دنیا شتێکی کەمە، خێروخۆشی خەڵکی دیندارو خواویست، وا لە ڕۆژی دواییدا، بێخەم بن، خۆ لەوێ هیچ جۆرە ستەمێکتان لێناکرێت، ئێوە لە هەر کوێیەك بن، مردن هەر دەتانگاتێ! با لە قەڵاو قوڵلەی مەحکەمیشدا بن..

یان، کە خوای گەورە دەربارەی هەندێکیتر، یان هەر ئەوانە فەرمووی:

﴿فَإِذَآ أُنزِلَتۡ سُورَةٞ مُّحۡكَمَةٞ وَذُكِرَ فِيهَا ٱلۡقِتَالُ رَأَيۡتَ ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ نَظَرَ ٱلۡمَغۡشِيِّ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ﴾ **محمد: ٢٠**

واتە: کە سوڕەتێکی حوکم دێتەخوارەوەو، باسی کوشتاری تێدایە، دڵنەخۆشەکان دەبینیت وا سەیرت دەکەن و چاوتێدەبڕن، دەڵێی ئەوانەن، کە مەرگ شاباڵی خۆی بەسەریاندا دەکێشێت و، هاکا گیانیان دەرچوو!!

هەندێك لە ئەهلی تەفسیر، وەکو: (قەتادە)و (ضەححاك) دەفەرموون: ئەم ئایەتانە لەسەر کەسانێکی تر هاتنەخوارەوە، کە خۆیان هەڵدەکێشاو لە کۆڕو کۆمەڵدا دەیانوت: ئاوامان بەرگریکردو، ئاوا شمشێرمان وەشاندو، ئاوامانکردو.. ئیدی خوای گەورەش پێی فەرموون: کە ئەوەی نەتانکردووە، بۆچی بۆ خۆتانی دەکەنە ماڵ؟! کارێکی چاکە، کە نەتانکردووە، بۆچی دەڵێن کردوومانە؟!

(زەمەخشەری) لە (الثعلبی)یەوە، ئەم ڕیوایەتە دەکاتە هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکان: یەکێك لە کافرەکانی قورەیش لە غەزای (بەدر)دا زۆری زیان لە موسوڵمانان‌اندا، (صوهەیبی ڕۆمی) خۆی گەیاندێ‌و کوشتی، کە کوشتار تەواو بوو، باس‌و خواسی دەگێڕرایەوە.

کابرایەك بۆ خۆهەڵکێشان لای پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وتی: وامکردو وامکردو، فڵان کەسم ئاوا کوشت!

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە کوشتنی کابرا زۆر دڵخۆشبوو، (عەمری کوڕی عبدالرحمن)، کە دەیزانی ئەو فڵان کەسە (صوهەیب) کوشتبووی، نەك ئەم، بە (صوهەیب)ی فەرموو: بە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بڵێ: کە تۆ کوشتووتە.

(صوهەیب) فەرمووی: لێگەڕێ، لەبەر خاتری خواو پێغەمبەری خوا کوژراوە.

(عەمر) خۆی نەگرت‌و بە پێغەمبەری (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموو: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەو کابرایە (صوهەیب) کوشتی.

ئەوجا پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوویکردە (صوهەیبی ڕۆمی)، (کە کونیەکەی ئەبویەحیا بوو)، فەرمووی: (كَذَلِكَ يَا أَبَا يَحيى؟) ئەرێ ئەبویەحیا! وایە؟ فەرمووی: بەڵێ..

ئەو کاتە ئەو ئایەتانە هاتنە خوارەوە..

بەهەر حاڵ، ئەگەر ئەم ئایەتە پیرۆزانە، هەر یەکێکیان هۆکاربووبێت بۆ هاتنە خوارەوەی، خۆ مەنعی ئەوە ناکەن، کە ئایەتەکان خۆیان بۆ ئاڕاستەو ئامۆژگارییو پەروەردەن.

گەر هۆی هاتنەخوارەوەکانیشیانمان نەزانی، دەرس‌و ئامۆژگەرییەکان، هەر لە خودی وشەی ئایەتەکان‌و ماناکانیانەوە وەردەگیرێت، نەك لە هۆکاری هاتنە خوارەوەکانیان، هەرچەندە، ئەگەر هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەت زانراو، سەنەدەکەی ڕاستبوو، حەتمەن -وەکو زانایانی ئوصوڵ دەفەرموون- هۆی هاتنەخوارەوەکە بەشێك دەبێت لە تەفسیری ئایەتەکە.

هەرچەندە ئەوەی کە (ئیمامی طەبەری) و (ئیبنوکەثیر) هێنایانەوە، بەڵگەی بەهێزتریان لەسەرەو، هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتانە هەر ئەوەیە، کە ئەو هاوەڵە بەڕێزانەی تەمەننایان دەکرد، کە خوای گەورە کارێکیان پێبسپێرێت، کە خۆی خۆشیبوێت، تا ئەمانیش ئەنجامی بدەن، بەڵام دوایی کە کوشتارەکەی لەسەر فەرزکردن، هەندێکیان لە خۆزگەکەیان خۆیانکشانەوەو ترسان.

سیاقی ئایەتەکانو تەوەری باسەکانیان و، ئایەتی دوای ئەوانیش، هەر لەسەر سەرڕاستیيو پابەندیيو جیهاد کردنەکەن..کە نابێت کەسێك دەمهەراشانە خەڵکی بۆ کوشتارو جیهاد بخرۆشێنێتو خۆشی نەیکات!!

ئەمە -هەرچەندە لە تەبیعەتی هەندێك دەروونە- بەڵام هەر مایەی سەرزەنشتی خوای گەورەیە! چونکە کەسێك خۆی هیچی لەباردا نییە، بۆچی دەمدرێژیی لە مەسەلەیەکی وا گەورەو دژواردا دەکات و، کەسانێکی بەرپرسو ئەمیریش فریو دەدات؟! بۆچی خۆ با دەدەنو دەڵێن:

﴿ٱبۡعَثۡ لَنَا مَلِكٗا نُّقَٰتِلۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِۖ﴾ البقرة: ٢٤٦

واتە: فەرماندەیەکمان بۆ دەستنیشان بکە، با لەژێر ئاڵایدا، لەبەر خاتری خوای گەورە، جیهاد بکەین.. کەچی، کە ڕۆژی کاری جیددیش دێتەپێش دزەی لێ دەکەن؟!

مەگەر ئەمە جێی سەرزەنشتو سزا نییە؟! بەدی، بە تەئکید مایەی سزایە، بۆیە خوای گەورە ئاوا بە لەفزی (كَبُرَ مَقۡتًا) باسی فەرمووە، کە لە هەموو قورئاندا چوار جار هاتووە! ئاخر هەڵوێستێك، کە ئاوا ڕقی خوای ڕەحمانو ڕەحیم هەستێنێت! دەبێت چەند ناقۆڵاو دزێوو قێزەوون بێت؟!

ئاخر چۆن موسوڵمانی خواناس دەوێرێت خۆی بکاتە خاوەن هەڵوێستی وا، چ جای ئەوەی خۆی سەرپشکانە بیگرێتەبەر؟!

# دەرسی یەکەم

### ئایەتەکانی ١-٤

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ
تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٢ كَبُرَ مَقۡتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ٣ إِنَّ ٱللَّهَ
يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ ٤﴾ **الصف: ١ - ٤**

## مانای گشتیی ئایەتەکان

(١) هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدایە، تەسبیحاتی خوای گەورە دەکەن، بەگەورەو مەزنی دادەنێن، بڕیاری بێخەوشیی بۆ دەدەن، بەڕێزەوە سوپاسو ستایشی دەکەنو بە تاکوپاکی دەزانن، چونکە خوای گەورە عەزیزە: بەرزو مەزنەو کەس حەددی ئەوەی نییە بەربەرەکانێی ڕابگەیێنێت، خوای گەورە حەکیمە: هەموو کارو فەرمانێکی قەدەریی‌و شەرعیی خۆی، لە کاتو شوێنی شیاوی خۆیدا دەکات.

هەروەکو لە شوێنی تریشدا دەربارەی ئەم تەسبیحاتکردنەی مەخلوقاتی ئاسمانەکانو زەوی دەفەرموێ:﴿تُسَبِّحُ لَهُ ٱلسَّمَٰوَٰتُ ٱلسَّبۡعُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا ٤٤﴾ **الإسراء: ٤٤.**

واتـە: هەرچـی لـە ئاسـمانەکانو زەویـدان، تەسـبیحاتی خـوای گـەورە دەکەن، هیـچ شـتێك لـە بونـەوەردا نییـە، ئیلـلا تەسـبیحاتی خـوا دەکات، بـەڵام ئێـوە لـە تەسـبیحاتەکانیان حاڵـی نابـن، خـوای گـەورە بـە ئـارامو لێبوردەیـە..

(٢) ئـەی ئـەو کەسـانەی باوەڕتـان هێنـاوە، هـۆ موسـوڵمانینە! بۆچـی ئـەو کارانـە ناکـەن کـە خۆتـان دەیڵێن؟!

(٣) ئاخـر ئەمـە هەڵوێسـتێکە - کـە شـتێك دەڵێـنو خۆتـان نایکـەن - ڕقـی خـوا هەڵدەسـتێنێت!

(٤) خـوای گـەورە ئـەو کەسـانەی خـۆش دەوێـت، کـە یەکڕیـز لەبەرخاتـری ئـەو و، لـە پێنـاوی ڕێبـازو بەرنامەکەی ئـەودا کوشـتاردەکەن! یەکڕیز وەکـو دیواری خشـتو ڕێك.

## لێكدانەوەی ئایەتەكان

### ئایەتی یەكەم:

﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١﴾ الصف: ١.

شەش سوورەتی قورئان بە تەسبیحاتی خوای گەورە دەستپێدەكات، ئەوانیش: (الإسراء، الحدید، الحشر، الصف، الجمعة، التغابن، الأعلى)، كە ورد سەرنجیان دەدەیتێ، دەبینی بە ڕیزیی بەكارهاتوون! نەك یەك لەدوای یەك، نا چونكە سوورەتی تریان وا لە نێواندا، بەڵام لە ڕووی زانستی صەرف (مۆرفۆلۆژی)یەوە، بە ڕیزبەندیی داتاشینی زمانەوانی عەرەبییە، كە بریتییە لە هاتنی چاووگ، ئینجا كرداری ڕابوردوو، ئینجا كرداری ڕانەبوردوو، ئینجا كرداری فەرمان!

ئەمەش ئەسڵی بەكارهێنانی وشەی عەرەبییە، كە تۆ لە زمانی عەرەبیدا باس لە وشەیەك دەكەیت، دەبێت یەكەمجار چاووگەكەی بهێنیت، ئینجا بزانیت كرداری ڕابوردووەكەی چۆن لێ وەرگیراوە، ئینجا داتاشینەكانیتری.

بۆ نموونە، دەڵێیت: (قَولٌ: سەرچاوەی قَالَ).. ئەم وشەیەی تەسبیحاتیش ئاوا لە قورئانەكەدا هاتووە: لە سوورەتی ئیسرائدا چاووگە:﴿سُبۡحَٰنَ ٱلَّذِيٓ أَسۡرَىٰ بِعَبۡدِهِۦ لَيۡلٗا﴾ الإسراء:١، ئینجا لە سوورەتی: (حەدید)و (حەشر)و (صەففف)دا _كە لە دوای ئەو دێن_ بە شێوەی كرداری ڕابوردوو دێت:﴿سَبَّحَ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾ و لە سوورەتی: (جومعە)و (تەغابون)دا _كە لە دوای ئەمان دێن_ كرداری ڕانەبوردووە: ﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ﴾و لە سوورەتی (ئەلئەعلا)دا _كە كۆتاییانە_ بە شێوەی كرداری فەرمان دێت: ﴿سَبِّحِ ٱسۡمَ رَبِّكَ ٱلۡأَعۡلَى﴾! ئەم ڕیزبەندییە جوانەش، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، كە

ڕیزبەندیـی سـوڕەتەکانیش، هـەر وەك هەمـوو قورئانەکـە، هـەر لەلایـەن خـوای پەروەردگارەوەیـە.

وشەی (سَـبَّحَ) یەعنی: پاکیی و بێ خەوشیی بۆ.. یەعنی: بە تەواوێتیی مەتحکردن، کوردەواری، جوان ئەم مانایەی پاراستووە، کە بە هەموو زیکرەکانی خوای گەورە -بە تایبەتی دوای نوێژە فەرزەکان- ی وتووە: تەسبیحات، چونکە لەو زیکرانەدا (سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَاللَّهُ أَكْبَرَ)یان تێدایە، کە هەموویان هەر مەتحی خوای گەورەن..

ئەم سەرەتایە زۆر گرنگە لە جێگیرکردنی ئەو دیدو تێڕوانینەی، کە لە پێناسەی سوڕەتەکەدا باسمانکرد، کە بریتییە لە: قەناعەتکردنی موسوڵمان بەوەی، کە ئەمەی ئەو گرتوێتییەبەرو بە بەرنامەی خۆی داناوە، دینی خوایە، کۆتا پەیامی ئەوە، ئەم تەکلیفکراوە پێوەی پابەندبێتو خەڵکی بۆ بانگبکاتو پیادەیبکات، دیسان تەکلیفکراوەکە بە جیهاد بیپارێزێت.

ئەم سەرەتایەش ئەوەی لا جێگیردەکات، کە هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدان، ستایشی خوای گەورە دەکەن، نەکات، ئەم لەم سوپاسو ستایشو خواناسییە دواکەوێت!

دەبێت خواناسییو خواپەرستییو ڕاسپاردە هەڵگرتنەکەی، (کە بانگەوازەکەی خوایە) بە قەدەرێکی گەردوونییو تەکلیفێکی شەرعیی بزانێت و، زۆر بە جیددیی شانی بداتەبەر، تا دینەکە بەسەر هەموو بەرنامەو دیدو تێڕوانینێکی تردا زاڵبێت، چونکە بزاڤ بەم قورئانە، وەکو بزوتنەوەکانی تری ناو گەردوونە، کە هەمووی، هەر دەبێت بە پێی ئەو یاساو ڕێساو سیستمەی خوا بێت، کە بۆی داناون.

دینداریش ئاوایە، چونکە دینداریی ناسینی خوایە، پەرستنی خوایە، پابەندبوونە بە شەریعەتەکەیو چەسپاندنێتی، ئەمەش دەبێت لە هەموو کەسێکدا بێتەدیی، تا هەموو خەڵکی لەگەڵ نەغمەی بزوتنەوەی گەردووندا پێبهەڵگرن، نابێت کەسانێك لاپەڕیدە بژین و، نامۆ بجوڵێنو ناوازە بچڕن!!

هەندێك لە زانایان ڕایان وایە: كە بوونەوەرو ئەوی، كە تێیدایەتی، بەوە تەسبیحاتی خوای گەورە دەكەن، كە دەبنە بەڵگەو نیشانە لەسەر گەورەیی خوای گەورە، نەك بە وێردو زمان.

بەڵام زۆرینەی زانایانیتر ڕایان پێچەوانەی ئەوەیەو دەفەرموون: نەخێر لە حەقیقەتدا ئەمانە، هەر یەك بەو زمانە تەسبیحات دەكات، كە خوای گەورە بۆی دروستكردوون، ئەم ڕایەشیان بەهێزترە، چونكە خوای گەورە لە باسی چیاكانو زیكركردنیان لەگەڵ سەییدنا (داود)دا (علیه السلام) بۆ خوای گەورە دەفەرمویێ:

﴿وَسَخَّرۡنَا مَعَ دَاوُۥدَ ٱلۡجِبَالَ يُسَبِّحۡنَ وَٱلطَّيۡرَ﴾ الأنبياء: ٧٩.

واتە: چیاو باڵندەكانمان لەگەڵ (داود)دا ملكەچ دەكرد، تا زیكری خوا بكەن. ئەگەر ئەمە زیكری حەقیقەتو بە زمان نییە، ئیتر چ تایبەتمەندێتییەكی بۆ سەییدنا (داود -علیه السلام) تێدایە!

جا كەوابێت، ئەم چیاو باڵندانە لەگەڵ ئێمەشدا هەر زیكردەكەن، ئاشكرایە، كە نابێت ماناكەی ئاوا بێت، چونكە ئەوە ئیمتیازێكی تایبەتی سەییدنا (داود)ە (علیه السلام).. ئەمە جگە لەوەی، كە فەرموودەی پێغەمبەرمان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە سەحیحی (ئیمامی موسلیم)و لای (ئیمامی ئەحمەد)دا هەیە، كە فەرموویەتی: (إِنِّي لَأَعْرِفُ حَجَرًا بِمَكَّةَ كَانَ يُسَلِّمُ عَلَيَّ قَبْلَ أَنْ أُبْعَثَ إِنِّي لَأَعْرِفُهُ الْآنَ).[١]

واتە: بەردێك لە مەككە دەناسمەوە، كە پێش پێغەمبەرایەتییم سڵاوی لێدەكردم، ئێستاش دەیناسمەوە.

یان لە سەحیحی بوخاریدا هاتووە: كە چێشت لە بەردەستی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەسبیحاتی كردووە!

---

(١) موسلیم (٢٢٧٧)، ترمذی (٣٦٢٤)، ئەحمەد (١٠٥/٥)، داریمی لە پێشەكی (السنن)ـەكەیدا (ژ:٢٤).

کۆتایی ئایەتەکەش بە دوو سیفەتی خوای گەورە دەهێنێتەوە، کە هەم عەزیزە، واتە: دەسەڵاتداری زاڵو بێباك.

(ئیمامی شەوکانی) لە (فتح القدیر)دا دەفەرموێ: "یەعنی: دەسەڵاتێکی وا، کە نە کەس دەتوانێت ململانێیی لەگەڵدا بکات، نە کەسیش دەتوانێت بەسەریدا زاڵ ببێت، بێباکیشە لەوەی ئێوە تەسبیحاتی دەکەن، یان نا.. هەم حەکیم (دانا)یە".

واتە: هەموو شتێك لە کاتو شوێنی گونجاوی خۆیدا دەکات، کەوابوو، کە فەرمانی پابەندبوونو ڕێزگرتنی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و، سەرخستنی بانگەوازەکەیو کوشتارەکەی پێکردوون، دەزانێت چۆنو بۆچیو کەی پێتاندەکات!

ئەوی موسوڵمانە، ئەوی ئەم دینەی قبوولکردووە، دەبێ ئەوە بزانێت، کە ئەمە پەیمانەو بە خوای خۆی داوە، ئەمە بەڵێنەو لەگەڵ خوای خاوەن دینەکەدا بەستویێتی.

بۆیە ئەوی پێچەوانەی ئەم پەیمانو بەڵێنو بەیعەتەی ڕەفتار بکات، نەك هەر عارێکی بەسەرخۆیداهێناوەو زیانیلێکەوتووە! نا، ڕقی خوای هەستاندووە!! بۆیە یەکسەر لە ئایەتی دوای ئەودا دەفەرموێ:

**ئایەتی دووەم :**

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ **الصف: ٢.**

هەڕەشـەیەکی توندو سـەختە لـەو کەسانەی بەڵێنـدەدەن‌و نایبەنەسـەر، هەڕەشـەیە لـە کەسـانێك، کـە بـە قسـە شـتێك دەڵێـن‌و بـە کـردەوە شـتیتری پێچەوانـەی ئەنجامـدەدەن!

ئەوانـەی کـردوەی وایـان لێدەوەشـێتەوە، کـە پێچەوانـەی گوفتارو ئامۆژگاریە‌کانیانـە بـۆ خەڵکـی!! نـەك هـەر قبووڵ نابن، بەڵکو سـزای سـەختیش وەردەگـرن.. سـەیری شـێوازی دارِشـتنەکە بکـە، بـە لامـی تەعلیل (واتە پرسـین لـە هـۆ) دەسـتپێدەکات، هـەر وەکـو ئـەوەی بفەرمـوێ: ئـەی ئـەو کەسانەی باوەڕتانهێنـاوە، هـۆ موسـوڵمانینە! ئاخـر بۆچـی ئەوەی خۆتـان نایکەن، بـە خەڵکی دەڵێـن بیکـەن؟!

بۆچـی، بـە چ پاڵنەرێـك؟! ئەگەر ڕاسـتەو باوەڕتان بـە حەقیقەتی ئـەم فەرمانە خواییانـە هەیـە، ئـەدی بۆچـی خۆتـان نابنـە پێشـەنگ و، خۆتـان یەکـەم کـەس ئەنجامیان نـادەن؟!

ئەگـەر باوەڕیشـتان پێیـان نییە! ئـەدی بۆچی خۆتـان خسـتۆتەپێش خەڵکی؟! بۆچی بوونەتە سـەردارو پێشـەوا؟!

ئەگـەر باوەڕیشـتان پێیەتـی، بـەڵام وا دەزانـن مانـەوەی خۆتـان گرنگـترە! چونکـە خۆتـان بە سـەرکردەو پێشـەوا دەزانن، کێ ئـەم زانیاریانەی پێـداون؟ کێ مانـەوەی بـۆ مسـۆگەرکردوون؟!

ئەگـەر ڕاسـتەو سـەرکردە نابێـت پێشـەنگی ئەنجامدانـی فەرمان بێـت، ئەدی بۆچـی پێغەمبـەر (صَلَّـى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ)، یەکـەم کـەس خـۆی فەرمانەکانـی خـوای پـەروەردگاری ئەنجـام دەدا؟!

ئەمە ڕەفتارێکی ئەوەندە زەق و ناقۆڵاو ناشیرینە، هەر لەگەڵ دەرکەوتنی لە داعیەکدا، لە سەرکردەیەکدا، یەکسەر لەسەنگیی کەسایەتیی و ناڕەوایی گوفتاروو ناقۆڵایی کردارەکانی، لە مێشکی خەڵکیدا دەچەسپێت، ئیدی قسەزانیی و ڕەوانبێژیی و زۆر ئایەت هێنانەوە، نایسڕێتەوە![1]

ئەو زانا بەڕێزانەی سەلەف، کە فەرموویانە: موسوڵمان، کە بەڵێنێکیدا، دەبێت بیباتە سەر، ئەم ئایەتەیان کردۆتە بەڵگە، لەگەڵ ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە دەفەرموێ: (أَرْبَعٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ كَانَ مُنَافِقًا خَالِصًا، وَمَنْ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنْهُنَّ كَانَتْ فِيهِ خَصْلَةٌ مِنَ النِّفَاقِ حَتَّى يَدَعَهَا: إِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ وَإِذَا حَدَّثَ كَذَبَ وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ).[2]

واتە: چوار سیفەت هەن، لە هەر کەسێکدا هەبن، دەیکەنە دووڕوو (مونافیق) ێکی تەواو، هەر کەسێکیش یەك سیفەتی لەوانە تێدا بێت، سیفەتێکی دووڕوویيەو تێیدایەتی، هەر پێوەی دەبێت، تا وازی لێدەهێنێت: ئەوی ڕاسپاردەی لا دابنێن و خیانەتی لێبکات، ئەوی قسەی درۆدەکات، ئەوی بەڵێنێك دەدات و نایباتەسەرو، ئەوی غەدر لە خاوەن بەڵێنەکەی بەرامبەری بکات، ئەوی لە ناکۆکیی و ئیختیلافدا، کەللەڕەق دەبێت و ڕقانە دەستدرێژی دەکاتەسەر بەرامبەرەکەی..

یان ئەو فەرموودەی، کە لە سەحیحدا هاتووەو دەفەرموێ: (آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلَاثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ،وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ،وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ).[3]

---

(١) جارێك لە یەكێك لە بەرەکانی جیهادی کوردستان، موجاهیدێکی کەلاری بە یەکێك لە مەلاکانی سەرکردایەتی بزوتنەوەی ئیسلامی وت: مامۆستا! توو ئەو خوایە، ئەگەر ئەمەی ئێمە دەیکەین جیهادەو، پاداشتەکەی بەهەشتی خوایەو بە ڕاستیش بەهەشت هەیە! ئێوە بۆچی نایەن و بەشدارنابن؟!
ئەگەر جیهادیش نییە، یان بەهەشت نییە، بۆچی ئەم خەڵکەی بۆ دەدەن بە کوشت؟!

(٢) بوخاری (٣٤)، موسلیم (٥٨).

(٣) بوخاری (٣٣)، موسلیم(٥٩).

واتە: نیشانەی دووڕوو سێیە: کە قسەدەکات درۆدەکات، کە بەڵێندەدات نایباتەسەر، کە ڕاسپاردەشی لا دادەنێن ناپیارێزێت.

ئەم دوو فەرموودەیە، پێنج سیفەتی دووڕوو دەخەنەڕوو، کە پێیان دەوترێت: دووڕوویی بچوك، یان دووڕوویی کردەوە، کە گوناحی گەورەن، بەڵام خاوەنەکانیان لە ئیسلام‌و ئوممەتەکەی نابەنەدەرەوە..

(ئیمامی ئەحمەد)و (ئەبوداود)، لە (عبداللەی کوڕی عامیری کوڕی ڕەبیعە)وە (عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ الْعَدَوِيِّ) دەگێڕنەوە: کە فەرموویەتی: (دَعَتْنِي أُمِّي يَوْمًا وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَاعِدٌ فِي بَيْتِنَا فَقَالَتْ هَا تَعَالَ أُعْطِيكَ . فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَمَا أَرَدْتِ أَنْ تُعْطِيهِ. قَالَتْ أُعْطِيهِ تَمْرًا. فَقَالَ لَهَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَمَا إِنَّكِ لَوْ لَمْ تُعْطِيهِ شَيْئًا كُتِبَتْ عَلَيْكِ كِذْبَةٌ).(١)

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی هێنابووە لامان‌و دانیشتبوو، منیش، کە هێشتا گچکەبووم ویستم ڕاکەمەدەرێ و، لەگەڵ منداڵاندا یاری بکەم، دایکم بانگیکردم فەرمووی: وەرە (عبدالله)، ها شتێکت بدەمێ.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێی فەرموو: دەتویست چی بدەیتێ؟!

دایکم فەرمووی: دەنکە خورمایەکی دەدەمێ.

پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: دە باشە، چونکە گەر هیچت نەدایاتێ، درۆیەکت لەسەر دەنوسرا!

گەورەیی ئیسلام‌و بانگەوازەکەی لەوەدایە: کە ناهێڵێت داعیانی موسوڵمان، خەڵکی بۆ ئیسلامەکە بانگێشت بکەن و، خۆیان پێوەی پابەندنەبن، خوای گەورە سزای ئەو جۆرە داعیانەی زۆر سەختکردووە.

---

(١) ئەبوداود/٤٩٩١ ئەحمەد/١٥٢٧٥ تەرجومە کوردییەکە هی ڕیوایەتەکەی ئیمام ئەحمەدیشە.

له فەرموودەی سەحیحی پێغەمبەردا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) له سەحیحی (بوخاریو موسلیم)دا له (ئوسامەی کوڕی زەید)ەوە (خوا لێیان ڕازی بێت) هاتووه، که فەرموویەتی: (يُؤْتَى بالرَّجُل يَوْمَ الْقِيامَة فَيُلْقَى في النَّار فَتَنْدَلق أَقْتَابُ بَطْنه فَيَدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الْحِمَارُ بِالرَّحَى فَيَجْتَمِعُ إِلَيْه أَهْلُ النَّار فَيَقُولُونَ يَا فُلاَنُ مَا لَكَ أَلَمْ تَكُنْ تَأْمُرُ بِالْمَعْرُوف وَتَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ فَيَقُولُ بَلَى قَدْ كُنْتُ آمُرُ بِالْمَعْرُوفِ وَلاَ آتِيهِ وَأَنْهَى عَنِ الْمُنْكَرِ وَآتِيه).[1]

واته: ڕۆژی قیامەت، کابرایەك پەلکێشدەکەنو فڕێیدەدەنه ناو ئاگری دۆزەخەوه، ورگو ڕیخۆڵەی دێتەدەرێ، له ناو ئاگرەکەدا بە دەوری خۆیدا -له تاو ژانو ناسۆریی- خول دەخوات، وەکو کەری دەستاڕ (له کوردیدا کەری جەنجەڕ، یان گای گێرەیه)، ئینجا خەڵکی دێنەدەوریو دەیناسنەوه، هاواری دەکەنێ: ئەرێ کابرا ئەوه چیتە؟! (واته بەسەرسامییەوه لێیدەپرسن، چونکە لەو باوەڕەدانەبوون ئەوه شوێنی ئەو بێتو چارنووسی بەو ڕۆژه گەیشتبێت!) لێیدەپرسن: مەگەر تۆ فەرمانت بەچاکەو بەرهەڵستیت لەخراپە نەدەکرد؟! دەڵێ: بەدی! بەڵام، کە من فەرمانی چاکەم بە ئێوه دەکرد، خۆم نەمدەکرد، کە بەرهەڵستی خراپەشم لێتان دەکرد، بۆ خۆم دەمکرد..

ئەمە لەسەر درۆو پەیمانشکاندنو دینداریی فرتو فێڵو ڕووکەشانه..

---

(١) موسلیم(٢٩٨٩).

## ئایەتی سێیەم:

﴿كَبُرَ مَقْتًا عِندَ ٱللَّهِ أَن تَقُولُواْ مَا لَا تَفْعَلُونَ﴾ الصف: ٣.

(مَقْت): زۆرترین ڕقهەستانە، یان کاریگەرترین هۆی تووڕەبوونە، عەڕەب جۆرێك ژن مارەکردنیان هەبوو پێیان دەوت: (نكاح المقت)، کە مارەکردنەوەی باوەژنی خۆ بوو. (المقت و المقاتة) هەر بە هەمان مانان، بۆ بکەریشیان دەوترێت: (مقيت يان ممقوت)..لێرەدا، کە بە مەنصووب هاتووە لەبەر ئەوەیە، کە تەمییزە..

گەورەترین و دژوارترین شتێك، کە ڕقی خوای گەورە هەستێنێت ئەوەیە، کە کەسێك پەیمان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و، پاش ئەویش بە ئەمیرەکەی بدات _کە بێخەم بە حەتمەن کوشتار دەکەم! بەڵێن بێت لەسەر ئەم جیهادو قیتالە بەیعەتت پێدەدەم_ کەچی لەو کاتەی جەنگ بەرپادەبێت و جیهادەکە فەرزدەبێت، ئەم خۆی دەدزێتەوەو کەس نایدۆزێتەوە!!

ئاخر ئەگەر سەد کەسی وا بەیعەتی کوشتارو مردن بە ئەمیرێك ببەستن و ئەویش بە دیدو دیراسەو لێکۆڵینەوەی خۆی و، ئەو وزانەی لەبەر دەستیدان، هەستیکرد دەتوانێت دە مەفرەزە لە موجاهیدەکانی تەشکیل بکات و بیاننێرێتە سەر دوژمن! بەڵام لە سەعاتی سفردا خۆی لێبدزنەوە، لەو کاتەی ئەو پێویستی پێیانە، خۆ ونکەن! هەر هەموو کارەکە هەڵدەوەشێننەوە! ڕیسەکە دەکەنەوە بە خوری! ئیدی ئەو ئەمیرە مارانگازدەبێت و، متمانەی بە جەنگاوەرە دلێرەکانیشی کەمدەبێتەوە!

قورئانی پیرۆز پڕە لە باسی ئەو دەمهەراشە دەروونبەزیوانە! وەك دەفەرموێ:

* ﴿وَإِذْ قَالَت طَّآئِفَةٌ مِّنْهُمْ يَٰٓأَهْلَ يَثْرِبَ لَا مُقَامَ لَكُمْ فَٱرْجِعُواْ ۚ وَيَسْتَـْٔذِنُ فَرِيقٌ مِّنْهُمُ ٱلنَّبِىَّ يَقُولُونَ إِنَّ بُيُوتَنَا عَوْرَةٌ وَمَا هِىَ بِعَوْرَةٍ ۖ إِن يُرِيدُونَ إِلَّا فِرَارًا﴾ الأحزاب: ١٣.

واتە: کۆمەڵێکیان بە خەڵکی شاری مەدینەی پێغەمبەریان دەوت: هۆ خەڵکی یەسریب! (ناوە کۆنەکەی پێش تەشریف بردنی پێغەمبەری خوا -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ

وَسَلَّمَ) کەی ئەمە جێو ڕێی ئێوەیە، کوڕە بگەڕێنەوە!

هەندێکی تریشیان داوای مۆڵەتی گەڕانەوەیان لە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکرد، دەیانوت: ماڵەکانمان چۆڵەو لەبەر ئابڕوو ناموسی خۆمان، هەر دەبێت ئیزنمان بدەیت‌و بگەڕێینەوە! بەڵام لە ڕاستیدا لەبەر ئابڕووی ماڵەکانیان نەبوو، هەر دەیانویست هەڵێن!

* ﴿وَلَقَدۡ كَانُواْ عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلۡأَدۡبَٰرَۚ وَكَانَ عَهۡدُ ٱللَّهِ مَسۡـُٔولٗا﴾ الأحزاب: ١٥.

واتە: بە تەئکید پێشتر پەیمانیان بە خوای گەورە دابوو، کە پشتهەڵناکەن! ئاخر پەیماندان بەرپرسێتی لەسەرە؟! نازانن، کە خوای گەورە لێیان دەپرسێتەوە، کە بۆچی شکانتان؟!

(ئیمامی ئیبنوقودامەی مەقدیسی) لە کتێبی: (الْمُغْنِي)دا دەفەرموێ: ئەگەر جەنگاوەرێك بە ئەمیرەکەی وت: دەرەقەتی دوژمن نایەین! دەبێ ئەمیر ئەو کەسە لە ڕیزی جەنگاوەرانی دەربهێنێت‌و نەیبات بۆ جیهاد، چونکە ئەمە مایەی ورەدابەزینە.

نابینیت خوای گەورە بە گلەیی دەربارەی یاوەرانی طالوت دەفەرموێ: ﴿قَالُواْ لَا طَاقَةَ لَنَا ٱلۡيَوۡمَ بِجَالُوتَ وَجُنُودِهِۦ﴾ البقرة: ٢٤٩.

واتە: ئەمڕۆ هەر بە هیچ شێوازێك دەرەقەتی (جالوت) نایەین! کەچی، کە ئەم بەزیوانە، کە لاڕێکەوتن‌و دواکەوتن، کە ڕیزی موجاهیدەکانیان لێ پاکبۆوە، دەبوو ڕیزەکە لاوازببێت، کەچی بەهێزتربوو.

پاڵفتە بوونەوەی ڕیزی جیهادەکە لەمانە، بووە مایەی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی، کە خوای گەورە لە کۆتاییەکەیدا دەفەرموێ:

﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذۡنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلۡمُلۡكَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ﴾ البقرة: ٢٥١.

واتە: ئیتر بە ئیزنی خوا تێکیانشکاندنو (داود)، (جالوت)ی کوشت و، خواش دەسەڵاتو حیکمەتی خۆی پێبەخشی و، ئەوەی خۆی حەزیکرد فێریکرد..

بەڵام لەبەرامبەر ئەم دەروون بەزیوانەشدا، بڕوانە قورئان، چۆن هەڵوێستی سەرڕاستی دینداری کەڵەپیاوانی مێژووی تۆمار کردووە، هەر لە سوڕەتی (ئەحزاب) سەرنج بدە:

* ﴿مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا۟ مَا عَـٰهَدُوا۟ ٱللَّهَ عَلَيْهِ ۖ فَمِنْهُم مَّن قَضَىٰ نَحْبَهُۥ وَمِنْهُم مَّن يَنتَظِرُ ۖ وَمَا بَدَّلُوا۟ تَبْدِيلًا﴾ الأحزاب: ٢٣.

واتە: لە موسوڵماناندا پیاوانێك هەن، سەرڕاستانە ئەو پەیمانەی، کە بە خوایان بەستبوو بردیانەسەر، هەیانە بەو پەیمانەوە سەرینایەوەو، هەشیانە چاوەڕێیە، بەڵام بە هیچ جۆرێك نەگۆڕان..

* ﴿لِّيَجْزِىَ ٱللَّهُ ٱلصَّـٰدِقِينَ بِصِدْقِهِمْ وَيُعَذِّبَ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ إِن شَآءَ أَوْ يَتُوبَ عَلَيْهِمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا﴾ الأحزاب: ٢٤.

واتە: تا خوای گەورە پاداشتی ڕاستگۆیان لەسەر ڕاستگۆییەکەیان بداتەوەو، ئەشکەنجەو ئازاری دووڕوانیش -گەر حەزبکات- بدات، یان لەوانیش خۆشببێت، خوا لێبوردەو بەبەزەییە..

کەوابوو: ئەوی بەڵێنیداوەو بردوێتییەسەر، شایانی پاداشتی خوای خاوەن بەڵێنەو، ئەوی بەڵێنیداوەو خۆی لێ دزیوەتەوەو شکاندوێتی، شایانی سزایە..

موسوڵمانی دینداریش دەزانێت، کە بۆی نییە پەیمان بە خەڵکی بداتو بیشکێنێت، چ جای بە خوای پەروەردگار!! بۆی نییە قسەو ڕەفتاری پێچەوانەی یەك بنوێنێت، خوای گەورە لە مەتحی سەییدنا (شوعەیب)دا دەفەرموێ:

﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنْ أُخَالِفَكُمْ إِلَىٰ مَآ أَنْهَىٰكُمْ عَنْهُ﴾ هود: ٨٨.

واتە: نامەوێت لەو شتەی بەرهەڵستیم لێکردوون لێی، خۆم پێچەوانەتان بکەمو بکەومە ناوی!

(ئیبامی نەخەعی-کە پێشەوایەکی بەڕێزی تابیعینە) دەیفەرموو: سێ ئایەت منیان لە خەڵکی گرتۆتەوە، کە شتیان بۆ بگێڕمەوە:

﴿أَتَأۡمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلۡبِرِّ وَتَنسَوۡنَ أَنفُسَكُمۡ﴾ البقرة: ٤٤.

واتە: چما فەرمان بە خەڵکی بەچاکە دەکەن و، خۆتان بیردەچێتەوە؟!

﴿وَمَآ أُرِيدُ أَنۡ أُخَالِفَكُمۡ إِلَىٰ مَآ أَنۡهَىٰكُمۡ عَنۡهُ﴾ هود: ٨٨.

واتە: نامەوێت لەو شتەی بەرهەڵستیم لێکردوون لێی، خۆم پێچەوانەتان بکەمو بکەمە ناوی!

ئینجا ئایەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ﴾.

**ئایەتی چوارەم:**

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفّٗا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٞ مَّرۡصُوصٞ﴾ **الصف:٤.**

واتە: خوای گەورە ئەو کەسانەی خۆشدەوێت، کە یەکڕیز لەبەرخاتری ئەوو لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەکەی ئەودا کوشتاردەکەن! یەکڕیز وەکو دیواری خشتو ڕێك.

(مَّرۡصُوصٞ): (فەڕائ)ی زمانەوان (رحمەالله) دەفەرموێ: واتە: داڕێژراو بە قوڕقوشم(رصاص)! (ئەلموبەڕەد) دەفەرموێ: نوساندنی بەردی دیوارە بەیەکترییەوە، تا وایان لێدێت وەك یەك پارچە دەنوێنن، هەندێك زمانەوانیتریش دەڵێن: مەبەست لە خشتو ڕێکبوونی ددانە..

خۆشەویستیی، یەکێکە لە سیفەتی کرداریی خوای گەورە، خوای گەورە دوو جۆر سیفاتی هەن، جۆرێکیان: سیفاتی خۆیین، کە بە زاتی پیرۆزی خۆیەوەن، وەکو: زانستییو زیندوویی، یان وەکو دەستو پەنجە، جۆرەکەیتریان: کردەوەن، وەکو: هاتن، توڕەبوون، خۆشویستن..

ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە، کە خوای گەورە ئەم سیفەتانەی هەیە، بەڵام نازانین چۆنیەتییەکەیان چۆنە؟ دەستی هەیە، بەڵام نازانین دەستەکە چۆنە. ناشکرێت بە دەستی مەخلوقی بچوێنین، ناشکرێت بپرسین: داخۆ لەپی دەستی هەیە، یا نا؟! چونکە هیچ زانیارییەکمان دەربارەی چۆنییەتی ئەو دەستە نییە..

یان باوەڕمان بەوە هەیە: کە خوای گەورە تووڕەدەبێت، بەڵام نازانین چۆنییەتەکەی چۆنە! ناشکرێت بە هی خۆمانی بچوێنین، چونکە تووڕەیی خۆمان، حاڵەتێکی دەروونییو جەستەیی مەخلوقە، کە دیاردەیەك دەبینین لەگەڵ بۆچوونماندا ناگونجێتو دەسەڵاتی گۆڕینیمان نییە، خوێن لە دەمارەکانماندا کۆ دەبێتەوە، بەڵام خۆ ئێمە نازانین زاتی خوا، خۆی چۆنە، تا سیفەتی تووڕەبوونەکەی بزانین.

بۆیە ئەسڵ ئەوەیە: کە بڵێین: بەڵێ باوەڕمان بە ئایەتەکانی سیفاتی خوا هەیە، وەکو، کە هاتوون، بەو مەبەستەش، کە خوای پەروەردگار فەرموونی، یان پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسیکردوون، بێئەوەی چۆنیەتییان بۆ دیاریبکەین، یان بیانچوێنین بە سیفاتی مەخلوق. چونکە هەر تێپەڕبوونێك لەم پێناسەو سنوورە، دەمانخاتە هەڵەی شوبهاندنەوە، چونکە ئێمە بە پێنج هەستەوەرەکانی دەرێ: (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، دەستلێدان)و بە هەستەکانی ناخمان: (خەیاڵ، وەهم، هەستی هاوبەش) دەرك بە شت دەکەین.

خوای گەورەش، نە زاتی خۆیو نەسیفەتەکانیشی نامومکینەو، ناکرێت بەم هەستەوەرانە پەی پێببرێت، بۆیە پێویستە سنووری خۆمان بگرینو لێی تێپەڕ نەکەین.. چونکە وەك بە هەستەوەرەکانی دەرێ، پەی بە سیفەتی خوا نابەین، بە ئامێرەکانی ناخیشمان، هەر دەرکی پێناکەین، چونکە پێوەری ئەوانیش ئیعتیماد دەکاتەوە سەر هەستەوەرەکانی دەرێ.

بۆ نموونە: من (مەدرید)ی پایتەختی (ئیسپانیا)م نەدیووە، بەڵام دەتوانم خەیاڵی لێبکەمەوە، یان بە تەوەههوم وێنەیەکی لە مێشکمدا بۆ بکێشم، بەڵام حەتمەن، هەر قیاسیدەکەمەوە لەسەر شارێکیتری ئەوروپایی، کە بڵێن: پەیکەری زۆری لێیە، قیاسی دەکەمەوە لەسەر (ڤیەننا)ی پایتەختی (نەمسا)، یان شاری (فلۆرەنسە) ی (ئیتاڵیا)، کە دیومن پڕن لە پەیکەر، کە بڵێن: ڕوباری ئاو بە ناوەڕاستی شارەکەدا دەڕوات، قیاسی دەکەم لەسەر (ئەمستەردام)ی پایتەختی (هۆڵەندا)، یان (ستۆکهۆڵم)ی پایتەختی (سوید)، چونکە ئەمانم دیووە.

هەروەها گەر پێم بڵێن: ئەتۆم چییە؟ ئەو ڕەسمەیان بۆ دەکێشم، کە ئەلیکترۆن بە دەوری ناوکدا خولدەخۆن! هەروەها هەر شتێکیتری نەزانراو باسبکەم، حەتمەن دەیچوێنم بە زانراوێك.. بەڵام بۆ سیفاتی خوای گەورە، بۆمان نییە شێوازێك دابڕێژین، بۆمان نییە چۆنیەتییەکیان بۆ وێنەبکێشین.

چونكە هەرچی بە مێشكماندا دێت، هەر ماددەیەو، خوای گەورەش لە دەرەوەی ماددەو وزەیە.. بەڵام دەشێت شێوە، یان وێنەی مەخلوقێكی نەزانراو بە زانراوێك قیاسبكەین، نابینیت، كە ئێمەی مرۆڤ شەیتانمان هەرچەندە نەدیووە، بەڵام خوای گەورە نەزانراوێكی دووری وەك:

﴿شَجَرَةٌ تَخۡرُجُ فِيٓ أَصۡلِ ٱلۡجَحِيمِ﴾ الصافات: ٦٤.

واتە: درەختێكە لە قوڵایی بنی دۆزەخەوە دەردەچێت.

بۆمان دەچوێنێت بە سەری شەیتان! ﴿شَجَرَةٌ تَخۡرُجُ فِيٓ أَصۡلِ ٱلۡجَحِيمِ﴾، چونكە هەریەكەمان شێوەیەكی خەیاڵی شەیتانمان لە بیردا هەیە، بۆ نموونە؛ من لام وایە: سەری زلو قژبژو چاوی خوارو ڕەنگی دێزەو زۆر ناشیرینە، بەڵام كابرایەكی ئەورووپایی، كە ڕەسمی دەكێشێت، دوو قۆچی بۆ دەكاتو كلكێكی درێژو دوو كەڵبەی تیژو درێژی بۆ دەكات[١].

مومكینە بتوانین وێنەی هەموو مەخلوقێكیتر تەسەوربكەین، بەڵام بە هیچ شێوەیەك، ناتوانین تەسەوری سیفەتی خوای كردگار بكەین، چونكە لە دەرەوەی سنوورەكانی كاتو شوێنو ماددەو وزەن، هەموو زانیاریەكانی ئێمەش -هەر چەندە زۆر زۆر سنوردارن- بەڵام هەر وان لە سنورەكانی كاتو شوێنو ماددەو وزەدا!

كەوابوو: ئەوەندە با بزانین، كە خوای گەورە خەڵكانێكی موسوڵمانی جەنگاوەری یەكڕیزی خۆشدەوێت، یەعنی لای پەسەندن، ڕێزیان زۆرە لای، ئاگای لێیانە، جێبایەخنی، سەرپەرشتییاندەكات!

ئەمانەی ئەو خۆشی دەوێن جەنگاوەرن، یەكڕیزن! ئەمە مایەی خۆشحاڵی موجاهیدە، كابرای موسوڵمانی جەنگاوەر، ئەگەر نییەتی پاك بێتو ڕاستبكات، لە هەردوو سەرەوە سەرفرازی مسۆگەركردووە: لە لایەكەوە ئەو پەیمانەی، كە

---

(١) پێغەمبەری خواش ئاماژەی بۆ قۆچەكانی كردوە كە بەیانیان خۆر لە نێوانیان هەڵدێت.

بە خوای دابوو، کە لەبەرخاتری ئەوو لە پێناوی دینەکەی ئەودا بجەنگێت، ئەوەتا وا بەوەفایەو پەیمانەکەی هێناوەتەدیی، قسەو کرداری کردوون بەیەك. لە لایەکیتریشەوە، ئەوەتا وا لە ڕیزی موجاهیدە جەنگاوەرەکاندایە، کە خوای مەزن خۆشی دەوون، کەوابوو: لەمسەرەشەوە هەر مسۆگەرە... خۆزگەم بە خۆی..

بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی یەکڕیزیی زۆر مەبەستە، چونکە لە لایەکەوە هەر بە لەفزی (صَفًّا) هێناویێتییەوە، کە حاڵی کوشتارەکەیە، کە موسوڵمانە جەنگاوەرەکانی تێدایە، یەکدڵن، یەکڕان، یەکڕێن، یەکفەرماندەو یەکئاڕاستەن، لە لایەکیترەوە خوای گەورە نموونەیەکی بەرجەستەی نیشانداون، کە دیوارە، دیواریش لە هەموو کات‌و شوێنێك هەیە، دیواری قوڕ بێت، یان هەوربڕەکانی ڕۆژئاوا، هەر سیفەتی ڕاست‌و ڕێکیی دەگەێنێت، چ جای ئەوەی بە مرصوص(خشت‌و ڕێك) وەسفیکردووە! مەبەستیش لێرەدا ئەوەیە: کە موسوڵمانان لە کاتی شەڕو پێکداداندا، وەك دیواری ڕێك‌و ڕەپ‌و پتەو خۆڕاگرن و، کەلێن نەخەنە نێوانیان، نەبادا دوژمنەکانیان لەو کەلێنانەوە دزەبکەنە ڕیزەکانیانەوە، کەلێنی ئیختیلافات‌و ناکۆکی ناوکۆیی..

ئاشکرایە، کە دیواری (مرصوص) کەڵەکەبەردێك نییەو گەڵڵابەیەك هەڵی ڕشتبێت، با بەردەکانی نەقارییی‌و ڕێك‌و خشتیش بن، وای بێنە خەیاڵی خۆت گەڵڵابەیەك بلۆکی چیمەنتۆ بێنەو هەڵیڕێژە، داخۆ بۆت دەبنە دیوار، کەوابوو، هەر موسوڵمانە جەنگاوەرە ورە بەرزو دلێرو چاونەترسەکە کافی نییە، گرنگە کە ئەم کەرەستە نایابە، لە ڕیزێکی نایابی ئەندازیارانەشدا بێت..

لە فەرموودەی پێغەمبەری نازداریشدا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم لێکچواندنە گرنگە، هاتووە، کە دەفەرموێ: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ لِلْمُؤْمِنِ كَالْبُنْيَانِ يَشُدُّ بَعْضُهُ بَعْضًا).(١)

واتە: موسوڵمان بۆ موسوڵمان، وەك ڕیزەخشتی خانوویەکی ڕێکە، هەر یەك ئەویتر دەبەستێتەوە.

(١) بوخاری(٢٤٤٦)، موسلیم (٢٥٨٥).

سـەرنجدەرە دیـواری خانوویـەك و، سـەرنجدەرەوە ڕیـزی موسـوڵمانان! کـە لە کەسـانی وەکـو تـۆ پێـك دێـت! لـە خـۆت ڕازیـت؟! ئایـا بەڕاسـتی تـۆ بلۆکێکـی ئەندازیارانـەی ڕێـكو پێکـی ئـەم ئوممەتەیـت و، کـەس نییـە لـە دیوارێکـت هاوێـت؟!

سەیرکەینەوە: هەر وەکو چۆن خانوویەکی خشتو ڕێك، بریتی نییە لە: کۆمەڵە بەردێکی کەڵەکەکراو، بەڵکو پێکهاتەی چەند دیوارێکی ڕاستو ڕێکەو، بە بلۆك، یان بەردی پتەوو نەقاڕیی هەڵچنراوەو هەریەکەیان بە چیمەنتۆو شیشی ئاسن، بە پێی نەخشەیەکی ئەندازیاری پێکەوە چەسپێنراون.

ئەم خانووە هەموو شتێکی بە پێی نەخشەیە: پایەکانی، پردی پەیوەستو گرێو تێهەڵکێشی سەربانو کۆڕنیشو لاشیپانی، و قوڵییو پانیی بنەپایەو ئەستوریی بناغەو پایەو دیوارو ڕادەی بڵندیان، هەروەها هەموو حساباتێکی تینو قورسییو قورسایيو، بارودۆخی کەشو سەرماو گەرماو ئاڵوگۆڕی هەواو..هتد.

ئەمـە هـەر وەسـفی گشـتی موسـوڵمانانە بـۆ یەکتریـی، ئـەدی لـە جەنـگو کوشـتارەکەدا، دەبێـت چـۆن بـن، تـا خـوای گـەورە خۆشـیبوێن؟!

ئەم ئایەتە یەکێکە لەو شوێنە پیرۆزانەی قورئان، کە موسوڵمانانی تێدا هاندەدات بۆ کۆمەڵکاریی شەرعییانەی خۆیان، چونکە مومکین نییە بانگەوزای ئیسلامیو پێکەوەنانی کۆمەڵگەو، پیادەکردنی شەریعەتەکەیو جیهاد لە پێناوی پاراستنی ئەم دینەو مانەوەیدا، بە تاکڕەویی بکرێت.

کاری تاك گەر پاكو شەرعییش بێت، بەرهەمەکەی ئەوەندە کاریگەرنابێت، تا جاهیلییەت لاواز بکات، چ جای ئەوەی ڕایداو لایدا. چ جای ئەوەی دینەکەی پێ بەرقەرار بکات.

بۆیە لێرەشدا خوای گەورە تەئکید لەسەر کۆمەڵکارێتی کوشتارەکە بە یەکڕیزیی جەنگاوەران، دەکاتەوە.

بێگومان یەکڕیزیی، مەبەستی لەوە نییە، هەموو ئەو موسوڵمانە جەنگاوەرانە لەیەك شوێندا ڕیزببەستن، وەکو ڕیزی نوێژی جەماعەت، نەخێر، چونکە ئەمە مایەی کوشتنو لە ناوچوونیانە، بەتایبەتی لەم زەمانی تۆپو فڕۆکەو ڕۆکێتانەدا، کە بە مانگی دەستکرد ئاڕاستەدەکرێن.

بۆیە بە پێچەوانەوە، دەبێت بە لاشە لێکەوە دووربن، ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەوەیە: کە دەبێتە مایەی هێزو پێزو ڕێزی جەنگاوەرەکان.

کەوابوو: لێرەدا مەبەست یەکبیریی‌و یەکرێبازیی‌و یەکمەبەستیی‌و یەك سەرکردایەتیی‌و یەك ئاڕاستەییە، ئەمەش بەڵگەنەویستی شەڕی کۆنو نوێیە.

هەموو کەسێك هەر بە فیترەتی خۆی ئەمە دەزانێ، کافرێکی وەکو فیرعەونو دەستەو دایەرەکەشی لە بەرامبەر بانگەوازە ئاشتیانەکەی سەییدنا (موسا)دا (علیه السلام) دەیانوت: ﴿ فَأَجۡمِعُواْ كَيۡدَكُمۡ ثُمَّ ٱئۡتُواْ صَفّٗاۚ ﴾ طه: ٦٤.

واتە: پلانو پیلانو نەخشەو تەگبیرتان بکەن بە یەكو، یەکڕیز بچنە بەرامبەریی. (بەرامبەر سەیدنا موسا -علیه السلام).

لە قورئاندا لە هیچ شوێنێکدا نابینیت، کاری تاك کەسی کرابێتە مایەی بنیاتنانی کۆمەڵگەی موسوڵمانان، بە پێچەوانەوە هەمیشە فەرمانەکانی خوای گەورە بە شێوازی کۆ هاتوون:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ.. كُتِبَ عَلَيۡكُمُ .. إِذَا كُنتُمۡ.. إِذۡ أَنتُمۡ.. أَقِيمُواْ.. وَأَعِدُّواْ.. جَـٰهِدُواْ﴾ تەنانەت نوێژیش، کە بە تەنها دەیکەیت هەر دەڵێیت: ﴿إِيَّاكَ نَعۡبُدُ وَإِيَّاكَ نَسۡتَعِينُ ۝٥ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ۝٦﴾ الفاتحة: ٥ – ٦.

ئەوەی، کە خوای گەورە کردوێتییە مایەی خۆشویستنی جەنگاوەرانی موسوڵمان - وەك لەم ئایەتەدا دەردەکەوێت - باوەڕو یەکڕیزیی‌و جەنگ‌و جیهادو کوشتارە، ئەمانەشی لە شوێنیتری قورئاندا بە فراوانتر باسفەرمووە.

بۆ نموونە: ئەوەی، کە دەبێتە مایەی سەرکەوتنی سوپای موسوڵمانان لە سورەتی (ئەنفال)دا ئاوا باسیفەرمووە:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا لَقِيتُمۡ فِئَةٗ فَٱثۡبُتُواْ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ٤٥ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦ ﴾ الأنفال: ٤٥ – ٤٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هۆ موسوڵمانینە! کاتێك بە کۆمەڵێکی دوژمن دەگەن، خۆتانڕابگرن، زیکری خوا زۆر بکەن، تا سەرکەوتووبن. گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی بن‌و ڕاجوێییتان نەتانگەێنێتە ناکۆکیی، چونکە دوایی دەبەزن‌و شکست دێن‌و هێزو پێزتان نامێنێت. بە ئارامیش بن خواش لەگەڵ ئارامگرانە.

ئەمانە هۆکاری سەرکەوتنن: خۆڕاگرتن، یادی خواو پێداچوونەوەی نییەت‌و پشت بەخوا بەستن، ملکەچی دەربڕین بۆ فەرمانی خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئەو ئەمیرە شەرعییەی دانراوە، ناکۆك نەبوون‌و ململانێنەکردن، ئارام گرتن‌و خۆڕاگرتن وبەزۆر ئارام بە خۆدان..

گومانی تێدا نییە، کە کۆمەڵکاریی‌و ملکەچی ئەمیر -لە کاری خێردا-و هیجرەت‌و جیهاد مایەی پاراستنی ئیسلام‌و مانەوەی عێزەتی موسوڵمانانن، بۆیە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەکو لە حەدیسی سەحیحی (ئیمامی ئەحمەد)و (ترمذی)یەوە لە (الحارث الاشعەریی)یەوە دەگێڕنەوە کە دەیفەرموو: (وَأَنَا آمُرُكُمْ بِخَمْسٍ، اللَّهُ أَمَرَنِي بِهِنَّ: بِالْجَمَاعَةِ، وَبِالسَّمْعِ، وَالطَّاعَةِ، وَالْهِجْرَةِ، وَالْجِهَادِ).[1]

واتە: فەرمانتان بە پێنج شت پێدەکەم، کە خوای گەورە فەرمانی بە منیش پێکردوون: (کۆمەڵکاریی، گوێڕایەڵیی‌و ملکەچیی‌و هیجرەت‌و جیهاد).

---

(١) ترمذی (٢٨٦٣)، ئەحمەد (١٦٧١٨)، حاکم (١٥٧٤) دەشفەرموێ: بە پێی مەرجەکانی بوخاریی‌و موسلیمە، شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح مشکاة المصابیح/٣٦٩٤)و لە: (التعلیق الرغیب ١٨٩/١)و ل: ٠(صحیح الجامع/ ١٧٢٤)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

لەم تێگەیشتنە ڕاسوڕەوایەوە بوو، کە سەیدنا (عومەری کوڕی خەططاب) خوا لێی ڕازی بێت، دەیفەرموو: (إِنَّهُ لَا إِسْلَامَ إِلَّا بِجَمَاعَةٍ، وَلَا جَمَاعَةَ إِلَّا بِإِمَارَةٍ، وَلَا إِمَارَةَ إِلَّا بِطَاعَةٍ، فَمَنْ سَوَّدَهُ قَوْمُهُ عَلَى الْفِقْهِ، كَانَ حَيَاةً لَهُ وَلَهُمْ، وَمَنْ سَوَّدَهُ قَوْمُهُ عَلَى غَيْرِ فِقْهٍ، كَانَ هَلَاكًا لَهُ وَلَهُم)[١].

واتە: ئیسلام بە بێ کۆمەڵکاریی وجودی نابێت، کۆمەڵکارییش بە بێ ئەمیرێتیی دانامەزرێت، ئەمیرێتییش بە بێ ملکەچیی و گوێڕایەڵیی نایاتەدیی. هەر کەسێك خەڵکەکەی بە تێگەیشتوون و لێحاڵێیبوونەوە کردبوویان بە ئەمیرو سەرداری خۆیان، ئەوە مایەی ژیانی سەربەرزیی خۆشیی و ئەوانیشە، هەر کەسێکیش خەڵکەکەی بە تێنەگەیشتوون و لێحاڵێینەبوونەوە کردبوویان بە ئەمیرو سەرداری خۆیان، ئەوە مایەی فەوتانی خۆشیی و ئەوانیشە..

---

(١) ئەبوداوود (٣٦٦٤)، ئەحمەد (٣٣٨/٢)، ئیمامی مالیك: (الموطأ/٣٥٣)، داریمی: (السنن /٢٥٧). بە کۆی ڕیوایەتەکانی دەبێتە (حسن لغيره).

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

- شێوازی پرسیارکردنەکە: ﴿ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾ پێی دەوترێت: پرسیاری بەرهەڵستیو سەرزەنشتیی (التوبیخ)، چونکە ئەگەر قسەکەی کابرای خۆهەڵکێش دەیکات، لە ڕابوردوودا وا نەبووبێت، دەبێتە درۆ، گەر لە داهاتووشدا وا دەرنەچێت، دەبێتە وادەبەخیلافو بەڵێنشکاندن! ئەم دوو ڕەفتارەش هەردووکیان هەر پەسەند نینو دەبوغزێنرێن.

-كَـبُرَ: بۆ سەرسامبوونە، کە بریتییە لە: بەگەورەو گرنگگرتنی ئەو کارە لە دڵی گوێگرەکاندا، ﴿مَقْتًا﴾ کە منصوبە بۆ ڕاڤەکردنی سەرسوڕمانەکەیە، یەعنی ئەم کارەتان، کە جێگای سەرسوڕمانی خوای گەورەیە، دەبێتە مایەی ڕقهەستانی ئەو، ڕستەکەش هەمووی دەبێتە ڕستەیەکی تەفسیری بۆ باسی پێشتر، کە (تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ )ـە، واتە: ئەوەی، کە دەیڵێنو خۆتان نایکەن.. ئەمەش وەکو (زەمەخشەری) دەفەرموێ:[1] بوغزاندنێکی وایە بواری پێچەوانەکەی تێدا نییە..

- دووبارەکردنەوەی: (تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ )، هەر بۆ گەورەو دژوارزانینی کارەکەیە، تا گوێگر هەست بەوە بکات، کە ئەمە کارێکی ئەوەندە ناشیرینو ناپەسەندە، کە دەبێتە مایەی ڕقهەستانی خوای گەورەو تووڕەبوونی!! بۆیە نابێت توخنیکەون..

(ئیمامی قورطوبی) دەفەرموێ: ئەم ئایەتە هەموو ئەو کەسانە ناچاردەکات، کە نەزرییان کردووە، بیهێننەدیی، بەو مەرجەی تاعەتو پەرستنی خوای گەورەی تێدا بێت، نەك تاوانو سەرپێچیکردنی.

---

(١) الزمخشري: الكشاف ـ دار الكتاب العربي چاپی ٣/ ١٩٨٧ ب ٥٢٢/٤

نەزری خەڵکی دوو جۆرە:

* نەزری خواپەرستیی، وەك ئەوی دەڵێت: نەزربێت ئەوەندە ڕکات نوێژبکەم، یان شەرتبێت ئەوەندە ڕۆژ بەڕۆژووبم، یان عەهدبێت ئەوەندە تەسبیح (لَا إِلَهَ إِلاَّ الله) بکەم.. ئەمە دەبێت ئەو پەرستنانە ئەنجامبدات، چونکە بوونەتە قەرز لەسەری.

* نەزری شیاو(موباح): وەك ئەوەی نەزرەکەی بە مەرجێکیترەوە ببەستێتەوە، وەك ئەوەی بڵێت: ئەگەر دەستی ئەو کابرایە لە بەرۆکم ببێتەوە (یەعنی کۆڵم لێدا) شەرتبێت ئەوەندە پارە بکەم بەخێر، یان نەزربێت، ئەگەر فڵانکەس بە سەلامەتی گەڕایەوە، مانگایەك بکەم بە خێر... وە هەروەها...

زانایانو شەرعناسان ڕایان لەم بارەیەوە دوو جۆرە:

- (ئیمامی ئەبوحەنیفە)و (ئیمامی مالیك)و (ئیمامی شافیعی) _لە قەولێکیدا_ دەفەرموون: ئەگەر کەسێك شتێکی لەسەر خۆی کردەماڵ، دەبێت ئەنجامیبدات.

بۆ نموونە: ئەگەر بە کەسێك بڵێت: ئەگەر ژنت مارەکرد، من پەنجا هەزار دینارت هاوکاریدەکەم، بە مارە کردنەکە، پەنجا هەزار دینارەکەی لەسەر دەبێتو دەبێت بیدات.

زانایان دەفەرموون: ئەوەی کەسێك وەکو نەزری نێوان خۆیو خوای گەورە، یان بەڵێنی نێوان خۆیو بەندەکانی خوا بڕیاری لەسەردەدات، ئەوە کۆڕا(ئیجماع) ی زانایانی لەسەرە، کە هەر دەبێت جێبەجێیبکات.

وەکو بۆ نموونە دەڵێت: ئەگەر نەخۆشیەکەم، یان نەخۆشەکەم چاکبۆوە، یان لەو موسیبەتە ڕزگارمبوو، یان ئەگەر ئەوەندەم پارە دەستکەوت، یان قازانجمکرد، شەرتبێ، یان نەزربێ، یان بڕیاربێت، سێ ڕۆژ بەڕۆژوو دەبم، یان دەچمە حەج، یان ئەوەندە پارە دەکەم بە خێرو دەیبەخشمەوە.

ئەمانە هەموو لە گەردنیدانو دەبێت، کە مەرجەکە هاتەدیی -ئەگەر کۆسپ پەیدانەبووبوو- نەزرەکەش بێهێنرێتە دیی.. چونکە خوای گەورە، لە زۆر شوێنی

قورئاندا، مەتحی ئەو کەسانەی کردووە، کە بەڵێنەکانیان دەبەنە سەر، وەکو: ﴿وَٱلۡمُوفُونَ بِعَهۡدِهِمۡ إِذَا عَٰهَدُواْ﴾ البقرة: ١٧٧.

ئەمما، ئەگەر نێوان خۆیو نەفسی خۆی بوو، لە کارێکدا کە نەپەرستنە نەپابەندبوونی شەرعییە، ئەوە ئازادە، دەتوانێت بیکاتو دەشتوانێت نەیکات، بۆ نموونە دەڵێت: ئەمجارە لەم نەخۆشییەم چاك ببمەوە ئیتر تۆپی پێناکەم!

- ئەوی خانوویەك دروستدەکاتو زۆری بایەخپێدەدات، وای دروستدەکات ئامانجی لە دروستکردنەکەی پێ بێتەدیی، دیواری ماڵەکەی وا مەحکەم دروستدەکات، کە ڕێكو سفتو لوس بێت، کونبڕیدەکات، لە دەرەوە لەبغو لە ناوەوە گەچکاری دەکات، تا نەفەسی هەوای لێ ببڕێت، ئەگەر دیوارەو بۆ بەربەستی باخو ماڵو قەڵاو قوللەی دروست دەکات، ئەوەندە پانو پۆڕو بەرزو مەحکەمی دروستدەکات، کە کەس نەتوانێت کوناودەریکات، یان بەسەریدا بازدات..

ئێ خوای گەورەش داوای لەو موسوڵمانە جەنگاوەرانە کردووە، کە لە جیهاددا دیوارێکی بەشەریی وا دروست بکەن، مەبەستەکەی پێ بێتەدیی، مەبەستی پاراستنی دینەکەو پایەدارکردنی شەریعەتەکەی.. (بێگومان مەبەست دیواری مەعنەوییە، کە بریتیە لە یەکڕیزییو نەهێشتنی هۆیەکانی ئیختیلافات، ئەگینا خۆ لە هیچ بەرەیەکی کۆنو نوێی شەڕدا، هەر مومکین نەبووەو نابێت هەموو موجاهیدەکان یەکریز بووەستن، بە تایبەتی لەم زەمانەدا)..

- پەیوەندییەکی پەروەردەی دەروونی زۆر گرنگ هەیە، لە نێوان حاڵەتی یەکەم (قسەی بێکردووە)، کە کارێکە، ئەنجامدانی دەبێتە مایەی ڕقهەستانو غەزەبی خوای گەورە، کەچی حاڵەتی دووەم(کوشتارکردن بە یەکڕیزیی) کارێکە، دەبێتە مایەی خۆشحاڵیی خوای گەورە! ئەمەش وا دەکات هەمیشە بەرپرسێتیی هەڵبژاردنی هەڵوێستێکیان بکەوێتەوە سەرشانی موسوڵمانەکە خۆی، ئەگەر ڕاستدەکاتو نایەوێت خوای لێ بڕەنجێت، با قسەی بێکردووە نەکات.

دیسان ئەگەر ڕاستدەکاتو خوای خۆشدەوێتو دەیەوێت ڕازی بکات، تا لێی ڕازی بێت، با بچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە، کە کوشتار لە پێناوی خوادا دەکەن.

- ڕای زۆرینەی زانایان لەسەر ئەوە بووە: کە ئەگەر موسوڵمانان یەکڕیز بۆ جەنگ بەرامبەر کافران وەستابوونەوە، موسوڵمان بۆی نییە لە ڕیزیان بچێتەدەرەوەو داوای زۆرانبازیو شەڕەشمشێر، تا مردن لە کافران بکات، وەکو، کە لە زەمانی کۆندا باو بووە، چونکە دوور نابێت لە ڕیابازییو هەڕاڵییو خۆبادان..

بەڵام ئەگەر لە کافرەکان خەڵکانێك بۆ تەحەدداو بەربەرەکانێ هاتنەدەرەوەو، داوایان لە موسوڵمانان کرد ئازاترینییان بنێرنە وێزەی، ئەو کاتە دەشێت، هەر وەکو زەمانی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە پێی قبووڵ بووەو یاوەری تایبەتی بۆ ئەو تەحەددایە ناردۆتە مەیدانەوە، وەکو لە غەزاکانی (بەدر)و (خەیبەر)دا ڕوویدا.

ئەوی بە تاقی تەنها بۆ تۆقاندنی دوژمنانو زەربە لێدانیان، یان بۆ زات شکانی موسوڵمانانو ئازاکردنیان هەڵدەکوتێتە سەر لەشکرێکی زۆری دوژمنان، کە دەشزانێت ڕزگاری نابێت، نەك هەر جائیزە، بەڵکو لەبەر زۆریی بەڵگە شەرعییەکانی لە قورئانو سوننەتو کۆڕا (ئیجماع)ی زانایان، پەسەند کراویشە، بۆیە کوشتنەکەی بە ڕای چوار پێشەواکانو زۆرینەی زانایانی شەرع، شەهیدبوونە (والله اعلم.

## کۆمەڵکاری و هەستیی

لەو بەڵگەنەویستانەی، کە پێویستە موسوڵمان لە ناخیدا بچەسپێت، ئەوەیە، کە ئەم دینە بۆ ئەوە نەهاتووە، کە شوێنکەوتوانی تاك تاك بڕۆنە خەڵوەتگایەکەوە بکەونە خواپەرستیی.

نەخێر، ئەم دینە بەرنامەی کۆمەڵکاریی ئوممەتێکی عەقائیدییە، کە ئەرکی ئیستیخلاف (بریکاریی خوای گەورە لەسەر زەمین)ی پێسپێرراوە.

ئەمە ئامانجێك نییە بە تاك کەس بێتەدیی.. بۆیە هیچ بڕگەیەکی شەرع نابینیت تاك بە سیفەتی تاکێتیی و تەنهایی پەروەردەبکات، ئەم دینە بۆ ئەوە هات، ئوممەتێك بنیاتبنێت، تا بە هەموو تاکەکانیەوە ئەم ئەمانەت خواییە (ئەرکی ئیستیخلافەکە) هەڵگرن. ئەمانەتی خواناسیی و خواپەرستیی و پابەندبوون بە شەریعەتی خوای گەورەو، دینداریی پێوەکردن و گەیاندنی بانگەوازو بنیاتنانی دارولئیسلامێك و، پیادەکردنی شەریعەتەکەی لە سیستمێکی حوکم و ئاراستەی کۆمەڵگەیەکی موسوڵماندا..

بۆیە هەر دەبوو ئیسلام، هەر لە سەرەتایەوە تاکەکانی خۆی بە گیانێکی کۆمەڵکاریی هەرەوەزیی پەروەردەبکات، دەبوو هەر لە سەرەتای موسوڵمانبوونیشیانەوە، ڕووبەڕووی ئەو واقیعە مرۆڤایەتییە کۆمەڵگەکەی خۆشیان ببنەوە، تا هەست بەوەبکەن، کە بە ڕەنجی هەموویان ئەم کۆمەڵگەیە دەگۆڕرێت، چونکە ئامانجی ئوممەتەکەش، هەر دەستەجەمعییە..

ئیسلام لەو ئاراستانەشیدا، کە ڕووەوڕووی تاکەکانی دەکاتەوە، هەر پێی گرنگە کە بە مەنهەجێکی گەشەی کۆمەڵکاریی (التنشئة الاجتماعية) پەروەردەیان بکات، تا گیانی کۆمەڵایەتییەکەیان تێدا بچەسپێنێت.

بۆیە هەموو ڕێساکانی خواناسییو خواپەرستییو شەریعەتو، ڕەفتارو ڕەوشتو بانگەوازو بزاوتو کارو خەبات، هەر هەموویان تاکی موسوڵمان بەرەو هەستی بەرپرسێتی کۆمەڵکاریی دەبەن..

سەیری سەرەتای هاتنی ئیسلام خۆی بکە، ئەو کاتەی، کە موسوڵمانان زۆر کەمبوونو لە ترساندا بە بانگەوازەکەیانەوە، بۆ ماوەی سێ ساڵ خۆیان لەم ماڵو ئەو ماڵی مەککە دەشاردەوە! یەکێك لەو پەناگەی خۆیان تێدا دەشاردەوە، ماڵی (ئەرقەمی کوڕی ئەبولئەڕقەمی مەخزومی) بوو، ئەو کاتەی (عومەری کوڕی خەططاب -خوا لێی ڕازی بێت) موسوڵمانبوو، ئەم موسوڵمانانە لە چل کەس کەمتربوون، هەمووشیان لە ماڵی (ئەڕقەم) خۆیان شاردبۆوە.

بەڵام سەیرکە:

- (ئەرقەم) خۆی تەمەنی بیست ساڵان بوو!

- لە (بەنی مەخزوم) بوو، کە دوژمنی سەرسەختی پێغەمبەر بوون (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)! (خالیدی کوڕی وەلید)، کە بیست ساڵی ڕەبەق دژی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەستایەوە، لەم (بەنی مەخزوم)ـە بوو!

- ماڵەکە لە گەڕەکی (سەفا) بوو، کە خەڵکێکی زۆری لێ نیشتەجێ بوو!

لەگەڵ ئەم هەموو خاڵە دژوارەدا، مەگەر ئاسانتر نەبوو، باشتر نەبوو پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەم موسوڵمانە کەمو موستەزعەفانەی، لە جێی جوداو ماڵانی لێکدوور بشاردایاتەوە؟! بەدی.. ئەدی بۆچی هەمووی لە جێیەکدا کۆکردەوە؟! خۆ ئەو کاتە نەنوێژ فەرزبووبوو، نەجومعەو جەماعەت هەبوو؟!

گوێنەدانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە هەموو ئەگەرەکانی ئەو دژوارییەی دەهاتە ڕێی کەشفبوونی شوێنکەوتووەکانی، لەبەر ئەوە بوو، کە ئەو ئیجابێتییەی لەو کۆڕو کۆبوونەوە نهێنییەیانەوە دروستدەبوو، ئەو کاریگەرییەی ئەو کۆبوونەوە لە ناخی موسوڵماناندا، لەسەر پەروەردە کردنو ئینتیماو هەستکردنیان

بە یەك ئوممەتیی‌و یەك جەستەیی خۆیان دروستیدەكرد، لە هەموو ئەو كێشانە گرنگتر بوو، كە كەشفبوونەكەیان دروستیدەكرد..

كەوابوو: ئیسلام هەر لەسەرەتایەوە، وەكو، كە بایەخی بە ناسینیی خواو پەرستنیی خوا دەدا، بایەخیشی -بە هەمان برِو رِادە- بە گەشەی كۆمەڵایەتی ئەو پۆلە پێشرِەوە موسوڵمانەی یەكەم دەدا، تا لە ناخیاندا ئەو هەستە كۆمەڵایەتیی‌و كۆمەڵكارییە، یەك ئوممەتییەیان تێدا برِوێنێت.

ئەم سێ ئایەتەش دوو پایەی سەرەكی ئەم هەستی كۆمەڵكارییە دادەرِێژن:

لە لایەكەوە ناهێڵن موسوڵمان فشەكەرو خۆهەڵكێش‌و هەڵەپاس دەرچێت، بەڵكو رِاستگۆو سەررِاست‌و پابەندو جیددی بێت، ناهێڵن شلگیرو كەمتەرخەم‌و بێبایەخ بێت، بەڵكو هەستیارو بەعەزم‌و هیممەتبەرزبێت، ناوەو دەرەوەی وەكو یەك وابن.. دەنا بەر رِقی خوای گەورە دەكەوێت!

چ هەرِەشەیەكیش لە دڵی موسوڵماندا لەمە كاریگەرترە.. چی لەوە زیاتر موسوڵمان دەترسێنێت، كە پێی بڵێن: فلانكار، یان فیساررِەفتار، خوات لێدەرِەنجێنێت؟!

لە لایەكیتریشەوە ئەم ئایەتانە، ئاسۆیەكی بەرزیان نیشان موسوڵمان دەدا، كە بریتییە لە رِازیبوونی خوای گەورەو خۆشویستنی ئەو بۆ ئەم، ئەمەش، كە ئامانجی دنیاو رِۆژی دوایی موسوڵمانە، رِەنگرِێژیی رِێگاكەشی: ئەركەكانی دینداریی‌و نارِەحەتییەكانی رِێی جیهادە ..

## دەرسی دووەم

**ئایەتەکانی ٥-٦ :**

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ۖ فَلَمَّا
زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ﴿٥﴾ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ
إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ وَمُبَشِّرًۢا بِرَسُولٍ يَأْتِى مِنۢ بَعْدِى ٱسْمُهُۥٓ أَحْمَدُ ۖ فَلَمَّا جَآءَهُم
بِٱلْبَيِّنَٰتِ قَالُوا۟ هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ ﴿٦﴾﴾ **الصف: ٥ - ٦**

## مانای گشتی ئایەتەکان

(٥) سەیدنا (موسا -علیە السلام) بە قەومەکەی خۆی فەرموو: ئەرێ گەلی خزمان! ئێوە بۆچی ئاوا ئازارمدەدەن، لە کاتێکدا، کە بە تەئکید ئێوە دەزانن و لەوەش دڵنیان، کە من نێرراوی خوای گەورەم و بۆ ئێوەی ناردووم؟!

ئیدی، کە ئەوان لە حەق لایاندا، خوای گەورەش دڵی ئەوانی لە قبووڵکردنی حەق لادا، چونکە خوای گەورە ڕێنمایی قەومی وا ناکات، کە لە ڕێ لایانداوەو لەسنوور دەرچوون..

(٦) ئەوجا، کە (عیسای کوڕی مەریەم -علیە السلام) فەرمووی: ئەرێ هۆ بەنوئیسرائیلییینە! دڵنیابن من پێغەمبەری خوام و بۆ ئێوەی ناردووم، ئەو تەوڕاتەی، کە پێش من هاتبوو، منیش بەڕاستی دەزانم، مژدەی ئەوەش ڕادەگەیەنم،

کە پێغەمبەرێکیتر لە دوای من دێت، ناوی (ئەحمەد)ە... کەچی کاتێك ڕاستی پێغەمبەرێتیی‌و پەیامی خوای بە بەڵگەی بەهێزو ڕاست‌و ڕۆشنەوە پێڕاگەیاندن، وتیان: ئەمە سیحرە! ئەمە جادووگەرییەکی ئاشکرایە..

## لێكدانەوەی ئایەتەكان

**ئایەتی پێنجەم:**

﴿وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَٰقَوْمِ لِمَ تُؤْذُونَنِى وَقَد تَّعْلَمُونَ أَنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُمْ ۖ فَلَمَّا زَاغُوٓا۟ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمْ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ ۝٥﴾ **الصف: ٥.**

ئاماژەیەكی خێرایە بۆ سەییدنا (موسا -علیه السلام) و قەومەكەی، باسی هەڵوێستێكیانە، كە لەگەڵ باسەكانی ئەم سورەتەدا دەگونجێت، ئەویش: حەزی حەق وەرنەگرتن‌و لادانە لێی، لەگەڵ دڵنیابوونیشیاندا لەوەی، كە ئەمە پەیامی خوایەو بە پێغەمبەرێكی خۆیدا (علیه السلام) ناردویێتی! هەروەها ئەو ئازارە جەستەییی‌و دەروونییەی بە دەست كافرو موسوڵمانی قەومەكەی‌و، قەومی فیرعەونەوە دەیچێشت.

خوای گەورە لە زۆر شوێنی قورئاندا، باسی زۆر جۆری لەو ئەشكەنجەو ئازارانە فەرمووە، وەك: دوای بیست و دوو ساڵی ڕەبەق لە بانگەوازی خواپەرستییی‌و ڕزگاركردنی قەومەكەی‌و نقومكردنی فیرعەون‌و سوپاكەی لە دەریای سووردا، لەبەر چاوی خۆیان، كەچی لە دوای پەڕینەوەو سەلامەتییی‌و ئەمان، لە جیاتی سوپاسی خوای گەورە، بە سەییدنا (موسا)یان (علیه السلام) وت: گوێرەكەیەكمان بۆ پەیدا كە، با ئێمەش وەك ئەو قەومە بیپەرستین!!

﴿وَجَٰوَزْنَا بِبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ ٱلْبَحْرَ فَأَتَوْا۟ عَلَىٰ قَوْمٍ يَعْكُفُونَ عَلَىٰٓ أَصْنَامٍ لَّهُمْ ۚ قَالُوا۟ يَٰمُوسَى ٱجْعَل لَّنَآ إِلَٰهًا كَمَا لَهُمْ ءَالِهَةٌ ۚ قَالَ إِنَّكُمْ قَوْمٌ تَجْهَلُونَ﴾ **الأعراف: ١٣٨.**

یان دوای ئەوەی كە خوای گەورە بەڵێنیپێدان، كە ئەگەر بچنە نزیك قودس‌و خۆیان ئامادەی غەزا بكەن، خوای گەورە گرتنی شارەكەیان بۆ ئاساندەكات، كەچی بەو پەڕی بێئەدەبییەوە پێیاندەوت: دە بڕۆ تۆ خۆت‌و خواكەت بجەنگن، وا ئێمە

لێرە دانیشتووین!!

﴿قَالُواْ يَٰمُوسَىٰٓ إِنَّا لَن نَّدۡخُلَهَآ أَبَدٗا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَٱذۡهَبۡ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَٰتِلَآ إِنَّا هَٰهُنَا قَٰعِدُونَ﴾ المائدة: ٢٤.

یان -وەكو ئەوەی خوای پەروەردگاری سەییدنا (موسا -علیه السلام) بەرجەستەیەك بێتو سەییدنا (موسا -علیه السلام) ئەمدیو و ئەودیوی پێبكات- دەیانوت: ئادەی موسا! خوامان بە ئاشكرایی نیشان دە!!

﴿فَقَالُوٓاْ أَرِنَا ٱللَّهَ جَهۡرَةٗ﴾ النساء: ١٥٣.

یان لە ڕاپەڕاندنی سادەترین فەرمانی خواییدا، چەند دەكەوتنە دەمەوەریی‌و موجادەلەی خۆدزینەوە! دەیان جار بە ڕووی سەییدنا (موسا)دا (علیه السلام) هەڵدەسڵەمینەوە! وەكو ئەوەی، كە خوای گەورە لە سەرەتای سورەتی (بەقەرە)دا بۆمان دەگێڕێتەوە، كە فەرمانی پێكردن مانگایەك سەربڕن، هەر مانگایەك بێت:

﴿وَإِذۡ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوۡمِهِۦٓ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تَذۡبَحُواْ بَقَرَةٗ﴾ البقرة: ٦٧..

كەچی ئەوەندەیان موجادەلە لەسەریكرد، كە خەریكبوو هەر ئەنجامیشینەدەن: ﴿فَذَبَحُوهَا وَمَا كَادُواْ يَفۡعَلُونَ﴾!

یان لە هەمووی ناخۆشتر ئەوەی، كە سەییدنا (موسا -علیه السلام) بە هۆی ئەوانەوە، تینی دەروونی دەكەوتەسەر، كەچی ئەوان بەویاندەوت: ئێمە پێشئەوەی تۆ ببیتە پێغەمبەرمان، لە ناسۆرو ئازاردا بووین‌و ئێستا، كە تۆش هاتوویت بۆمان، هەر لە ناسۆرو ئازارداین!

﴿قَالُوٓاْ أُوذِينَا مِن قَبۡلِ أَن تَأۡتِيَنَا وَمِنۢ بَعۡدِ مَا جِئۡتَنَا﴾ الأعراف: ١٢٩..

زۆر جۆریتریش!!

لێرەدا ئەمەش بیرخستنەوەیەكە بۆ پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، كە هەر تۆ تووشی هەڵوێستی جاهیلییانەی كافران نەبوویت، ئەوەتا سەییدنا (موسا -علیه

السلام) پێش جەنابت، هاواری لێهەستاوە، کە بۆچی ئاوا ئازارمدەدەن؟!

ئەمانەش هەڵوێستێکن‌و لە تەسکبوونەوەی شەقام‌و زیادبوونی تین‌و فشاری جاهیلیی، لەسەر ئەهلی ئیسلام -بە تایبەتی لە کاتەکانی زیندان‌و ڕووبەڕووبوونەوەی جەنگدا- زۆرتر دەبن.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بەم جۆرە دەرسانە _کە ئاراستەی خوای گەورەن_ پەروەردەدەبوو، بۆیە دەیفەرموو: (رَحْمَةُ اللَّهِ عَلَى مُوسَى، لَقَدْ أُوذِيَ بِأَكْثَرَ مِنْ هَذَا فَصَبَرَ).[1] واتە: ڕەحمەتی خوا لە (موسا) بێت، لەوەش زیاتر ئازاردراو هەر سەبریگرت..

خوای گەورە بە شوێنەکەوتوانی پێغەمبەری مەزنی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووبوو، کە وەکو شوێنکەوتووی سەییدنا (موسا)یان (علیه السلام) لێنەیەت‌و ئازاری پێغەمبەرەکەیان نەدەن، چونکە خوا لە پشتێتیی‌و دوایی بەر غەزەبی دەکەون.. بۆیە پێی فەرموون: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ ءَاذَوۡاْ مُوسَىٰ فَبَرَّأَهُ ٱللَّهُ مِمَّا قَالُواْۚ وَكَانَ عِندَ ٱللَّهِ وَجِيهٗا﴾ الأحزاب: ٦٩.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هۆ موسوڵمانینە! وەکو ئەو کەسانە مەبن، کە سەییدنا (موسا)یان (علیه السلام) ئازاردا، (کە تۆمەتیان دەخستە پاڵیی و) خوای گەورەش پاکیی‌و سەرڕاستیی لە هەموو ئەو شتانە ئاشکراکرد، کە دەدرانە پاڵیی، چونکە ئەو لای خوای گەورە ڕێزدارو ئازیزە.

لە حەدیسی سەحیحی (بوخاری)و (موسلیم)دا هاتووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ڕوونکردنەوەی ئەم ئایەتەدا فەرمووی: (كَانَتْ بَنُو إِسْرَائِيلَ يَغْتَسِلُونَ عُرَاةً يَنْظُرُ بَعْضُهُمْ إِلَى سَوْأَةِ بَعْضٍ وَكَانَ مُوسَى عَلَيْهِ السَّلَامُ يَغْتَسِلُ وَحْدَهُ فَقَالُوا وَاللَّهِ مَا يَمْنَعُ مُوسَى أَنْ يَغْتَسِلَ مَعَنَا إِلاَّ أَنَّهُ آدَرُ).[2]

---

(١) بوخاری (٥٧٤٩)، موسلیم (١٠٦٢).

(٢) بوخاری (٢٧٤)، موسلیم(٣٣٩).

واتە: بە نوئیسرائیلییەکان بە ڕووتو قووتی، خۆیان لەبەر چاوی یەکتریی دەشوشت، سەیری عەورەتی یەکتریشیان دەکرد، سەییدنا (موسا -علیه السلام) بە تەنها خۆی دەشوشت، بەنوئیسرائیلییەکان -بۆیان کردە ئیدیعایە، کە گوایە- موسا لەبەر ئەوە نایەوێت لەگەڵماندا خۆی بشوات، چونکە قۆڕە!! لە ڕیوایەتێکیتردا: چونکە گڕوێیە!!

لەم ئایەتەشدا خوای پەروەردگار، دیسان دادپەروەریی خۆی لە ئازادییو سەربەستییو سەرپشککردنی ڕێی هەڵبژاردنی مرۆڤدا ڕۆشندەکاتەوە، هەر وەکو کە لە زۆر جێیتری قورئاندا هیدایەتو ڕێنمایی خۆی بە ویستو ئیرادەی مرۆڤەکانەوە پەیوەستدەکاتەوە، وەکو بیەوێت بفەرموێ: ئەو کەسانەی دەیانەوێت ڕێنمایی من وەرگرنو بە هیوای هیدایەتی منن، نابێت چەند سیفەتێك هەیە تێیاندا بێت، بۆ نموونە: نابێت ستەمکاربن، چونکە خوای گەورە ڕێنمایی ستەمکاران نادات: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **الجمعة: ٥**، یان نابێت خۆیان حەز بە لاڕێیی بکەن: ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ **التوبة: ٢٤**.

یان نابێت درۆزن بن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ﴾ **الزمر: ٣**، یان نابێت دەستبڵاو بنو شت بەفیڕۆدەن: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ﴾ **غافر: ٢٨**، هەروەها..

ئەمە ڕێسای بەستنەوەی ئەنجامە بە هۆکارەوە (ربط النتائج بالأسباب)، یان ئەنجام بە پێشەکییەوە: واتە: ئەگەر ئەو هۆکارانە بگیرێنە بەر، ئەو ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە.. ئەو پێشەکییانە هەڵنەچنرێن، ئەو ئەنجامە نایاتە دی..

بۆیە دەفەرموێ: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ﴾ ئەوان لە گوێڕایەڵییو ملکەچیی نێرراوەکەی خوا لایاندا، خوای گەورە لە باوەڕهێنانو هیدایەتی خۆی لایدان.. ئەوان لە باوەڕلایاندا، ئەمیش لە پاداشت لایدان..

ئەمەش ڕێسایەکی قورئانییەو لە زۆر جێی قورئاندا بۆ زۆر باس جەختی لێدەکرێتەوە. وەك دەربارەی دووڕووەکان دەفەرموێ: ﴿فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٞ فَزَادَهُمُ

ٱللَّهُ مَرَضًا ﴾ البقرة: ١٠، یان بۆ موسوڵمانان دەفەرموێ: ﴿وَٱلَّذِينَ ٱهْتَدَوْا۟ زَادَهُمْ هُدًى وَءَاتَىٰهُمْ تَقْوَىٰهُمْ ﴿١٧﴾﴾ محمد: ١٧، یان بە گشتی دەفەرموێ: ﴿وَمَن يُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُۥ﴾ التغابن: ١١.

واتە: هەر کەسێك باوەڕ بە خوای گەورە بهێنێت، خوای گەورەش دڵی هیدایەت دەدات. نوورو خۆشەویستی خۆی دەخاتە ناو..

پیتی تەحقیقی(قَد) ی لە پێش(تَّعْلَمُونَ)ـەوە بە کارهێناوە، تا تەئکیدێك بدات کە هیچ گومانو دوودڵییەکی تێدا نەهێڵێت، واتە لە کاتێکدا، کە ئێوە یەقینتان هەیە، کە من نێرراوی خوام! لەوە دڵنیابوون، کە ئەو ناردوومی، کەچی، نەك هەر باوەڕمپێناکەنو شوێنمناکەون، بەڵکو تووشی ئەشکەنجەو ئازاریشم دەکەن، دەڵێی لەوەیان دڵنیابوون، کە بێکەسمو خوای گەورە لەسەرمناکاتەوە!!

دەفەرموێ: کە پێی دەوتن: من نێرراوی خوای گەورەم.. بە مانایتر: خۆ دەبێت ئێوە ڕێز لە نێرراو بگرن، خۆ ئەگەر لەبەر خۆشم ڕێزم لێ نەگرن! خۆ هەر دەبێت لەبەر خاتری خوای گەورە ڕێزم لێبگرن! خۆ هەر دەبێت لەبەر خوای گەورە پەیامەکەییم لێوەربگرن، کە گەیاندنەکەی بە من سپاردووە! من ڕاسپاردەی ئەوم هێناوە!

## ئایەتی شەشەم:

﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ﴾ الصف: ٦.

قورئانی پیرۆز بەردەوام، کە ناوی سەییدنا (عیسا -علیه السلام) دەهێنێت، بە ناوی مەریەمی دایکییەوە (علیها السلام) ناوی دەهێنێت: (عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ)، چونکە چەسپاندی عەقیدەیە، تەئکید کردنەوەیەکی بەردەوامە، کە سەییدنا (عیسا -علیه السلام) کوڕی خوا نییەو، کوڕی (خاتوو مەریەم)ـە (علیها السلام).. بۆیە لێرەشدا ئەم وەکو سەییدنا (موسا)و پێغەمبەرە بەڕێزەکانیتر (علیهم السلام) نافەرموێ: ﴿يَا قَوْمِ﴾، چونکە نەسەبی ئەم لەوان نییە.. نابینیت بۆ سەییدنا (شوعەیب)یش دەفەرموێ: ﴿إِذْ قَالَ لَهُمْ شُعَيْبٌ أَلَا تَتَّقُونَ ﴿١٧٧﴾﴾ الشعراء: ١٧٧، چونکە سەییدنا (شوعەیب) لەو قەومە نەبوو..

ئەمیش جەخت لەئەوە دەکاتەوە، کە نێرراوی خوای گەورەیەو، ئەمیش بۆ بەنوئیسرائیلییەکان هاتووە، هەموو ئەوەی لە تەوراتدا هاتووە، ئەمیش بە ڕاستی دەزانێت، ئەوەیان بیردەخاتەوە، کە لە تەوراتیشدا -وەکو (ئیمامی قورطوبی) دەفەرموێ- باس‌و وەسفی سەییدنا (عیسا -علیه السلام)و پێغەمبەرێتییەکەی هاتبوو.. ئینجا بۆ ئەوەی بەردەوامێتی پەیامی خوایان تێگەیێنێت، مژدەیان دەداتێ کە پێغەمبەرێکی تریش (علیه السلام) بە دوای ئەمدا دێت.. هەر لە قورئانی پیرۆزدا جەخت لەسەر ئەوەشە، کە باس‌و وەسفی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی لە پەیامو، مژدەی پێغەمبەرانیتردا علیهم السلام هاتووە، چونکە خوای گەورە -دوای ئەوەی، کە مەتحی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و یاوەرانی فەرمووە- ئینجا دەفەرموێ: ﴿ذَٰلِكَ مَثَلُهُمْ فِي التَّوْرَاةِ وَمَثَلُهُمْ فِي الْإِنجِيلِ﴾ الفتح: ٢٩..

﴿اسْمُهُ أَحْمَدُ﴾ ناوی (ئەحمەد)ە.. لە حەدیسی سەحیحی (بوخاری)دا هاتووە: (لِي خَمْسَةُ أَسْمَاءٍ أَنَا مُحَمَّدٌ وَأَنَا أَحْمَدُ وَأَنَا الْمَاحِي الَّذِي يَمْحُو اللَّهُ بِيَ الْكُفْرَ وَأَنَا الْحَاشِرُ

الَّذِي يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى قَدَمِي وَأَنَا الْعَاقِبُ، وَالْعَاقِبُ الَّذِي لَيْسَ بَعْدَهُ نَبِيٌّ).[1] لە سەحیحی (موسلیم)یشدا لە (ئەبو موسای ئەشعەری)یەوە، (خوا لێی ڕازی بێت) هاتووە: کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ:(أَنَا مُحَمَّدٌ وَأَحْمَدُ وَالْمُقَفِّي وَالْحَاشِرُ وَنَبِيُّ التَّوْبَةِ وَنَبِيُّ الرَّحْمَةِ).[2]

(ئەحمەد)و (محـمد) لە(حَمَدَ)ەوە وەرگیراون. (أحمد): لە سیفەتەوە وەرگیراوە نەك لە کرداری (حَمِدَ)، واتە: لە سیفەتی بەراووردی (أفعل)، کە دەبێت بە(أَحْمَـد) واتە: سوپاسکارترین کەس، چونکە پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێبێت)، هەموویان هەر سوپاسکارن، بەڵام جەنابی ئەم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبێت بە سوپاسکارترینییان..

ئەمما (محمد)، کە ئەویش لە سیفەتەوە وەرگیراوە بە مانای (محمود)ە واتە: سوپاسکراو، بەڵام دووپاتکردنەوەو زۆر بەکارهێنانی تێدایە، چونکە (محـمد) ئەو کەسەیە، کە سوپاس دەکرێتو دواتر سوپاس دەکرێتەوەو، ئینجا هەر بەردەوام جار بۆ جار سوپاسی دەکرێتەوە..

کەوابوو: ناوی (محـمد) لەگەڵ ماناکەیدا جووتە، بۆیە :خوای گەورە پێش لەدایکبوونی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەو ناوەی لەسەر زمانی سەییدنا (عیسا -علیه السلام) لێناوە. بەو دوو ناوەشەوەیە، کە دەبێتە سوپاسکراو(محمود) لە ژیانی دنیادا، چونکە ئەو هەموو کەسەی، کە تا ڕۆژی قیامەت بەردەوام دێنو موسوڵماندەبنو، بە پێی سوننەتی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خوا دەپەرستن، هەمووی بۆ جەنابی پاداشتو پلەبەرزیی لای خوای گەورەیە، هەروەها سوپاسکراوی قیامەتە، چونکە تکاکاری گەورەی لای خوای گەورەیە..

هەر لەو زەمانەوە، کە موسوڵمانانو مەسیحییەکان موناقەشەیانە، تا ئێستا، یەکێك لە خاڵی موناقەشەکانیان ئەم وشەی (أَحْمَـد) دیە: کە لە ئینجیلی کۆندا هەر بە وشەیەك هاتووە، کە مانای (محـمد)و (احمد)ە.. بۆیە دوای لێکۆڵینەوەو

---

(١) بوخاری (٣٣٣٩)، موسلیم(٢٣٥٤).

(٢) موسلیم (٢٣٥٥)، ئەحمەد (٣٩٥/٤).

سەرنجدانی هەندێك قەشەو پیاوانی دینی مەسیحی وەكو: (عبدالاحد داوود) و (سولەیمان شاهید)، موسوڵمانبوون، تەنانەت قەشەیەكی بەناوبانگی وەكو: (سولەیمان شاهد) ئیعتیراف بەوە دەكات، كە هەر ئەم وشەیە بووە هۆكاری هیدایەتدانی بۆ ئیسلام..

ئێرە جێی ئەو باسە تووڵانیانە نییە، ئەگینا زۆرم لەو مونازەرانە دەهێنایەوە، كە لە نێوان داعیانی ئیسلامی وەكو (ئەحمەد دیدات)و (محمـد مەرجان)، (كە ئەویش هەر قەشەبوو موسوڵمانبوو) بەرامبەر قەشەو توێژەرەوەكانی مەسیحییەتی وەكو: (سویگارت)و (گریگۆریۆس)و (نیكۆلا یاگوب)و ئەوانیتریاندا بووە، موناقەشەكانیان لە سەر شریت و سی دی و ئینتەرنێت و كتێب هەیە.. لە هەموو موناقەشەكاندا ئەوە دەردەكەوێت، كە مەسیحییەكان دەیانەوێت، هەردوو جۆر تەحریفی لەفزیو مانای وشەكە بكەن، لە لایەكەوە دەڵێن: وشەكە پاراكلیتۆس (PARACLETOS)ـە نەك پیریكلیتوس(PERICLETOS)، لەلایەكی ماناكەشیەوە دەڵێن: ئەو وەسفەی ئینجیل باسیكردووە هی فریشتەیە، جاری واش هەیە دەڵێن: هی خوای گەورەیە.. بەڵام بە هەرحاڵ بۆ كەسێك مەسەلەكە جێبایەخی بێت، بواری بەدواداچوونی زۆرەو خۆشە..

پاشان خوای گەورە دەفەرموێ:﴿فَلَمَّا جَآءَهُم بِٱلۡبَيِّنَٰتِ قَالُواْ هَٰذَا سِحۡرٞ مُّبِينٞ﴾ **الصف:٦**، لەگەڵ ڕوونبوونەوەی هەموو بەڵگەو نیشانەكاندا، وتیان ئەمە سیحرە! جادووە! كەئەنمما بۆیە دەرەقەتی نایەین، چونكە شتێكی نائاساییە! خۆ هەر ئێمەش نین، كە دەرەقەتی نایەین! بێگومان ئەم جۆرە بەهانەیان، هەر بۆ ئەوە بوو، كە لوتبەرزیی وغروری خۆیان بپارێزنو، تەسلیم بە حەقەكە نەبن!!

قورئانەوانانی پێشوو وەكو: (نافیع)و (ئیبنوكەثیر)و (ئەبوعەمر)و (ئەبوبەكر) لە (عاصم)ـەوە گێڕاویانەتەوە، كە (خەلیلی كوڕی ئەحمەدی فەراهیدی)و (سیبەوەی) بە فەتحە لەسەر یائی (مِن بَعْدِي) خوێندوویانەتەوە، ئەوانیتریش بە سكون، هەروەها (كیسائی)و (خەلەف)و (حەمزە) وشەی (سحر مبین)یان بە (ساحر مبین) خوێندۆتەوە، ئەوانیتریش، هەر بە (سحر مبین).

## دەرسی سێیەم

**ئایەتەکانی ٧-٨-٩:**

﴿ وَمَنۡ أَظۡلَمُ مِمَّنِ ٱفۡتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلۡكَذِبَ وَهُوَ يُدۡعَىٰٓ إِلَى ٱلۡإِسۡلَٰمِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي
ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٧﴾ يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ
ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿٨﴾ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ
كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴿٩﴾ ﴾ **الصف: ٧ - ٩.**

## مانای گشتی ئایەتەکان

(٧) کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتر، کە درۆ بەناوخواوە هەڵدەبەستێت، لە کاتێکدا، کە بۆ یەکخواپەرستیی ئیسلامەتی بانگدەکرێت؟! بە تەئکید خوای گەورە ڕێنمایی قەومی ستەمکارناکات.

(٨) ئەوانە دەیانەوێت نوری خوا بە فووبکوژێنەوە!! (واتە: بە ڕەنجی خۆیان دەیانەوێت بەرەنگاریی حەق بکەن، ئەمەش وەکو ئەو کەسەیە، کە هەوڵدەدات بەفوو خۆر بکوژێنێتەوە!) بەڵام بە دڵنیاییەوە، خوا نوری خۆی تەواودەکات، هەرچەندە کافران پێیان ناخۆشبێت.

(٩) خوای گەورە هەر ئەو خوایەیە، کە پێغەمبەرەکەی خۆی بە ڕێنمایی و دینی حەقەوە ڕەوانەکرد، تا -بە کوێرایی چاوی موشریکان- بەسەر هەموو ئاین و بەرنامەیەکیتردا سەریبخات، با موشریکانیش پێیان ناخۆشبێت.

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی حەوتەم:**

﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ وَهُوَ يُدْعَىٰٓ إِلَى ٱلْإِسْلَٰمِ ۚ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **الصف: ٧.**

بەم پرسیارە دەستپێدەکات، کە لە زمانی عەرەبیدا پێی دەوترێت: (استفهام انكاري)، واتە پرسیاری نکوڵیی، کە لە دوازدە شوێنیتری قورئانی پیرۆزدا بەم شێوەیە دەپرسێت، وەکو: ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن مَّنَعَ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ﴾ **البقرة: ١١٤**، یان ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّنِ ٱفْتَرَىٰ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبًا أَوْ كَذَّبَ بِـَٔايَٰتِهِۦٓ﴾ **الأنعام: ٢١**، یان ﴿وَمَنْ أَظْلَمُ مِمَّن ذُكِّرَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِۦ فَأَعْرَضَ عَنْهَا﴾ **الكهف: ٥٧.**

واتە: ئاخر کێ هەیە لەو کەسە ستەمکارتربێت، ستەمکارییش بریتییە لە: دانانی شت لە غەیری شوێنی خۆیدا.. واتە: کەس لەو کەسە زاڵمتر نییە.. چونکە هەم باوەڕیاننەهێناوەو کافربوون، هەم قەدری خوایان نەگرتووە، هەم درۆیان بە ناوی ئەوەوە هەڵبەستووە، هەم بانگەوازە خواییەکە لە مێشکی خەڵکیدا بە تووڕەهاتی دیدو بۆچوونە خواروخێچەکانی خۆیان تێکەڵدەکەن! گەڕەلاوژێکەی خۆیان وا دەناسێنن، کە گوایە دینی خوایە، بانگەوازە خواییەکەی پێغەمبەرانیش (علیهم السلام) بە سیحرو جادووگەریی! هەم بەرهەڵستی پێغەمبەرەکانیش (علیهم السلام) دەکەن!! بۆیە بەڕاستی ئەم کافرە موحارییانە زاڵمترین کەسن..

**ٱفْتَرَىٰ:** هەڵی بەست، دروستیکرد. چاوگەکەی(افتراء)ە

**ٱلْإِسْلَٰمِ:** خۆبەدەستەوەدانو تەسلیمبوونە بە خوای پەروەردگار، بەم مانایەش، ئیسلام دینی هەموو پێغەمبەرانو نێرراوانی خوایە، هەر لە ئادەمەوە، تا دەگاتە پەیامەکەی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە کۆتایی بە پەیامە ئاسمانییەکان

هێناوە.

خوای گەورە -وەك لە قورئاندا دەردەكەوێت- زۆر بایەخی بەم ڕاستییە داوەو سووربووە لەسەر ڕوونكردنەوەی. وەك لەسەر زمانی (نوح) دەفەرموێ:﴿وَأُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ مِنَ الْمُسْلِمِينَ﴾ یونس: ٧٢، واتە: فەرمانم پێدراوە، كە لە موسوڵمانان بم.

لەسەر زمانی (ئیبراهیم)و (ئیسماعیل)یش دەفەرموێ:﴿رَبَّنَا وَاجْعَلْنَا مُسْلِمَيْنِ لَكَ﴾ البقرة: ١٢٨، واتە: خوایە بمانكە بە دوو موسوڵمانی خۆت. (سەیدنا ئیبراهیم ئەو دوعایە بۆ خۆیو سەیدنا ئیسماعیلی كوڕی (علیهما السلام) دەكات).

لە ڕاسپاردەكەی (یەعقوب)دا، كە بۆ كوڕەكانی كرد، دەفەرموێ:﴿إِنَّ اللَّهَ اصْطَفَى لَكُمُ الدِّينَ فَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ﴾ البقرة: ١٣٢، واتە: خوای گەورە دینی بۆ ئێوە هەڵبژاردووە، دە ئێوەش بە موسوڵمانێتی بمرن.

لەسەر زمانی (موسا -علیه السلام) دەفەرموێ:﴿فَعَلَيْهِ تَوَكَّلُوا إِن كُنتُم مُّسْلِمِينَ﴾ یونس: ٨٤، واتە: مادام وایەو گەر موسوڵمانن، پشت بەو ببەستن.

كە باسی تەوراتیش دەكات دەفەرموێ:﴿يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُوا﴾ المائدة: ٤٤، واتە: ئەو پێغەمبەرانەی كە تەسلیم بەخوابوون، ئەوانە حوكمی پێدەكەن.

لەسەر زمانی سەیدنا (یوسف)یش (علیه السلام) دەفەرموێ: ﴿تَوَفَّنِي مُسْلِمًا وَأَلْحِقْنِي بِالصَّالِحِينَ﴾ یوسف: ١٠١، واتە: بەموسوڵمانێتی بمرێنەو بەپیاوچاكانم بگەیێنە.

لەسەر زمانی سیحربازەكانی فیرعەون -كە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتی سیدنا (موسا -علیه السلام) هێنا- فەرمووی: ﴿رَبَّنَا أَفْرِغْ عَلَيْنَا صَبْرًا وَتَوَفَّنَا مُسْلِمِينَ﴾ الأعراف: ١٢٦، واتە: خوایە ئارامی خۆتمان بەسەردا ببارێنەو بە موسوڵمانێتی بمانمرێنە.

لەسەر زمانی یاوەر (حەواری)یەكانی دەوری سەیدنا (عیسا -علیه السلام)

دەفەرموێ: ﴿ءَامَنَّا بِٱللَّهِ وَٱشۡهَدۡ بِأَنَّا مُسۡلِمُونَ﴾ آل عمران: ٥٢، واتە: ئێمە باوەڕمان بە خوا هێناوە جەنابیشت شاهیدیبدە، کە ئێمە موسوڵمانین.

لەسەر زمانی شاژنی سەبەء (بەڵقیسی یەمەن)، کە باوەڕی بەخواهێنا، دەفەرموێ: ﴿وَأَسۡلَمۡتُ مَعَ سُلَيۡمَٰنَ لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ النمل: ٤٤، واتە: لەگەڵ (سولەیمان)دا (علیه السلام) بۆ خوای پەروەردگاری جیهانیان موسوڵمانبووم.

لە دوعای پیاوچاکەکەشدا دەفەرموێ: ﴿إِنِّي تُبۡتُ إِلَيۡكَ وَإِنِّي مِنَ ٱلۡمُسۡلِمِينَ﴾ الأحقاف: ١٥، واتە: خوایە! پیاوچاك لە وەچەو نەوەکەم دروستبکە، من تۆبەم کردووەو بۆ لای تۆ گەڕاومەتەوەو لە ڕیزی موسوڵمانانم.

لە حەدیسی سەحیحیشدا هاتووە، کە پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (الأَنْبِيَاءُ إِخْوَةٌ مِنْ عَلاَّتٍ وَأُمَّهَاتُهُمْ شَتَّى وَدِينُهُمْ وَاحِدٌ).[١]

واتە: پێغەمبەران هەموویان برای یەکن، باوکیان یەکەو دایکیان جیاوازەو دینەکەشیان یەکە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِ﴾ الشورى: ١٣.

واتە: خوای گەورە لەو یاساو ئەحکامە دینییانەی, بۆ ئێوەش کردۆتە بەرنامە، کە (نوح)ی (علیه السلام) پێ ڕاسپاردبوو، هەروەها ئەوەش, کە بە وەحی بۆ خۆت و بۆ (ئیبراهیم)و (موسا)و (عیسا)شی (علیهم السلام) نارد، کە: دینەکە پایەدار بکەن و بیچەسپێنن و لە نێوان خۆتاندا جیاوازیی و ناکۆکیتان تێنەکەوێت.[٢]

ئەم ئایەتە پیرۆزە وەکو هەر ئایەتێکیتری قورئان، هەم بۆ خۆی سەربەخۆیەو

---

(١) بوخاری (٣٤٤٣)، موسلیم(٢٣٦٥).

(٢) شایەتمان (بەشی یەکەم لە بەرگی یەکەمی کتێبی الاسلام/سەعید حەووا) وەرگێڕانی ئازاد بیلال، بڵاوکراوەی بنکەی دیدی نوێ/لقی دەرەوە- چاپی یەکەم / بەریتانیا ٢٠٠٥ لا ١١-١٢

مانای سەربەخۆ دەبەخشێت، هەم پەیوەستە بە ئایەتی پێش‌و پاش خۆیەوە.

بۆیە لە لایەکەوە ئەوە باسدەفەرمویێت, کە کەس نییە لەو کەسە زاڵمترو تاوانبارتربێت، کە بەرەو ئیسلامی بانگێشتدەکەن‌و ئیسلامی بۆ ڕووندەکەنەوە، کەچی ئەو لە جیاتی ئەوەی بەدەنگییەوەبێت، درۆودەلەسەی بە ناوخوای پەروەردگارەوە هەڵدەبەستێت!

ئاخر ئەگەر ئەو ڕاستدەکات‌و خوای خۆشدەوێت، ئەگەر ڕاستدەکات‌و حەزی لە دینداریيە، با پەیامەکەی خوا وەربگرێت، نەك لەولاوە ڕاوبۆچوونێك داتاشێت‌و بیداتە پاڵ پەیامی خوایی‌و، خەڵکی پێ ئیغفال بکات‌و بڵێ: ئەمەش دینی خوایە!

دیسان ئایەتەکە بە ئایەتەکەیتری پێش خۆشیەوە پەیوەستە، چونکە دەبێتە بەپەرچدانەوەیەکی بەنوئیسرائیلییەکان، کە سەییدنا (عیسا)یان (علیه السلام) بەدرۆخستەوەو پەیامەکەی خوایان لێ وەرنەگرت..

سەرنجبدە کۆتایی ئایەتەکەو، ژانی ئیهمالکردنی ملهوڕان‌و ستەمکاران، دەفەرموێ:﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ یەعنی: تا ئەوان پێیان تەنازول بێت، بێن بەدەم ئەم دینەوە، تا ئەوان سووربن لەسەر ئەم هەڵوێستە موستەکبیرانەی خۆیان، خوای گەورە ئەو ڕێنماییەی خۆییان لێدەگرێتەوە.. تا ئەوان وا خۆیاننەسازێنن‌و مەرجەکانی دینداریی‌و خواویستیی لە خۆیاندا نەهێننەدیی، خوای گەورە نایانهێنێتە ڕیزی ئەو موسوڵمانە پاکانەوە، کە سیفەتەکانی ڕێنمایی خوایی‌و دینداریيان لە خۆدا چەسپاندووەو، شایانبوون خوای گەورە هیدایەتییان بدات..

ئینجا بڕوانە: کە دەفەرموێ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ . واتە: ستەمکارێتیی لەم کۆمەڵە خەڵکەدا بۆتە پیشە، بۆتە سیمای ناسینەوەی قەومییان!!

## ئایەتی هەشتەم:

﴿ يُرِيدُونَ لِيُطۡفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفۡوَٰهِهِمۡ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴾
الصف: ٨.

دوای ئەوەی خوای گەورە، هەڵوێستی ئەو قەومەی بەنوئیسرائیلییەکانی لە بانگەوازی خوایی‌و، پێغەمبەرێتی سەییدنا (عیسا -علیه السلام) بەیانفەرموو، ڕەنجی بێسەمەرو هەوڵی نەزۆك‌و دۆخ‌و حاڵییانی بەم نموونەیە شوبهاند: کۆمەڵە کەسێك بەردەوام لەم سەر زەمینەوە فوو لەو خۆرە دەکەن، کە (نەوەدو سێ ملیۆن میل دوورە)، تا بیکوژێننەوە!! چ گەلۆرییەکە؟!

يُرِيدُونَ: ئیرادە: کە ویستە، سەرەتای ڕاپەڕاندنی بڕیارە، چونکە پێش ویستن قۆناغیتر هەن، بۆ نموونە کەسێك، کە دەیەوێت دزییەك بکات، پێشدەستکردنی بەکارەکە ئەم هەڵوێستانەی لا دروستدەبن:

یەکەم: پێناسەی شتەکەو جویکردنەوەی لەوانەی نایەوێن.

دووەم: حەزلێکردنی.

سێیەم: پێناسەکردنی بە دیدو بۆچوونی خۆی (وەك ئەوەی ئایا چاکە یان خراپە)

چوارەم: پلاندانان بۆی.

پێنجەم: بڕیاردانی..

ئەم زاڵمانە وەك خۆشیان پەیامەکەیان وەرنەگرت، بەرهەڵستیشیانکردو لەمپەری زێڕو زۆریشییان لەبەردەم خەڵکیدا دادەنا، تا دینەکە تەشەنەنەکات، بەڵام دینێك وەکو (مەحوی) شاعیری خواناسی کورد دەفەرموێ: (نووری بێچوونی مومیدی بێ..) خوای کردگارو بەدەسەڵات ناردبێتی، خوای بەهێزو کارزان لە پشتییەوە بێت، چۆن بە کۆمەڵە خەڵکێکی پەراگەندەو بودەڵەو گەندەڵ _با هەموو ڕەنجیشیان

پێکەوە بخەنە گەڕ_لاوازدەبێت، چ جای ئەوەی بکوژێتەوە!!

لامی (لِيُطْفِؤُا)، لامی جەختکردنەوەیە، بۆ تەئکیدکردنە، واتە: بە تەئکید بەدڵنیاییەوە ئەوان، ئەو هەموو فووە بۆ ئەوە دەکەن، کە نووری خوای پێ بکوژێننەوە! چونکە ئەسڵی ڕستەکە (يريدون أن يطفؤا)ەو (أن) لابراوە..

(الإطفاء): (ئیمامی قورطوبی) دەفەرموێ: هەر بە مانای (اخماد)ە، هەردووکیشیان بۆ کوژانەوەی ئاگرو ئەوی وەکو ئاگرە، وەك تیشكو ڕووناکی، بەڵام (الإطفاء) بۆ کوژاندنەوەی کەمو زۆر بەکاردێت.

کەوابوو ئەم گەوجانە، کە بە هەموو ڕەنجی کۆمەڵکاریانەوە هەوڵدەدەن هیچیان پێناکرێت، چونکە خۆ ئەم نوورە خواییەو چرایەکی بەشەریی نییە، تا بیکوژێننەوە.

کەوابوو: ئەم گێلەپیاوانە بەشێوەیەکی کۆمەڵکارانە، ڕەنجێکی زۆرو بەردەوام دەدەن، کەچی کەمێکیشیان لە نورەکەی خوای گەورە پێ ناکوژێنرێتەوە! چ ڕەنجێکی بێهودەیە!

ئەمە لە ڕەوانبێژی زمانەوانی عەرەبیدا، پێیدەوترێت: لێچواندنی ژیروانی بەهەستپێکراو (تشبیه المعقول بالمحسوس)، ئینجا بڕوانە، کە دەفەرموێ: فووەکەیان بە دەمدەکەن، ئەوپەڕی بێبەرهەمی ڕەنجەکەیان دەردەخات، ئەگەر فووکردنەکەیان بە باوەشێن بوایە زۆرتردەبوو، کەمتریش ماندوودەبوون! بەڵام ئێستا هەم بە دەمەو هەم بەردەوامیشە!!

شێوازی وێنەکێشانی قورئان زۆر جوانە، کە لەم ئایەتە تێدەگەیتو چەند جارێك دەیخوێنێتەوە، وات دێتە بەرچاو کۆمەڵێك کەرپیاوی عینادو گەلۆر لەسەر بەرزاییەکەوە پێکەوە فوو لە خۆردەکەن، لە ڕقاندا ڕەشداگەڕاون، لە ڕەنجیشدا سوورهەڵگەڕاون! هەر بەردەوامیشن، تا بەلادا دێن، یان لە ڕقو ڕەشبینیی خۆیاندا دەکەونە کوشتنی ئەو کەسانەی، کارەکەیان بە ڕاستنازانن‌و هاوکارییاننا‌کەن! یان ئەوانەی خوێنی خۆیان دەکەنە کاسەوەو، پێیان دەڵێن: ئێمە ئەو نوورەمان

پێقبوولە!!

لە لێچواندنەکەوە ئەوە دەردەکەوێت: کە ئەهلی باتڵ لەوە دڵنیان، تا خەڵکی لە دین دووربن ئاسانتر ئیستیغلالدەکرێن، ئاسانتر دەترسێنرێن، کەوابوو، تا دنیا دوور لە دینی خوایی بە تاریکی بمێنێتەوە، قازانجی ئەوانە، بۆیە ئەوانیش ئاوا سوورن لەسەر ئەوەی بە کۆمەڵو بەردەوام، دژی ئەم دینە بووەستنەوەو فووبکەن!! بەڵام ئەمانە لە نەفامییو قینو عینادیی خۆیانەوەیە، کە بیر ناکەنەوەو دیدیان بەرفراوانتر ناکەن، تا حەقیقەتی دینی خوا وەکو خۆی ببینین، ناشیانەوێت ببینن، بۆیە شایانی ئەوە نین خوای گەورەش هیدایەتییان بدات..

ئینجا خوای گەورە ئەوەندەیتر ژانیان دەخاتەدڵەوەو ڕەشبینیاندەکات، کە بە ڕستەی ناو(جملة اسمية) دەفەرموێ:﴿وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ﴾ ڕستەی ناو هەم تەئکید دەبەخشێت، هەم چەسپاوییو بەردەوامیی (الثبوت والدوام) بەڵام لە سورەتی (تەوبە)دا بە کردار دەفەرموێ: ﴿يُتِمَّ نُورَهُۥ﴾ **التوبة: ٣٢**، کرداریش بۆ ڕوداوو دووبارە بوونەوەیە (الحدث والتكرار)..

کەوابوو، تا ئەوان هەن، با هەر فووبکەن! خوای گەورە تەواوکاری نوورەکەیەتی، تەواوکردن یەعنی: هەم نوورەکەی زیاددەکات، هەم بەربەستەکانی ڕێی لا دەداتو ناهێڵێت ببنەسێبەرو بەربەستی گەیاندنی! دەی ئەمە دوو لایەنی بەرامبەر، بزانین کێ ماندوودەبێت، سەرەنجامی ئەم ململانێیە کێ دەکەوێت؟!

پێغەمبەری نازداریش لە یەقینی خواناسی خۆیەوە دەفەرموێ: (وَاللَّه لَيُتِمَّنَّ هَذَا الأَمْرَ حَتَّى يَسِيرَ الرَّاكِبُ مِنْ صَنْعَاءَ إِلَى حَضْرَمَوْتَ، لاَ يَخَافُ إِلاَّ اللَّهَ أَوِ الذِّئْبَ عَلَى غَنَمِهِ، وَلَكِنَّكُمْ تَسْتَعْجِلُونَ).[١]

واتە: خوای گەورە ئەم دینەی خۆی هەر دەگەێنێت، تا وای لێدێت سوار لە سەنعاوە (پایتەختی یەمەنی ئێستایەو لە باکوری وڵاتەکەیە) دەچێت بۆ

(١) بوخاری(٣٦١٢)، ئەبوداوود (٢٦٤٩)، ئەحمەد (١١١/٥).

حەزرەمەوت (شارێکیترە لە ڕۆژهەڵاتی یەمەن خۆیەتی) لە هیچ شتێك لە غەیری خوا ترسی نییە، گورگیش بەسەر مەڕەکانیەوە دەبێت(وەکو کورد دەڵێت: گورگ‌و مەڕ پێکەوە ئاودەخۆنەوە) بەڵام ئێوە پەلەدەکەن..

لە کۆتایی ئایەتەکەشدا ئەوەندەیتر ڕقیان هەڵدەستێنێت، تا تووڕەتربن‌و ئەوەندە فووبکەن، گێپەڕەی ملیان بتەقێت! بۆیە دەفەرموێ: (وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡكَٰفِرُونَ)، واتە: با کافرەکانیش پێیان ناخۆشبێت، هەر بە کوێرایی چاویان خوای گەورە خۆی تەواوکردنی نوورەکەی ئەنجام دەدات! کافریش لێرەدا _ لەو کاتەدا _ مەبەست لەوانەی ئەهلی کیتاب بووە، چونکە لە ئایەتی دواتردا دەفەرموێ: بە کوێرایی چاوی موشریکەکان، کە عەرەباکانی ئەوسەردەمەبوون، بێگومان ئەم لێکدانەوەیەش ڕێی ئەوە ناگرێت، کە مانای ئایەتەکە گشتییەو، خوای گەورە دینەکەی خۆی بە کوێرایی چاوی کافران‌و موشریکان‌و دووڕوان‌و، هەموو دوژمنانی خوا لە سەرانسەری سەر زەمین‌و، لە هەموو کات‌و شوێنی هەموو نەوەیەکی مرۆڤایەتیدا هەر دەگەێنێت.. مەگەر ئەم ئینتەرنێتەی سەردەمی ئێمە، ڕێگایەکی ئەو گەیاندنەی نییە؟! کە ئیسلامی بە هەموو زمانێك بردۆتە هەموو ماڵێکەوە..

قورئانخوێنە بەناوبانگەکانی وەکو: (نافیع)و (ئەبوعەمر)و (ئیبنوعامر)و (ئەبوبەکر) لە (عاصم)ـەوە گێڕاویانەتەوە کە بە(متمٌ نورَهُ) خوێندوێتییەوە، واتە: بە تەنوین لەسەر میمی دووەمی متمو منصوببوونی نور، بەڵام (کیسائی)و (حەفص)و (خەلەف) بە بێ تەنوین خوێندوویانەتەوە..

## ئایەتی نۆیەم:

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرۡسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلۡهُدَىٰ وَدِينِ ٱلۡحَقِّ لِيُظۡهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوۡ كَرِهَ ٱلۡمُشۡرِكُونَ ﴾
**الصف: ٩**

خوای گەورەیە، کە محمدی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پێغەمبەرێتیی ناردووە، ڕێنمایی ئەوی پێیە، کە قورئانەکەیەتی، دینی ڕاستی هێناوە، کە ئیسلامە، حەتمەن هەر بە بەڵگەی بەهێزو نیشانەی بەپێز، باڵادەستیی بەسەر هەموو دین‌و بەرنامەیەکی تردا زاڵی دەکات، جا با موشریکەکان، هەر پێیان ناخۆشبێت، خوای گەورە ئەم دینە سەردەخات..

لە ئایەتی ڕابوردوودا، خوای گەورە فەرمووی: بە کوێرایی چاوی کافران (کە زیاتر مەبەستی ئەو سەردەمەی ئەهلی کیتابەکان بوو، واتە: مەسیحیی‌و جولەکەکان) لێرەشدا بە کوێرایی چاوی ئەو عەرەبانەی، کە هاوەڵیان بۆ خوای تاك و پاك دادەنا، بەڵێنددەدات، کە دینەکەی خۆی بەسەر هەرچی دین‌و مەزهەب‌و بەرنامەو بیروباوەڕێکدا هەیە، سەردەخات..

(ئیمامی الجصاص) لە تەفسیرەکەی (أحکام القرآن)دا دەفەرموێ: ئەمە یەکێکە لە موعجیزەێتی قورئان! ئەو سەردەمەی وای دەفەرموو، جولەکە هەموو دەسەڵاتێکی ئابووریی هەبوو، دیانەکانی نیوەدورگەی عەرەبیی‌و یەمەن‌و شام باڵادەستبوون‌و، هەر ئەوان حوکمیان دەکرد، ئەو سەردەمە، تەنانەت صابیئەی عێراق‌و مەجوسیی ناو فارس‌و بتپەرستی وڵاتی (سیند)یش باویانبوو، ئەمانە هەمووی لە کاتێکدابوو، کە موسوڵمانان زۆر موستەزعەفبوون، هێشتا سەرەتای سەلماندنی بوونی خۆیان بوو لە مەدینە، هێشتا غەزاکان دەستی پێنەکرا بوو.. ئا لەم ساتەوەختەدا، خوای گەورە دەفەرموێ: ئەم ڕێنماییەی خۆم، ئەم دینەی خۆم، بە سەرانسەری ئەم جیهانە پان‌و پۆڕە دەگەێنم..

جا بڕوانە هێنانەدیی ئەو بەڵێنە! ئەندۆنیسیایەکی دووسەدو چل ملیۆن موسوڵمانی -دوای فەزڵی خوای گەورە- بەرهەمی بانگەوازی چەند بازرگانێکی یەمەنیی‌و هیندییە!! مسوڵمانانی ئەمڕۆ: ملیارێك‌و سێ سەدو پەنجا ملیۆنن، ئەوی لەسەردەمی غەزاو جیهاددا هاتوونەتە ئەم ئیسلامەوە، ناکەنە باب‌و باپیرانی دووسەد ملیۆن کەسی ئێستا! ئەدی ئیسلام چۆن ئاوا تەشەنەیکردو پەرەیسەند!! ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە ئەم بەڵێنانە هی پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خۆی نین..

(ئیمامی قورطوبی) دەفەرموێ: دەرخستن‌و سەرخستنی دینەکە هەر بەردەوام دەبێت، تا هەر هەموو سەرزەمین دەگرێتەوە، چونکە حەدیسی سەحیح هەیە، کە باس لە هاتنی سەییدنا (عیسا) دەکات، کە دێتەخوارو نوێژ لە دوای (مەهدی) ئەم ئوممەتە موسوڵمانەوە لە (قودس) دەکات.. ئەو کاتەش جەنابیان خاچدەشکێنن‌و بەراز دەکوژن‌و شەراب دەڕێژن، حوکمیش بە شەریعەتەکەی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکات.. ئەو زەمانە کافر نامێنێت. وەك دەفەرموێ:

(يَنْزِلَ فِيكُمُ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلاً، وَإِمَامًا مُقْسِطًا، فَيَكْسِرُ الصَّلِيبَ وَيَقْتُلُ الْخِنْزِيرَ وَيَضَعُ الْجِزْيَةَ).[(١)]

واتە: کوڕەکەی مەریەم (علیهما السلام) دێتە خوارەوە بۆ ناوتان، حاکمێکی دادپەروەو پێشەوایەکی سەرڕاست دەبێت، خاچ دەشکێنێت‌و بەراز دەکوژێت‌و جزیەش لەسەر ئەو کەسانە دادەنێت، کە ئەهلی کیتابن‌و موسوڵمان نابن..

ئەمە مانای وا نییە، هیچ دینێکی تر شوێنکەوتووی نامێنێت، چونکە ئەحکامی شەرعیی دەربارەی ئەهلی کیتاب، هەندێکیان ئایەتی قورئانن‌و حەتمەن، هەر بۆ حوکمپێکردنی دەمێننەوە.. وَاللَّهُ أَعْلَمُ.

---

(١) بوخاری(٢٢٢٢)، موسلیم(١٥٥).

دەرخستنو سەرخستنی ئەم دینە زۆر ڕۆشنە، کە زاڵبوونی بەسەر دینی ئەهلی کیتابدا ئاوا ئاسانبێت، کە کام پاپاو پیاوی دینییان هەیە، ناتوانێت بێتە موناقەشەی! بە دەیان پیاوی دینی مەسیحیو جوو، بوونەتە موسوڵمان، بەڵام نەبووە زانایەکی ئەهلی ئیسلام بووبێتە جولەکە، یان دیان!!

بەسە بۆ گەورەییو سەرکەوتوویی ئەم دینە، کە هەرچی دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا هەیە، لەگەڵ هەرچی حاکمو عالەمانی مورتەددی وڵاتی موسوڵمانان هەیە، هەر هەموویان ڕۆژانە لە ڕەنجی بەرەنگارییو بەربەستکردنی بانگەوازی ئەم دینەن، کەچی هەر ڕەنج بە خەسارن! لە کاتێکدا ئەم بانگەوازە، نەحوکمی بەدەستەوەیەو نەپاپاو فاتیکانێکیشی هەیە! ئەوانەش، کە بەیداخەکەیان بە شەکاوەیی هەڵگرتووە، هەموویان ڕاکردوون، یان لە زیندانن، یان ئەوەندە موستەزعەفکراون، شەوو ڕۆژ بە دووی نانو ئاوی ژیانیاندا وێڵن، کاتو پارەیەکی وایان بۆ بانگەوازەکەیان بۆ نامێنێتەوە!! کەچی ئەم دینە هەر لە برەودایە.. مەگەر لەبەر ئەوە نییە، کە خوای گەورە خاوەنێتی؟! بەدیی..

# دەرسی چوارەم

**ئایەتەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ و ١٣ :**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ
وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١١
يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ
ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٢ وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ١٣﴾

**الصف: ١٠ - ١٣**

## ماناى گشتى ئایەتەکان

(١٠) ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە، هۆ موسوڵمانینە! ئەرێ ڕێی بازرگانیەکتان نیشانەدەم، کە لە سزایەکی پڕ ئێش و ژان قوتارتان دەکات؟!

(١١) ئەو ڕێیە بریتییە لە باوەڕهێنانتان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، ئینجا جیهادکردنتانە بە بەخشینی سامان و گیانتان لە ڕێی خوادا، بێگومان ئا ئەو کارەتان چاکترو بەفەڕترە بۆتان، ئەگەر پەی پێببەن و بزانن.

(١٢) لە بەرامبەر ئەو باوەڕو جیهادەتاندا، خوا لە گوناح و تاوانەکانتان دەبوورێت و، دەتانخاتە باخ و باخاتێکەوە، کە جۆگەو ڕووبار بە ژێر

درەختەکانیدا تێدەپەڕێت، هەروەها کۆشكو تەلارە ڕازاوەکانی بەهەشتی (عەدن)تان پێدەبەخشێت، کە بەهەشتێکی هەمیشەبەهارە، ئا ئەوەشە سوودو سەرفرازییو ئاسوودەیی.

(١٣) دوای هەموو ئەوانەش، شتی ترتان پێدەبەخشێت، کە خۆتان حەزی لێدەکەن، ئەویش: بەخشینی سەرکەوتنی نزیکی خواییو دەسەڵاتی هێزو زاڵی ئازادکردنی خەڵكو وڵاتانە، دە تۆش ئەو مژدەیە بە موسوڵمانان بدە..

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

### ئایەتی دەیەم:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ هَلۡ أَدُلُّكُمۡ عَلَىٰ تِجَٰرَةٖ تُنجِيكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ ١٠﴾ الصف: ١٠

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە، هۆ موسوڵمانینە! ئەرێ ڕێی بازرگانیەکتان نیشان بدەم، کە لە سزایەکی پڕ ئێش‌و ژان قوتارتان دەکات؟!

- کە یاوەران (خوا لێیان ڕازی بێت) بەردەوام لە پێغەمبەری پێشەوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەپرسی، کە چ کارێك لە هەموان چاکترە لای خوای پەروەدگار، تا ئەنجامی بدەن، ئەم ئایەتە لە وەڵامیاندا هاتەخوارەوە، کە جیهادکردن هەم بۆ ئێوە بازرگانیەکی بەسوودە، هەم کارێکیشە، کە لای خوای گەورە خۆشەویستە.

ئەمە بە شێوەیەکی گشتییە، بەڵام (ئیمامی قورطوبی) لە (موقاتیل)ـەوە دەگێڕێتەوە، کە ئەو کەسەی کە پرسی‌و یەکسەر دوای ئەو ئەم ئایەتە لە وەڵامیدا هاتەخوارەوە: عوسمانی کوڕی مەزعوون (عُثْمَان بْن مَظْعُون) بوو، قورطوبی دەفەرموێ: (قَالَ مُقَاتل: نَزَلَتْ فِي عُثْمَان بْن مَظْعُون: وَذَلِكَ أَنَّهُ قَالَ لِرَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْه وَسَلَّمَ: لَوْ أَذِنْت لِي فَطَلَّقْت خَوْلَة، وَتَرَهَّبْت وَاخْتَصَيْت وَحَرَّمْت اللَّحْم، وَلَا أَنَام بِلَيْل أَبَدًا، وَلَا أُفْطِر بِنَهَار أَبَدًا! فَقَالَ رَسُول اللَّه صَلَّى اللَّه عَلَيْه وَسَلَّمَ: (إِنَّ مِنْ سُنَّتِي النِّكَاح وَلَا رَهْبَانِيَّة فِي الْإِسْلَام إِنَّمَا رَهْبَانِيَّة أُمَّتِي الْجِهَاد فِي سَبِيل اللَّه وَخِصَاء أُمَّتِي الصَّوْم وَلَا تُحَرِّمُوا طَيِّبَات مَا أَحَلَّ اللَّه لَكُمْ. وَمِنْ سُنَّتِي أَنَام وَأَقُوم وَأُفْطِر وَأَصُوم فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي). فَقَالَ عُثْمَان: وَاَللَّه لَوَدِدْت يَا نَبِيّ اللَّه أَيّ التِّجَارَات أَحَبّ إِلَى اللَّه فَأَتَّجِر فِيهَا: فَنَزَلَتْ. وَقِيلَ: « أَدُلّكُمْ »أَيْ سَأَدُلُّكُمْ. وَالتِّجَارَة الْجِهَاد؛ قَالَ اللَّه تَعَالَى: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم﴾ التوبة: ١١١ وَهَذَا خِطَاب لِجَمِيعِ الْمُؤْمِنِين).[١]

---

(١) قورطوبی: الجامع لأحكام القرآن (٥٧/١٨)..

واتـە: عوسـمانی کـوڕی مەزعـوون تەشریفـی هێنایـە لای پێغەمبەر (صَلَّـى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ)و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەگـەر جەنابت ڕێم بدەیت (خەولە ی خێزانـم تەڵاقـدەدەمو خـۆم دەخەسـێنمو دەکەومـە خەڵـوەتو، گۆشـتیش لە خۆم حەرام دەکەمو شـەوانیش بۆ شـەونوێژان ناخەومو بەڕۆژیـش بەڕۆژوودەبم!

پێغەمبـەر (صَلَّـى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فەرمـووی: (خێـزان پێکەوەنـان دابو دەسـتوری منە، ڕاهیبگەریّتی (خەڵوەکێشـان) لە ئیسلامدانییە، ڕوهبانێتی ئیسلام جیهـادە لـە پێنـاوی خـوادا، خـۆ خەسـاندنی ئوممەتەکەی مـن ڕۆژووگرتنـە، ئێوە شـتێکی حـەڵاڵ لە خۆتان حـەرام مەکـەن، کە خوای گـەورە بـۆی حەڵاڵکردوون، لـە داب و دەسـتووری من ئەوەیە: کە ئەشـخەومو هەڵیشدەسـتمەوە، بەڕۆژووش دەبـمو دەشیشـکێنم، هـەر کەس لـە دابو دەسـتووری من دەر بچێت لـە من نییە.

سـەییدنا عوسـمان فەرمـووی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا! حەزدەکـەم بزانـم، داخۆ کام بازرگانیکـردن لای خـوا زۆرتـر پەسـەندەو پێـی خۆشـە، تـا ئەو بکـەم، ئەوجا ئـەو ئایەتـە هاتەخوارەوە، کـە بازرگانێتیەکە ڕووندەکاتـەوە. (أَدُلُّكُمْ أَيْ سَـأَدُلُّكُمْ. وَالتِّجَـارَةَ الْجِهَاد).

واتە: نیشانتانی دەدەم، یەعنی: دواتر نیشانتانی دەدەمو پێتانڕادەگەیەنم، بازرگانیەکەش: جیهادەکەیە، چونکە ئەوەتا خوای گەورە دەفەرمویّ: خوای گەورە گیانو سامانی موسوڵمانان، هەر لە خۆیان دەکڕێتەوە، ئەمەش ڕووەوڕووی هەموو موسوڵمانانە..

- بازرگانی: ئاشکرایە، کە سەرمایەکت بەدەستەوەیەو دەتەوێت لە مامەڵەی کڕینو فرۆشتندا هەڵیسوڕێنیت، تا قازانج بکەیتو سامانەکەت زیاترببێت، ئەم مانایەش لە چەندین جێی قورئاندا هاتووە، وەك: ﴿فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمۡ﴾ البقرة: ١٦ یان: ﴿إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيۡنَكُمۡ﴾ البقرة: ٢٨٢ یان: ﴿وَتِجَٰرَةٞ تَخۡشَوۡنَ كَسَادَهَا﴾ التوبة: ٢٤ یان: ﴿يَرۡجُونَ تِجَٰرَةٗ لَّن تَبُورَ﴾ فاطر: ٢٩..

- ﴿تُنجِيكُم﴾: بە سکونی نوونەکەی خوێندراوەتەوە لە (الْإِنْجَاء) ەوە هاتووەو، بە (تُنَجِّيكُمْ)یش خوێندراوەتەوە، کە لە (التَّنْجِيَە)وە هاتووە.

## ئایەتی یازدەیەم:

﴿ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَتُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمۡوَٰلِكُمۡ وَأَنفُسِكُمۡۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ﴾.

واتە: ئەو ڕێیە بریتییە لە: باوەڕهێنانتان بە خواو بە پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، ئینجا جیهادکردنتانە بە بەخشینی سامانو گیانتان لە ڕێی خوادا، بێگومان ئا ئەو کارەتان چاکترو بەفەڕترە بۆتان، ئەگەر پەی پێ ببەنو بزانن.

- لە سەرەتای ئایەتەکەدا بە ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ﴾: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە بانگیاندەکات، کەچی هۆکاری قوتاربوونیشیان لێدەکاتەوە بە ﴿تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ﴾، چونکە ئەو کەسەی دەتوانێت خۆی لە ڕیزی ئەهلی جیهاددا ڕابگرێت، نابێت ئیمانەکەی هەر ئیمانێکی سەتحی دەشتەکییانە، یان ئیمانێکی مەعریفی بێت، ئەوە خۆی لەبەر قورسی جیهادەکەدا ناگرێتو، زوو بە فێڵی نەفسی خۆیو قسەو قسەلۆکی غیرەت خەساوانو، واتەواتی دوژمن فریودەخوات.

ئەمما ئەو کەسەی خوای ناسیووە، ئینجا لە خۆشەویستیدا پەرستوێتیو، بەئومێدی سەرفرازییو ڕووسوورییی لای ئەو، ئاوا بە شەریعەتەکەیەوە پابەندبووەو خۆی لەسەر سیرەو ڕەوشتی پێغەمبەران پەروەردەکردووە، ئا ئەوە جیهادی پێدەکرێت! ئەوە ئیمانەکەی دووتوێیە، دەبڵە..

ئەمما ئەوەی یەکەم ئیمانەکەی مادام هەر زانیارییەو ڕۆحیی پێنەکەوتۆتە نەشونماو، بۆ دیداری خوای خۆشەویست گەشکەناگرێ، چۆن خۆی لەبەر ئەم هەموو کوێرەوەریەی ڕێی جیاددا دەگرێت؟! یا سەری خۆی شۆڕ بکاتو بە قسەی زل نە خۆی فریو داو، نە ئەمیرێکیش هەڵخلیسکێنێت..

- بەخشینی سامانو ماڵیانی پێش نەفسیان خستووە، لە هەموو قورئاندا هەر وایە، جگە لە یەك جێگای (سورەتی التوبة)، کە لە ساتەکانی غەزادا دابەزیوە، کە باسی بەیعەتو هاندانیانە لەسەر زۆرترین قازانج، گیانی پێش ماڵیان خستووە. هەروەکو بیەوێت پێیان بفەرموێ: دەی ئەوە هەلێکی بازرگانیەو بۆم ڕەخساندوون، کام شتەی زۆر بە نرخە ئەویان خێرا بفرۆشن، تا سودێکی زیاتر بکەن:

﴿ ۞ إِنَّ ٱللَّهَ ٱشۡتَرَىٰ مِنَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَنفُسَهُمۡ وَأَمۡوَٰلَهُم بِأَنَّ لَهُمُ ٱلۡجَنَّةَۚ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَۖ وَعۡدًا عَلَيۡهِ حَقّٗا فِي ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَٱلۡإِنجِيلِ وَٱلۡقُرۡءَانِۚ وَمَنۡ أَوۡفَىٰ بِعَهۡدِهِۦ مِنَ ٱللَّهِۚ فَٱسۡتَبۡشِرُواْ بِبَيۡعِكُمُ ٱلَّذِي بَايَعۡتُم بِهِۦۚ وَذَٰلِكَ هُوَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾

التوبة: ١١١

واتە: خوای گەورە گیانو ماڵی موسوڵمانانی لێیان کڕیوەتەوە، لەبەر بەخشینی گیانو ماڵییاندا بەهەشتیان پێدەبەخشێت.. ئەوان لە پێناوی خوای گەورەدا دەجەنگن، دەکوژنو دەکوژرێن..

مامەڵەی ئەم پاداشتە بەڵێنێکەو، خوای گەورە _لە تەوراتو ئینجیلو قورئاندا_ پێیداون، ئێ کێ هەیە وەکو خوای گەورە بەڵێن بباتەسەر؟

دەی سا مژدەبدەنە یەکتری، کە ئەو بەیعەتەتان بە خوای گەورە داوەو پاداشتتان مسۆگەرکردووە.. ئا ئەوەشە سەرکەوتنو سەرفرازیی تەواو..

ڕەنجەکەیان ئاشکرایەو پاداشتەکەشیان ئاشکرایە.. ئەو کەسەی بەیعەتی مردن بە خوای گەورە بدات، سامانەکەی لا بێبایەخدەبێت، جا کە تۆ ئامادەبیت ڕۆحت ببەخشیت، سامانەکەت چییە؟! جا سامانەکەش، کە بە خوای گەورەی دەفرۆشیت، هەر دەبێتەوە مایەی بەهێزکردنەوەی جیهادەکە!

ئەمما لێرەدا لە سورەتی (صەف)دا، بۆ ڕوونکردنەوەی تەرتیبو ڕیزبەندی بابەتەکەیە،بۆیە سامانی پێش نەفس باسفەرمووە.

- (زەمەخشەری) لایەنگری (الفەرِائی) زمانەوانو موفەسسیرەدەکاتو دەفەرموێ: باوەڕو جیهادەکە لێکدەرەوەی بازرگانیەکەن، چونکە لە ئایەتەکەی دواییدا ﴿يَغْفِرْ لَكُمْ﴾ بە دوایاندا هاتووە، یەعنی: ئایا دەزانن، کە بازرگانیەك هەیە، زۆر بەسوودە، دەتانەوێت بیکەن؟! چونکە حەتمەن وەڵامەکەی ئەوە دەبێت: بەڵێ بەڵێ، جا بۆ نایکەین؟! ئینجا باسی شمەکی بازرگانیەکە دێت: خۆسازدان بە باوەڕو جیهادو بەخشینی گیانو ماڵ، بەرامبەر بە لێخشبوونی خوای گەورە، دەی فەرموون..

- (الزەجاجی) زمانەوانیش تێبینییەکی جوانی هەیە دەفەرموێ: خۆ هەر بەوەندەی کە بۆی ڕوونکردنەوە، کە بازرگانیە بەسوودەکە چییە، کە دەیانگەێنێتە ڕەزامەندی خوای پەروەردگار، مانای وا نییە ئیتر لێیان خۆشبووە، نەخێر، خۆ دەبێت باوەڕەکەیان بە قەناعەتەوە بهێننو مومارەسەی جیهادەکەبکەن، ئینجا شایانی ﴿يَغْفِرْ لَكُمْ﴾ دەبن..

- (ئیمامی بەیزاوی)ش دەفەرموێ: ﴿تُؤْمِنُونَ﴾، ﴿وَتُجَٰهِدُونَ﴾ کە فەرمانی خوایین، لێرەدا بە شێوازی خەبەر هێناونی، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو خاڵەیە کە: ئەو دوانە شتێك نین واز لێبهێنرێن!! یەعنی ئەوی ئیمان دەهێنێت با بشزانێت، کە جیهادێکیشی لەسەر فەرزدەبێت! با وا نەزانێت دینداریيو ئیسلامەتیی قسەی بەر سێبەری دارگوێزە!

- (شێخی شەنقیتی) دەفەرموێ: خوای گەورە لە قورئاندا کە باسی بازرگانی دەکات، باسی قازانجو زیانەکەشی دەکات، لێرەدا باسی قازانجە گەورەکەی دەکات، ئەوە بزانە لە هەر شوێنێکدا باسی زیانی بازرگانی کرد، ئەوە لەبەر نوقسانی ئیمانو جیهاد وازلێهێنانەکەیە، بزانە چۆن لە بەقەرەدا دەفەرموێ: ﴿أُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ ٱشْتَرَوُاْ ٱلضَّلَٰلَةَ بِٱلْهُدَىٰ فَمَا رَبِحَت تِّجَٰرَتُهُمْ وَمَا كَانُواْ مُهْتَدِينَ﴾ البقرة: ١٦

واتە: ئەوانە هیدایەتی خواییان داوەو گومڕاییان کڕیوە! ئێ بە تەئکید، بازرگانییەکەیان قازانجی نەکردووەو هیدایەتی خواییان وەرنەگرتووە..

- ﴿ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ (زەمەخشەری) دەفەرموێ: یەعنی هەر ئەوەی، کە بزانن ئەو بازرگانیەتان چاکە، شتێکی چاکە.. یەعنی ئەم پەی پێبردنەتان، ئەم ئەقڵ پێشکانەتان، دەسختستنی ئەم زانیارییە، کە باوەڕو جیهاد بە ڕەزامەندی خوای گەورە دەفرۆشرێن، ئەمە بازرگانیەکی بە ڕەواجو بەسوودە، ئەمە خۆی لە خۆیدا چاکیەکەو دەستانکەوتووە: (خَيۡرٞ لَّكُمۡ)، چونکە ئەگەر بازرگانێك قازانجەکەی خۆی درکپێکرد، هەوڵی بۆ دەداتو بە دوایدا وێڵدەبێت! نابینیت کابرای قاچاخچی، کە دەزانێ قازانجەکەی زۆرە، چۆن خۆی بە ئاگری کەمینو پاسەواندا دەکاتو سنورە خەتەرەکان دەبڕێت؟!

## ئایەتی دوازدەیەم:

﴿يَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡ وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ﴾

واتە: لە بەرامبەر ئەو باوەڕو جیهادەتاندا، خوای گەورە لە گوناحو تاوانەکانتان دەبووریێتو دەتانخاتە باخو باخاتانێکەوە، کە جۆگەو ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا تێدەپەڕێت، هەروەها کۆشكو تەلارە ڕازاوەکانی بەهەشتی عەدنتان پێ دەبەخشێت، کە بەهەشتێکی هەمیشە بەهارە، ئا ئەوەشە سوودو سەرفرازیو ئاسوودەیی.

- ئەو لێخۆشبوونەی لەم ئایەتەدا هاتووە، دەستکەوتی باوەڕهێنانو پابەندییو جیهادکردنەکەیە، ئەمە وەکو هاوکێشەیەکە، کە ئەگەر باوەڕو جیهاد بەسەرییەوە کرا، لێخۆشبوونی خوای گەورەش بەم سەریەوە حازرە..

لێخۆشبوونی خوای گەورە، خەڵاتێکی دەروونییە، لە بیرۆکەی دەروونناسیی (ماسلۆ)دا، کە پێی دەوترێت: (هەرەمی ماسلۆ)، تێربوونی حەزی دەروونیی لوتکەی پێداویستیەکانە، بۆیە هەمیشە لە قورئاندا لێخۆشبوونی خوای گەورە پێش خەڵاتەکانی جەستە دێن، چونکە لە دنیادا هەزاران کەس هەن، کە جەستەیان دەخەنە بەر سەدان کەندو کۆسپ، لەبەر خاتری تێرکردنی حەزی دەروونییان.

جا ئەو حەزە خوار بێت وەکو لوتبەرزییو هەراڵییو خۆدەرخستن و..هتد، یان ڕاست بێت وەکو قەدرزانینیی ناو کۆمەڵگە، لەمەوەیە، کە کەسانی وا هەن، کە خەڵاتێکیان بە دیاری بۆ دەبەیت، ماهییەتو بەهای خەڵاتەکە ئەوەندە ناخوێنێتەوە بە قەدەر ئەوەندەی، کە لایەنی مەعنەویی (دیاریی بۆ هێنان)ەکە دەخوێنێتەوە، هەشە بە پێچەوانەوە، سەرۆك کۆمارێك خەڵاتیبکات، هەر چاوی لەوەیە خەڵاتەکە بایی چەندە!

خوای گەورەش لە خەڵاتی خۆیدا هەمیشە هەردوو جۆرە دەروونەکەی ڕەچاوکردووە، تۆ خاوەنی کام نەفسیەتە بیت، خەڵاتی شیاوی خۆت وەردەگریتو لە جۆرەکەی تریش مەحروومنابیت، ئەمەش گرنگە! ئەوەی تر بێت یەکەم وەریدەگریت، ئەوەی کەسانیتر پێیان یەکەمە ئەویش وەردەگریت، یەکەمیان، بۆ تێرکردنی حەزەکەی خۆتە، دووەمیان، بۆ تێرکردنی چاوی خەڵکییە بەرامبەر بە مەنزیلەی تۆ لای خوای گەورە!!

بۆیە لێرەشدا -وەکو شوێنەکانیتری قورئان- خاوەن حەزە دەروونییەکان بێخەمدەکاتو، لەزەتەکانی جەستەشیان دەخاتە بەردەست..دەفەرموێ: (وَيُدۡخِلۡكُمۡ جَنَّٰتٖ) بەهەشت، دوای قوتاربوون لە ترسو بیمی مەحشەرو موحاسەبەی کردەوەکان!

ئینجا ڕەزامەندی خوای گەورەو، ئینجا بەهەشت، بەهەرچی لەزەتێکەوە، کە لە دنیادا حەزی لێیان بوو، بەڵام لەبەر خاتری خوای گەورە، تا شەهید بوو، خۆی لێدەگرتنەوە! ئەمەش هەر لایەنێکی دەروونی کاریگەرە، یەعنی: ئەی موجاهیدی بەڕێزی ڕیزی سەفە خۆشەویستو سەربازە ونەکەی ڕێی من، ئەی ئەوەی لە دنیادا خۆت لەبەر خاتری من مەحرووم دەکرد!

دە ئەوە بەهەشت، بڕۆ هەرچی بە خەیاڵتدا دەهاتو دێتو نایات، بڕۆ لەوێ لەزەتی خۆتی لێ ببینەو لێشی بێخەمبە، کە نەبڕاوەیە.. بڕۆ ئەو تەلارو کۆشکانەی خوای گەورە دەرهەقیان دەفەرموێ:﴿وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةٗ﴾ لە بەهەشتێکی نەبڕاوەدا﴿فِي جَنَّٰتِ عَدۡنٖ﴾..

لە ژیانمدا نەمدیی، نەمبیست، نەمخوێندەوە یەکێك -هەرچەند گەورە بووبێت- دڵی بۆ ئەم لەزەتانە نەشنا بێت، ئەوی لە خانووی قوڕدایەو ئەوی لە خۆشترین ڤێللای سەر دەریای سپی ناوەڕاستە، هەر حەزی بە کۆشکی خۆشە، حەزی بە حەوزی ئاوو جۆگەو زەویو زارو باخو باخاتە، حەزی بە خواردنو خواردنەوەو پۆشاکی نوێی نایابو دەگمەنە، حەزیی لە هاوسەرییو هاوڕازییو هاوجێیی ئەو

کەسەیە، کە لە خەیاڵیدا سیفەتەکانی پێ نموونەیین!

ئەمە حەزی دنیایی هەموو کەسێکن، بەڵام هەندێ کەس لە صەفای ڕۆحیی خۆیدا، یان لە عیززەتی کۆمەڵایەتیاندا، یان لە گیانی بەخشینیاندا گەورەتر دەبن‌و حەزەکانیان بۆ شتی گەورەتر لە دڵیاندا یان لە کۆمەڵگەکەیاندا بە خەڵکیتری خوار خۆیان دەبەخشن..

سەیری ئەم ڕیزبەندییە دەروونیی‌و جەستەییەی لەم ئایەتەدایە:

_ (ئەمان) بە ڕزگاربوون‌و بێخەمبوون لە ترس.

_ (تەقدیر) بە لێخۆشبوونی خوای گەورەو خەڵات‌و گەشەی ڕۆح!

_ (سوکنایی‌و ئاسوودەیی) بە چوونەبەهەشت‌و گەیشتن بە حەزەکانی دڵ، ئینجا تێربوونی لەزەتەکانی جەستە، هەر هەموو جەستە!!

_ لە بەهەشتێکیشدا کە هیچ نازو نیعمەتێکی، نە هی ڕۆح، نە هی دڵ، نە هی جەستە، کۆتایی نایات!!

ئا ئەمەشە سەرفرازیی مەزن:﴿ذَٰلِكَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ﴾ ..

## ئایەتی سیازدەیەم:

﴿وَأُخۡرَىٰ تُحِبُّونَهَاۖ نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾

واتە: دوای هەموو ئەوانەش، شتیترتان پێدەبەخشێت، کە خۆتان حەزی لێدەکەن، ئەویش: بەخشینی سەرکەوتنی نزیکی خوایی‌و دەسەڵاتی هێزو زاڵی ئازادکردنی خەڵك‌و وڵاتانە، دە جەنابیشت ئەو مژدەیە بە موسوڵمانان بدە..

- (الفەڕاء)ی زمانەوان‌و (الاخفەش)ی ڕێزمانەوان دەفەرموون: (وَأُخۡرَىٰ) پەیوەستە بە خەڵاتەکەی خوای گەورەوە، کە لێخۆشبوونەکەیەتی، بەڵام ئەوەیان لە ڕۆژی دواییدایە، بۆ دنیاشیان سەرکەوتنی خۆی دەکاتەوە پاداشتی نزیکیان! (نَصۡرٞ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَتۡحٞ قَرِيبٞۗ).. ئەم نەصرو فەتحە ڕاڤەی (وَأُخۡرَىٰ) دەکەن..

- یەکەمجار خوای پەروەردگار بۆ پەروەردەکردنی موسوڵمانان، هۆشیان هەموو دەخاتەسەر نییەتەکەیان، کە جیهادەکە لە پێناوی خوادا بکەن، با بە ئومێدی خەڵات‌و پاداشتی ئەو بچنە مەیدان. ئەمما سەرکەوتنی دنیایی، ئەوەشیان بۆ ڕووندەکاتەوە، کە لەویش بێخەمبن، ڕاستە هەر دەبێ جیهادەکە بۆ ئاخیرەتی خۆتان بکەن، بەڵام لەوەش بێئومێدمەبن، کە لە دنیاشدا بەرهەمی ڕەنجی خۆتان نەبینن!

بۆیە دوابەدوای باوەڕو جیهادو لێخۆشبوون‌و لە زەتەکانی ڕۆح‌و دڵ‌و جەستە، لەمەش بێخەمیاندەکات، کە سەرکەوتنیش نزیکە‌و خێرایە‌و ئاسانە، دوای ئەویش فەتحی بە دوادا دێت، ئەمەش وەکو ئەو ئایەتەیترە، کە دەفەرموێ:﴿يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيَقۡتُلُونَ وَيُقۡتَلُونَ﴾ التوبة: ١١١.

واتە: کە دەچنە جەنگ‌و جیهادەکەیان، دەشکوژن‌و دەشکوژرێن، با هەر وا نەزانن، کە هەر دەبێ بکوژرێن، نا ئەمان ئەوان دەکوژن‌و سەردەکەون..

- (ئیمامی ئیبنوکەثیر) دەفەرموێ: یەعنی: ئەگەر ئێوە لەپێناوی مندا جیهادتانکردو دینەکەی منتان سەرخست، ئەوا منیش زیادەیترتان _لەوەی، کە خۆتان پێتان خۆشەو عەوداڵیین_ پێدەبەخشم، یەکێك لەوانە: سەرکەوتنێکی خێراو ئاسانە!

- سەرکەوتنەکەش لە لایەن خواوەیە، کەوابوو لەوە دڵنیابن، کە خێراو ئاسانە! ئەمەش مەرجی نێوان خوای گەورەو موسوڵمانە: ﴿وَلَيَنصُرَنَّ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥٓ﴾ الحج: ٤٠ واتە: خوای گەورە ئەو کەسە سەردەخات، کە دینەکەی ئەو سەردەخات..

یان: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ﴾ محمد: ٧.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر ئێوە دینی خوا سەرخەن، حەتمەن ئەویش ئێوە سەردەخات! جێپێتان قایم دەکات. دەسەڵاتتان جێگیر دەکات...

دوای بردنەوەی ئەنجامی شەڕو زاڵبوون، فەتحیش دێت! تەصدیقی ئەمەش وا لە چیرۆکی (طالوت)دا لە سوڕەتی (بەقەرە)، کە چۆن خەڵکێکی بەنی ئیسرائیلی لەبەر خاتری خوای گەورەو بۆ بەرگریی لە خۆیان چوونە جیهادو ئارامیانگرت، ئەنجامەکەی: کوشتنی فەرماندەی دوژمن (کە ناسۆرو کەسەر دەخاتە دڵی دوژمنەوەو، تۆش دەستی سەرفرازیی بەسەر سینەی گڕکانییتدا دەهێنێت، کە هێدییبۆتەوە:

﴿قَٰتِلُوهُمۡ يُعَذِّبۡهُمُ ٱللَّهُ بِأَيۡدِيكُمۡ وَيُخۡزِهِمۡ وَيَنصُرۡكُمۡ عَلَيۡهِمۡ وَيَشۡفِ صُدُورَ قَوۡمٖ مُّؤۡمِنِينَ﴾ التوبة: ١٤.

واتە: جەنگ بەرامبەر دوژمن بکەنو بکەونە کوشتاریان، خوای گەورە بەدەستی خۆتان سزایاندەداتو ژاندەخاتە دڵیانەوەو چاوشۆڕیاندەکات. ئینجا ئێوە سەردەخات بەسەریانداو زاڵدەبن، ئینجا دەستی ئاهی خۆشیی بەسەر دڵتاندا دەهێننو دەڵێن: ئۆخەی خوایە، ئەوە ئەوانن وا زەلیل کەوتوونەتە بەردەستمان؟!

ئاوا خوای گەورە شیفای سینەی گڕکانی خەمو غیرەتی کپکراوی موسوڵمانان دەدات! ئەمانەو سەرکەوتنو زاڵبوون.. سەربەزریيو غەنیمەت! پاش ئەم هەموو

ڕەهەندو لایەنانەی (ئەمان)، دەسەڵاتو حوکمڕانیو هێزیشی بەدوادا دێت. سوبحان الله چ نیعمەتانێکی گەورەو گرنگو کاریگەرن لە دارِشتنی کەسایەتی موجاهیدو تەنفیسی ئاخی پەنگخواردووی سینەی!:

﴿فَهَزَمُوهُم بِإِذْنِ ٱللَّهِ وَقَتَلَ دَاوُۥدُ جَالُوتَ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَهُۥ مِمَّا يَشَآءُ﴾ البقرة: ٢٥١

دواتر بە ئیزنی خوای گەورە بەزاندیانن.. (کۆمەڵە کەمەکەی دەوری (طالوت)، هێزە زەبەللاحەکەی (جالوت)ی شکاند)، دوای ئەوەی (داود)، (جالوت)ی کوشت، ئیتر خوای گەورە دەسەڵاتی حوکمڕانی پاشایەتییو داناییی داوەرییو ئاڕاستەکردنی ڕەوای پێبەخشیو، هەرچی خۆی حەزیکرد فێریکرد!

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١- (سەیید قوطب -رحمەالله) دەفەرموێ: سەیری بکە، خوای گەورە پرسیارەکەی خۆی کردووە بە ئایەتێك؟!: (ڕێی بازرگانیەکتان نیشاندەم، کە لە سزایەکی پڕ ئێش‌و ژان قوتارتاندەکات؟!) جا کێ هەیە بۆ ئەو وەڵامە نەفرێت؟! وەڵامێك خوای گەورە خۆی دیاریبکات، کە دەبێتە هۆی قوتاربوون! قوتاربوون لە سزاو ناسۆری بەژان!

ئینجا لەو کاتەی، کە دڵ ڕادەچەنێ‌و هۆش وریادەبێتەوەو گۆش چاوەڕێی قۆستنەوەی وەڵامەکەیە، ئاسان دێت: ﴿تُؤۡمِنُونَ﴾! ئێ خۆ ئەمان خۆیان موسوڵمانن! کەوابوو بەڕاستی قازانجەکە مسۆگەرە! بەڵام نا، خۆ باوەڕیش داواکاریی هەیە، یەکێکیان: ﴿وَتُجَٰهِدُونَ﴾ە..

٢- (وَتُجَٰهِدُونَ) ئەمە تەوەرە باسی سورەتەکەیە، ئەمە مەبەستی سورەتەکەیە، ئەمە کرۆکی ئەو باسەیە، کە خوای گەورە بیرو ژیریی موسوڵمانانی بۆ ڕادەکێشێت.. بەچەندین شێوازی کورت‌و تەفسیل، پرسیارو وەڵامی بەڵگەنەویستانە، پێشخستن‌و دواخستن، سەرنجییان ڕادەکێشێت، تا لەلایەکەوە قەناعەتیان پێبکات، کە ئەمە پابەندبوونی باوەڕە، ئەمە داواکاریی خوای خاوەن ڕێساو یاسا گەردونیەکانە، ئەو خوایەی، کە سیستەمی گەردون‌و سەرکەوتن، هەر لە ئیرادەی ئەوەوە دێن! خوای گەورە دەیەوێت، ئەوە لە ناخی موسوڵماناندا بچەسپێنێت، کە ئەم جیهادە، هەرچەند قورسبێت، هەرچەند ڕۆحی تێدا بڕوات، هەر دەبێ بمێنێت‌و بەردەوامبێت، چونکە جیهاد کارێك نییە لە پیادەکردنی شەرع‌و پاراستنی دینەکەدا وازی لێبهێنرێت!

٣- مەسەلەکەیان بە بازرگانیەك دەخاتە پێشچاو، کە ئیحتیمالی زیانی تێدا نییە! بەڵام ئەمە، تا ئەقڵ پەی پێدەبات‌و ئیرادە قەناعەت پێدەکات، لەولاوە سۆزو عاتیفەو

حەزی مانەوەو ترس‌و دەیان لەمپەریتر لە ڕێی ئەم قەناعەتە ژیرییەدا دروستدەکات!!
بەڵام خوای گەورە بە دڵنیاییەوە بە کارزانیی خۆی دەفەرموێ: ئەمەتان چاکترە:
﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ وەرن لەمە حاڵیبن، ئینجا حەتمەن خۆی تێ فڕێدەدەن!
ئەوەی، کە ڕاڕایەو دڵەڕاوکێیەتی، ئەوە بە هۆی باوەڕە لاوازەکەیەوەیە! ئەگینا
کەسێك بە تەمەنێکی کورتی خۆی، ژیانێکی نەبڕاوەی قیامەت بکڕێت، کەسێك
بە موسابەقەیەکی ڕەنجی خۆی، ڕەزامەندی خوای گەورە دەستخات، چ جای ئەو
هەموو پاداشتانەیتر، ئیدی بۆچی نایاتەپێش؟!

باوەڕی پێی نییە؟!

متمانەی نییە؟! یان نایەوێت خوای گەورە لێیخۆشبێت؟!

یان لە ترسا ناوێرێت توخنی معامەلەی وا بکەوێت!!

ئاخر معامەلەی سەربەرزانەی (ڕۆح بەخوافرۆشتن) لە کوێ‌و سواڵی زەلیلیی لە
کوێ؟!

ئاخر لە دنیاشدا بازرگانی نەوت لە کوێ‌و کڕین‌و فرۆشتنی تەنەکەو فافۆنەشکاو
لە کوێ؟! کە ئەم دوانە لەگەڵ یەکتریدا بەراوردناکرێن، لێخۆشبوونی خوای گەورە
چۆن بەراوورد دەکرێت بە ساتێکی ئیمانی جیهادو سەرنانەوە!

٤- بەهەر بازرگانێك بڵێیت: ماڵێك هەیە کاسبی پێوە بکەیت، قازانجەکەی یەك
بە دەیە! گەر پارەشی قەرزکردبێت ناهێڵێت لەدەستی دەرچێت! باشە خۆ هەموو
تەمەن بە ژیانی نەبڕاوەی لای خوا بفرۆشێت، کوا لە بەراوردان؟

هەروەکو فرۆشتنی گوناحەکانت بە کڕینی لێخۆشبوونی خوا، جێی بەراوردنین، ئەم
ژین‌و مەرگەشت هی بەراوردنین. ئەو هەموو سوودە نابەرابەرە! بەڵام ئەمە فەزڵی
خوای خاوەنە، خۆی بەخشیوێتی‌و خۆشی دەیکڕێتەوە!

٥- بەڵام چونکە خوای پەروەردگار دەزانێت هەندێك دەروون هەن، ئەم دنیاشیان دەوێتو ئەو دنیاشیان دەوێت! بۆیە ئەگەر ڕاستگۆو سەرڕاست بوونو، هەموو ڕەنجیان بۆ سەرخستنی دینی خوا خستبێتە گەڕ، بە سەرکەوتنی دنیاییش خەڵاتیان دەکات، سەرەڕای بازرگانیەکەیان، سەرەڕای بەیعەتەکەیان، کە بە خوای خاوەنیان داوەو بردوویانەتەسەر، خوای گەورەش سەرکەوتنێکی خێراو ئاسانیان پێدەبەخشێت، تا زیاتر پشت بە خوا ببەستنو خۆیان بۆ ئەو ساغکەنەوە..

٦- ئەوی بەڕاستی باوەڕ لە ناخیدا جێگیردەبێتو سەرڕاستانە خوا دەپەرستیو بە شەوقەوە تەعلیماتی شەریعەتەکەی وەردەگرێت، بە هەمان شەوقو زەوقیشەوە بەرەو جیهادەکە دەچێت، تا وای لێدێت دەبێتە ماسییو، مەیدانی جیهادەکەش دەبێتە مایەی ژیانو دەریای بێ بنی سەلماندنی لێهاتوویی خۆیو حوکمی شەریعەتەکەی..

# دەرسی پێنجەم

## ئایەتی ١٤:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُونُوٓاْ أَنصَارَ ٱللَّهِ كَمَا قَالَ عِيسَى ٱبۡنُ مَرۡيَمَ لِلۡحَوَارِيِّـۧنَ مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ قَالَ ٱلۡحَوَارِيُّونَ نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ فَـَٔامَنَت طَّآئِفَةٞ مِّنۢ بَنِيٓ إِسۡرَٰٓءِيلَ وَكَفَرَت طَّآئِفَةٞۖ فَأَيَّدۡنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ عَلَىٰ عَدُوِّهِمۡ فَأَصۡبَحُواْ ظَٰهِرِينَ﴾

## مانای گشتی ئایەتەکە

ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! هۆ موسوڵمانینە! ببنە پشتیوانانی خوای گەورە، هەر وەکو، کە عیسای کوڕی مەریەم (علیهما السلام) بە یاوەرانی خۆی فەرموو: کێ لەگەڵ مندا دەبێتە پشتیوانی خوای گەورە؟!

یاوەرەکان فەرموویان: ئێمە پشتیوانانی خواین، ئیدی دەستەیەك لە بەنی ئیسرائیلییەکان باوەڕیانهێناو دەستەیەکیتریان کافربوون، ئێمەش لایەنگریی ئەوانەمان کرد، کە باوەڕیانهێناو بەسەر دوژمنەکانیاندا سەرمانخستن، تا بوونە خاوەن دەسەڵاتی نێو خەڵکیو زاڵبوون..

## لێكدانەوەی ئایەتەكە

﴿مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ﴾: أَنصَارُ: كۆی ناصرو نصیره، ناصر: كە ئیسمی فاعیلە لەوانەیە جارێك كارێكی سەرخستنەكەی كردبێتو، بەوە چووبێتە ڕیزی ئەنسارەكانەوە! بەڵام نصیر: كە صیغەی موبالەغەیە، واتە بۆ زۆر دووپاتكردنەوەی كارێك، یان ڕەفتارێكە، ئەو كەسەیە، كە سەرخستنو پشتیوانێتیەكەی كردۆتە پیشەی خۆی!

ئەمەش وەكو هەموو ئیسمی فاعیلو صیغەی موبالغەیەكیترە، كە لەسەر وەزنی (فاعل و فعیل) بن، بڕوانە: (والی و ولی، یان عالم و علیم، یان شاهدو شهید..) یەعنی ئەو، كە پێی فەرموون: كێ دەبێتە ئەنصار، كە دەشێت كۆی ناصر بێت، ئەوان فەرموویان: ئێمە ئەنصاری خواین، یەعنی ئێمە لە هەموو هەڵوێستێكدا جەنابت سەردەخەین.. واتە: بە مانای كۆی (نصیر) وەڵامیاندایەوە، ئەمەش لە (أَنصَارُ ٱللَّهِۖ) دا دەردەكەوێت:

- سەییدنا (عیسا) فەرمووی: (مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِۖ) كێ دەبێتە پشتیوانم لە سەرخستنی دینەكەی خوای گەورەدا؟! ئەوان نەیانفەرموو: (نحن أَنصَارك إِلَى اللّهِ)، بەڵكو فەرموویان:﴿نَحۡنُ أَنصَارُ ٱللَّهِۖ﴾ الصف: ١٤.

واتە: ئێمە پشتیوانانی خواین! ئەمەش وەڵامێكی گشتگیرترە، یەعنی، تا جەنابت لە دنیادامابیت ئێمە -چونكە پشتیوانانی خوای گەورەوینو جەنابیشت نێرراوی ئەوی- حەتمەن ئەركی سەرشانمانە پشتیوانت بین، كە بەڕێزیشتان نەمان، ئێمە هەر وەك ئێستای خۆمان بە پشتیوانانی دینەكەی خوا دەمێنینەوە..

- بە مانای تایبەتی هەموو شتێك، بەڵام لەبەر زۆر سەرخستنو هاوڕێبوون بە یاوەرانی تایبەتی سەییدنا (عیسا -علیه السلام)، (كە هەندێك دەڵێن: دوازدە كەس بوون)، وتراوە: حەواریی، بۆیە پێغەمبەری نازداریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەربارەی كوڕە پورەكەی خۆی: سەییدنا (زوبەیری كوڕی عەووام)، كە یەكێكە لە

(دە) کەسەکەی مژدەی بەهەشتی پێداون، لە حەدیسی سەحیحدا دەفەرموێ: (إِنَّ لِكُلِّ نَبِيٍّ حَوَارِيٌّ وَإِنَّ حَوَارِيَّ الزُّبَيْرُ)[1].

- (فَآمَنَت طَّائِفَةٌ) کۆمەڵێك، دەستەیەك. لە خەڵکی باوەڕیانهێنا..

طَّائِفَة: لە یەك کەسەوە دەگرێتەوە، تا هەزار کەس.. وادیارە، کە ئەو دەستە خەڵکەی بەنو ئیسرائیلیەکان (کە ئەسڵی جولەکەکانن)، کە باوەڕیان پێیهێنا، کەمبوون، زۆریش کاریگەرنەبوون، بۆیە هەر لە سەردەمی سەیدنا (عیسا)شدا (علیه السلام) دەچەوسێنرانەوەو لە دوای ئەویش، تەنانەت چەوسانەوەی مەسیحیەکان، تا ساڵی (٣٣٠)زایینی تولی کێشا، تا ئەو زەمانەی (شا قوستەنتین) بوو بە مەسیحیو بەرگریی لە مەسیحیەکان کرد، ئینجا بەسەرپەرشتی ئەو، گرووپە جیاوازەکانی مەسیحێتی لە ساڵی (٣٣٥)دا کۆبوونەوەو بڕیاری ئەم چوار ئینجیلەی بەردەستی مەسیحیەکانی ئەمڕۆیاندا، کە بە کاریگەریی ئەو، یەعقوبیەکان (کە پەنا بە خوا دەیانوت: عیسا خوا بووەو ئەوەندە هاتۆتە ناومانو ئیتر گەڕاوەتەوە شوێنی خۆی لە ئاسمان!)، هەروەها نەسطوریەکان (کە پەنابەخوا ئەوانیش دەیانوت: عیسا کوڕی خوا بووەو بۆ ئەوە هاتۆتە سەر زەوی، تا گوناحی خەڵکی لە خۆبگرێتو خۆبەقوربانی خەڵکی بکات)، گرووپی سێیەمیان دەیانوت: عیسا بەندەو نێرراوی خوایەو، خوای گەورە بۆ هیدایەتی خەڵکی ناردیو ئێستا بۆ خۆیی بردۆتەوە، ئەمانە یەکخواپەرستەکان بوون، کە دوو گرووپەکەیتر گەلەکۆمەکێیان لێکردنو بە فیتی دەسەڵاتداران دەچەوسێنرانەوە، کە ئیسلام هات ئەوانەیان، کە مابوونەوە موسوڵمانبوون، ئەوانەی تریشیان فەوتان، یان ئینحیرافاتیتریان بەسەردا هات وپووکانەوە..

- ﴿فَأَيَّدْنَا الَّذِينَ آمَنُوا عَلَىٰ عَدُوِّهِمْ فَأَصْبَحُوا ظَاهِرِينَ﴾ زانایان هەندێکیان دەفەرموون: ئەوانەی خوای گەورە سەریخستن بەسەر دوژمنەکانیانداو زاڵبوون، هەر لە زەمانی

---

(١) بوخاری (٣٥٤٧)، موسلیم (٢٤١٥).

سەییدنا (عیسا)دا بوون، چونکە باسەکە، هەر بەردەوامی دوو دەستەکەیترە، کە یەکێکیان باوەڕیهێناوەو، ئەویتریان کافربووە، خوای گەورەش ئیماندارەکانی بەسەر کافرەکاندا سەرخست! هەندێکیتریان دەفەرموون: ئەوە دوای سەییدنا (عیسا •علیه السلام) بووە..

بەڵام من هەر ئەو بۆچوونەی (ئیمامی طەبەری)م پێ بەهێزترە، کە دەفەرموێ: خوای گەورە، ئەو کەسانەی، کە لەگەڵ سەییدنا محمددا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باوەڕیان بە سەییدنا (عیسا) هێنا، خوای گەورە ئەوانی سەرخستووە.. ئێ ئەمەش زیاتر ڕێی تێدەچێت، چونکە ئیماندارانی زەمانی سەییدنا (عیسا)و گروپە یەکخواپەرستەکەی دوای خۆی، دەسەڵاتدارنەبوون!

دیسان، کە مادام خوای گەورە ئیمانداران بەسەر کافراندا سەردەخات، کەوابوو ئەو ئیماندارانەی خوا سەریخستوون، موسوڵمانەکانن، کە لە واقیعیی ژیانو مێژووی ئیسلامدا زاڵبوونو، دەسەڵاتی هەزار ساڵەی نیوەی سەر زەمینی ئەو کاتەیان گرتەدەست..

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١- لێرەدا خوای پەروەدگار فەرمانێك بە موسوڵمانان دەدات، كە ئەوانیش ببنە پشتیوانی دینەكەی خوای گەورەو، پشتی پێغەمبەرەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و شەریعەتەكەی بگرن، هەر وەكو كە یاوەرانی سەییدنا (عیسا -علیه السلام) بوونە پشتیوانی ئەو زاتە بەڕێزە، ئەمەش بەوە دەبێت، كە لە هەموو دیدو بۆچوونو عەقیدەو فیكرو، ڕەفتارو ڕەوشت و،كردەوەو هەڵوێستیاندا خۆ بە تەعلیماتی پێغەمبەرانەوە (علیهم السلام) ببەستنەوەو هەمیشە ئامادەیی سەرخستنی دینەكەیان هەبێت..

٢- ﴿مَنۡ أَنصَارِيٓ إِلَى ٱللَّهِ﴾ یەعنی كێ كۆڵی بانگەوازەكەم لەگەڵدا هەڵدەگرێت؟! كێ دینەكەم سەردەخات؟ چونكە موسوڵمان هەرچەند ورەبەرزو بە هیممەت بێت -تەنانەت پێغەمبەرانیش- (سەلامی خوایان لێبێت)، هەر پێویستیان بە كەسانێتر هەیە لەگەڵیدا بكەونە ڕێ، خەمی دینەكەی لەگەڵ بخۆن، شەونخونی بۆ بانگەوازەكە لەگەڵدا بكێشن، پاسەوانی بۆ پاراستنی دینەكە لەگەڵدا بگرن، بۆیە خوای گەروە بە پێغەمبەرە ئازیزەكەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: ﴿هُوَ ٱلَّذِيٓ أَيَّدَكَ بِنَصۡرِهِۦ وَبِٱلۡمُؤۡمِنِينَ﴾.

واتە: خوای گەورە جەنابتی بە سەركەوتنەكەی خۆیو بە موسوڵمانان سەرخست.. جا كە هەبوونی خەڵكانێكی پشتیوانو لایەنگر بۆ پێغەمبەران (علیهم السلام) و نەفسیەتیان پێویستبوو ببێت، بۆ غەیری ئەوان پێویستترە، چونكە ئەوان بە وەحی خوای گەورەوە پەیوەستبوونو، كە ماندوودەبوون، خوای گەورە دڵنەواییدەكردنو هیممەتی دەدانەوەبەر، ئەمما دوای ئەوان، ڕاستە، كە قورئانەكە هەیە داعیو ئەمیرو پێشەوایان سوكنایی دڵیان پێیبێتەوە، بەڵام حەتمەن كەسانی ئازاو بە هیممەتو پشوودرێژیش، بۆ ڕاوێژكارییو هاوكاریی پێویستن..

٣- سەییدنا (عیسا -علیه السلام)، یاوەرەکانی خۆی دەناسیو دەیزانی، کە ئیماندارن، بەڵام دەیویست جەخت لە بەڵێنی پشتیوانێتیەکەیان بکەنەوەو پەیمانی پێ ببەستنەوە، بۆیە پێی فەرموون: کێ لەگەڵ مندا دەبێتە پشتیوانی خوای گەورە؟! ئەوانیش فەرموویان: بێخەم بە، ئێمە پشتیوانانتین لە گەیاندنی بانگەوازی خواویستی.. واشبوو، زۆریان هەر لە تەمەنی سەییدنا (عیسا)دا بە (شام)و (یۆنان)دا بڵاوبوونەوە..

٤- پێغەمبەری نازداریش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە سەرەتای بانگەوازەکەیدا لە (مەککە) لە کاتی حەجکردنی تیرەو هۆزەکانی عەرەبدا، دەچووە لای وەفدەکانیانو بانگەوازەکەی خوای دەخستە پێشچاویانو دەیفەرموو: (ألاَ رَجُلٌ يَحمِلُنِي إِلَى قَوْمِهِ فَإِنَّ قُرَيْشًا قَدْ مَنَعُونِي أَنْ أُبَلِّغَ كَلاَمَ رَبِّي).[(١)]

واتە: کێ داڵدەم دەداتو جێپەنایەکم بۆ دەسازێنێت، تا پەیامەکەم دەگەێنم، چونکە قورەیش ڕێی لێگرتووموو ناهێڵێت پەیامەکەی خوای خۆم بگەێنم.. تا ئەو زەمانەی خوای گەورە لە هۆزی (ئەوس)و (خەزرەج)ی خەڵکی مەدینە، کەسانێکی باشی لێکردنە پشتیوان بۆی..

---

(١) ئەبوداود(٤٧٣٤)، ترمذی (٢٩٢٥)، نەسائی (٧٤٢٤) ، ئیبنوماجە (١٩٧)، ئەحمەد (١٤٨٩٦).، حاکم (٤١٥٨)، داریمی (٣٢٥٩). شێخی ئەلبانی لە: (صحيح ابن ماجه/ ٢٠١)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

# تەفسیری سورەتی

# الجمعة

## پێناسەی سورەتەکە

### ناوی سورەتەکە:

هەموو ڕیوایەتی سەرچاوەکانی قورئانەوانیی‌و فەرمووەدەوانیی‌و سییرەو مێژوو، باس لەوە دەکەن، کە ئەم سورەتە لای یاوەران، ناوی سورەتی جومعە (سورەتی هەینی) بووە.

- بوخاری لە ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە فەرمووی: (كُنَّا جُلُوسًا عِنْدَ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأُنْزِلَتْ عَلَيْهِ سُورَةُ الْجُمُعَةِ).

واتە: لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشتبووین، کە سورەتی جومعەی بۆ هاتەخوارەوە.

- موسلیم لە ئەبوهورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە فەرمووی: (أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلاَةِ الْجُمُعَةِ سُورَةَ الْجُمُعَةِ، وَالْمُنَافِقِينَ).

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لە ڕۆژی هەینییدا سورەتی جومعەو (اذا جاءك المنافقون) واتە: سورەتی (مونافیقون)ی دەخوێند.

- بەیهیقی لە جابری کوڕی سەمورەوە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقْرَأُ فِي صَلاَةِ الْمَغْرِبِ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ وَ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ) وَكَانَ يَقْرَأُ فِي صَلاَةِ الْعِشَاءِ الآخِرَةِ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ: سُورَةَ الْجُمُعَةِ وَالْمُنَافِقِينَ).

واتە: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە نوێژی شێوان (ئێوارە) ی شەوی هەینییدا، سورەتی (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ)، واتە: سورەتی (کافرون)و (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ)، واتە: سورەتی (ئیخلاص)ی دەخوێند، لە شەوانی هەینییدا لە نوێژی

خەوتنان (عیشا)شدا، سورەتی (جومعە)و (مونافیقون)ی دەخوێند.

- ڕیوایەتی تریش زۆرن، کە دەگەڕێنەوە سەر (ئیبنوعەباس)و (عبداللەی کوڕی زوبێر)، (خوای گەورە لە خۆیانو باوکی بەڕێزیان خۆشبێت)، کە هەموویان ئەم سورەتە بەناوی (سورەتی جومعە)وە ناو دەبەن.

- (موسلیم) لە (ئیبنوعەبباس)و (ئەبو هورەیرە)وە (خوا لێیان ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە، کە: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ كَانَ يَقْرَأُ فِي الْجُمُعَةِ سُورَةَ الْجُمُعَةِ، وَالْمُنَافِقِينَ): پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە نوێژی هەینییدا، سورەتی (جومعە)و (مونافیقون)ی دەخوێند.

* جومعە (کە هەینییە) ئاشکرایە، کە ڕۆژی حەوتەمی هەفتەیەو لە پێش ئیسلامەوە لە ناو عەرەبەکاندا، بە ڕۆژێکی پیرۆزو بۆ پشوودانو کۆبوونەوە بەناوبانگبووە. دەڵێن لە سەردەمی (قوصەی)، کە باپیری حەوتەمی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووەو سەرۆکی قوڕەیش بوو، لەو ڕۆژەدا لە دیوەخانی گەورەی (دار الندوة)، کۆبوونەوەی بە پیاوماقوڵانی قوڕەیش دەکرد.

* بەو نوێژەی، کە لە ناوەندی ئەو ڕۆژەدا دەکرێت وتراوە: نوێژی جومعە. بەڵام لەبەر زۆر مەزنییو بەناوبانگێتی وای لێهاتووە دەوترێت: نوێژی جومعە. واتە نوێژەکەی ڕۆژی هەینی.

بۆیە زۆرینەی یاوەرانو تابیعینو دواتر، هەر دەیانفەرموو: (جومعە) مەبەستیشیان نوێژەکەی بوو.

وەکو (ئیبنوعومەر)، (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: (إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيَغْتَسِلْ)[1]. واتە: هەر کەسێکتان بۆ جومعە هات، با پێشتر غوسڵدەرکات.

---

(١) فەرموودەشە. کە بوخاری(ژمارە:٨٣٧) لە نافیع لە ئیبنوعومەرەوە (خوا لێیان ڕازی بیت گێراوێتیەوە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: ( إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيَغْتَسِلْ).

یان (بوخاری) لە خاتوو (عائیشە)وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە، کە فەرمووی: (كانَ النَّاسُ يَنْتَابُونَ يَوْمَ الْجُمُعَةَ مِنْ مَنَازِلِهِمْ والْعَوَالِي..)[1]

واتە: ڕۆژانی هەینی خەڵکی لەماڵو گەڕەكو دەوارە دوورەکانیانەوە دەهاتن. واتە: دەهاتنە نوێژی هەینی.

- (ئەنەس)، (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێ: (كُنَّا نَقِيلُ بَعْدَ الْجُمُعَةِ).[2]

واتە: دوای نوێژی جومعە، سەرەخەومان دەشکاند.

- (ئیبنوعومەر)، (خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: (كَانَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يُصَلِّي بَعْدَ الْجُمُعَةِ حَتَّى يَنْصَرِفَ).[3]

واتە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوای نوێژی جومعە نوێژیتری (لە مزگەوت) نەدەکرد، تا تەشریفی دەبردەوە بۆ ماڵەوە، چونکە سوونەتەکانی لە ماڵەوە دەکرد.

- (سەهلی کوڕی سەعد)، (خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: (مَا كُنَّا نَقِيلُ وَلاَ نَتَغَدَّى إِلَّا بَعْدَ الْجُمُعَةِ).[4]

دوای نوێژی جومعە نەبوایە سەرەخەومان نەدەشکاندو، نانی نیوەڕوانمان نەدەخوارد.

- کۆڕا (ئیجماع) لەسەر ئەوەیە: کە ئەم سوڕەتە ناوی (جوموعە)یە واتە: هەینی.

- دیسان کۆڕا لەسەر ئەوە هەیە، کە سوڕەتێکی مەدەنیە، واتە هەموو ئایەتەکانی لە مەدینە هاتوونەتە خوارەوە. لەسەر ئەوەش ڕێکن، کە ژمارەی ئایەتەکانی ئەم

---

(١) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: بوخاری(ژمارە:٨٦٠)، موسلیم (١٣٩٨).
(٢) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ : وخاری (٥٠٨٨)، موسلیم (٨٥٩).
(٣) بوخاری (٩٣٧)، موسلیم (٨٨٢).
(٤) مُتَّفَقٌ عَلَيْهِ: بوخاری (٦٢٧٩)، موسلیم (٨٥٩)،

سورەتە: (یازدە) ئایەتن و هەموویان پێکەوە ساڵی شەشەمی کۆچی -کە ساڵی گرتنی قەڵای خەیبەرە- هاتۆتە خوارەوە، هەر لەو ساڵەشدا (ئەبو هویرە)، (خوا لێی ڕازی بێت) موسوڵمان بوو.

- ژمارەی سورەتەکە لە ڕیزبەندیی قورئاندا: (شەستودووەم)ـە، لە ڕیزبەندیی هاتنەخوارەوەدا، سورەتی (سەدوشەشەمین)ـە، دوای سورەتی (تەحریم) و پێش سورەتی (تەغابون) هاتەخوارەوە، کە هەردووکیان هەر لەم جوزئی (بیستوهەشتەم)ـەدان.

- فەڕزبوونی نوێژی جومعە، پێش هاتنەخوارەوەی ئەم سورەتەیە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێشتر، کە تەشریفی هێنا بۆ مەدینە (ڕۆژی هیجرەتکردنەکەی)، کە گەیشتە ماڵەکانی (بەنوسالمی کوڕی عەوف) لە کەناری مەدینە، کاتی نوێژی هەینی بوو، لەوێ وتاری هەینیی دا. لە وتارەکەدا فەرزێتی نوێژی جومعەی ڕوونکردەوە، پێش جەنابیشی خەڵکی مەدینە نوێژی جومعەیان دەکرد، بەڵام فەرزنەبووبوو. لەوەودوا بە گوفتارو کردارو بڕیاری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرزکرا.

ئەوەی، کە ئەم سورەتە پیرۆزە دەربارەی لێبڕان بۆ نوێژی جومعە جەختی لێدەکاتەوە، بۆ زیاتر بیرخستنەوەی فەرزێتیەکەیەتی، تا زیاتر بە هەند وەربگیرێت، هەر وەکو دواتر لێرەدا ڕووندەبێتەوە (إن شاءالله).

## مەبەست لە سورەتەکە:

یەکەمین مەبەست لە هاتنەخوارەوەی ئەم سورەتە، بە هەندادانی نوێژی جومعەیە، کە دەبێت موسوڵمانان هۆشیان لێی بێتو، لە ساتەوەختی نوێژەکەدا دەست لە کاروباریان هەڵبگرنو خێرا خۆ بگەیێننە نوێژەکەی.

- تەئکیدکردنەوە لەوەی، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە ناو عەرەبە نەخوێندەوارەکانەوە تەشریفیهێناوە، خوای گەورە هەڵیبژاردووە، تا پەیامی خۆی بە هەموو جیهاندا پێڕابگەیێنێت، ئەمەش ڕەتکردنەوەی قسەو هیوای جولەکەکانە، کە دەیانوت: کۆتا پێغەمبەری خوا لە ئێمە دەبێت!

- تەئکیدکردنەوەیە لە مەزنێتی پەیامی خواییو، فەزڵی خوای گەورەیە لەسەر مرۆڤایەتی، کە ئەم دینەی بۆ ناردوون، تا ببێتە بەرنامەی ژیانی تاك و کۆیانو پێی بەختەوەر ببن.

- بە پیرۆزدانانی ڕۆژی هەینی: ئەمەش سەربەخۆیی ئوممەتە موسوڵمانەکەی گەیاند، کە پێشتر لە ناوچەکەدا بە کاریگەریی دینو دیدی جوولەکەکان، ڕۆژی شەممان پیرۆز بوو، کرابووە ڕۆژی حەوانەوەو کۆبوونەوەی خەڵکی.

- ڕەتکردنەوەی لافو گەزافی جولەکەکان: لەوەی گوایە: هەر ئەوان ئەولیای خوانو، هەر ئەو کەسانەش لای خوای گەورە قبووڵ دەبن، کە لەسەر دینو دیدی ئەوانن.

بەمەش ئەو شانازییو لوتبەرزییەیان شکا، کە خۆیان بەسەر عەرەبەکاندا بادەداو دەیانوت: ئێمە قەومی تایبەتی خواین، چونکە دینی بە تایبەت بۆ ئێمە ناردووە.

- سەرزەنشتکردنی ئەو موسوڵمانانەیە، کە لە تاو سامانو ماڵی دنیا هۆشیان لە نوێژی جومعە دەبڕێت، چونکە هۆی هاتنەخوارەوەی سورەتەکەش، ڕوداوێکی وابوو، کە خەڵکەکە لە مزگەوت بوون، لە پشت پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژیاندەکرد، کە لە سەدای گەیشتنی کاروانە بازرگانیەکەی (شام) یان پێگەیشت _ کە تەپڵو دەفی بۆ لێدەدرا_ نوێژەکەیان وەلکردو بەرەو کاروانەکە ڕایانکرد، خوای گەورەش گلەیی توندی لێکردن، کە چۆن دەبێت سامانی دنیایان پێ گرنگتر بێت، وەك لە نوێژو زیکری خوای گەورە.

## مانای گشتی سوڕەتەکە

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾ الجمعة: ١

واتە: هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدان زیکری خوای پاكو پیرۆز دەکەن، خوای دەسەڵاتداری بێنیاز، خوای کاربەجێو دانا.

﴿هُوَ ٱلَّذِي بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ﴾ الجمعة: ٢

واتە: ئەوە خوای گەورەیە کە لە ناو ئەو قەومە نەخوێندەوارەدا، نێرراوێکی خۆیی هەڵبژاردووە، تا قورئانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوەو، پەیامی خوای گەورەیان پێڕابگەیێنێتو پاڵفتەیانبکاتو، قورئانو سووننەتو حیکمەتیان فێربکات، کە پێشتر لە گومڕایی دیارو ئاشکرادا بوون.

﴿وَءَاخَرِينَ مِنۡهُمۡ لَمَّا يَلۡحَقُواْ بِهِمۡۚ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ﴾ الجمعة: ٣

واتە: هەروەها خەڵکانێکیتر، کە هێشتا نەهاتوونەتە ڕیزی ئەمان، خوای گەورەش بە دەسەڵاتەو دانایە..

﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ﴾ الجمعة: ٤

واتە: ئەوەش فەزڵی خوای گەورەیە، کە دەیدات بەو کەسانەی کە خۆی دەیەوێ، خوای گەورە خاوەن فەزڵو چاکەی زۆر مەزنە.

﴿مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **الجمعة: ٥**

واتە: نموونەی ئەو کەسانەی، کە پەیمانیان لێ وەرگیرا، کە (تەوڕات) لەخۆبگرن‌و لە ژیانیاندا پیادەیبکەن، بەڵام پێوەی پابەندنەبوون‌و بە ئاڕاستەکانی (تەوڕات) نەجووڵانەوە، وەکو (کەر/گوێدرێژ)یان لێهات، کە بارەکتێبی لێبنێن! بە ڕاستی ئەو کەسانەی ئایەتەکانی خوای گەورە بەدرۆدەخەنەوە، کەسانێکی بەدو خراپەکارن، خوای گەورەش هیدایەتی ستەمکاران نادات.

﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ إِن زَعَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ أَوۡلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ **الجمعة: ٦**

واتە: بفەرموو: ئەی ئەو کەسانەی، کە خۆ بە هیدایەتدراو دەزانن‌و لافی ئەوە لێدەدەن گوایە: ئێوە ئەولیای خوای گەورەن‌و ئەو چاودێرو ئاودێرتانە، تەنها ئێوە، نەك خەڵکانێکیتر! جا کەوایە دە خۆزگە بە مردن بخوازن، ئەگەر ڕاستگۆن، تا زووتر بگەنەوە بە خوای گەورە.

﴿وَلَا يَتَمَنَّوۡنَهُۥٓ أَبَدَۢا بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **الجمعة: ٧**

واتە: بەڵام ئەوانە، هەتاهەتایە ڕازینابن خۆزگەیەك بۆ مەرگیان بخوازن، چونکە دەزانن چ گوفتارو کردارو بڕیارێکیان هەبووە، دەزانن چەند دیدڵێل‌و ڕێ وێڵ‌و بزاوت چەوت‌و هەڵوێست لارو سەرخوار بوون، چەند نیەت پیس‌و کردەوە پووچەڵ بوون، بۆیە تەمەننا ناکەن بمرن، لە ترسی لێپرسینەوەشیانە، کە ئەوەندە سوورن لەسەر مانەوەو نەمردن، خوای گەورە ئاگاداری ستەمکارانە.

﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ **الجمعة: ٨**

واتە: بفەرموو: ئەو مردنەی ئێوە لە دەستی هەڵدێن، هەر دێتەڕێتان، پاشانیش هەر دەگەڕێنەوە لای خوای گەورە، کە ئاگاداری نادیارو دیارە، شارەزاو زانای

پەنهانو ئاشکرایە، جا ئەو کارو کردەوانەتان دەخاتەوە پێشچاو، کە ئەنجامتانداوون.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ الجمعة: ٩

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر ڕۆژی هەینی بانگدرا بۆ نوێژ (نوێژی جومعە)، خێرا خۆ بگەیێننە زیکری خوای گەورەو، کڕینو فرۆشتنانی بۆ وەلکەن، ئەوەتان چاکترە، ئەگەر پەیپێببەنو بزانن.

﴿فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَٱبۡتَغُواْ مِن فَضۡلِ ٱللَّهِ وَٱذۡكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرٗا لَّعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ﴾ الجمعة: ١٠.

واتە: کە نوێژەکە تەواو بوو، بچنەوە سەر سەوداو مامەڵەی خۆتان بۆ کەسابەتو، پەیداکردنی بژێویی بڵاوبنەوە، بەڵام هۆشتان لەوە نەبڕێت، کە لەکاتی کاسبیکردنیشدا، بە نییەتو گوفتارو کردار، زیکری خوای گەورە بکەنو، ئومێدتتان بە فەزڵو ڕزقو ڕۆزی خوای گەورە بێت، یادی خوا زۆر بکەن، تا سەرفراز بن.

﴿وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ الجمعة: ١١

واتە: هەر بەوەندەی بازرگانیەکیان دیو، گوێیان لە بەزمو ڕەزم بوو، بەهەڵەداوان بەرەو پیری چوونو جەنابتیان بە تەنها لە نوێژەکەدا جێهێشت!! بفەرموو: ئەوەی لای خوای گەورەیە، چاکترە لەو کەسابەتو بەزمو ڕەزمە، خوای گەورە باشترین ڕۆزیدەرانە.

# دەرسی یەکەم

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

### ئایەتی یەکەم:

﴿يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِ ٱلۡمَلِكِ ٱلۡقُدُّوسِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ﴾ **الجمعة: ١**

واتە: هەرچی لە ئاسمانەکانو زەویدان، زیکری خوای پاكو پیرۆز دەکەن، خوای دەسەڵاتداری بێنیاز، خوای کاربەجێو دانا.

- لە سەرەتای سورەتی (حەشر)دا باسمان لە وشەی (تەسبیح)و تەسبیحاتکردنی گەردوونو هەرچی تێیدایە، کرد، کە بۆ خوای تاکوپاکی دەکەن، جا هەیانە بە وتنو لەفز تەسبیحات دەکات، وەکو مرۆڤو فریشتەو جن، یان بە زمانی حاڵ زیکردەکات، وەکو زیندەوەرو بێگیان.

ئێمە باوەڕمان وایە: کە هەر هەموو (وجود) زیکری خوای گەورە دەکەنو ملکەچیی بۆ دەردەبڕن، تەسبیحاتیدەکەن، بەڵام بە تەئکید ئێمە لە تەسبیحاتکردنەکەیان ناگەین، وەکو خوای گەورە فەرموویەتی:﴿وَإِن مِّن شَيۡءٍ إِلَّا يُسَبِّحُ بِحَمۡدِهِۦ وَلَٰكِن لَّا تَفۡقَهُونَ تَسۡبِيحَهُمۡ﴾ **الإسراء: ٤٤.**

واتە: هەرچی شتێك، کە وا لە وجووددایە، زیکری خوای گەورە دەکات، بەڵام ئێوە لە زیکرکردنەکەیان حاڵینابن.

لێرەشدا جەخت لەوە دەكاتەوە كە هەرچی لە ئاسمانەكاندا هەیەو، هەرچی لەزەوییدا هەیە، تەسبیحاتی خوای گەورە دەكەن، تا ببێتە هاندانی موسوڵمانان، كە لەم ڕۆژەی هەینیشدا ئەوەندە بە هەڵپەی دنیاوە خەریكنەبن، كە زیكری خوایان لەبیربچێتەوە. یان خواپەرستیان -لەم ڕۆژە پیرۆزەش‌دا- هەر وەكو ڕۆژەكانیتر بێت، چ جای ئەوەی لە بەرخاتری كاسبیكردنو خەریكبوونی پارەپەیداكردن، هۆشیان لە زیكری خوا ببڕێت و، تەنانەت لە ساتە وەختی نوێژی جومعەكەشدا، نەپەڕژێنە سەر نوێژەكە! كە جۆرەها زیكرو تەسبیحاتی خوای گەورەی لە خۆگرتووە.

- لێرەشدا بە شێوازی كرداری ڕانەبردوو دەفەرموێ: (يُسَبِّحُ)، تا بەردەوامێتی زیكرو تەسبیحاتی مەخلوقات نیشانبدات، كە كەمتەرخەم نین و چالاكانە فەرزی سەر شانی خۆیان بەجێدەهێنن، ئەمەش گلەییەكی لاوەكیە، كە ئەدی بۆچی ئێوەی موسوڵمانی كەمتەرخەم، وا نابن؟!

- كۆتایی ئایەتەكە بەو سێ ناوە پیرۆزە: (الْقُدُّوسِ، الْعَزِيزِ، الْحَكِيمِ) دێنێت، كە پێشتر لە سوڕەتی (حەشر)دا هاتبوون (لەوێدا شەرحمانكردوون) بۆ ئەوەی بیرخستنەوەی نوێژو زیكرو تەسبیحاتەكەیان، زیاتر لێ تەئكیدبكاتەوە، وەكو ئەوەی پێیان بفەرموێ: بۆچی بە كەسابەت و سامانی دنیاوە زیاتر مەشغوڵدەبن، وەك لە كۆڕی زیكری خوای پاك و پیرۆزو دەسەڵاتدارو دانا؟! خۆ هەموو كەسێك، كە دەچێتە كۆڕی دەسەڵاتداران، هەر حەزدەكات لەوێ بمێنێتەوە، بە بێ مۆڵەتوەرگرتنیش لە خزمەت مەرەخەس نابێت! ئیدی ئێوە بۆچی هەر وا ئاسان و نەشیاوانە لە كۆڕی زیكری خوا، لە نوێژ، لە مزگەوت، لە حزووری نێرراوەكەی خوای گەورەدا، ئاوا دەردەپەڕن و خۆ دەگەیێننە كاروانێك بازرگانی، كە داخۆ پشكێكتان بەردەكەوێت، یان نا؟!!

- (الْقُدُّوسِ) پاك و بێ عەیبییە، كە پاكێتیەكەی و پیرۆزبوونەكەی خۆیی (زاتیی)یە، نەك (مقدس) كراو، كە بكەری دەرەكی پێویستە، تا بە پیرۆزیدابنێت. خوایەك ئەوە سیفەتی بێت و ئێوە چووبنە ماڵەكەی و لە حزووریدابن، چۆن ئاوا بۆ پشكێكی دنیایی وەلی دەكەن؟!

- (الْعَزِيز) دەسەڵاتدارێکە، کە پێویستە بە هێزی کەس نیە، بەپێچەوانەوە، ئەوانەی لەخزمەتیدا دەبن و عەبدایەتی بۆ ڕادەگەیێنن (عەزیز)دەبن و، شانازی پێوە دەکەن، دەی، کە مادام وایە، چۆن ئاوا بۆ پشکێکی دنیایی وەلی دەکەن؟!

- (الْحَكِيم) خوای گەورە، کە دانایەو هەموو شتێك لە کات و ساتی شیاوو سازاوی خۆیدا دەکات، ئێستاتانی بۆ نوێژ دیاریکردووەو، پێشترو دواتریشی بۆ کەسابەت و ماڵ و سامانپەیداکردن، کەی ئەمە لە دانایی و ئەقڵپێشکان و پەی پێبردنتانە، کە ئاوا بۆ پشکێکی دنیایی نوێژەکەتان وەلکەن و کات و ساتی نوێژی جومعە وازلێبهێنن، لەبەر خاتری پشکێکی دنیایی، کە ناشزانن (ڕزق)ی ئێوەیە، یان نا؟!

- ئەم ناوە پیرۆزانە، کە لەم ئایەتەدا هاتوون، هەر بیرخستنەوەی ئەو ڕەفتارە نەشیاوەیە، کە چۆن دەشێت ئێوە لە ماڵی خوادابن و لە خزمەت پەیامبەرەکەیدابن (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ، لە کۆڕی زیکری خوای ﴿ٱلْمَلِكِ ٱلْقُدُّوسِ ٱلْعَزِيزِ ٱلْحَكِيمِ﴾ دابن‌و، ئەوەندە سات و شوێن و کارەکەتان پێ گرنگ نەبێت و، یەکسەر -بێ ڕێپێدان- بە هەڵەداوان دەرپەڕێنە دەرەوە؟!

ئێوە لە نوێژدان؟ لە حزووری خوای خاوەن و دەسەڵاتدارو داناو پاك و کامڵدان!

## دەرسی دووەم

### ئایەتی ٢_٣

**ئایەتی دووەم:**

﴿هُوَ ٱلَّذِى بَعَثَ فِى ٱلْأُمِّيِّـۧنَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَٰلٍ مُّبِينٍ﴾.

واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە لە ناو ئەو قەومە نەخوێندەوارەدا، نێرراوێکی خۆیی هەڵبژاردووە، تا قورئانی خوایان بەسەردا بخوێنێتەوەو، پەیامی خوای گەورەیان پێڕابگەیێنێت و پاڵفتەیانبکات و قورئان و سووننەت و حیکمەتیان فێربکات، کە پێشتر لە گومڕایی دیارو ئاشکرادا بوون.

- (بَعَثَ) وشەی (بَعَثَ) چەندین مانای هەیە، لێرەدا بە مانایەکی کۆگا -کە هەموانی لە خۆگرتبێت- هاتووە.. ئەسڵی (بَعَثَ):

١- هەستانی تۆزوخۆڵ و بڵاوبوونەوەیەتی، کە دەبێتە (عەجاج) و زۆر شوێن دەگرێتەوە. بەم مانایەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ:﴿قُلْ هُوَ ٱلْقَادِرُ عَلَىٰٓ أَن يَبْعَثَ عَلَيْكُمْ عَذَابًا مِّن فَوْقِكُمْ أَوْ مِن تَحْتِ أَرْجُلِكُمْ﴾ .

واتە: بفەرموو: خوای گەورە ئەوەندە بەتوانایە، کە سزاو ئازارێکی واتان بەسەردا بڵاوبکاتەوە، کە سەرو خوارتان بگرێتەوە..

٢- زیندووبوونەوەی مرۆڤ و بڵاوبوونەوەیانە لە ڕۆژی حەشردا: وەکو زۆرینەی ئایەتەکانی (بعث) جەختی لێدەکەنەوە، وەك: ﴿وَٱلْمَوْتَىٰ يَبْعَثُهُمُ ٱللَّهُ ثُمَّ إِلَيْهِ يُرْجَعُونَ﴾

الأنعام: ٣٦، واتە: مردووەکان خوای گەورە زیندوویاندەکاتەوەو، پاشان دەگەڕێنەوە لای خۆی.

یان﴿وَأَقْسَمُوا بِاللَّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ لَا يَبْعَثُ اللَّهُ مَن يَمُوتُ بَلَىٰ وَعْدًا عَلَيْهِ حَقًّا وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٨﴾﴾ النحل: ٣٨.

بەو پەڕی جەختکردنەوە سوێندیان بە خوای گەورە دەخوارد، کە خوای گەورە کەس لەوانە زیندوونا کاتەوە، کە دەمرن! بەڵێ، زیندوویان دەکەینەوە، ئەوە بەڵێنەو لەسەرمانەو دەیهێنینەدیی. بەڵام زۆرینەی خەڵکی ئەمە نازانن و پەی بێ نابەن..

٣- ناردنی پێغەمبەران، کە هەروەکو زیندووکردنەوەی دڵی خەڵکیە، کە بەخواویستی ئاوەدان دەبێتەوەو هزریان _بە خواناسی ڕاست و دروست_ تەسەوری ئەم (وجود)ە دەکات و لەگەڵییدا دەبزوێت.

وەك دەفەرموێ:﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ مُهْلِكَ الْقُرَىٰ حَتَّىٰ يَبْعَثَ فِي أُمِّهَا رَسُولًا يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِنَا﴾ القصص: ٥٩.

واتە: مومکین نەبوو خوای گەورە، ناوچەکە بە فەتارەت بدات، پێش ئەوەی لە مەککەوە نێرراوی خۆی هەڵبژێرێت و پەیامی خۆی پێدا بنێرێت.

هەروەها﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ﴾ النحل: ٣٦.

واتە: بە دڵنیاییەوە لە ناو هەموو ئوممەتێك (قەوم و گەل)ێکدا نێرراومان هەڵبژاردووەو، ناردوومانە بۆ خەڵکەکە کە: خوای گەورە بپەرستن و توخنی طاغوت[1] مەکەون.

٤- ئەو پلەوپایە بەرزەی، کە خوای گەورە دەیبەخشێتە ئەو خواویستانەی پەیامی

---

(١) طاغوت: شەیتان و بت و ئەوی _جگە لە خوای گەورە_ دەپەرسترێت و، ئەوی یاسا دادەڕێژێت و حوکم بە غەیری دینی خوا دەکات و، ئەوی داوەریی دەبەنەوە لا، تا بە غەیری دینی خوای گەورە داوەرییان بکات..

خوایان _ کارامانە _ هەڵگرتووەو _ سەرڕاستانە _ گەیاندوویانەتەوە، ئەمانە شایانی پاداشتی تایبەت و خەڵاتی نایابی خوای گەورەن، لە پێش هەموو شیانەوە: پێشەوای سەروەرمان (عَلَيه الصَّلاة وَالسَّلامْ)، کە خوای گەورە پێی دەفەرمویّ:﴿وَمِنَ ٱلَّيۡلِ فَتَهَجَّدۡ بِهِۦ نَافِلَةٗ لَّكَ عَسَىٰٓ أَن يَبۡعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامٗا مَّحۡمُودٗا﴾ الإسراء: ٧٩.

واتە: بەشێك لە شەوانت تەرخان بکە بۆ شەونوێژو قورئانخوێندن، چونکە فەرزە لەسەرت، تا خوای گەورە ئەو پلەو پایە ڕیزە مەدحکراوەت پێببەخشێت..

- لێرەشدا خوای گەورە باس لە هەڵبژاردنی سەیدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکات، کە چۆن کردیە مایەی زیندوکردنەوەی دڵ و ڕۆح و مرۆڤێتی عەرەبەکان و، پاشان گەلانیتر، کە هەر یەکە لە یاوەرانی بەڕێزی، گەیشتنە لوتکەی تەقواکاریی و ڕاقیبوونێك، کە خوای گەورە لە دنیادا مژدەیان بداتیّ، کە لێیان خۆشبووە:﴿لَّقَدۡ رَضِيَ ٱللَّهُ عَنِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ يُبَايِعُونَكَ تَحۡتَ ٱلشَّجَرَةِ﴾ الفتح: ١٨.

واتە: بە دڵنیاییەوە خوای گەورە لەو موسوڵمانانە خۆشبوو، کە لەژێر درەختەکەدا بەیعەتیان پێدایت.

﴿ٱلۡأُمِّيِّـۧنَ﴾ خەڵکە نەخوێندەوارەکە، مەبەست لێی: عەرەبەکانن، چونکە ئەو خوێندەوارە کەمەش، کە لە ناویاندا هەبووە هەر بە نەخوێندەوار هەژمارد دەکران، چونکە لە لایەکەوە ڕێژەیەکی وا نەبوو، سیفەتی نەخوێندەوارێتی عەرەبەکان بگۆڕێت. وەکو بۆ نموونە: جولەکەکان، کە پێیان نەدەوترا نەخوێندەوار.

لەلایەکی تریشەوە بە خوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، هەر پێیان دەوترا: نەخوێندەوار، چونکە ئەهلی کیتاب نەبوون و لەسەر ڕێیەکی ڕۆشنی خواپەرستیی نەبوون.

- (الأُمِّي) وەکو ئەوەیە بوترێت: نەزانی زگماکی. واتە: هەروەکو ئەو کاتەیەتی، کە لەدایکبوو، نەخوێندەوارو نەزان بوو، ئێستاش، کە گەورە بووە، هەر نەزانی زگماکە! و هیچ فێرنەبووە.

-﴿ مِّنۡهُمۡ ﴾ لەوان پیتی (مِّنْ: واتە: لە) بۆ جوێکردنەوەی هەندێکە لە هەموو. واتە: یەکێکە لە خۆیان. هاتنی ئەم پیت و ڕاناوە: ( مِّنْ، هُمْ) لێرەدا بەرچاوخستنی چەندین حاڵە:

١- ئەی عەرەبینە! هەست بەو فەزڵە گەورەیە بکەن، کە خوای گەورە پێیداون، کە لە ناو ئێوەدا کۆتا پێغەمبەری خۆی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ جیهانیان هەڵبژاردووە، خۆ ئێوە شایانترن زوو شوێنیبکەون.

٢- ئێوە، کە هەمووتان نەخوێندەوارن و، ئەم پێغەمبەرە هەڵبژێرراوەی ناویشتان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر نەخوێندەوارە، بەڵام خۆ بەم پەیامە خواییە، ئێوە دەکەونەوە پێش ئەهلی کیتاب، کە ئێوە لە خۆتان بە باشتریان دەزانن!

٣- ئەم پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەر لە خۆتانەو دەیناسن، دەبوو زووترو چاکتر شوێنیبکەون، نابینن خوای گەورە پێغەمبەرانێکیتری بۆ ناو قەومی غەیری خۆیان ناردووە، کەچی هەڵوێستی ئەو قەومانە لەو پێغەمبەرانە (علیهم السلام) لە هەڵوێستی ئێوە چاکترو ئیماندارانەترو جوامێرانەتر بوو!

هەروەکو، کە سەیدنا (یونس)ی (عَلَيهِ السَّلَام) نارد بۆ خەڵکی (نەینەوا)، یان سەیدنا (لوط)ی نارد بۆ قەومی (سەدۆم)، یان سەیدنا (ئیلیاس)ی نارد بۆ کەنعانیەکان (لە ناوچەی صەیدای لوبنانی ئەمڕۆ) کە بتێکیان بە ناوی (بەعل) دەپەرست، ئێ باشە خۆ ئەم پێغەمبەرە (عَلَيهِ الصَّلَاة وَالسَّلَامْ) غەریبە نیەو هاتبێتە ناوتانەوە!

٤- هاتنی ئەم پێغەمبەرە بەڕێزە (عَلَيهِ الصَّلَاة وَالسَّلَامْ) لە ناو عەرەبەکاندا، وەڵامدانەوەو هێنانەجێی دوعاکەی سەیدنا (ئیبراهیم)ـە (عَلَيهِ السَّلَام)، کە لە پەنای کەعبەدا دەپاڕایەوە﴿ رَبَّنَا وَٱبۡعَثۡ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِكَ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَيُزَكِّيهِمۡ ﴾ البقرة: ١٢٩.

واتە: خوای پەروەردگارمان! نێرراوێکی خۆت، هەر لەناو خۆیاندا هەڵبژێرە، تا فەرمایشتەکانی خۆت بەسەریاندا بخوێنێتەوەو، فێری خوێندنەوی کەلامی

خۆتیان بکات و، دەروونیان پاڵفتەو ڕەوشتیان پارسەنگ بکات..

٥- مەبەست لە ﴿ٱلۡأُمِّيِّـنَ﴾ـەکەش تەئکیدە، کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمەن چونکە:

أ- لێرەو لە شوێنیتردا دەفەرموێ﴿بَعَثَ فِي ٱلۡأُمِّيِّـنَ رَسُولٗا﴾.

واتە: لە ناو نەخوێندەوارەکاندا، نێرراوێکی خۆی هەڵبژارد.

لەو دوعایەی سەیدنا (ئیبراهیم)یشدا (عَلَيهِ السَّلَام)، کە فەرمووی:﴿رَسُولٗا مِّنۡهُمۡ﴾: نێرراوێك هەر لە خۆیان.. هەر مەبەستی لە عەرەبەکان بوو، کە نەخوێندەواربوون. ئەو دوعایەیان تێدا هاتەجێ.

ب- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (إِنَّا أُمَّةٌ أُمِّيَّةٌ لَا نَكْتُبُ وَلَا نَحْسُبُ....)[١].

واتە: ئێمە ئوممەتێکی نەخوێندەوارین: نەدەنووسین و نە ژمێریارییس دەزانین..

مەبەست لەمە: حوکمی گشتی عەرەبەکانە، نەك دانەدانەی خوێندەوارەکانیان، وەکو: سەیدنا (عومەر)و سەیدنا (عەلی)، (خوا لێیان ڕازی بێت)، کە خوێندەواربوون.

ج- جولەکەکان بۆ کەمکردنەوەی ڕێزی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیانوت: پێغەمبەری نەخوێندەوارەکانە! ﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ قَالُواْ لَيۡسَ عَلَيۡنَا فِي ٱلۡأُمِّيِّـنَ سَبِيلٞ﴾ آل عمران: ٧٥.

واتە: ئێمە هەقمان بەسەر پێغەمبەری نەخوێندەوارەکانەوە نییەو شوێنی ناکەوین..

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە (ئیبنوصەییاد)ی فەرموو، کە یەکێك بوو لە ناودارانی جولەکە: (...أَتَشْهَدُ أَنِّي رَسُولُ اللَّهِ؟.. فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنَّكَ رَسُولُ

(١) البخاري (١٨١٤) وموسليم (١٠٨٠).

الْأُمِّيِّينَ).[١].

واتە: شاهیدیدەدەیت، کە من نێرراوی خوای گەورەم؟ عەرزیکرد: بەڵێ، شاهیدیدەدەم، کە نێراوی خوایت، بەڵام بۆ نەخوێندەوارەکان نێرراویت.

٦- باسکردنی نەخوێندەواریێتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِيَّ ٱلْأُمِّيَّ﴾ الأعراف: ١٥٧.

واتە: ئەوانەی شوێن پێغەمبەرە نەخوێندەوارەکە دەکەون..

هەروەها نەخوێندەواریێتی قەومەکەی، بۆ نیشاندانی موعجیزەی هێنانەبەرهەمی ئەو نەوە نموونەییەی یاوەرانە، چونکە نەخوێندەواریێتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێی لەو ئەرکانەی موسڵمانکردن و پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی ئوممەتەکەی نەگرت، کە وەزیفەی پێغەمبەرانی خوێندەواری پێشتر بووە، وەکو: سەیدنا (موسا)، یان سەیدنا (سولەیمان)، یان بەڕێزەکانیتر (عَلَيهِم السَّلَام).

هەروەها نەخوێندەواریێتی نەتەوەکەشی ـ کە عەرەبەکانی ئەو سەردەمە بوون ـ ڕێی لەوە نەگرت بگەنە ئەو لوتکە بەرزەی، کە ڕەزامەندی خوای گەورە ئاوا لە دنیادا بەدەستبهێنن و، ئەوەندە چاك و زۆرو کاریگەربن و، ئاوا دینەکە بڵاوبکەنەوە.

نەخوێندەواریێتی هیچ لایەکیان، ڕێی لەو هیدایەتدان و تێگەیاندن و پێگەیاندنە نەگرت، کە لە مەبەستی پێغەمبەریێتییەکەدا هەیە: ﴿يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ﴾ ، ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾ ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾.

بۆیە بە تەئکیدیشەوە لێرەدا فەرمووی: ﴿مِّنْهُمْ﴾، واتە: هەم لەو قەومەیە، کە نەخوێندەوارن و، هەم جەنابیشی (عَلَيهِ الصَّلاة وَالسَّلامْ) یەکێکە لەو نەخوێندەوارانە.

---

(١) بوخاری (٥٨٢١)، موسلیم/٥٣٤٦.

٧- ئاماژەیەکی ناواخنیتر لە ئایەتەکەدایە، ئەویش ئەوەیە: کە ئەم پێغەمبەرە نەخوێندەوارە (عَلَيهِ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَمْ) کۆمەڵێك ئەرکی پێشەوایەتیی و مامۆستایەتیی و ڕابەرێتیی پەروەردەکاریی ئەنجامداوە، کە لە نەخوێندەوارەوە نایەت!

وەکو: خوێندنەوە (يَتۡلُواْ) و پەروەردەکردن (وَيُزَكِّيهِمۡ)و فێرکردن (وَيُعَلِّمُهُمُ)، هەر ئەوەندەش نەبوو، کە بیانکاتە ئوممەتێکی خوێندەوارو پەروەردەکراو، بەڵکو کردنی بە ئوممەتێکی ڕابەرو دامەزرێنەری شارستانێتی!

- ﴿رَسُولًا﴾ رَسُول: نێرراوە، بەڵام لە ئەسڵیدا دواندن و ڕەفتاری کاوەخۆو هێدیی‌و لەسەرخۆیە. لەمەوەیە، کە بە کەسی نێرراویان وتووە: (رَسُول)، کە ویستووشیانە کەسێك هێدییکەنەوە، تا لەسەرخۆ بدوێت وتوویانە: (عَلَى رُسْلِكَ). نێرراو دەشێت قسەو هەڵوێست بگەیێنێت، هەروەکو، کە دەشێت نامەو پەیام بگەیێنێت، پێغەمبەران (عَلَيهِمِ السَّلاَم) هەردووکیانیان دەگەیاند.

- سەیدنا (موسا -عَلَيهِ السَّلاَم) دەربارەی جەنابی خۆی و (هارۆون)ی برای (عَلَيهِ السَّلاَم) بە فیرعەونی فەرموو: ﴿إِنَّا رَسُولَا رَبِّكَ﴾ واتە: ئێمە هەردووکمان دوو نێرراوی خوای پەروەردگارتین.. بۆ عەرەبەکانیش دەفەرموێ:﴿لَقَدۡ جَآءَكُمۡ رَسُولٞ مِّنۡ أَنفُسِكُمۡ﴾ التوبة: ١٢٨، واتە: بە دڵنیاییەوە نێرراوی خواییتان، هەر لە ناو خۆتانەوە بۆ هاتووە..

دەشێت نێرراوی خوای گەورە فریشتە بێت، وەکو، کە فریشتەکان بە سەیدنا (لوط)یان فەرموو: ﴿إِنَّا رُسُلُ رَبِّكَ لَن يَصِلُوٓاْ إِلَيۡكَ﴾ واتە: بێخەمبە، ئێمە نێرراوی خوای پەروەردگارتین، دوژمنان دەستیان ناتگاتێ.

یان﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَا لُوطٗا﴾ واتە: کاتێك، کە نێرراوانمان (فریشتەکان) چوونە خزمەتی (لوط -علیه السلام).

یان ﴿وَلَمَّا جَآءَتۡ رُسُلُنَآ إِبۡرَٰهِيمَ بِٱلۡبُشۡرَىٰ﴾ **العنكبوت**: ٣١ واتە: کاتێك، کە

نێرراوانمان (فریشتەکان) مژدەکەیان گەیاندە (ئیبراهیم -علیه السلام).. (مژدەی پێبەخشینی کوڕێك)..

هەروەکو، کە دەشێت لە مرۆڤ بێت، وەکو پێغەمبەرە بەڕێزەکان (عَلَيهم السَّلَام) ﴿ وَمَا مُحَمَّدٌ إِلَّا رَسُولٌ ﴾ آل عمران: ١٤٤، واتە: محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نێرراوێکی خوای گەورەبوو بۆتان..

هەروەها، کەدەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلرُّسُلُ كُلُواْ مِنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَٱعْمَلُواْ صَٰلِحًا.. ﴾ المؤمنون: ٥١ ، واتە: ئەی نێرراوانی خوا! لەو ڕۆزییە حەڵاڵەی پێماندراون بخۆن و کاروکردەوەی چاك بکەن..

- هەروەها دەشێت باوباران بێت: ﴿وَأَرْسَلْنَا ٱلسَّمَآءَ عَلَيْهِم مِّدْرَارًا ﴾ الأنعام: ٦، واتە: بارانی بەخوڕمان بەسەردا باراندن.

- یان شەیتان بێت﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّآ أَرْسَلْنَا ٱلشَّيَٰطِينَ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ﴾ مریم: ٨٣، واتە: مەگەر نابینن، کە ئاوا ئێمە شەیتانەکانمان ناردۆتە سەر کافرەکان؟!

- لە زاراوەی شەرعدا (رَسُول) ئەو پێغەمبەرەی خوایە کە پەیامی سەربەخۆی خۆیی هەیە. وەکو: سەیدنا (نوح) و سەیدنا (ئیبراهیم) و سەیدنا (موسا)و سەیدنا (عیسا)، (علیهم السلام).

(نبي)یش ئەو پێغەمبەرەی خوایە، کە _ئەگەرچی وەحیشی بۆ دێت_ بەڵام پەیامی سەربەخۆی خۆیی نییە، لەسەر پەیامی پێغەمبەری پێش خۆی دەڕوات و، خەڵکە گومڕاکە دەهێنێتەوە سەر دینەکە.

بۆیە دەوترێت: هەموو (نَبي)یەك (رَسُول) نیە، بەڵام هەموو (رَسُول)ێك (نَبي) یە .. سەلامی خوا لە هەموویان.

- ﴿ يَتْلُواْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِهِۦ ﴾

- (يَتْلُواْ) دەیخوێنێتەوە، بەڵام جیاوازی ئەم لەگەڵ (يقرأ)دا لەزمانی عەرەبیدا

زۆرە، ئەگەرچی لەکوردییەکەدا هەردووکیان هەر خوێندنەوەیە:

- ئەسڵی (يَتۡلُواْ): (تُلُوٌ وتِلاوة)، کە چاوگن، واتە؛ بە دوای یەکداهێنان، بێئەوەی هیچ بکەوێنە نێوانیانەوە. وەکو:﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ١ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ٢﴾ الشمس: ١ – ٢، واتە: سوێند بە خۆرو کاتی بەرزبوونەوەی، سوێند بە مانگ، کە بەدوایدا دێت.. هاتنی مانگ یەکسەر بەدوای خۆردا. مەبەست لە شوێنکەوتنی خۆرو بەدوادا هاتنی پلەو ئیقتیداپێکردن و لێوەرگرتنێتی، چونکە وزەی خۆر ئەسڵەو، مانگ تیشکەکەی لێوە وەردەگرێت و، وەکو ئاوێنە ڕوناکیەکەی دەداتەوە.

بۆیە دەربارەیان فەرموویەتی: ﴿وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجٗا وَقَمَرٗا مُّنِيرٗا﴾ الفرقان:٦١، واتە: خوای گەورە لە ئاسماندا خۆری کردووە بە چراو، مانگیشی پڕشنگدارکردووە، چونکە ڕوناکی خۆرەکە لە خودی خۆیەوەیەتی، ڕوناکی مانگەکە کراو (مفعول بە) یە، بۆیە دەفەرموێ: (مُّنِيرٗا )، چونکە خۆی لەخۆیدا وەکو خۆر ڕوناك و پڕشنگدار نەبووە، بۆیە ڕوناککراوە..

هەروەها: ﴿هُوَ ٱلَّذِي جَعَلَ ٱلشَّمۡسَ ضِيَآءٗ وَٱلۡقَمَرَ نُورٗا﴾ یونس: ٥، واتە: ئەوە خوای گەورەیە، کە خۆری پڕشنگدار کردووەو هەیڤیشی تیشکدارکردووە..

بۆ خوێندنەوەی کتێبی ئاسمانی دەوترێت: (تلاوة)، چونکە خوێندنەوەیەکە، دەبێت کارپێکردنی بە دوادا بێت، چونکە بڕیارو فەرمانی خوای گەورەیە، بۆیە وەکو خوێندنەوەی شیعرو چیرۆك نیە.

خوای گەورە لە باسی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:﴿أَوَلَمۡ يَكۡفِهِمۡ أَنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ يُتۡلَىٰ عَلَيۡهِمۡۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَرَحۡمَةٗ وَذِكۡرَىٰ لِقَوۡمٖ يُؤۡمِنُونَ﴾ العنكبوت: ٥١، واتە: مەگەر ئەوەندە بەس نییە (بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ڕاستگۆیی جەنابت و هاتنی وەحی)، کە ئێمە ئەو کتێبەمان ناردۆتە خوارەوە بۆ جەنابت، کە بۆ ئەوانیش دەخوێندرێتەوەو دەیبیستن؟! ئەمە خۆی ڕەحمەت و بەزەیی و بیرهێنانەوەیە بۆ کەسانێك، کە باوەڕیان بە خوای گەورەو وەحی پێشتری هەیە. ئەمە گلەییە لە ئەهلی کیتاب، کە: ئێوە دەزانن وەحی چییەو، ئەم وەحیەش ئاوا بە چاوی خۆتان

دەبینن، ئێوە لە هەموو کەس لەپێشتربوون، کە باوەڕ بهێنن پێی..

کەوابوو: تیلاوەت تایبەتە بە فەرمایشتی خوای گەورە، ئەوە سنووربەزاندن و ڕەفتاری طاغوتانەیە، کە ئێستا بۆ بڕیاری سەرۆك و پاشاو حاکمەکانی سەردەم دەوترێت: (تلاوة البَيان)، یان (يَتْلُو قَرارات الرَئيس) یان (تَلَى البَيان الأميري)!!

- ئەرکە پێغەمبەرێتییەکە لێرەوە دەستپێدەکات، کە ﴿ءَايَٰتِهِۦ﴾ یان بەسەردا دەخوێنێتەوەو فەرمانە خواییەکانیان پێڕادەگەیێنێت دوای ئەم ئەرکە: (تەزکیە: پاڵفتەی دەروون) و (تەعلیم : فێرکردن) دێت.

- (آیات) کۆی (آیة)، عەللامە (ڕاغیبی ئەصفەهانی) دەربارەی دەفەرموێ: بریتیە لە نیشانەی دیارو ئاشکرای شت، حەقیقەتیشی ئەوەیە: کە دەبێتە بەڵگەی شتێکیتر، کە دەشێت دیارنەبێت، بەڵام دەرکەوتنی ئایەتەکە، دەبێتە بەڵگەی هەبوون و دۆزینەوەی نادیارەکە، وەکو: هەبوونی مەشخەڵی ڕێ، یان بەردەبازی ئاو، یان نیشانەی ڕێگایەك، لە هەر شوێنێکدا ئەم نیشانانە بینرا دەزانرێت، کە ئەوە ڕێگاکەیە، جا لە بەرجەستە (مەحسوسات)دا بێت، یان لە ژیریاریی (معقولات)ـەکاندا بێت، هەموو دروستکراوێکیش بەڵگەو نیشانەی دروستکارێکە.

هاتنی وشەی (آیة) لە قورئاندا بۆ ئەوەیە، کە ببێتە بەڵگەو نیشانە لەسەر نادیارەکە، کە لە باسییدا هاتووە.. هەموو وشەو بڕگەو ڕستەو ئایەتێکی سورەتەکانی قورئان، بەڵگەو نیشانەی هەبوونی ئەوانەن، کە لە باسیاندا هاتوون.(١)

---

(١) الراغب الأصفهاني: مفردات الفاظ القران. توێژینەوەی صفوان عدنان داودي. بڵاوکار: دار القلم دمشق و الدار الشامية بيروت. چاپی دووەم ١٤٢٣ك/ ٢٠٠٢ز (ل١٠١_١٠٣).

لەم پێناسەو شیکارەی (ڕاغیبی ئەصفەهانی)یەوە ڕووندەبێتەوە، کە (ئایات)ەکانی خوای گەورە چەندین جۆرن:

- (ئایاتی گەردوون و ژیان و مرۆڤ)، کە بەڵگەن لەسەر تواناو زانایی و دانایی خوای گەورە، وەکو هەموو مەخلوقات، لە هەسارەیەکەوە بۆ ئەلکترۆنێك. هەروەها ژیان و ژیاندنەوەو مردن و مرادنی گیانلەبەرێکی وەکو: فیل و مرۆڤ، تا دەگاتە ژیاندن و مراندنی سێلێك.

هەروەها جیهانی مرۆڤ: جەستەو دەروون و هەست و ڕۆحی، کە هەر یەکەیان هەزاران بەڵگەو نیشانەیان تێدایە، لەسەر تواناو زانایی و دانایی خوای کردگار، وەکو جۆرەکانی ﴿وَمِنۡ ءَايَـٰتِهِۦٓ﴾ .

- ئایەتی دیاردە: ئەوانەی، کە دووبارەدەبنەوە، تا شتیتر بخەنە بەرچاو، کە مەبەست لێیان: سەرنجڕاکیشان و هاندانە بۆ خواناسیی و خواپەرستیی و تۆبەکردن، وەکو: دیاردەکانی باران و باو تیشکی خۆرو هاوشێوەیان، کە ڕەحمەتن، یان دیاردەکانی کارەساتی گەردوونی وەکو: لافاوو بوومەلەرزەو هاوشێوەیان، کە سزان و دەخوازن خەڵکەکە ڕووبکەنەوە خوای گەورە:

﴿فَأَرۡسَلۡنَا عَلَيۡهِمۡ رِيحٗا صَرۡصَرٗا فِيٓ أَيَّامٖ نَّحِسَاتٖ لِّنُذِيقَهُمۡ عَذَابَ ٱلۡخِزۡيِ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَاۖ وَلَعَذَابُ ٱلۡأٓخِرَةِ أَخۡزَىٰۖ وَهُمۡ لَا يُنصَرُونَ﴾ **فصلت: ١٦.**

واتە: چەندی ڕۆژی شومی بەردەوام، ڕەشەبای ساردو بەگوڕمان هەڵکردە سەریان (سەر قەومی عاد)، تا هەر لە ژیانی دنیایاندا سزایەکی زەلیلکارانەیان پێ بچێژین، سوێند بەخوا، سزای ڕۆژی دواییان چاوشۆڕکارترو زەلیلکارترەو، کەس نابێت بۆ سەرخستنیان بێت بە هانایانەوە..

- ئایاتی پەیامی خوایی: بۆ هەبوونی نیشانەی نەخوێندەوارێتی سەیدنا (محمد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە تەوراتی بەردەستی جولەکەکانی ئەو سەردەمەدا، دەفەرموێ:

﴿بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ فِي صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَۚ وَمَا يَجۡحَدُ بِـَٔايَٰتِنَآ إِلَّا ٱلظَّٰلِمُونَ﴾ **العنكبوت: ٤٩.**

واته: نیشانەکانی پێغەمبەرێتی (محمد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە لە تەوراتی بەردەستیاندا هەبوو، لە سینەی زاناکانیشیاندا بەلەبەرکراویی هەبوو، بەڕاستی ئەوە هەر زاڵم و ستەمکارانن، کە نکوڵیی لە ئایەتەکانی ئێمە دەکەن.

- بۆ خوێندنەوەی ئایەتەکانی وەحی خوایی ـبە شێوەیەکی گشتیـ بۆ ئەهلی کیتاب دەفەرموێ:﴿ ٱلَّذِينَ ءَاتَيۡنَٰهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ يَتۡلُونَهُۥ حَقَّ تِلَاوَتِهِۦٓ أُوْلَٰٓئِكَ يُؤۡمِنُونَ بِهِۦ﴾ **البقرة: ١٢١.**

واته: ئەوانەی، کە وەحی خۆمانمان بۆ ناردن، دەیخوێننەوەو هەقی خۆی دەدەنێ، چونکە باوەڕیان پێیەتی.

- بۆ خوێندنەوەی ئایەتی قورئانەکەشی دەفەرموێ:﴿أَوۡ زِدۡ عَلَيۡهِ وَرَتِّلِ ٱلۡقُرۡءَانَ تَرۡتِيلًا﴾ **المزمل: ٤**، واته: هێدییانەو ڕۆشن و ئاشکرا قورئانەکە بخوێنە..

هەموو وشەو بڕگەیەکی ئایەتی قورئان، بەڵگەو نیشانەیە، کە لەلایەن خوای گەورەوەیە، بۆ زیاتر سەرنجدان و زانین، دەشێت ئەو کتێبانە بخوێندرێت، کە باس لە (موعجیزە)یتی قورئان دەکەن، لە لایەنەکانی ڕەوانبێژیی و یاسایی و مێژوویی و زانستیی و ژمێریاریی و لایەنەکانیترییەوە.[1]

کەوابوو لێرەدا، باس لە ئەرکی یەکەمی پێغەمبەرێتییەکەیە، کە خوێندنەوەی (ئایات)ی قورئانەکەیە، کە بانگەوازی خواناسیی و خواپەرستییە، تا عەبدایەتیی سەر ڕاستانە بۆ خوای تاکوپاك ئەنجام بدرێت.

-﴿وَيُزَكِّيهِمۡ﴾ چاوگەکەی (تزکیة)یە، کە بریتیە لە: پاڵفتەبوون و گەشەو نەشونما.

---

(١) لە کتێبی (دیدی مەلەکوتی)یەکەدا باسێکی کورتم لەسەر ئەم دیاردانە نووسیووە والحمدلله.

پاڵفتەبوون: بژارکردنی دڵە لە مەبەستی غەیری خوا پێبوون، بژارکردنی گوفتارە لە ناشەرعی، بژارکردنی ڕەوشتە لە نارەوایی بزاوت و هەڵوێست.

هەموو پاڵفتەبوونێکیش، هۆکاری نەشونمایە، لە بژارکردنی کەسایەتیەوە، بۆ بژارکردنی دەغڵودان، بۆ بژارکردنی کۆمەڵگە لە دەغەڵیی و گەندەڵیی و خراپەکاریی، بۆ بژارکردنی یاساو ڕێساو دەستوری دەوڵەت لە نارەوایی و ناشەرعیی.

- ئەم پاڵفتەسازییەی، کە لە موسوڵمان داواکراوە:

١- سەرەتا دەبێ بزانرێت، کە ئەوە فەزڵی خوایەو، خوای گەورە ئیختیاری پاڵفتەسازییەکەی بۆ دەکات و لە بە ئەنجامگەیاندن و کامڵبوونییدا سەرکەوتوی دەکات.

وەکو کورد دەڵێ: دەبێ خوا بیدات، چونکە دەفەرموێ: ﴿بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّي مَن يَشَآءُ﴾ النساء: ٤٩.

واتە: خوای گەورە خۆی پاڵفتەی هەر کەسێك دەکات، کە خۆی (خوای پەروەردگار خۆی) بیەوێت.. ئەمە سەرکەوتووکردنی عەبدەکانە لە پاڵفتە سازییەکەو، قبوڵکردنی خوای گەورەیە لێی.

٢- سوونەت و سیرەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، نموونەی پاڵفتەسازییەکەیە، نەك سۆفیگەرێتییەکەی (هیندۆس و زەردەشتی و مانەیی) و ئەوەی لە چەرخە تاریکەکانی مەسیحێتیەوە پەڕییە ناو ئەهلی ئیسلام.

## لاباسی یەکەم: سۆفیگەرێتیی زاهدێتییەکەی ئیسلام نیە:

سۆفیگەرێتیی دیدوری و بزاوت و مومارەسەیەکە، لە ئەلفەوە، تا یائی، پێچەوانەی ئیسلامە. بە تایبەتی ئەوەی کە لەهەندێك "پێشەوا"یانی سۆفیگەرێتییەکەوە هاتووە. لێرەدا مەبەستم سەرچاوە سۆفیگەرێتیەکەیە، نەك ئەو (زاهیدێتی)یەی (شێخ حەسەنی بەسریی) و (ئیبراهمی کوڕی ئەدهەم) و (شێخ

عبدالقادری گەیلانی) و (ئیمامی غەززالی)، (ڕەحمەتی خوایان لێبێت)، هەروەها ئەوەی، کە هاوشێوەکانیان گرتبوویانەبەر، ئەمیان شەرعی‌یەو ئەویان ناشەرعییە، بەتایبەتی ئەوەی لە (حەللاج) و (ئیبنوعەرەبی) و (ئیبنوالفارض) و. هاوشێوەیانەوە هاتووە.(١)

خوای گەورە باسی پێغەمبەرە پێشەواکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ کردووین، کە جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێبەرو مامۆستای ئەو پاڵفتەبوونەی کەسایەتییانە، بەوەی هێناوێتی و بەوەی دەیخاتە بەرچاوان.

بۆیە لێرەشدا دوای (بەلاغ)ی قورئانەکە دەفەرموێ ﴿وَيُزَكِّيهِمْ﴾ لە شوێنی تریشدا وا دەفەرموێ: ﴿لَقَدْ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ إِذْ بَعَثَ فِيهِمْ رَسُولًا مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُوا۟ عَلَيْهِمْ ءَايَـٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا۟ مِن قَبْلُ لَفِى ضَلَـٰلٍ مُّبِينٍ﴾ آل عمران: ١٦٤.

واتە: بە دڵنیاییەوە خوای گەورە، نازو نیعمەتێکی زۆری بە موسوڵمانان بەخشی بەوەی، کە لە ناو خۆیاندا نێرراوێکی بۆ هەڵبژاردن، تا پەیامی خوای گەورەیان پێڕابگەیێنێت و پاڵفتەیانبکات و قورئانیان فێربکات، هەروەها فێریان بکات، کە چۆن بەم قورئانە لە واقیعەکەیاندا دەبزوون و، واقیعەکە لە جاهیلییەتەوە بۆ ئیسلامەتیی دەگۆڕن، دیارە، کە هەمووشیان پێشتر لە گومڕایی دیارو ئاشکرادا بوون.

(ئیمامی غەززالی)، (رحمەلله) بەشێوەیەکی پوخت و پاك، پێناسەی ئەم (تەزکیە)یە دەکات، کە بریتیە لە چوار بوار:

* پاڵفتەکردنی ڕواڵەت لە پیسیی و پیسایی و لەکەو پەڵە.

---

(١) شیکارو ناساندنی دیدوڕێی ڕەوای ئەم مەیدانەو، جوداکردنەوەی لەسەرگەردانی و ئینحراف و شیرکیاتی سۆفیگەرێتی، پشووودرێژیی و قاڵ و قووڵبوونەوەو، هەڵوێستی شەرعییانە دەخوازێت بەحوکمی سەرپێی ناکرێت.

* پاڵفتەکردنی ئەندامانی جەستە لە تاوان و گوناح و نارەوایی.

* پاڵفتـــەکردنی دڵ و دەروون و دیدو ڕوانگە، لە ڕەفـــتارو ڕەوشتی لاسەنگ و بەدکاریی.

* پاڵفتەکردنی ناخی نهێنی لە پەیوەستبوون بە غەیری خوای گەورەوە.[(١)]

دەبینیت چەند گشتگیرو پارسەنگانە باسیکردووە، ئەمە گوشراوی ئەزموونێکی زۆر دەوڵەمەندو چڕو بەرفراوانی خۆیەتی، (رحمەالله)، کە لەسەر دەمانێکدا ئەم پێناسەی کردووە، وەکو جیاکردنەوەی زێڕی پاك بوو لە خشڵ و خاشاکی زەردو مسی چەواشەکاریی، کە (باطنی)یيەتی حاکمی ئیسماعیلیەکان و سەرگەردانی وێڵیی و چەواشەکاریی سۆفیزمی هیندستان و، شیعەگەرێتیی هێنابوویانە کایەوە.

٣- ئالییەتی کاریگەریی پاڵفتەبوون (عەقیدەو عیبادەت)ـە بەمانا گشتگرەکەی خواناسیی و خواپەرستیی لە ئیسلامدا، کە بریتیە لە:

یەکەم: ناسینی خوای گەورە بەو سیفەتە بێ وێنانەی خۆی. کە (الربوبیة و الأسماء والصفات)ەکەیە.

دووەم: پەرستنی خوای گەورە بە تاکوپاکیی بەو شێوازانەی، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕوونیکردۆتەوە، کە (الألوهیة)ەکەیە، هەروەها بەوەی، کە هەموو بزاوت و سرەوتێکت بۆ خوابێت و بەس..

پەرستنەکان هەموو ڕەفتارە شەرعییەکانن، بەڵام زەکاتدان بۆتە نیشانەی پاڵفتەی دەروون و ڕەفتارو ماڵ و سامان، بۆیە دەربارەی زەکاتە کە دەفەرمویٚ: ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ التوبة: ١٠٣.

واتە: پشکە سامانی زەکاتەکەیان لێوەربگرە، تا ببێتە مایەی پاڵفتەکردنیان..

---

(١) احیاء علوم الدین (١١١/١).

٤- ئینجا دەكەوێتە سەر ڕەنجی موسڵمانەكە خۆی، كە تا چ ڕادەیەك پاڵفتەسازیی كەسایەتی خۆیی دەوێت و ڕەنجی تێدادەدات، تا سەرفرازانە دەرچێت:

﴿قَدۡ أَفۡلَحَ مَن تَزَكَّىٰ﴾ الأعلى: ١٤، الشمس/٩.

واتە: بە دڵنیاییەوە ئەو كەسەی، كە خۆی پاڵفتە دەكات سەرفراز دەبێت..

كەوابوو: ئەمە ڕێگایەكە سەرەتای ئەمسەری لای عەبدە موسوڵمانەكەیە_ كە هەنگاوی یەكەمی هەڵدەهێنێتەوەو بەرەو خوای گەورە دەبزوێت_ سەرەتای ئەو سەری ڕێگاكەش لای خوای گەورەیە، كە دەزانێت ئەم عەبدە سەرڕاستانە ڕووی لەو كردووەو بەرەو ئەو دەبزوێت، بۆیە حەتمەن دەستیدەگرێت و دەیخاتە ژێر چاودێریی و ئاودێریی خۆی، لەم ڕوانگەوەیە، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ)[(١)].

واتە: ئەی خوای گەورە! لەسەر یادكردن و سوپاسگوزاریی و چاك پەرستنت، یارمەتیم بدە..

ئەم دوعایە باس لە داوای یارمەتی وەرگرتن لە خوای گەورە دەكات، لە پێناوی پەرستنی زیاتریدا، كە پەرستنیشی زیاتر دەبێت، یارمەتیدانیشی زیاتر دەبێت، ئاوا (عیبادەت و ئیستیعانە)، دەبنە لازم و مەلزومی زیادكردنی یەكتریی.[(٢)]

---

(١) بوخاری لە: (الأدب المفرد/٦٩٠)،ئەبوداوود (١٥٢٢)، نەسائی (١٣٠٣)، حاكم (٢٧٣/١) و دەفەرموێ: سەحیحە، ئیمامی ذەهەبیش دەفەرموێ: وایە. شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحیح الأدب المفرد/ ٥٣٤)دا بە سەحیحی داناوە.

(٢) ئیمامی ئیبنوتەیمییە (رحمە الله) ئەم (العبادة والاستعانة) كردووە بە ڕێسا سەرەكییەكەی یەكخواناسیی خواپەرستیی (توحید الألوهیة) و، بە دووورودرێژیی باسێكی زۆر خواناسانەی لێوە كردووە، كە هەموو بەرگی یەكەمی (مجموع الفتاوی)كەی، بۆ شەرحكردنی تەرخانكردووە. زۆر زەرووره بگەڕێیتەوە سەریی، تا زیاتر لەم زوهدە بگەیت.

- ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ﴾ الجمعة: ٢
- (وَيُعَلِّمُهُمُ) فێریاندەکات.

## لاباسی دووەم: زانین:

**یەکەم:** علم (زانین) پەیبردن بە حەقیقەتی شت، بەو شێوەو ماهییەتەی، کە هەیە: ئەمەش دووجۆرە:

١- پەیبردن بە شتەکە خۆی.

٢- حوکمدان لەسەرشتێك بە هەبوونی شتێکیتر، کە بۆ ئەوە، یان نەفیکردنی شتێك کە نەفیکراوە لێی.

- زانینی هەموو دوژمنانی ئیسلام و پەیبردن بە پلان و پیلانیان لە توانای موسوڵمانااندا نییە، بۆیە خوای گەورە دەربارەیان دەفەموێ: ﴿لَا تَعْلَمُونَهُمُ ٱللَّهُ يَعْلَمُهُمْ﴾ الأنفال: ٦٠ ، ئێوە نایانناسن، خوای گەورە دەیانناسێت.

- حوکمدان لەسەر شتێك بە هەبوونی شتێکیتر وەکو:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا جَآءَكُمُ ٱلْمُؤْمِنَٰتُ مُهَٰجِرَٰتٍ فَٱمْتَحِنُوهُنَّ ٱللَّهُ أَعْلَمُ بِإِيمَٰنِهِنَّ فَإِنْ عَلِمْتُمُوهُنَّ مُؤْمِنَٰتٍ فَلَا تَرْجِعُوهُنَّ إِلَى ٱلْكُفَّارِ﴾ الممتحنة: ١٠.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر ئافرەتە موسوڵمانە موهاجیرەکان هاتنە لاتان (بۆ مەدینە)، تاقییان بکەنەوە، کە داخۆ ڕاستەو لەبەرخاتری خوای گەورە هیجرەتیان کردووە، یان بۆ مەرامێکی دنیایی؟)، خوای گەورە ئاگای لە باوەڕهێنانەکەیان هەیەو دەیزانێت، بەڵام زەروورییە ئێوە لێیان دڵنیابن، ئەگەر زانیتان موسوڵمانن و لەبەرخاتری خوای گەورە هیجرەتەکەیان کردووە، نەیانگێڕنەوە ناو کافران..

- ئەگەر زانیتان موسوڵمانن، سەرەتا نازانن، دواتر بە تاقیکردنەوەیاندا دەگەنە پەیبردن بە حەقیقەتی موسوڵمانێتیەکەیان.

**دووەم:** زانین (علم) دوو چۆنیەتییە:

١- تیۆریی: ئەگەر پەی پێبراو زانرا، ئەوە زانستیەکە تەواودەکات، وەکو زانینی هێزی ڕاکێشانی نێوان زەوی و مانگ، یان دیاردە فیزیکییەکانیتر.

٢- زانینێك، کە لە کردەکردنییدا دەردەکەوێت، وەکو زانینی نوێژو پەرستنەکانیتر، کە دەبێت ئەنجامبدرێن، تەنها زانینی نەزەریی بەس نیە بۆ حوکمدان لەسەریان.

**سێیەم:** زانین (علم) دوو پۆلە:

١- پۆلێکیانی بە ژیرو هزر درکی پێدەکرێت، بۆ نموونە: ڕاستییەکانی زانستی فیزیا.

٢- پۆلی دووەم لە ڕێی بیستنی ڕاستگۆوە درکی پێدەکرێت. وەکو زانستییەکانی وەحی.

**چوارەم:** ئەو زانینەی خێرایەو زوو دێت و دەڕوات، کە هەواڵدانە (اعلامـ)ـە: بەڵام (زانینی فێربوون)، دەبێ لەسەرخۆ بێت و کاتی بەسی خۆیی وەرگرتبێت.

بۆیە لێرەدا دەفەرموێ: ﴿وَيُعَلِّمُهُمُ﴾، هەر وەکو لە شوێنیتریشدا بۆ فێربوون دەفەرموێ:﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ ١ عَلَّمَ ٱلۡقُرۡءَانَ ٢﴾ الرحمن: ١ – ٢.
واتە: خوای گەورە کە قورئانەکەی فێرکردوون.

یان ﴿وَعَلَّمَ ءَادَمَ ٱلۡأَسۡمَآءَ كُلَّهَا﴾ البقرة: ٣١.
واتە: خوای گەورە سەیدنا ئادەمی (علیە السلام) فێری هەموو ناوەکانکرد..

هەروەها: وەکو سەیدنا (سولەیمان -عَلَيهِ السَّلَام ) دەفەرموێ:﴿عُلِّمۡنَا مَنطِقَ ٱلطَّيۡرِ﴾ النمل: ١٦.
واتە: خوای گەورە زمانی باڵندەی فێرکردووین.

**پێنجەم:** خەڵكی لە زانین و فێربووندا جیاوازن، هەیانە زیرەكەو زۆر خێرا فێر دەبێت، هەشیانە كاتی زۆرتری دەوێت:﴿وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ﴾ **المجادلة: ١١.**

واتە: ئەوانەی زانستییان پێدراوە، زۆر پلەو ئاستی جیاوازن..

هەروەها:﴿وَفَوْقَ كُلِّ ذِى عِلْمٍ عَلِيمٌ﴾ **یوسف: ٧٦.**

واتە: لەسەرو هەموو خاوەن زانستێكەوە، شارەزایەكی تری ئەو زانستییە هەیە..

بەڵام خوای گەورە، كە زانینەكەی زاتیەو لە بەرامبەرێكی وەرنەگرتووە، حەقیقەتی هەموو شتێك دەزانێت، كە هەر خۆشی دروستیكردوون، بۆیە سیفەتی خوای گەورە (عَالِمٌ وَعَلِيمٌ وَعَلاَم)ـە،﴿عَٰلِمُ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ﴾ **التغابن: ١٨**﴿وَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ﴾ **البقرة: ٢٣١**، هەروەها ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ عَلَّٰمُ ٱلْغُيُوبِ﴾ **التوبة: ٧٨...**

**شەشەم:** هەر شتێك ببێتە هۆی زانینی شتێكیتر، پێی دەوترێت: (عِلْم)، وەكو چیا، وەكو خوای گەورە كەشتی ناو دەریا بە چیا دەچوێنێت:﴿وَمِنْ ءَايَٰتِهِ ٱلْجَوَارِ فِى ٱلْبَحْرِ كَٱلْأَعْلَٰمِ﴾ **الشورى: ٣٢.**

لەم ڕوانگەشەوە بە ئاڵاو بەیداخ وتراوە: (عَلَم)، چونكە لە دوورەوە نیشان دەدات، كە ئەوە سوپایەو، ئەوە دائیرەی حكومەتە.

(معلِم)یش لەمەوەیە، كە مەشخەڵەو كۆیەكەی (معَالِم)ـە، واتە: ئەو نیشانەو عەلامەتانەی ڕێگاكە بەردەوام نیشاندەدەن.

- ﴿ ٱلْكِتَٰبَ ﴾، كە لەسەر كێشی (فعال)ـە لە ئەسڵدا چاووگە، بەڵام دواتر بەنوسراو (مكتوب) وتراوە: (كتاب)، كەوابوو: (كتاب)لاپەڕەی نوسراوەو دەم یەك دراون، چونكە ئەسڵی (كَتْب)یش دوورینی دەمی مەشكەو كوندەو جەوەندەیە، كە دەفەرموێ:

﴿يَسْـَٔلُكَ أَهْلُ ٱلْكِتَٰبِ أَن تُنَزِّلَ عَلَيْهِمْ كِتَٰبًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ﴾ **النساء/١٥٣.**

واتە: ئەهلی کیتابە ئاسمانیەکان (تەورات و ئینجیل)دەیانوت: با لە ئاسمانەوە لاپەڕەیەکی نوسراومان بۆ بێتەخوارەوە، کە بسەلمێنێت جەنابت نێرراوی خوای گەورەیت.

١- لە قورئاندا، کە دەوترێت: (الكتاب) بە گشتی مەبەست لە پەیامی خوای گەورەیە، کە بە وەحی بۆ نێرراوە بەڕێزەکان (عليهم السلام) هاتوون.. بۆ پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەر وایە:

﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢﴾ البقرة: ١ - ٢.

واتە: (ئەلیف لام میم). قورئان ئەو کتێبەیە، کە بە هیچ کلۆجێك گومانی تێدا نییە، کە لە لایەن خوای گەورەوەیەو پارێزراو دەمێنێت، چونکە ڕێنمایی تەقواکارانە.. ناویتریشی هەیە وەکو: (القرآن) و (الفرقان)، لێرەشدا مەبەست فێرکردنی قورئانەکەیە.

٢- دوای پێڕاگەیاندنی قورئانەکەو، پاڵفتەکردنی کەسایەتییان دێتە سەر فێرکردنیان، کە پرۆسەیەکی دوورو درێژەو، چاودێریی و ئاودێریی بەردەوام دەخوازێت، چونکە سەرەتا قورئانەکەی ئایەت بە ئایەت بۆ خوێندنەوە، کە ئا ئەوەیە دیدو ڕێبازو بەرنامەتان فێری بن. ئەوە مەبەست و ئامانجەکانێتی پێوەی پابەندبن و دینداریتیەکی سەرڕاستانەی بۆ خوای تاکوپاك پێ ئەنجامبدەن، وەکو دەفەرموێ:
﴿وَأَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلذِّكۡرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيۡهِمۡ وَلَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ٤٤﴾ النحل: ٤٤.

واتە: قورئانەکەمان بۆ ناردیتە خوارەوە، تا ئەوانە بۆ خەڵکەکە ڕوون بکەیتەوە، کە بۆیان نێرراوە، تا بیری لێبکەنەوەو هەڵوێست بەرامبەریی وەربگرن..

قورئانەکەی لەسەرەتا بۆ خوێندنەوە، پاشان بۆی ڕوونکردنەوە، چونکە هەر ئاواش بۆ جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە خوارەوە: ﴿فَإِذَا قَرَأۡنَٰهُ فَٱتَّبِعۡ قُرۡءَانَهُۥ ١٨ ثُمَّ إِنَّ عَلَيۡنَا بَيَانَهُۥ ١٩﴾ القيامة: ١٨ – ١٩.

واتە: کە قورئانەکەت بۆ دەخوێنینەوە، وەریگرەو پێوەی پابەندبەو وەکو خۆی بیگەێنەرەوە، پاشان ئێمە خۆمان بەیانی دەکەین (ئەحکامەکانی ڕووندەکەینەوە بۆت)..

- ﴿وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾ الجمعة: ٢.

(ڕاغیبی ئەصفەهانی) دەفەرموێ: (الحكمة إصابة الحق بالعلم والعقل)[١] واتە: پێکانی حەق بە زانین و ژیریی (ئەقڵپێشکان) دەبێت. ئەمەش داناییە، کە پێم وایە: دوولایەنی تەواوکاری یەکن:

١- (ئەصفەهانی) لە دوای ئەو پێناسە کورتە دەفەرموێ: (حکمەت) لە خوای گەورەوە خەڵقکردنی شتەکانە، لە مرۆڤیشەوە پەیبردنێتی بە ماهییەتیان و بەکارهێنانێتی لە کاروکردەوەی خێرخوازییدا.

ئەمەشە، کە خوای گەورە وەسفی (لوقمان)ی (عَلَيهِ السَّلَام ) پێکردووە: ﴿وَلَقَدۡ ءَاتَيۡنَا لُقۡمَٰنَ ٱلۡحِكۡمَةَ﴾ لقمان: ١٢.

ئیبنوکەثیر دەفەرموێ: (واتە: بە دڵنیاییەوە تێگەیشتنی دین و هزری بەکارو پێکانی بڕیارمان بە لوقمان بەخشی..) تا دانایانە ڕەفتاربکات.

- حەسەنی بەسری (رحمەلله) دەیفەرموو: (الحكمة) واتە: سووننەت.

- (ئیمامی مالك)، (رحمەلله) دەیفەرموو : واتە تێگەیشتن و شارەزایی لە دین.

- (ئیبنوعاشور) دەفەرموێ: (حكمة) پلەی باڵای تێگەیشتنە لە قورئانەکە و کارکردنە پێی، لەگەڵ تێگەیشتنی مەبەستە شاراوەکانیدا: ﴿وَٱذۡكُرُواْ نِعۡمَتَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَمَآ أَنزَلَ عَلَيۡكُم مِّنَ ٱلۡكِتَٰبِ وَٱلۡحِكۡمَةِ يَعِظُكُم بِهِۦ﴾ البقرة: ٢٣١.

هەروەها ﴿لَقَدۡ مَنَّ ٱللَّهُ عَلَى ٱلۡمُؤۡمِنِينَ إِذۡ بَعَثَ فِيهِمۡ رَسُولٗا مِّنۡ أَنفُسِهِمۡ يَتۡلُواْ عَلَيۡهِمۡ ءَايَٰتِهِۦ وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ﴾

---

(١) المفردات (ل٢٤٩) و دواتری.

**آل عمران: ١٦٤...**

پێم وایە - واللە اعلم- فێربوون و زانین و تێگەیشتنی قورئانەکە، بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەروەها هەموو کتابێکی خوایی بۆ نێرراوەکەی، ئاساییەو تەواوە، چونکە خوای گەورە فێریاندەکات.

ئەمما حیکمەتەکە چەسپاندنی دەقەکانی وەحیە لە واقیعێکدا، کە دەبێتە قاڵبی شیاوی دەقەکە، ئەمەش ناسینی واقیعەکەو پێناسەی شیاوی بزاوت و هەڵوێستی خۆو بەرامبەران دەخوازێت.

لەم ڕوانگەوە پێم وایە: (الکتاب والحکمة)، کە قورئان و سووننەتن، شیکارو ناسینی واقیعەکە دەخوازن، کە لەم سەردەمەدا پێیان دەوترێت: (فقە الواقع)، واتە: سازدانی ئەو واقیعە بە شێوەیەك، کە حوکمی دەقەکە دەیخوازێت. ئەوەش بزاڤێکی عەقائیدییانەی ئوممەتێکی چاوکراوەی دیندارو شارەزای واقیع دەخوازێت، کە دەبێتە ئالییەتی چەسپاندنی کتاب و سوننەتەکە، بە دەست سەرکردایەتی گۆڕانکارییەکەو، ئاڕاستەوانانی بزاڤە عەقائیدییەکەوە.

ئەمەشە، کە دەبینن هەموو پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) دەقی وەحیان بۆ دەهات، پێشڕەوانێکی عەقائیدییان پێ پەروەردە دەکرد، ئینجا بە بزاڤێکی شیاوو گونجاو _کە دەرەقەتی واقیعەکە بێت_ دەکەوتنە گۆڕانکاریی ڕیشەیی کۆمەڵگەو دەسەڵاتە جاهیلییەکە.

کەوابوو: بۆ ئێمە قورئان و سووننەت و ناسینی واقیعەکەیە، بە تواناو هێزی خۆمان و توانا و هێزی جاهیلییەتی بەرامبەرمانەوە (واللە اعلم).

﴿ وَإِن كَانُواْ مِن قَبۡلُ لَفِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴾ الجمعة: ٢

واتە: ئەگەرچی پێشتر لەگومڕاییەکی دیارو زەقدابوون.

١- کەوابوو: گەورەیی و فەزڵ و گرنگی ئەم وەحیەخواییە، هەر لەوەدا نییە، کە ﴿وَيُزَكِّيهِمۡ وَيُعَلِّمُهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡحِكۡمَةَ﴾ بەڵکو پێش ئەوە وا لە خاڵی چارەنووسسازیی ڕزگارکردنیاندا، کە لە گومڕایی و دید لێڵیی و ڕێ وێڵیی قوتاریکردن.

ئەوانە لە گومڕایی و تاریکستانی جاهیلییەتدا بوون، نەخوایان _لە حەقیقەتدا وەکو سیفاتی خۆی_ دەناسی و، نە خواشیان سەر ڕاستانە دەپەرست و، نە ئەحکامی شەریعەتێکی خواش حوکمیدەکردن، نە ڕەفتارو ڕەوشت و قیەمی پێغەمبەرانیشیان، کردبووە دابونەریتی کۆمەڵایەتییان.

- کە دەفەرموێ: ( لَفِي ) واتە تێیدا نقووم بووبوون، بە تەواویی لەناو گومڕاییدابوون، گومڕاییەکەشی زەق و دیاربوو، لەبەرچاوان بوو، دارو بەردیان دەپەرست، کە کەسێکیان لە سەفەردا دەبوو، خوای پێنەدەبوو!! واتە: بت، خورمای چارۆکەکەی خۆی دەکرد بە خواو دەیپەرست! کە برسیشی دەبوو دەیخوارد!! ئێ گەوجێتی و گومڕایی لەمە زیاتر چیەو کوێیە؟!

خوای گەورە لەم نەخوێندەواریی و پەرتەوازەیی و گومڕاییەوە، بەم قورئانەو بەچاودێریی و ئاودێریی ئەو پێغەمبەرە هەڵبژاردە پێشەوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردنی بەو کۆمەڵگەو دەوڵەتەی، کە دوای سەد ساڵ لە کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، نیوەی سەرزەمینی ئەو کاتەی گرتەوەو، تەنها شەریعەتی خواش سەروەر (دەسەڵاتی باڵای وڵات)بوو.

دەوڵەتێکی بەرفراوان لە (چین)ـەوە بۆ (ئەندەلوس)، لە دەوروبەری ڕوباری (ڤۆڵگا)وە لە باکور، تا چیاکانی (نەوبە) لە خوارووی (سودان) و (چاد)ی ئەمڕۆی گرتبۆوە و، یەك خەلیفەش حوکمیدەکرد. زەکاتی زیادەی ویلایەتەکان هەمووی دەهاتەوە پایتەختی خیلافەت! بوون بە ئاڕاستەوانی شارستانییەت، کە شارستانێتی ڕۆژئاوای سەردەم لە زۆر بواری مرۆڤ سازییدا نەیگەیشتۆتێ و ناشیگاتێ.

## ئایەتی سێیەم:

﴿وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا۟ بِهِمْ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ ۝٣﴾ **الجمعة: ٣**

واتە: هەروەها خەڵكانێكی تر، كە هێشتا نەهاتوونەتە ڕیزی ئەمان، خوای گەورەش بە دەسەڵاتەو دانایە..

ئەم ئایەتە، كورتە خاڵی زۆر سەرسوڕهێنەری تێدایە:

١- ئیمامی (بوخاری -رحمەللە) بە سەنەدەوە لە (ئەبوهورەیرە)وە (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: كە فەرمووی: (كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم حِينَ أُنْزِلَتْ سُورَةُ الْجُمُعَةِ فَتَلاهَا فَلَمَّا بَلَغَ: ﴿وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا۟ بِهِمْ﴾ قَالَ لَهُ رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللَّهِ مَنْ هَؤُلَاءِ الَّذِينَ لَمْ يَلْحَقُوا بِنَا فَلَمْ يُكَلِّمْهُ. قَالَ وَسَلْمَانُ الْفَارِسِيُّ فِينَا. قَالَ: فَوَضَعَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدَهُ عَلَى سَلْمَانَ فَقَالَ: وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ كَانَ الإِيمَانُ بِالثُّرَيَّا لَتَنَاوَلَهُ رِجَالٌ مِنْ هَؤُلَاءِ).[1]

واتە: (ئەبوهورەیرە) دەگێڕێتەوە: لە خزمەتی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دانیشتبووین، كە سورەتی (جومعە)ی بۆ هاتەخوارەوە، خوێندیەوە، كە گەیشتە ﴿وَءَاخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا۟ بِهِمْ﴾، كابرایەك عەرزی كرد: ئەی پێغەمبەری خوا! ئەوانە كێن، كە هێشتا نەهاتوونەتە ڕیزی ئێمەوە؟ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وەڵامی نەدایەوە، (سەلمانی فارسی)ـشمان لەناودابوو.

(ئەبوهورەیرە) دەفەرموێ: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەستی پاكی خستە سەر (سەلمانی فارسی) و فەرمووی: بەوەی گیانی منی بەدەستە، ئەگەر ئیمان لە ئەوجی ئاسمانەكاندا بێت، كەسانێك لە قەومی ئەمانە دەستی دەگەیێننێ، دەست خۆیانی دەخەن.

- لە ڕیوایەتێكی مەرفوعی موسلیمیشدا هاتووە: (لَوْ كَانَ الدِّينُ عِنْدَ الثُّرَيَّا لَذَهَبَ بِهِ رَجُلٌ مِنْ فَارِسَ - أَوْ قَالَ - مِنْ أَبْنَاءِ فَارِسَ حَتَّى يَتَنَاوَلَهُ)[2]

---

(١) بوخاری (٤٦١٥)، ترمذی (٣٢٦١).

(٢) موسلیم (٢٥٤٦)، ترمذی (٣٩٣٣)، ئەحمەد (٧٨٩٠).

واتە: ئەگەر دین لە ئەوجی باڵای ئاسماندابوایە، کابرایەکی (فارس) هەر دەستخۆی دەخست، یان کابرایەك لە نەوەی (فارس) دەڕۆیشت بۆی و وازی لێنەدەهێنا تا دەست خۆی دەخست.

ئەمە ئاماژەیەکە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ گەلانی غەیرە عەرەبی، کە موسوڵمان دەبن. مەبەستیش لێی: گیردانی دەستخستنی باوەڕ نیە، تەنها لە گەلی (فارس)دا، بەڵکو گەیشتنێتی بە دەیان گەلانی سەر زەمین، نەك هەر نزیکەکانی عەرەب، وەکو: (کورد) و (فارس) و (بەلوچ) و (بەربەر یان قیبت) و (ئەرمەن)، دەیان گەلی دووری وەکو (ئەندۆنیسیایی) و (کۆریایی) و (ڕوس)، تا دەگاتەوە بە گەلانی (ئەفریقا). وا نازانم گەلێکی زیندوو ما بێت ئیسلامی پێنەگەیشتبێت.(١)

٢- زۆر لە ئەهلی تەفسیر موناقەشەی ئەو (وَ)ە یان کردووە، کە لە دەستپێکی ئەم ئایەتەدایە، کە ئامرازی پەیوەندییە (حَرْف عَطْف)، کە ئایا ئەم خەڵکە دەچنەوە ڕیزی عەرەبەکان؟ کە دیارە عەرەبی وڵاتانی تری وەکو: یەمەن و ئەترافی عەرەبستان و تیرەو هۆزە بەربڵاوەکانن، کە دواتر موسوڵمان بوون.. یان خەڵکێکی تری نەخوێندەوارن و، دەچنە ڕیزی ئەمانی نەخوێندەوارەوە؟ یان خەڵکی غەیری عەرەبن، کە دەچنە ڕیزی ئەم عەرەبە نەخوێندەوارانەوە، کە پەیامی خواییان پێدەگات و، دەبێتە مایەی پاڵفتەسازیی کەسایەتی و فێربوونیان؟

- عیکرەمە، کە قوتابی (ئیبنوعەبباس)ـە و خۆشی (بەربەرە) دەفەرموێ: مەبەست لەمانە نەوەی تابیعینە.

- (موجاهید)ی موفەسسیر دەفەرموێ: هەموو ئەو خەڵکەیە، کە پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ نێرراوە.

- (ئیبنوعومەر)یش (خوا لێیان ڕازی بێت) دەیفەرموو: ئەهلی یەمەنن.

---

(١) لە باکوری ئەم وڵاتەی منی لێ زیندانم، دۆرگەیەك هەیە پێی دەڵێن: (کارل شوێ)، کە شەش مانگی ڕەبەق شەوە و ڕۆژ نابینن، شەش مانگەکەی تر ڕۆژەو شەو نابینن، شازدە ماڵی لێیە و هەموو موسوڵمان بوون.. نەرویجین.. ئەمە بنی دنیایە!

- (ئیبنوزەید)و (سودد)یش هەر دەیانفەرموو: هەموو خەڵکێکیترە، کە ئەم دینەیان پێدەگات و موسوڵمان دەبن.

پێم وایە: ئەمەیان گشتگیرترە، کە عەرەبەکانی دواترو گەلانیتریش دەگرێتەوە، هەموویان بە هۆی موسوڵمانبوون و وەرگرتنی قورئانەوە، دەکەونە سەر ڕێی هیدایەت و پاڵفتەبوون و، شارەزابوون لە زانستییەکانی وەحی.

٣- یەکێك لە ماناکانی (لحوق) پەیوەستبوونە، کەوابوو ئەو گەلانە دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لەسەر دەستی یاوەران موسوڵمانبوون لە تابعین و دواتریان، چونکە کۆتا یاوەر (ئەبو الطفیل)ـە (خوا لێی ڕازی بێت) ساڵی (٩٩ك یان ١٠١ك) کۆچی دوایی کردووە. ئەو ساڵەش پازدە_حەڤدە ساڵ بوو، ئیسلام چووە بووە (ئەندەلوس)و، لە ڕۆژهەڵاتیشەوە گەیشتبووە سنوری (چین) و، لە باکوریشەوە هەموو (ئەفغانستان) و (ئۆزبەکستان)ـی ئەمڕۆی گرتبۆوە. بەڵام بێگومان مانای ئایەتەکە ئەوە دەبێت، کە ئەو کەسانەش، کە دواتر دێنە ڕیزی یاوەرانەوە، لەوانە دەبن، کە ئەم سێ فەزڵە خواییە دەیانگرێتەوە: هیدایەتی قورئانی، پاڵفتەو پارسەنگبوونی دینداریتیی و، شارەزابوون لە شەرع، مەگەر چەندی وەکو ئیمامی (بوخاری -رحمەالله) لەوانەن؟! کە تا ساڵی (٧٠٠ك)ی مێژووی ژیانی نیوملیۆن و سیزدە هەزار کەسی زاناو شارەزای ئەهلی ئیسلام و، سەردار و موجاهیدانی ناوداری ئیسلام تۆمارکراوە!!

ئەدی پاش ئەوان چی؟ کە سەدانی وەکو: ئیمامی (زەهەبی) و (ئیبنوتەیمیە)و قوتابیەکانی و (سیوتی) تێدایە، (رحمهم الله).

بە هەر حاڵ، بە تەئکید هەموو موسوڵمانێکی پاك و سەر ڕاست -لە هەر نەوەیەکدا بێت- تا ڕۆژی قیامەت هەموویان دەگرێتەوە، مادام دینەکەیان پێگەیشتووەو قبووڵیانکردووەو، پێی پارسەنگ و شارەزابوون.

خوای گەورەش دەفەرموێ:﴿وَأُوحِيَ إِلَيَّ هَٰذَا ٱلْقُرْءَانُ لِأُنذِرَكُم بِهِۦ وَمَنۢ بَلَغَ ﴾ الأنعام: ١٩.

واتە: من ئەم قورئانەم بە وەحی بۆ هاتووە، تا هۆشداریی پێ بدەمە هەموو ئەوانەی پێیاندەگات.

* *

## ئایەتی چوارەم:

﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۚ وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ٤﴾ **الجمعة: ٤**

واتە: ئەوەش فەزڵی خوای گەورەیە، کە دەیدات بەو کەسانەی، کە خۆی دەیەوێ. خوای گەورە خاوەن فەزڵ و چاکەی زۆر مەزنە.

- (ذَٰلِكَ) ئەوەی باسکرا: کە بریتییە لە: هەڵبژاردنی پێغەمبەرێکی خوایی لەناو مرۆڤدا بەگشتی و، لەناو عەرەبەکانی ئەو سەردەمەدا بە تایبەتی.

هەروەها پێڕاگەیاندنی قورئان و پاڵفتەسازیی کەسایەتیی و فێرکردن و شارەزاییکردنی موسوڵمانان، لە تەوحیدو زانستە شەرعیەکان: لە قورئان و سوننەت و بزاوتی شیاوی واقیعی.

ئەمانە هەموی فەزڵی خوای پەروەردگارن: ﴿ذَٰلِكَ فَضۡلُ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُ﴾ خوای گەورە ئەم فەزڵەی خۆی بەو کەسانە دەبەخشێت، کە خۆی دەیەوێ، ئەوانەش ئەو کەسانەن، کە ویستی خواناسیی و خواپەرستیی و دینداریێتیی و زانین و کارکردنیان هەیە.

- حەتمەن ئەمە هەر فەزڵی خوای گەورەیەو، هەر لە توانای ئەویشدایە بەپێغەمبەرێکی نەخوێندەوار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە قەومێکی نەخوێندەواری بیابان نشین -کە لە گومڕاییەکی زەق و ئاشکرادا بوون- ئەو گۆڕانکارییە ڕیشەییە، لە دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێست و، ژیانی تاکوکۆی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی پەرتەوازەو، دوژمنداریی ئەوسای عەرەبەکاندا بهێنێتەدیی، کە لە ماوەی بیستو سێ ساڵی پێغەمبەرێتییدا _بە بەزەییترین کۆمەڵگەو پارسەنگترین تاک_ دەوڵەتێکی مەرکەزیی لەو ناوچە دواکەوتووەدا دروستبکات، کە دوای حەفتا ساڵ لەو گۆڕانکارییە، دام و دەزگاو سوپاو دەوڵەتی دوو ئیمپراتۆرێتی دنیای ئەو زەمانە لادات و ڕادات، کە فارس و ڕۆم بوون!! لە شوێنی چەوسانەوەی چینایەتیی و ستەمی زۆرداراندا دادی شەریعەت و سایەی ئەمان و، پڕشنگی شارستانێتیەکی پارسەنگ بە دنیادا پەخشبکاتەوە.

ئەمە هەر فەزڵی خوای گەورەیەو، هەر لە توانای ئەویشدایەو، تەنها بە چاودێریی و ئاودێریی ئەویش نەبێت، ناکرێت.

- ﴿وَٱللَّهُ ذُو ٱلۡفَضۡلِ ٱلۡعَظِيمِ ۝٤﴾ خوای گەورە خاوەن فەزڵی مەزن و، ئێجگار گەورەو زۆرە. هەر ئەمەشە، کە بەتەفسیلتر لە سورەتی (ئالی عیمران)دا دەفەرموێ:

﴿وَلَا تُؤۡمِنُوٓاْ إِلَّا لِمَن تَبِعَ دِينَكُمۡ قُلۡ إِنَّ ٱلۡهُدَىٰ هُدَى ٱللَّهِ أَن يُؤۡتَىٰٓ أَحَدٞ مِّثۡلَ مَآ أُوتِيتُمۡ أَوۡ يُحَآجُّوكُمۡ عِندَ رَبِّكُمۡۗ قُلۡ إِنَّ ٱلۡفَضۡلَ بِيَدِ ٱللَّهِ يُؤۡتِيهِ مَن يَشَآءُۗ وَٱللَّهُ وَٰسِعٌ عَلِيمٞ﴾ آل عمران: ٧٣.

واتە: بفەرموو، کە ڕێنمایی، هەر ئەوەی خوای گەورەیە، بەڵام جوولەکەکان بە یەکتریی دەڵێن: نەکەن ئەو زانستییە وەحییەی هەتانە، بیدەن بە کەسیتر (بەعەرەبەکان)، تا دوایی لای خوای پەروەردگارتان نەیکەنەوە بە بەڵگە دژتان.

بفەرموو فەزڵ و چاکەو مەزنێتیی، هەر هی خوای گەورەیەو بەدەست خۆیەتی دەیدات بە هەر کەسێك، کە خۆی حەزبکات بیداتێ.. خوای گەورە بەخششی بەرفراوانەو شارەزایە.

دوای باسکردنی ئەم فەزڵ و چاکانەی خوای گەورە، لە پەیامناردن و هیدایەتدان و پەروەردەکردن و فێرکردنی ئەو گەلە نەخوێنەوارەی، کە خستنیە شوێن و مەنزیلەی ئەو ئەهلی کیتابانەی لە دیدوڕێی تەوحید لایاندابوو، هەر بە دەم لاف گەزافی خواویستیی و دینداریی و پابەندبوونیان بە شەریعەتی خواوە لێدەدا! بەڵام ئەوەتا خوای گەورە بەدیلێکی خواویستی سەرڕاست و بە هیمەت و جوامێریی بۆ ئەوان هێناوەتە کایەوە، کە بەرهەم و دەسەڵات و پێشەوایەتیی و ئاڕاستەوانی مرۆڤایەتیی دایە دەستیان.

ئەم ئەهلی کیتابانە گوێدرێژ بوون! کەربوون، ئەقڵیان پێنەشکا، یان هەواوهەوەسیان وای لێکردن، کە سەرزارەکی دینداربن و بۆ خۆبادان و شانازیی بەتاڵ و بێجێ بفەرموون. ئێمە لەسەر دینی خواین و خوای گەورە ئێمەی قبووڵە!! ئەوەتا خوای گەورە لوتی شکاندن سووکیکردن، بچووکیکردنەوەو کەناریدان!

**چونکە پەیامی خوایان هەڵنەگرت و لەبەر دنیاویستی ئەو دنیایان فەرامۆشکرد.**

**ئەوەتا لەم سورەتەدا دەیانچوێنێت بە کەری ژێر بارە کتێب! و لە سورەتی (ئەعراف)یشدا بە سەگ:**

﴿وَٱتۡلُ عَلَيۡهِمۡ نَبَأَ ٱلَّذِيٓ ءَاتَيۡنَٰهُ ءَايَٰتِنَا فَٱنسَلَخَ مِنۡهَا فَأَتۡبَعَهُ ٱلشَّيۡطَٰنُ فَكَانَ مِنَ ٱلۡغَاوِينَ
١٧٥ وَلَوۡ شِئۡنَا لَرَفَعۡنَٰهُ بِهَا وَلَٰكِنَّهُۥٓ أَخۡلَدَ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ وَٱتَّبَعَ هَوَىٰهُۚ فَمَثَلُهُۥ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ
إِن تَحۡمِلۡ عَلَيۡهِ يَلۡهَثۡ أَوۡ تَتۡرُكۡهُ يَلۡهَث﴾ **الأعراف: ١٧٥ - ١٧٦**

## دەرسی سێیەم

### ئایەتی پێنجەم:

﴿ مَثَلُ ٱلَّذِينَ حُمِّلُواْ ٱلتَّوۡرَىٰةَ ثُمَّ لَمۡ يَحۡمِلُوهَا كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢاۚ بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ **الجمعة: ٥**

**واتە: نموونەی ئەو کەسانەی، کە پەیمانیان لێ وەرگیرا، کە تەوڕات لەخۆبگرن و لە ژیانیاندا پیادەی بکەن، بەڵام پێوەی پابەندنەبوون و بە ئاڕاستەکانی تەوڕات نەجووڵانەوە، وەکو کەر/گوێدرێژیان لێهات، کە بارەکتێبی لێبنێن! بە ڕاستی ئەو کەسانەی ئایەتەکانی خوای گەورە بە درۆ دەخەنەوە، کەسانێکی بەدو خراپە کارن، خوای گەورەش هیدایەتی ستەمکاران نادات.**

**- (مَثَلُ) مثل : وەکو مَثَل: نموونە... نموونە: پێچوێنراوە، کە سیفەتەکانی ئەسڵن و بە خۆیەوەن، شتێکیتر، کە هەندێك سیفەتی لێوە دەرکەوتووە -مەرج نیە سیفەتی ڕەسەنی خۆی بووبن- وەکو نموونەکەی لێهاتووە، نەك لە هەموو لایەنێکەوە، بەڵام لە زەقترین و دیارترین سیفەتدا، کە پێچوێنراوەکە هەیەتی، لێرەدا پێچوێنراوەکە گوێدرێژە (کەرە).**

**لەشوێنێکی تردا سەگە﴿ كَمَثَلِ ٱلۡكَلۡبِ ﴾ الأعراف: ١٧٦، لە شوێنێکی تردا جاڵجاڵۆکەو ماڵە لاوازەکەیەتی، کە نە باو باران دەگێڕێتەوە، نە گەرماو سەرما :﴿ كَمَثَلِ ٱلۡعَنكَبُوتِ ﴾ العنکبوت: ٤١، یان بە شتی تر وەکو ﴿ كَمَثَلِ حَبَّةٍ ﴾ البقرة: ٢٦١ یان ﴿ إِنَّ مَثَلَ عِيسَىٰ عِندَ ٱللَّهِ كَمَثَلِ ءَادَمَ ﴾ آل عمران:٥٩ ،**

﴿كَمَثَلِ رِيحٍ﴾ آل عمران: ١١٧ وە هەروەها.[١]

- (حُمِّلُوا۟ ٱلتَّوْرَىٰةَ) واتە: تەوڕاتیان خرابووە ئەستۆ، بەرپرسیێتی دینداریێتی و پیادە کردنیان خرابووە سەرشان، چونکە تەوڕاتی ئەسڵی هەر پەیامی خوای گەورە بوو: (عەقیدە) و (عیبادەت) و (شەریعەت)ی تیّدابوو، هەروەها (بانگەواز) و (ئوممەت) و (حاکمیێتی شەرع)ی تیّدابوو، بەڵام جولەکەکان بۆ دنیای خۆیان زۆر تەوەری سەرەکی جەوهەرییان لیّگۆڕی، لەبەر هەواو هەوەس (الشهوات) یان گومان و دوودڵیی (الشبهات)، بەرپرسیێتیەکەیان هەڵنەگرت و سەرڕاستانە بە تەوڕاتی خواوە پابەند نەمان.

لە پابەندیی بە تەوڕاتەوە ئەوە دەبوو، کە باوەڕ بە پیّغەمبەریێتیی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بهیّنن، چونکە ئەوان سیفەتی پیّغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و دین و ئوممەتەکەیان لە تەوڕاتدا دیبوو، هەروەکو، کە ئاماژەی لە ئینجیلی مەسیحیەکانیشدا هەبوو:

﴿ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلرَّسُولَ ٱلنَّبِىَّ ٱلْأُمِّىَّ ٱلَّذِى يَجِدُونَهُۥ مَكْتُوبًا عِندَهُمْ فِى ٱلتَّوْرَىٰةِ وَٱلْإِنجِيلِ يَأْمُرُهُم بِٱلْمَعْرُوفِ وَيَنْهَىٰهُمْ عَنِ ٱلْمُنكَرِ وَيُحِلُّ لَهُمُ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَيُحَرِّمُ عَلَيْهِمُ ٱلْخَبَٰٓئِثَ وَيَضَعُ عَنْهُمْ إِصْرَهُمْ وَٱلْأَغْلَٰلَ ٱلَّتِى كَانَتْ عَلَيْهِمْ ۚ فَٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ بِهِۦ وَعَزَّرُوهُ وَنَصَرُوهُ وَٱتَّبَعُوا۟ ٱلنُّورَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ مَعَهُۥٓ ۙ أُو۟لَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْمُفْلِحُونَ﴾ الأعراف: ١٥٧.

واتە: ئەو زانایانەی ئەهلی کیتاب، کە شویّن پیّغەمبەرە نەخویّندەوارەکەی خوا کەوتوون، کە نیشانەکانی پیّغەمبەریێتییەکەیان لای خۆیان، لە تەوڕات و ئینجیلدا دیبوو، ئەم پیّغەمبەرەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە فەرمانیان بە چاکە پیّدەکات و، بەرهەڵستی خراپەیان لیّدەکات وحەڵاڵیان بۆ دەستنیشاندەکات و

---

(١) ئیمامی (ئیبنولقەییم -رحمەلله) (٥٧١ك) کتیّبیّکی نایابی لەم باسەدا هەیە بەناوی: (الأمثال في القرآن) دەگمەنە.

پێیان ڕادەگەیێنێت و، حەرامیان پێدەناسێنێت و هۆشدارییان دەداتێ، کە نەکەونە ناویەوە.. ئەم پێغەمبەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کۆتی گەردن و زنجیرەکانی پێیان لادەدات، کە پێیانەوە بوو.

ئەو کەسانەی باوەڕیان بەم پێغەمبەرەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێناو بوونە پشتیوان و لایەنگریی و، شوێن ئەو نوورە کەوتن، کە بۆ جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتبووە خوارەوە.. ئائەوانە سەرفرازن..

- هەردوو لەفزی (حُمِّلُوا) و (لَمْ يَحْمِلُوهَا)، وێنای بەرپرسێتی هەڵگرتنی دین و دینداریی و، بانگەوازی خواویستی و، بزاڤی کۆمەڵکاریی دینی دەنوێنێت، کە وەکو کۆڵێکەو دەخرێتە سەرشان، ئەگەر سەرڕاستانە هەڵینەگرت، لێی دەبێتە باری کەر! چونکە هەردووکیان هەر هەڵگرتن (حَملَ)ـە، ئەمیان کۆڵ و، ئەویان بار.

- (ثُمَّ) پاشان، ئەم پیتە ڕێزمانەوانان پێی دەڵێن: (للتراخي)، واتە ماوەیەکی زەمان دەکەوێتە نێوان کرداری پێش ئەم و، کردارەکەی دوای ئەم.

لێرەشدا ئەم قەومانەی ئەهلی کیتاب، کە دەبوو، هەر لە سەرەتاوە سەرڕاستانە دینەکە وەرگرن و، پێوەی پابەندبن، بەڵام وا نەمان.

خوای گەورە بواری زۆری بۆ کردنەوەو مۆڵەتیدان، بەڵام دواتریش، هەر نەگەڕانەوە سەر سەرڕاستی دینداریێتی و سەلماندن و چەسپاندنی تەوڕات و ئینجیلەکە.

لەوەش دواتر، کە کۆتا پەیامی خوای گەورەش هات، کە دەبوو ئەمان یەکەمین پۆلی خەڵکی بن، کە باوەڕی پێدەهێنن، کەچی باوەڕیان پێنەهێنا.

دوای سێزدە ساڵی پێغەمبەرێتیش (لە مەککە) جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی هێنا بۆ مەدینەو لە نزیکیشەوە دیتیان، کەچی هەر باوەڕیان پێنەهێنا.

دەی دیارە کەرو بێ ئەقڵن، دەنا ئەگەر دیندارو خواناس بوونایە، دەبوو بە دینەکەی خۆیانەوە پابەندبن و باوەڕ بەمیش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بهێنن، بەڵام

دیارە گەلۆرو گەوج و گەوێلن.

﴿كَمَثَلِ ٱلۡحِمَارِ يَحۡمِلُ أَسۡفَارَۢا﴾

ئەوانە هەر وەكو كەرن، كە بارە كتێبی لێ‌نرابێت!

كەروبار:

١- لە ئەدەبیاتی هەموو قەومێكدا، هەندێك پۆلی مرۆڤ بە هەندێك ئاژەڵ و گیانلەبەر دەچوێنرێت. بە ئازا دەڵێن: دەڵێی شێرە، بە زۆرخۆر دەڵێن: دەڵێی مانگایە! بە فێڵباز دەڵێن: ڕێوییە، بە موزعیج دەڵێن: دەڵێی مێشە.. كورد بە پیاوی گەلۆر دەڵێ: كەرە! كە منداڵیش بوو دەڵێن: كەرۆكەیە! بە ئافرەتی گەلۆریش دەڵێن: دەڵێی ماكەرە.

٢- زەقترین سیفەتی كەر: كەرێتیە! واتە: گەوج و گەلۆرو بێئەقڵ! لە زۆر قەومدا وشەی (كەر) بۆتە جنێو!

٣- كەر هەر چەند باربكرێت، هەر چەند بارەكەی قورسبێت، هەر چەند ڕێگاكەی دووربێت هاوارێكی لێ بەرزنابێتەوە، لەقەیەك ناهاوێت، لە ژێر باردا دەمێنێتەوە، تا دەپسێت! بەڵام ئێستر، ئەگەر بارەكەی قورسبوو، خۆ ڕادەپسكێنێت، جووتە دەهاوێت، مان دەگرێت!

٤- كەر، ئەگەر بزەڕێ و، خاوەنەكەی، یان بیسەران ئیزعاج بكات، مشتێك خۆڵ دەكەنە دەمیەوە! ئیتر، یان دەبێ وابزانێت جۆیەو بە جووینیەوە خەریك بێت! یان هەر بە دان پاككردنەوەی خۆیەوە خەریك دەبێت!(١) .

٥- ئەم نموونەی كەرە، كە لێرەدا بارە كتێبی هەڵگرتووە.

- كتێب قورسە.

- سوودی بۆ گوێدرێژەكە نییە، نە بە بۆنكردنی، نە بە هەستپێكردنی.

---

(١) كاروانچی كورد كە بەنزیك ڕەبایەی حكومەتە داگیركەرەكاندا دەڕۆیشتن، خوڵیان دەكردە دەمی گوێدرێژەكانیان، یان بن كلكیان چەور دەكردن!! وادیارە ئەوانەش، كە ئەهلی تەوڕات و ئینجیل و قورئانن و ئینحیرافیانكردووە، پێویستە بەم شێوەیەئەم ڕەفتارانەیان لەگەڵدا بكرێت!

- ئەگەر بارەکەی لێکەنەوەو لەبەر دەمییدا داینێن، ناتوانێت ناخونەکێکیشی لێبدات! چ جای لێی بخوات، تەنانەت بۆنیشی پێخۆش نیەو دیمەنەکەشی، هیچ حەزێکی لا ناجوڵێنێت!

٦- ئەم کەرەی، کە بارەکتێبی هەڵگرتووە، کە کتێبەکان باسی زانست و دین بن، یان فەلسەفەو ئەدەب، یان نوکتەو قسەی پێکەنین، کەرەکە هیچ جۆرە سوودێکیان لێناکات. ئەو کەسانەی دینییان بە حەقیقەتی خۆی پێگەیشتووەو، بە تەواویی پێوەی پابەندنەبوون، وەکو ئەم کەرەن، بارە کتێبیان بارکردووە، بێئەوەی سوودی لێببینن.. لە تەمەنی خۆشماندا زۆرمان کەرمەلاو داعیی گوێدرێژو، بەرپرسی دینفرۆش بینی، کە بە تەئکید لە کەر خراپتربوون و، حەتمەن کەر سزای بارە کتێبەکەی ناکەوێتەسەر، بەڵام ئەو دینفرۆشانە بەر غەزەبی خوادەکەون.

٧- (شەنقیطی -رحمه الله) دەفەرموێ: دەبێت ئەهلی ئیمان زۆر بە حەزەر بن ، بە تایبەتی خوێندکارانی زانستی شەرعیی و هەڵگرانی دین، نەبادا ئەم ئایەتە بیانگرێتەوە، چونکە خوای گەورە دوای ئەم چواندنە بە گوێدرێژ دەفەرموێ: (بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ )الجمعة/٥، واتە بەڕاستی نموونەی ئەوکەسانە بەدو ناقۆڵاو دزێوە.

- ﴿بِئۡسَ مَثَلُ ٱلۡقَوۡمِ ٱلَّذِينَ كَذَّبُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ﴾ **الجمعة: ٥.**

- (بِئۡسَ) پیتێکە بۆ زەمکردن، پێچەوانەی (نِعۡمَ)یە، واتە: ئەو کەسانەی، کە ئایەتەکانی خوای گەورەیان بە درۆخستەوە، ڕەفتارێکی زۆر بەدو ناپەسەندیان کردووە، چونکە تاوانێکی گەورەی باوەڕنەهێنانیان بە قورئان و بە پێغەمبەرێتیی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئیزافەکردە سەر تاوانەکانی تریان: لە وەلکردنی حەقیقەتی دین و گۆڕینی تەوڕات و ئینجیل و، مشەخۆریی بە دین و دینداریی. ئەم ڕەفتارانە هەموویان لە خانەی (بە درۆخستنەوەی پەیامی خوا) دان! مانای پوختی ئایەتەکە ئەوەیە: بە ڕاستی ڕەفتاری بە درۆخستنەوە لە خەڵکیەوە بەدو ناقۆڵاو نەشیاوە، ئەمانەش نموونەی ئەو خەڵکە بە درۆخەرەوەیەن.

- ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلظَّٰلِمِينَ﴾ **الجمعة: ٥.**

خوای گەورە ڕێنمایی ستەمکاران ناکات.

١- ڕێسای گشتی ئایەتەکە ئەوەیە: کە هەر کەسێك ستەمکارو زاڵم و موجریم بێت شایانی هیدایەتی خوای گەورە نابێت. کەوابوو هیدایەت بەڵێ، بە دەست خوای گەورەیە، بەڵام حەتمەن ئەو کەسانە ڕێنماییان ناکات، کە خۆیان شایستەی هیدایەتی خوایی ناکەن. ستەمکردن و دەستدرێژییە کە لەو بەربەستانەی هیدایەتی خواییین.

هەروەها سیفەتی تریش هەیە، کە دەبێتە بەربەست، وەکو گیانی بەرەڵایی و نقوومبوون لە خراپەکاریی و لوتبەرزیی و ﴿وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ١٠٨﴾ المائدة: ١٠٨ و، ﴿وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي كَيۡدَ ٱلۡخَآئِنِينَ ٥٢﴾ یوسف: ٥٢ و، ﴿فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَن يُضِلُّ﴾ النحل: ٣٧ و، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ كَٰذِبٞ كَفَّارٞ ٣﴾ الزمر: ٣ و، ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَنۡ هُوَ مُسۡرِفٞ كَذَّابٞ ٢٨﴾ غافر: ٢٨.

٢- ئەو حاڵەتەی ئەم قەومانەی ئەهلی کیتابی تێکەوتووە، بەربەستی ڕێی هیدایەتدانی خوای گەورەیە بۆیان، ئەگەر ئەوان و غەیری ئەوانیش دەیانەوێت ڕێنمایی خوای گەورەیان پێببڕێت، دەبێت دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی ناشەرعیی خۆیان واز لێبهێنن و، سەرڕاستانە بەرەو دینی خوای گەورە بێن.

ئەمما لەو حاڵەتەیاندا، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و، ئایاتەکانیان بە درۆخستۆتەوە، ئەوە بە تەئکید لوتفی خوایان لێبڕاوەو لە ڕێنمایی خوایی مەحروومبون.

٣- (زەمەخشەریی -رحمەاللە) دەفەرموێ: خوای گەورە لە سێ لاوە، لاف و گەزافی جولەکەکانی بەتاڵکردەوە:

أ- جولەکەکان دەیانوت: ئێمە ئەولیای خواین و گەلی تایبەتی ئەوین، خوای گەورەش بە درۆیخستنەوە، کە دەی ئەگەر وایە، خۆزگەی مردن بخوازن، تا زوو بە دیداری خوای گەورە شاد بین: ﴿فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ الجمعة: ٦.

ب- گوایە ئەوان ئەهلی کیتابی خوایین و، وەکو عەرەبەکان نەخوێندەوارنین، کە هیچ کتێبێکی خواییان بۆ نەهاتووە! ئەوەتا وا قورئانیان بۆ هاتووەو لەبەردەستیاندایەو پارێزراوە، ئینجا ئەوانی چواند بە کەر، کە بارە کتێبی هەڵگرتووە!

ج- شانازییان دەکرد، کە ناوچەکە، کە ڕۆژی شەممانی قبوڵکردووە، کە ڕۆژێکی پیرۆزو تایبەت بە پشوو بێت، ئەوەتا خوای گەورە شەممەی ئەوانی ئیلغاکردەوەو، ڕۆژی هەینی پیرۆز کرد، کە بووە ڕۆژی پشووی هەفتە.

# دەرسی چوارەم

## ئایەتی ٦_٧

### ئایەتی شەشەم:

﴿قُلۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ إِن زَعَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ أَوۡلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ **الجمعة: ٦.**

واتە: بفەرموو: ئەی ئەو کەسانەی، کە خۆ بە هیدایەتدراو دەزانن و، لافی ئەوە لێدەدەن، گوایە: ئێوە ئەولیای خوای گەورەن و، ئەو چاودێرو ئاودێرتانە، تەنها ئێوە نەك خەڵکانێکیتر! جا ئەگەر ڕاستگۆن، دە خۆزگەی مەرگ بخوازن و، تەمەننای مردن بکەن، تا زووتر بگەنەوە بە خوای گەورە.

- (يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ هَادُوٓاْ):

- جولەکەکان، کە خۆیان پێ لە هەموو کەس چاکتر بوو (بێگومان ئێستاش هەر وان) دەیانوت: ئێمە لەسەر ڕێی هیدایەتی خوایین و، ئەو بەردەوام ڕێنماییماندەکات، چونکە گەلی هەڵبژاردەی خواین (شعب الله المختار) ..

لێرەشدا خوای گەورە بە تەوسەوە ئاوا بانگیاندەکات، وەکو بوترێت: ئادەی جەنابە هیدایەتدراوەکان، گەلە تایبەتەکەی خوای گەورە، چاکترین مرۆڤی لەخوانزیك، ئەگەر ڕاستدەکەن و وان، فەرموون خۆزگەی مردن بخوازن!

- (إِن زَعَمۡتُمۡ أَنَّكُمۡ أَوۡلِيَآءُ لِلَّهِ مِن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ).

- (إِن): ئەگەر: پێیدەوترێت: پیتی جازمە، کە دوو کردار جەزم دەکات، وەکو: (انْ تَدرُسْ تَنجَحْ) واتە: ئەگەر سەعی بکەیت، دەردەچیت.. ئەگەر سەعیت نەکرد ـواتە مەرجەکەت نەهێنایەدیی ـ کەوابوو دەرناچیت..

وەزیفەی ئەم (إِن)ـە، پەیوەستکردنی کرداری مەرجەکەو وەڵامەکەیەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَنصُرُواْ ٱللَّهَ يَنصُرۡكُمۡ وَيُثَبِّتۡ أَقۡدَامَكُمۡ ٧﴾ محمد: ٧.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر ئێوە دینی خوا سەرخەن، خوای گەورەش سەرتاندەخات.. سەرخستنی ئێوە بۆ دینەکەی، مەرجە بۆ ئەوەی، کە سەرتانبخات. ئەگەر واناکەن سەرکەوتنەکەتان پێنادرێت..

١- (زَعَمۡتُمۡ) لافوگەزاف لێدانە. کە خۆهەڵکێشان و باسکردنی شتێکە، کە زیاتر ئەگەری ناڕاستیێتی هەبێت، لە قورئانیشدا بەو مانایە هاتووە. وەکو دەفەرمویٚ:

- ﴿أَلَمۡ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزۡعُمُونَ أَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّٰغُوتِ وَقَدۡ أُمِرُوٓاْ أَن يَكۡفُرُواْ بِهِۦ﴾ النساء: ٦٠.

واتە: مەگەر نەتڕوانیوەتە ئەو کەسانەی، لافوگەزافی ئەوە لێدەدەن، گوایە: باوەڕیان بەو پەیامە هێناوە، کە بۆ جەنابت هاتۆتەخوارێ، هەروەها بەو پەیامانەش، کە پێش زەمانی جەنابت هاتوونەتە خوارێ، کەچی دەخوازن یەکلاییکردنەوەی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوانیان ببەنە لای طاغوت!! لە کاتێکدا فەرمانیان پێدرابوو، کە دەبێ شوێن طاغوت نەکەون و لێی تەبەڕابن ..

- ﴿زَعَمَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي لَتُبۡعَثُنَّ﴾ التغابن: ٧.

واتە: ئەوانەی دیدوڕێی کوفریان گرتۆتەبەر، لافوگەزافی ئەوە لێدەدەن، کە گوایە زیندوونا کرێنەوە! بەدیی، قەسەم بە خوای پەروەردگارم زیندوودە کرێنەوە...

- ﴿ لَّقَدۡ جِئۡتُمُونَا كَمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةِۭۚ بَلۡ زَعَمۡتُمۡ أَلَّن نَّجۡعَلَ لَكُم مَّوۡعِدٗا ﴿٤٨﴾ الكهف: ٤٨.

واتە: هەر بەو شێوەو چۆنیەتییەی یەکەمینجار خەلقمانکردن، هەر ئاوا هاتنەوە لامان، لافوگەزافی ئەوەتان لێدەدا، کە گوایە: ئێمە هیچ کاتێك بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ئێوەدا دیاریناکەین!

- ( زَعِيمٌ ): ئەوە مانای سەرۆك و ئۆباڵگرو کەفیلە، کە بەرپرسێتی شتێکی دەکەوێتە سەر، بۆیە سەیدنا (یوسف -عَلَيهِ السَّلَام ) فەرمووی: ﴿ وَلِمَن جَآءَ بِهِۦ حِمۡلُ بَعِيرٖ وَأَنَا۠ بِهِۦ زَعِيمٞ ﴾ یوسف: ٧٢

واتە: هەر کەسێك (پێوەرە دزراوەکەی دانەوێڵەکە) بدۆزێتەوەو بیهێنێتەوە بۆمان، ئەوە باری حوشترێك خەڵات وەردەگرێت، منیش کەفیل (زامن)ی دەستکەوتنی ئەو بارە حوشترە خەڵاتەم.

٢- جولەکەکانی مەدینەش ئەم لاف و گەزاف لێدانەیان لە خۆپەسەندیاندا بوو، کە لە ڕەفتار (گوفتارو کردارو بڕیار)یاندا دەردەکەوت:

أ- دەیانوت: ئێمە کوڕی تایبەتی خواین! ﴿ وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥ ﴾ المائدة: ١٨.

واتە: جولەکەو دیانەکان دەیانوت: ئێمە ئەولادو ئەحباب (خۆشەویستان)ی خوای گەورەین!

لەوەشدا خوای گەورە ڕەددی لێدانەوە: ﴿ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ بَلۡ أَنتُم بَشَرٞ مِّمَّنۡ خَلَقَ ﴾ المائدة: ١٨.

واتە: دەی ئەگەر وایە، بۆچی گوناح و تاوانکارییەکانتان، لەسەر هەژمارد دەکات و سزاتان دەدات لەسەریان؟! نا ئێوە هەر وەکو ئەو خەڵکەیترن، کە خەلقیکردوون.

ب- دەیانوت: ئێمە ئەهلی بەهەشتین، هەندێکمان نەبێت لەوانەی گوێرەکەکەیان پەرست! ئەمانەمان بۆ ماوەیەك سزا دەدرێن و بەس.

خوای گەورە ڕەددی لێدانەوەو فەرمووی:﴿قُلۡ إِن كَانَتۡ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةٗ مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ﴾ البقرة: ٩٤.

واتە: بفەرموو: ئەگەر ڕاستەو بەهەشتتان مسۆگەرەو، خوای گەورە بە تایبەت هەر بۆ ئێوەی دادەنێت و نایداتە کەس، ئەگەر ڕاستگۆن، دەی سا خۆزگەی زوو مردنتان بخوازن، با زوو بمرن و بگەنە ئەو بەهەشتەی خوای گەورە!

ج- ڕەفتاری هاوشێوەیان ئێجگار زۆر بوو، چونکە، تا دوا پلە بەرامبەر خوای گەورە و نێرراوەکانی (عليهم السلام)، بێئەدەببوون، بە تایبەتی بەرامبەر سەیدنا (موساو هارون)، (عليهما السلام)، لە دەیان شوێنی قورئاندا زەمکردنیان _سەرەنجامی ئەو ڕەفتارە لوتبەرزانەیان_ هاتووە.

٣- ئەگەر ڕاستدەکەن خۆشەویستانی خوای گەورەن و، ئەهلی بەهەشتن و ئەولیان و، لە خوا نزیکن و پاداشتتان مسۆگەرە، ئێ چیتان لە دنیا داوە؟ بۆچی داوای مەرگ ناکەن؟ ئێوە، کە بە مردن یەکسەر بگەنە خوای گەورەو بەهەشت و پلەو ڕێزەکەی، ئیدی بۆچی خۆزگەی مردن ناخوازن و، بە پێچەوانەوە لە هەموو کەس سوورترن لەسەر ژیان! هەر جۆرە ژیانێك و لە هەر ئاستێکدا بێت!

﴿ وَلَتَجِدَنَّهُمۡ أَحۡرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٖ ﴾ البقرة: ٩٦.

واتە: دەیانبینیت سوورترین کەسن لەسەر ژیان، هەر ژیانێك بێت![1]

---

(١) (حَيَاة) لێرەدا نەکیرەیە، واتە هەر جۆرە حاڵەتێك بێت، هەر ژیان بێت، ئەگەرچی ژیانی زەلیلیی، وەکو ژیانی سەگیش بێت! یان ژیانی دوورەپەرێزیی وەکو گورگیش بێت! سەیری دەوروبەرت بکەو ببینە چەند هەزار موسوڵمان ئەمە سیفەتێتی!

لێرەدا خوای گەورە دەیانخاتە سەر گومان و دوودڵی لە قسەکانیان، تا هۆشیان بێتەوەو ڕێگا ڕاستەکە بگرن، بە مانایەکیتر: ئێوە کە مردن ناخوازن و، هەر سوورن لەسەر مانەوەتان لە ژیاندا، کەوا بوو ئەوەتان ڕاست نیە. کە دەڵێن: ئەولیاو ئەحبابی خوای گەورەین و بەهەشتمان مسۆگەرە! چۆن و بە چ بەڵگەیەك ئەمەتان لا دروستبووەو لێشتان بۆتە بەڵگەنەویست؟!

٤- پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (مَنْ أَحَبّ لِقَاءَ اللّهِ أَحَبّ اللّهُ لِقَاءَهُ وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللّهِ كَرِهَ اللّهُ لِقَاءَهُ).(١)

واتە: هەر کەسێك حەز بە دیداری خوای گەورە بکات، خوای گەورەش حەز بە دیداری ئەو دەکات، هەر کەسێك دیداری خوای گەورە ببوغزێنێت، خوای گەورەش دیداری ئەو دەبوغزێنێت.

٥- ﴿فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ٦﴾:

ئەمە دوو واتا هەڵدەگرێت، کە ئەهلی تەفسیر لێکیانداوەتەوەو، هەر یەکەیان یەکێکیانی پێ پەسەند بووە:

أ- ئەگەر ڕاستدەکەن و ئەولیاو ئەحبابی خوای گەورەن، دەی خۆزگەی مردن بخوازن، تا زووتر بگەنە خوای گەورە.

ب- ئەمە داوای (موباهەلە)یە، واتە: ئەگەر ئێوە ڕاستدەکەن ئەهلی دینی خوان و ئەولیای ئەوون و، لەسەر ڕێنمایی خواییین و موسوڵمانان لەسەر گومڕاییین، دەی سا وەرن دوعای مردن لەو کەسە بکەین، کە لەسەر گومڕاییە، ئەمەش لێکدانەوەیەکی پەسەندە.

---

(١) بوخاری (٦٠٤٢)، موسلیم (٢٦٨٣).

٦- داوایان لێدەکات: کە خۆزگەی مردن بخوازن! هەر تەمەننای بکەن، نەك خۆیان بەکوشتبدەن!! کەچی ئامادەی تەمەنناکردنیشی نین، ئەمە کۆتا پلەی دنیاویستیانە، کە کەسیان نایانەوێت بە قسەش بڵێن: ئامادەین بمرین! ئەوە سیفەتی هەموو ئەهلی کوفرە، ئێستا لە ڕۆژئاوا، لە هیچ بوارێکدا، ناهێڵن مردنیان بێتە خەیاڵ! هەر باسیناکەن، تەنانەت پەنجا کەس ناچنە ناشتنی مردووەیەکیان! گۆڕستانیشیان هەمووی باخ و گوڵ و چیمەن و جوانی ژیانە، تا لەوێش مردنیان بیرنەکەوێتەوە!

٧- خوای گەورە کە بە دوو جار مەرج بە ﴿إِن﴾ دەفەرموێ:﴿إِن زَعَمۡتُمۡ﴾﴿إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ﴾ **الجمعة**: ٦، دەی سا هەر جارێك بڵێن: دەخوازین بمرین! بەڵام نایڵێن. بۆیە خوای گەورە لە ئایەتی داهاتوودا دەفەرموێ:﴿وَلَا يَتَمَنَّوۡنَهُۥٓ أَبَدَۢا﴾ واتە: هەتا هەتایە خۆزگەی مەرگ ناخوازن! (أَبَدَۢا) !

لە سورەتی (بەقەرە)دا بە هەموو شێوەکانی نەفیکردنی هەتاهەتایی (وَلَن) دەفەرموێ: ﴿قُلۡ إِن كَانَتۡ لَكُمُ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ عِندَ ٱللَّهِ خَالِصَةٗ مِّن دُونِ ٱلنَّاسِ فَتَمَنَّوُاْ ٱلۡمَوۡتَ إِن كُنتُمۡ صَٰدِقِينَ ۝٩٤ وَلَن يَتَمَنَّوۡهُ أَبَدَۢا بِمَا قَدَّمَتۡ أَيۡدِيهِمۡۚ وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ۝٩٥ وَلَتَجِدَنَّهُمۡ أَحۡرَصَ ٱلنَّاسِ عَلَىٰ حَيَوٰةٖ﴾ **البقرة: ٩٤ - ٩٦.**

واتە: بفەرموو: ئەگەر ڕاستەو بەهەشتتان مسۆگەرەو، خوای گەورە بە تایبەت، هەر بۆ ئێوەی دادەنێت و نایداتە کەس، ئەگەر ڕاستگۆن، خۆزگەی زوو مردنتان بخوازن، با زوو بمرن و بگەنە ئەو بەهەشتەی خوای گەورە! بەڵام هەرگیزاو هەرگیز، هەتاهەتایە جارێك خۆزگەی مەرگ ناخوازن! چونکە خۆیان دەزانن، چەندیان گوناح وتاوان و سەرپێچییکردووە.. بۆیە دەیانبینیت سوورترین کەسن لەسەر ژیان، هەر ژیانێك بێت..

٨- موسوڵمانیش، هەر چەند خواناس و خواپەرست بێت، هەر چەندە پیاوچاك بێت، ناوێرێت بڵێ: بەهەشتم مسۆگەرە، چونکە خوای گەورە موحاسەبەیدەکات و

ئەوانەی دەهێنێتەوە بەردەم، کە کردوونی و بیریچوونەتەوە! بەڵام موجاهیدی نیەت پاك، کە چۆتە مەیدانی جیهادەکەوە، تەمەننای شەهیدبوونەکە دەکات، چونکە دەزانێت مادام نیەتی لەبەرخاتری خوا پاککردۆتەوە، شەهیدبوونیش هەموو گوناحەکانی دەسڕێتەوەو، ڕەزامەندی خوای گەورە مسۆگەردەکات، بۆیە ڕاستگۆیانە داوایدەکات. چەندەها نموونەی ئەمە لە یاوەراندا هەیە.

(عومەیری کوڕی حومام -خوا لێی ڕازی بێت) بێگوێدانە دنیاو ژیان، خۆی خستە گۆنگەڵی شەڕە شمشێرەوەو فەرمووی:

رَكْضًا إِلَى اللـه بِغَـــيْرِ زَادِ ... إِلاَّ الْتُّقَـى وَعَمَـلَ المَعَـادِ
وَالْصَّبْرَ فِي اللَّهِ عَلَـى الْجِهَـادِ ... إِنَّ الْتُّقَى مِنْ أَعْظَمِ الْسَّدَادِ
وَخَــيْرُ مَـا قَـادَ إِلَى الرَّشَـادِ ... وكُـــلُّ حَـيٍّ فَــإِلَى نَفَادِ.[1]

ب - (جەعفەری کوڕی ئەبوطالیب -خوا لێی ڕازی بێت)، کە ئامۆزای پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرماندەی جەنگی (موئتە) بوو، لەگەڵ خۆهەڵدانە بەر شمشێری ڕۆمدا فەرمووی:

يَا حَبَّــذَا الْجَنَّــةُ وَاقْتِرَابُهَا ..... طَيِّبَــةٌ بَــارِدَةٌ شَــرَابُهَا
وَالرُّومُ رُومٌ قَدْ دَنَا عَذَابُهَا ..... عَلَيَّ إِنْ لاقَيْتُهَا ضِرَابُهَا .[2]

---

(١) موسلیم (١٩٠١)، ئەحمەد (١١٩٩٠). واتە:
_ بە ڕاکردن بێ گەنجینەی قیامەتم بەرەو خوا ڕادەکەم... غەیری تەقواکاریی و کاری پاشکەوتم بۆ قیامەتم هیچیترم پێنییە.
_غەیری ئارامگرتن لەسەر جیهادەکە شکنابەم... بەڕاستی تەقواکاریی لە ڕاستترین هۆکاری هیدایەت و پابەندیی سەرراستانەی دینداریيە.
_ هەر تەقواکارییە، کە ڕێنیشاندەرییت دەکات و، دەتبات بەرەوە پەیپێبردن و ئەقڵ پێشکان... بڕۆ، هەر هەموو زیندوویەك بەرەو نەمانی دەڕوات...
(٢) نەسائی: السنن الكبرى (١٦٩٨٩)، ترمذی (١٥٣٦)، ئەحمەد (٢٣١١١)، سحیحی ئیبنوحیببان (٤٨٥٩). شێخی ئەلبانی رحمەالله لە (صحيح سنن أبي داود/ ٢٥٧٣)دا دەفەرموێ: حەسەنە.

ج- هەر لەو جەنگەدا دوای (جەعفەر)، (عبدالله کوڕی ڕەواحە -خوا لێی ڕازی بێت) بوو بە فەرماندەو، ئەویش پێش شەهیدبوونی فەرمووی:

لَكِنَّنِي أَسْأَلُ الرَّحْمَنَ مَغْفِـــرَةً ..... وَضَرْبَةً ذَاتَ فَـرْغٍ تَقْذِفُ الزَّبَدَا
أَوْ طَعْنَةً بِيَدَيْ حَــرَّانَ مُجْهِزَةً ..... بِحَرْبَةٍ تُنْفِــــذُ الْأَحْشَاءَ وَالْكَبِـدَا
حتَّى يُقَالَ إِذَا مَرُّوا عَلَى جَدَثِي ..... أَرْشَدَهُ اللَّهُ مِنْ غَازٍ وَقَدْ رَشَدَا [1]

---

(١) ابن هشام :السيرن النبوية ٢١/٤ واتە:
_بەڵام من داوای لێخۆشبوونێك لە خوای بەبەزەیی دەکەم..... لەگەڵ زەربەیەکدا، کە وا پێم بکەوێت خوێنم فیچقەبکات و کەفی لێ هەستێت.
_ یا شمشێرێکی قورس، کە خاوەنەکەی بە هەردوودەستی وا بە سکمیداکات... کە بگاتە جەرگ و دڵم و ڕیخۆڵەکانم ببڕێت.
_ وام لێبێت، کە هەر کەسێك بە لای گۆڕەکەمدا تێپەڕی بڵێ:..... خوای گەورە ڕێنیشاندەری بێت، بە ڕاستی غەزایکردو سەرکەوتووبوو..

**ئایەتی حەوتەم:**

﴿وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ أَبَدًۢا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ ۚ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ﴾

واتە: هەتاهەتایە ڕازی نابن، خۆزگەیەك بۆ مەرگیان بخوازن، چونكە دەزانن چ گوفتارو كردارو بڕیارێكیان هەبووە، دەزانن چەند دیدڵێل و ڕێ وێڵ و، بزاوت چەوت و هەڵوێست لارو سەرخوار بوون، چەند نیەت پیس و كردەوە پووچەڵبوون، بۆیە تەمەنناناكەن بمرن، لە ترسی لێپرسینەوەشیانە، كە ئەوەندە سوورن لەسەر مانەوەو نەمردن، خوای گەورە ئاگاداری ستەمكارانە.

- (يَتَمَنَّوْنَهُۥٓ) تەمەنناكردن: خۆزگەخواستن، واتە: بەهیوابوونی هاتنە دیی شتێك بەو شێوەیەی دەخوازرێت بێت. وەكو: خۆزگەخواستنی سەلامەتیی و دەرچوون و قازانج و سەركەوتن و هیتر، زۆرینەی خۆزگەخوازیی، هەر ئومێد بەستنێكە، بێئەوەی هۆكارەكانی هاتنەدیی، گیرابێتەبەر.

لێرەدا، كە داوا لە جولەكەكان كرا، كە ئەگەر ڕاستدەكەن ئێوە ئەولیاو ئەحبابی خوای گەورەن و بەهەشتتان مسۆگەرە، یان ڕاستدەكەن ئێوە ئەهلی هیدایەت و دینی ڕاستی خوای گەورەن و، خەڵكیتر -بە تایبەتی موسوڵمانەكان- ئەهلی گومڕایی و نادینیین، دەی سا خۆزگەی مردن بخوازن، ئەگەر خۆزگەكەشتان هاتەدیی، ئەوە بەر ڕەزامەندی خوای گەورە دەكەون و، دەچنە بەهەشت و لە ماندووبوون دەحەسێنەوە؟

ئەگەر داوای مردنتان وا كرد، كە خوای گەورە بیدات بەسەر ئەو كەسەدا، كە خۆی وا دادەنێت، كە لەسەر دینی خواییەو بەرامبەرانی لەسەر دینی هەواو هەوەسن، با خوای گەورە بەرامبەرەكانتان بفەوتێنێت، بەڵام ئەمانە ناوێرن خۆزگەی مەرگ بخوازن، هەتا هەتایەش توخنی خۆزگەیەكی وا ناكەون، چونكە لە لایەكەوە دەزانن، چ كارو كردەوەیەكی بەدكاریی و خراپیان كردووە، چ گوناح و تاوانێكیان لە ئەستۆدایە، چ دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستێكی خوا نەویستانەیان گرتۆتەبەر، لەبەرئەوە نایانەوێت، نە بمرن و نە تەمەننای مردنیش بكەن، چونكە دەزانن دوای مردن موحاسەبەكردنی خوای گەورە دێتەڕێیان و، بەتەئكید دەكەونە بەر سزای خوای گەورە.

لە لایەكی تریشەوە ناوێرن دوعای وا بكەن، كە خوایە! هەر كام لە ئێمە، یان

ئەوان، لەسەر گومڕایی و دوور لە دینی تۆیە، نابووتی بکەو بەفەتارەتی بگەیێنە! ئەمە ناکەن، چونکە دەزانن خۆیان بەرامبەر خوای گەورەو پێغەمبەرەکانی (علیهم السلام) چەند بێ ئەدەب بوون، بەرامبەر سەیدنا (موسا)و سەیدنا (هارون)، (علیهما السلام)و، ئێستاش بەرامبەر کۆتا پێغەمبەرەکەی خوا (علیه الصلاة والسلام). دەزانن چەندیان لە دینی خوا گۆڕیووەو چۆن و بۆچی؟ دەزانن چەندیان دین و تەوڕات و شەریعەت ئیستیغلالکردووەو، بەرژەوەندیی و هەواوهەوەسی خۆیانیان پێهێناوەتەدیی.

بۆیە نایانەوێت داوای مردن بۆ لادەرانی دینی خوایی بکەن، چونکە دڵنیان خۆیان دەگرێتەوە، چونکە قورئانیش ئەوەی خستبووە یادیان، کە حەتمەن ئەوانیش وەکو هەر خەڵکانێکیتر، گیرۆدەی گوناحیان دەبن و، خوای گەورە سزایاندەدات لەسەریی، وەکو کە دەفەرموێ:

﴿وَقَالَتِ ٱلۡيَهُودُ وَٱلنَّصَٰرَىٰ نَحۡنُ أَبۡنَٰٓؤُاْ ٱللَّهِ وَأَحِبَّٰٓؤُهُۥۚ قُلۡ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُمۖ﴾ المائدة: ١٨.

واتە: جولەکەو دیانەکان دەیانوت: ئێمە ئەولادو ئەحباب (خۆشەویستان)ی خوای گەورەین!

- (وَٱللَّهُ عَلِيمُۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ) خوای گەورە ئاگادارە لە حاڵ و نیەت و گوفتارو کردارو بڕیاری زاڵمان، بێگومان جولەکەکانیش لەو زاڵمانەن، کە هەم زوڵمیان لە خۆیان و لە ڕەعیەتەکانیان دەکرد، هەم زوڵمیان لە موسوڵمانان دەکرد.

گەورەترین زوڵمیان: گۆڕینی ئەحکامی دینەکەیە، کە دەبوو ئەوان -کە پەیامی خواییان بۆ هاتووەو حەقیان بۆ ڕوونکراوەتەوە- پێوەی پاندنبوونایەو، ببوونایە بە شاهید لەسەر دیدوڕێ و بزاوت و هەڵوێستی خەڵکی لە دین ودینداریی، بەڵام ئەمان ئەوەیان نەکردو ڕاستی دینەکەیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان شاردەوە، ئەمەش زوڵمێکی گەورەیە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَظۡلَمُ مِمَّن كَتَمَ شَهَٰدَةً عِندَهُۥ مِنَ ٱللَّهِۗ﴾ البقرة: ١٤٠.

واتە: کێ لەو کەسە زاڵمترە، کە شاهیدییەکی حەقی خوایی لەلایە _لە جیاتی ڕوونکردنەوەی_ دەیشارێتەوە..

## دەرسی پێنجەم

### ئایەتی هەشتەم:

﴿قُلۡ إِنَّ ٱلۡمَوۡتَ ٱلَّذِي تَفِرُّونَ مِنۡهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمۡۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ﴾ **الجمعة: ٨.**

واتە: بفەرموو: ئەو مردنەی ئێوە لە دەستی هەڵدێن، هەر دێتە ڕێتان، پاشانیش، هەر دەگەڕێتەوە لای خوای گەورە، کە ئاگاداری نادیارو دیارە، شارەزاو زانای پەنهان و ئاشکرایە، جا ئەو کارو کردەوانەتان دەخاتەوە پێشچاو، کە ئەنجامتانداون.

١- هەڵاتنتان لە مردن ئەستەمە، خۆ دزینەوەشتان لە موحاسبەی لای خوای گەورە، مەحاڵە، چونکە مردن دیاردەیەکەو خۆتان ڕۆژانە دەیبینن و، کەسی لێ کەنارنەدراوە، نە سەیدنا (موسا)ی پێغەمبەرتان (عَلَيهِ السَّلَام)و، نە فیرعەونی دەسەڵاتداری دوژمنتان. ئیتر چۆن وا دەزانن مردنتان ناگاتێ، کە دەشزانن موحاسەبەکەش بە دوای مردنەکەدا دێت!

شێخ (حەسەنی بەسریی -رحمەالله) لە (سەمورە)وە، (خوا لێی ڕازی بێت)، فەرموودەیەکی (مەرفوع) دەگێڕێتەوە: کە نموونەیەکی جوانی هەڵاتنە لە مردن کە دەفەرمویێ: (مَثَلُ الَّذِي يَفِرُّ مِنَ الْمَوْتِ كَمَثَلِ الثَّعْلَب، تَطْلُبُهُ الْأَرْضُ بِدَيْن فَجَعَلَ يَسْعَى حَتَّى إِذَا أَعْيَا وَابْتَهَرَ دَخَلَ جُحرَهُ فَقَالَتْ لَهُ الْأَرْضَ: يَا ثَعْلَبُ دَيْنِي، فَخَرَّجَ وَلَهُ

حُصَاصٌ فَلَمْ يَزَلْ كَذَلِكَ حَتَّى تَقَطَّعَتْ عُنُقُهُ فَمَاتَ).[١]

واتە: نموونەی ئەو کەسەی کە لە مردن هەڵدێ، وەکو ڕێویەکە، کە زەوی داوای قەرزی لێبکات، ئەمیش (ڕێویەکە) لە دەستی هەڵبێت و ڕابکات، تا ئەو کاتەی بە تەواویی ماندوو دەبێت و توانای ڕاکردنی نامێنێت، خۆ دەخزێنێتە کونەکەی خۆیەوە، هەر بەوەندەی دەگاتە ناوی، زەوی پێی دەڵێتەوە ئەرێ ڕیۆی، کوا قەرزەکەم! لە کون دەردەپەڕێت و دیسان دەکەوێتەوە ڕاکردن، تا هەناسەی لەبەر دەبڕێت و دەمرێت.

مردن حەقیقەتێکی ڕەهایە، واتە: بێڕادەو بێبڕو بێسنوورە، حەقیقەتێکە، هیچ کەسێك گومانی تێدا نیە، کە هەیە، چونکە لەوەتای مرۆڤایەتی هاتۆتە سەرزەمین، مردنیش دیاردەیەکی بەرچاوانەو ڕۆژانە دەبینرێت،

خوای گەورە بە ئایەتی حەقیقەتی ڕەهای خۆی دەفەرموێ: ﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَآئِقَةُ ٱلْمَوْتِۗ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ﴾ آل عمران: **١٨٥**.

واتە: هەموو خاوەن ڕۆحێك دەبێ شەرابی مەرگ بنۆشێت، جا لە ڕۆژی قیامەتدا پاداشتی کردەوەکانتان وەردەگرنەوە.

شێخ (حەسەنی بەسریی -رحمەاللە)._کە بەوەش بەناوبانگ بوو، کە وتەکانی لە فەرمایشتی پێغەمبەران دەچن_ ڕۆژێك لەسەر جەنازەیەك فەرمووی: (مَا رَأَيْتُ يَقِينًا لا شَكَّ فِيهِ أَشْبَهَ مِنْ شَكٍّ لا يَقِينَ فِيهِ مِنْ أَمْرِنَا هَذَا).[٢]

واتە: دڵنیاییەکم نەدی گومانی تێدا نەبێت، وەکو گومانێك، کە دڵنیایی تێدا نەبێت،وەکو ئەمەی بەردەستمان (واتە: مردن).. چونکە مردن هەقە، بەڵام کەس نازانێت، کەی و چۆن و بۆ کێ دێت؟!

---

(١) طەبەرانی لە: المعجم الكبير (٦٩٢٢)، ئەلعوقەیلی لە (الضعفاء ٢٠٠/٤)دا هێناویەتەیەوە کە زەعیفە.

(٢) ابن أبي الدنيا: اليقين ژمارە (٤٣).

٣- مردن موعجیزەیە، کردارێکی خوای گەورەیە:﴿خَلَقَ ٱلۡمَوۡتَ وَٱلۡحَيَوٰةَ﴾ الملك: ٢.

واتە: خوای گەورە مردن و ژیانی خەلقکردووە.

مردن و مراندن، ژیان و ژیاندن لە هەموو سات و ئانێکدایە، لە ڕۆژێکدا سەدان هەزار حاڵەتی مردن و، سەدان هەزار حاڵەتی ژیان لە مرۆڤدا ڕوودەدات! ملیارەها حاڵەتی ژیان و مردن لە چرکەیەکدا ڕوودەدات!

هەر لە بەدەنی خۆتدا، هەر (سی و شەش) ڕۆژ، سێڵەکانی پێستت دەمرن و، سێڵی زیندووی نوێ دێنە شوێنیان، سێڵەکان بە زیندوویی دێنە شوێنیان، نەك جەستە زیندوویان بکات!! سێڵە مردووەکانیش، مردنیان بەسەردا دێت، جەستە بەسەریاندا ناهێنێت!

ئەستێرە هەیە، یەك ملیۆن ساڵ لەمەوبەر مردووە، کەچی ئێستا تیشکەکەی دەگاتە نزیکی زەوی!!

پێنج مێروولەی سپی، لەبەردێکی کریستاڵییدا لە (ئوستراليا) دۆزرانەوە، کە پسپۆڕان مەزەندەیان کردووە، کە (٦٥) شەست و پێنج ساڵ لەمەوبەر لەوێدا مردوون! لە هەمان جۆری مێروولەی سپی ئەم سەردەمەشن!

ئیتر (داروین) بەیت و باڵورەی چی لێدەدا، کە گوایە: مرۆڤ لە مەیمون(شەمپانزی)یەوە هاتووەو، ژیانیش لە میکرۆبێکەوەیەو، میکرۆبەکەش لە ئەستێرەیەکەوە پێش ملیۆنەها ساڵ هاتووە !![1]

---

(١) لە مەلای مەشهووریان پرسی: ئەستێرەی ئاسمان چەندن؟ وتی: دە هەزار.. بە سەرسامییەوە وتیان: چۆن ئەو هەموو ئەستێرە زۆرە هەر دە هەزارن؟ وتی: من وا دەڵێم، ئەوەی باوەڕم پێناکات، با بچێت بیانژمێرێت..

(داروین)یش وا دەڵێ!!! دەڵێ: ئەوەی باوەڕی بە (تطور)ەکەی من نییە، کە هەر هەموو ژیان و زیندەوەران لە میکرۆبێکەوە هاتوون، کە ئەویش لە ئەستێرەیەکی ترەوە هاتووە، با خۆی بڕوات بە دوای ئەو میکرۆبەداو خۆی پێ بناسێنێت!!

٤- مردن لە ڕواڵەتدا پەیوەندی بەهۆکارەوە هەیە، دەنا لە حەقیقەتدا فەرمانێکی خوای گەورەیەو بڕیارێکی قەدەرییە، کە کات و شوێنی هات، هۆکار هەبێت، یا نەبێت، مردنەکە دێت و ژیانەکە کۆتایی پێدێت.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿أَيْنَمَا تَكُونُوا يُدْرِككُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ فِي بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ﴾ النساء: ٧٨.

واتە: لەهەر کوێیەك بن، با لە قەڵاو قوللەی مەحکەمیشدا بن، مردنتان هەر دەگاتێ.

هەموو ئایەتەکانی مردنیش تەئکید لەم حەقیقەتە عەقائیدییە دەکەنەوە، کە بەداخەوە موسوڵمان لێی غافڵبوون، ئاخر ئەوە ترسنۆکییە، کە دەیان حەقیقەتی وای لە بیربردونەتەوە.

ئیمامی (شافیعی -رحمەالله) دەفەرموێ:

تَـزَوَّدْ مِنَ التَّقْـوَى فَإِنَّـكَ لاَ تَـدْرِي إِذَا جَـنَّ لَيْـلٌ هَلْ تَعِيشُ إِلَـى الفَجْـرِ
فَكَمْ مِنْ صَحِيحٍ مَاتَ مِنْ غَيْرِ عِـلَّةٍ وَكَمْ مِنْ سَقِيمٍ عَاشَ حِينًا مِنَ الدَّهْـرِ
وَكَمْ مِنْ فَتَى أَمْسَـى وَأَصْبَحَ ضَاحِكـًا وَأَكْفَانُهُ فِـيْ الغَيْبِ تُنْسَجُ وَهُوَ لاَ يَدْرِي[1]

---

(١) گەنجینەت لە تەقواکاریی پڕ، کە چونکە نازانیت، کە شەوت لێهات دەژیت، تا سپێدەی سبەی یان نا؟!
چەندەها لەش ساغ، بێ هەبوونی هیچ هۆیەك مردن، چەندەها نەخۆشیش تەمەنێکی درێژتریان بردە سەر.
چەندین لاو بە پێکەنینەوە شەوو ڕۆژی بەسەربرد ئاگای لێنەبوو، کە وا لە نادیاردا کفنی بۆ دەدوورن!

## دەرسی شەشەم

### ئایەتی ٩_١٠

**ئایەتی نۆیەم:**

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوۡمِ ٱلۡجُمُعَةِ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَۚ ذَٰلِكُمۡ خَيۡرٞ لَّكُمۡ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ﴾ **الجمعة: ٩.**

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر ڕۆژی هەینی بانگدرا بۆ نوێژ (نوێژی جومعە)، خێرا خۆبگەیێننە زیکری خوای گەورەو، کڕین و فرۆشتنانی بۆ وەلکەن، ئەوەتان چاکترە، ئەگەر پەی پێببەن و بزانن.

١- ئەم ئایەتانە، کە تەوەری سوڕەتەکەن، پەیوەندی سەرەکیان بە چوار ئایەتی پێشترەوە هەیە (٥-٨)، کە وەکو (زەمەخشەریی -رحمەالله) فەرمووی: ڕەتکردنەوەی دیدو بۆچوون و بزاوت و هەڵوێستی جوولەکەکانە، لە چەندین هەڵوێستیاندا، وەکو ئەوەی، کە گوایە: تەنها ئەوان لە سەر دینی حەقن و، سەیدنا محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ئەوان نەهاتووە، بەڵکو بۆ ئوممەتە نەخوێندەوارەکەی عەرەب هاتووە، هەروەها ئەو لافوگەزاف لێدانەیان، کە گوایە: ئەوان کوڕی خواو خۆشەویستانیو گەلی هەڵبژاردەی ئەون و بەهەشتیان مسۆگەرە، یا ئەوەی، کە ڕۆژی شەممانی ئەوان پیرۆزە، چونکە ڕۆژی حەوانەوەی خوای گەورەیە! بۆیە ئەمانیش کردوویانە بە ڕۆژی پشوودانی مرۆڤ.

خوای گەورە لە ئایەتەکانی پێشوودا دوو خاڵی یەکەمین و دووەمینی ڕەتکردنەوەو، لێرەشدا خاڵی سێیەمیانی پووچەڵکردۆتەوە، بەوەی، کە بڕیاریدا: ڕۆژی هەینی پیرۆزبێت و نوێژی هەینیی تێدابکرێت.

٢- جومعە و جوموعە هەردووکیان زاراوەی خەڵکی ئەو سەردەمەی حیجاز بووە، کە پێشتر بەو ڕۆژە دەوترا: (عەروبە).

- (الصَّلَاةِ) نوێژە. بەڵام ئەو ئەلف و لامەی لەسەرێتی (الـ) ئەلف ولامی عەهدییە. واتە نوێژەکەی جومعە، کە ئەوانیش دەیانزانی کام نوێژە مەبەستە، چونکە پێش هاتنەخوارەوەی ئەم ئایەتەش دەکرا، بەڵام ئایەتەکە تەئکیدی لە فەڕزبوونی نوێژی جومعە کردەوە.

- (بەیهیقیی) لە (زوهری)یەوە دەگێڕێتەوە: کە کاتێك (موصعەبی کوڕی عومەیر -خوا لێی ڕازی بێت) هاتە لای خەڵکی مەدینە، تا دینەکەیان فێربکات، نوێژی جومعەشی بۆ دامەزراندن. ئیتر موسوڵمانان پێش تەشریفهێنانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی جومعەیان دەستپێکرد، کە دەشێت هەواڵی گەورەیی ڕۆژی هەینی بە خەڵکی مەدینە گەیشتبێت و، ئەو بڕیارەیان بە (موصعەب) دابێت، یان دەشێت ئەو ڕیوایەتە ڕاستتربێت، کە (ئیبنوسیرین) دەگێڕێتەوە: کە پشتیوانانی مەدینە لە ناو خۆیاندا دەیانوت: جوولەکەکان ڕۆژی شەممەیان لا پیرۆزەو بۆ خواپەرستیی تێیدا کۆدەبنەوە، مەسیحیەکانیش ڕۆژی یەکشەممان، دەی سا با ئێمەش ڕۆژێك دیاریبکەین، تا بۆ خواپەرستیی تێیدا کۆببینەوە. ئینجا ڕۆژێك زۆر لەم خاوەن ڕایانە چوونە لای (ئەسعەدی کوڕی زورارە)، کە لە پیاوماقوڵانی مەدینە بوو، ئەویش ڕازیبوو، کە ڕۆژی هەینی دیاریبکەن و، ئەویش نوێژی هەینی بە دوو ڕکات پێکردن.

ئەمما یەکەمین نوێژی جومعە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە موسوڵمانانی کرد، وتمان: کە ڕۆژی پێنجەمی هیجرەتە پیرۆزەکەی بوو، کە ڕۆژی دووشەممەی دوازدەی ڕەبیعی یەکەم، تەشریفی گەیشتە (قوباء)، ڕۆژی

هەینی گەیشتە دۆڵەکانی تیرەی (بەنوسالم)، کە مزگەوتی خۆیان لەوێ هەبوو، موسوڵمانان کۆبوونەوەو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) یەکەمین نوێژی جومعەی لەوێ (کە پێش گەیشتنی بوو بۆ مەدینە) پێکردن و، یەکەمین وتاری هەینی تێدادا. کە ئیمامی (قورتوبی) هەمووی لە تەفسیرەکەیدا هێناوەتەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە تەشریفی گەیشتە (قوباء)، دەیویست بۆ ڕۆژی هەینی بگاتە ناو شاری مەدینە، بەڵام نەگەیشت و لە دۆڵەکانی (بەنوسالیم) کاتی نوێژی هەینی بەسەردا هات و کردی، هەینی ئایندە لە مزگەوتەکەی خۆی لە مەدینە نوێژی هەینی کردو وتاری فەرموو.

٣- بانگدانی هەینی دوای ئەوەیە، کە خەتیب دەچێتە سەر مینبەر، لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەر ئەم بانگەو، هەر لەو کاتەدا هەبوو، چونکە هەموو موسوڵمانان سووربوون لەسەر کارنەکردن لەو ڕۆژەداو زوو دەهاتنە مزگەوت، تا لە نزیکەوە گوێ لە وتارەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بگرن، پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دوو ڕکات نوێژی جومعەی لە جیاتی چوار ڕکاتەکەی نیوەڕۆی بۆ دەکردن.

ئەوە بیدعەیە، کە هەندێك مەلا، دوای نوێژی جومعە، چوار ڕکاتی نیوەڕۆ بە خەڵکی دەکەنەوە، هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە. والله اعلم.[1]

- ﴿ فَٱسۡعَوۡاْ إِلَىٰ ذِكۡرِ ٱللَّهِ ﴾ الجمعة: ٩.

١- (السعي) واتە: پەلەکردن لە ڕۆیشتن و خێراچوون، بەڵام لێرەدا مەبەست لە سووربوونە لەسەر خۆگەیاندنە وتارو نوێژەکە، کە خۆ ئامادەکردنی پێشوەخت بەغوسڵ و دەستنوێژو پاکژیی دەخوازێت، نەك مەبەست لە هەڵداوان و گورگەلۆقەو ڕاکردن بێت، کە بەرهەڵستی لێکراوە.

---

(١) ابن عاشور التحرير والتنوير (٢٨/٢٠٠).

لە هەردوو سەحیحی (بوخاری و موسلیم)دا هەیە، کە (ئەبوهورەیرە -خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی:

(إِذَا سَمِعْتُمُ الإِقَامَةَ فَامْشُوا إِلَى الصَّلاَةِ وَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ وَالْوَقَارِ وَلاَ تُسْرِعُوا، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا).(١)

واتە: کاتێك گوێتان لە قامەت دەبێت (بەبانگیش دەوترێت قامەت، هەروەکو، کە بە قامەتیش دەوترێت بانگ) بەرەو نوێژەکە بڕۆن، بەڵام بە ویقارو هەیبەت و هێمنیی، پەلە لە ڕۆیشتندا مەکەن، ئەوەندەی گەیشتنێ بە جەماعەت بیکەن و، ئەوی نەیگەیشتنێ خۆتان دوای سەلامدانەوەی ئیمام، تەواوی بکەن.

ڕیوایەتی تریش، هەر لەم بوارەدا هەن، کە هەموو تەئکید لە لەسەرخۆیی ڕۆیشتن و، پاراستنی هەیبەت و هێمنیی و سالارو سەنگینیی موسوڵمان دەکەن.

٢- کە دەفەرموێ: (ذِكۡرِ ٱللَّهِ)، چونکە دوو وتار پێش دوو ڕکات نوێژەکەی جومعە هەیە، کە دەبێ موسوڵمان هێمنانە خۆ بگەیێنێتە وتارەکان، پێشئەوەی خەتیبەکە بچێتە سەر مینبەر.

کەوابوو: داواکراوە، کە موسوڵمان لە ساتەوەختی جومعەدا، نیەت و هەست و هۆشی لای وتارو نوێژەکە بێت و، بەو شێوە داواکراوە پێویستە خۆی بگەیێنێتێ، بە ڕەچاوکردنی غوسڵدەرکردن و پۆشاکی پاکپۆشین و بۆنی خۆش لەخۆدان و، چوونی سالارو سەنگینانەو هەنگاو هەڵنەهێنانەوە، بەسەر شان و ملی دانیشتواندا، هەروەها جێبەجێکردنی ئادابەکانیتری ڕۆژی هەینی و نوێژی هەینی.

- ﴿ وَذَرُواْ ٱلۡبَيۡعَ ﴾ الجمعة: ٩.

مامەڵە وەل (تەرك) بکەن، واز لە کڕین وفرۆشتن بهێنن.

شەرعناسان دەفەرموون: لەگەڵ دەستپێکی بانگی دووەمدا (کە لە دوای زەمانی

---

(١) بوخاری (٦٣٦)، و موسلیم (٦٠٢).

سەیدنا (عوسمان)ەوە (خوا لێی ڕازی بێت) بانگێکی پێشتر بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەهلی بازاڕ دەدرا)، هەموو مامەڵەیەك حەرامدەبێت، دەفەرموون: ئەگەر مامەڵەکەی پێش بانگەکە کردبێت، بۆی نییە، کە بانگیدا پارەکەی وەربگرێت، یان کڕیارەکە کاڵاکە هەڵبگرێت! لەم ساتە وەختەی بانگەوە (بانگی دووەم، کە لە خودی مزگەوتەکە دەدرێت، دوای چوونەسەر مینبەر دانیشتنی خەتیبەکە)، تا کۆتایی سەلامدانەوە لە نوێژی هەینی، هەموو سەوداو مامەڵەو کاروکاسبییەك حەرامەو، هەمووکارو پیشەو ڕاپەڕاندنێکی کاروباریش، هەر نەشیاوە.

- ﴿ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ﴾ .

(ذَٰلِكُمْ) ئەو وەلکردنی سەوداو مامەڵەو کاروکردەوانەو، خۆگەیاندنە نوێژەکەی هەینییە، بە ئەنجامدانی داخوازییەکانیەوە، هەموو ئەمانە چاکترن لای خوای گەورە لەو ڕەفتاری کاسبیەی دەیکەن.

کاسبیکردن چاکە، بەڵام لەو ساتە وەختەدا چاك نامێنێت، یادی خوای گەورە چاکە،کە دەبێت هۆشتان لێی بێت، ئەگەر پەیتان پێبردووە، ئەگەر دەیزانن.

**ئایەتی دەیەم:**

﴿ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ وَٱبْتَغُواْ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾.

واتە: کە نوێژەکە تەواو بوو، بچنەوە سەر سەوداو مامەڵەی خۆتان، بۆ کەسابەت و پەیداکردنی بژێویی بڵاوببنەوە، بەڵام هۆشتان لەوە نەبڕێت، کە لە کاتی کاسبیکردنیشدا بە نییەت و گوفتارو کردار، زیکری خوای گەورە بکەن و، ئومێدتتان بە فەزڵ و ڕزق و ڕۆزی خوای گەورە بێت، یادی خوا زۆر بکەن، تا سەرفراز بن.

- (فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ) ئاماژەیەکی گلەییانەیە، کە دەی سا ئەوەندە کاتە بۆ نوێژی جومعە تەرخانبکەن (کە سەعاتێك نابێت)، پاشان فەرموون بە کات و شوێندا وەل بن، بۆ ڕزق و ڕۆزی و دنیاتان بڵاوببنەوە. ئەم هەموو کاتەتان بۆ کەسابەت و پارەو سامان و دنیا تەرخاندەکەن، دە بۆچی لەو کاتە کەمەی نوێژەکەی جومعەشدا، هەر بەو دنیاوە خەریك دەبن؟!

- (فَٱنتَشِرُواْ فِي ٱلْأَرْضِ) مەبەست ئەوەیە: کە بگەڕێنەوە سەر کەسابەتتان و هەوڵەکانی ڕۆزی پەیداکردنتان، ئەوە کاتی زۆرو ئەوەش سەرزەمین تێدا وەرن و بچن و، بژێویی خۆتانی تێدا پەیدابکەن، نەك ئەوەندە دنیاویست بن، کە تەنانەت لە ساتەوەختی نوێژەکەشدا، ئەو ماوە کەمە بۆی لێنەبڕێن و، هەر خەریکی هەڵپەی دنیا بن!

- (وَٱذْكُرُواْ ٱللَّهَ كَثِيرًا)

- (ئیبنوکەثیر -رحمەاللە) دەفەرموێ: واتە لە کاتی کەسابەت و حاڵی کڕین و فرۆشتن و بەرهەمهێنان و وەرگرتن و داندا، هۆشتان لە زیکری خوای گەورە بێت. چونکە ئەمیان بۆ قیامەتتان بەسوودە، نەك هەوڵدانە زۆرەکەتان بۆ دنیا.

- موجاهید دەیفەرموو: عەبد ناچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە، کە یادی خوا دەکەن هەتا بە پێوەو بە دانیشتنان و بە ڕاکشانەوە، لە زیکری خوادا نەبێت.

واتە: لە هەموو حاڵەتێکیدا زەرووریيە، دەم بە ویردو زیکری خوای گەورە بێت.

- پێم وایە: مەبەستێکی تریش هەیە، تەئکید لەم زیکرو یادەی خوای گەورە دەکاتەوە، کە دوای نوێژی هەینی هاتووە، تا فەرامۆشنەکرێت، چونکە خەڵکی پێش نوێژی هەینی دەزانن، ئەوە ئەمڕۆ هەینیەو، دەبێ خۆیان بۆ نوێژ ئامادەبکەن، کە بانگیشدەدرێت بیردەخرێنەوە، کە ئیتر کاتی کەسابەتتان تەواوبوو، دەستهەڵبگرن و ڕوو لە مزگەوت بکەن بۆ نوێژ، بۆ زیکری خوا، بۆ فێربوونی دینەکەتان و بیرخستنەوەی قیامەتتان، بەڵام دوای نوێژەکە ئیتر سەرگەرمی کەسابەت و ڕەنجدانیان دەبنەوەو، جارێکیتر بانگناکرێنەوە بۆ زیکرو فێربوون و بیرخستنەوەکە.

بۆیە لێرەدا بە هۆشیاندێنێتەوە، کە نەکات دوای نوێژی هەینی لە زیکرو تەسبیحاتی خوای گەورە غافڵبن، هۆشتان لێبێت و ئامۆژگارییەکانی خەتیبەکەتان فەرامۆشمەکەن.

بۆیە دەشفەرموێ: ( كَثِيرًا ) واتە: زۆر یادی خوای گەورەو زیکرو تەسبیحاتبکەن، چونکە زۆریش مەشغوڵدەبن.

# دەرسی حەوتەم

## ئایەتی یازدەیەم:

﴿ وَإِذَا رَأَوۡاْ تِجَٰرَةً أَوۡ لَهۡوًا ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗاۚ قُلۡ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ﴾ **الجمعة**: ١١.

واتە: هەر بەوەندەی بازرگانیەکیان دی و گوێیان لە بەزمورەزم بوو، بەهەڵەداوان بەرەو پیری چوون و، جەنابتیان بە تەنها لە نوێژەکەدا جێهێشت!! پێیان بفەرموو: ئەوەی لای خوای گەورەیە، چاکترە لەو کەسابەت و بەزمورەزمە، خوای گەورە باشترین ڕۆزیدەرانە.

### هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە:

١- ئەهلی تەفسیرو سییرەو زۆر لە فەرمودەوانان، لەوانە: (ئەبولعالیەو حەسەنی بەسریی و زەیدی کوڕی ئەسلەم و قەتادەو موقاتیل و ئیمامی ئەحمەد)، هەموو ڕیوایەتیانکردووە، کە ئەم ئایەتە دەربارەی ئەم ڕووداوە هاتەخوارەوە:

هەینی بوو، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لەسەر مینبەر بوو، وتاریدەدا، لەو کاتەدا کاروانێکی بازرگانی _کە موڵکی (دەحیەی کوڕی خەلیفە) بوو، کە هێشتا موسوڵمان نەبووبوو_ گەیشتە ناوبازاڕ، تا بزانن، کە کاروان لە (شام)ـەوە هاتۆتەوە و، خۆراك و کاڵای زۆری پێیە.

هەر بەوەندەی دەنگی بەزمورەزمی تەپڵ و هاوار گەیشتە مزگەوت، خەڵکەکە دەرپەڕینە دەرێ! دیارە، تا هەر کەس فریاکەوێت و شتێك بۆ خۆی بکڕێت، تەنها (دوازدە) کەس لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مانەوە!!

جەنابیشی دەیڕوانی، کە چەند دەمێننەوە، پاشان فەرمووی:

(وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَوْ تَتَابَعْتُمْ حَتَّى لَمْ يَبْقَ مِنْكُمْ أَحَد لَسَالَ بِكُمْ الْوَادِي نَارًا)(١).

واتە : بەوەی گیانی منی بە دەستە ئەگەر هەر وا یەك لە دوای یەك بڕۆیشتنایەو، کەستان نەمانایەتەوە، ئەم دۆڵە (ئەم شارەتان) بۆ پڕ دەبوو لە ئاگر!

٢- ئەوانەی، کە مانەوە هەندێك دەفەرمون: (دوازە کەس) بوون، هەندێکیتر دەفەرموون ئەم (چواردە)یە بوون: (سەیدنا ئەبوبەکرو عومەرو عوسمان و عەلی و طەلحەو زوبێرو سەعدی کوڕی ئەبووەقاص و عبدالرحمانی کوڕی عەوف و ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕڕاح و سەعیدی کوڕی زەیدو بیلالی حەبەشی و عبداللەی کوڕی مەسعود و عەمماری کوڕی یاسر و جابری کوڕی عبداللە)، (خوا لێیان ڕازی بێت).

(دارەقوطنی) لە (جابر)ەوە (خوا لێی ڕازیێ بێت) دەگێڕێتەوە: (لَيْسَ مَعَ رَسُولَ الله صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِلَّا الأَرْبَعُونَ رَجُلًا).

واتە: تەنها (چل) پیاو لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مانەوە.

هەندێك لە شەرعناسانی مەزهەبی (شافیعی) دەفەرموون: ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە نوێژی هەینی بە (چل) کەس دادەمەزرێت.

---

(١) بوخاری (٨٩٤).

بەهەرحاڵ ڕیوایەتەکان توێژینەوەی زیاتریان دەوێت، بە تایبەتی ناوبراوە بەڕێزەکان، هەرچەندە کەمن -هەر موهاجیرانی مەککە سەد کەسبوون- بەڵام هەموو لە موهاجیرەکانن! ئەوەش جێ پرسیارە!

**٣-** دەشێت هەندێکیان، بە پاڵنەری بازرگانیی و دەسخستنی خۆراك و کاڵاکە، خۆیان گەیاندبێتە کاروانەکە و، دەشێت هەندێکیتریان بەدەم بەزمورەزمی تەپڵەکەوە چووبن، نەك ئەم ڕووداوە دووجار ڕوویدا بێت، جارێك چووبن بۆ کاڵاو جارێکیتر بۆ سەیرکردن و بەشداری بەزمورەزمەکە.

**٤-** خوای گەورە، کە دەفەرموێ:﴿ٱنفَضُّوٓاْ إِلَيۡهَا﴾ واتە: لەتاو کاروانەکە وا دەرپەڕین بۆی، دەوروبەری جەنابتیان چۆڵکرد!! ئەمە گلەییەکی سەختە، چونکە مەبەستێکی دوورووەکانی پێهاتەدیی! کە دەیانوت:

﴿لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْ﴾.

واتە: ماڵ و سامان بە یاوەران مەبەخشن، تا هەژار ببن و دەوروبەری محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چۆڵ بکەن!!

- ﴿وَتَرَكُوكَ قَآئِمٗا﴾ واوەکە (حالية)یە واتە: لە کاتێکدا، کە جەنابت بەپێوەبوویت و وتارت بۆدەدان، ئامۆژگاریتدەکردن!! ئەمە جگە لەوەی نەشیاوە، زیانی ئەوەیان لە خۆیاندا، کە مەحرومبوون لەو ئاڕاستانەی ئەوساتە دەتکردن.

نافەرموێ: (تَرَكُوا الصَّلَاةَ)، بۆیە شەرعناسان دەفەرموون: ئامادەبوونی وتارەکانی هەینیش فەرزە، چونکە گرنگە.

- ﴿قُلۡ مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيۡرٞ مِّنَ ٱللَّهۡوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِۚ وَٱللَّهُ خَيۡرُ ٱلرَّٰزِقِينَ﴾ **الجمعة: ١١.**

ئامۆژگارییانبکە، بیریانبهێنەرەوە، کە پاداشتی خوایی -کە لە سەر خواپەرستیی و زیکرو تەسبیحاتکردنە- چاکترە لە بەزمورەزم و لە بازرگانیی و هەڵپەی کەسابەت. خوای گەورەش خۆی ڕۆزیدەرە، خۆی ڕۆزی هەموو

گیانلەبەرێکی دیاریکردووە. ئیتر بۆ چی نوێژو زیکرەکان دەکەنە قوربانی تەماعکاریی دنیایتان؟!

تەواو بوو

والحمد رب العالمين

بەچوار ڕۆژ

١٧ی ڕەمەزانی ١٤٣٥/

٢٠١٤/٧/١٥

زیندانی کۆنگس ڤینگەر - نەرویج

## تەفسیری سورەتی

# المُنَافِقُونَ

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ
يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ
ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ
قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٣ ۞ وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ
لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ
قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٤ وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ تَعَالَوۡاْ يَسۡتَغۡفِرۡ لَكُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوۡاْ
رُءُوسَهُمۡ وَرَأَيۡتَهُمۡ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ ٥ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ أَسۡتَغۡفَرۡتَ
لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ
ٱلۡفَٰسِقِينَ ٦ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ
يَنفَضُّواْۗ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَفۡقَهُونَ ٧
يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعۡنَآ إِلَى ٱلۡمَدِينَةِ لَيُخۡرِجَنَّ ٱلۡأَعَزُّ مِنۡهَا ٱلۡأَذَلَّۚ وَلِلَّهِ ٱلۡعِزَّةُ
وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلۡمُؤۡمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَعۡلَمُونَ ٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ وَمَن يَفۡعَلۡ
ذَٰلِكَ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ ٩ وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ
أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ
ٱلصَّٰلِحِينَ ١٠ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ
١١ ﴾ **المنافقون: ١ - ١١.**

## پێناسەی سورەتەکە

سورەتی المنافقون: شەست و سێیەم سورەتی قورئانەو، یازدە ئایەتەو مەدەنیە، واتە: لە مەدینە هاتۆتەخوارەوە، کە بە شێوەیەکی گشتیی، تەوەرە باسەکانیان یاساو رێسا دارشتنە، لەگەڵ ئیهمالنەکردنی تەوەرەکانی عەقیدەو، ئاراستەکردنی گەشەی کۆمەڵگە موسوڵمانەکەی مەدینە، کە لە کۆچکەرو پشتیوانەکان پێکهات..

تەوەرەباسی ئەم سورەتەش، باسی دوورووەکانە، کە لە مەدینەدا بوونە توێژێکی کاریگەریی سلبی کۆمەڵگەکە! بۆیە ناوەکەشی بۆتە ئەو ناوە ئابڕووتکێنە ( سورة المنافقون )!

باسی دوورِوویی و دوورووەکان، لە زۆر شوێنیتری قورئاندا هاتووە، کەم سورەت هەیە، بە راشکاویی و راستەوخۆ، یان بە ئاماژەی لاوەکیی، باسیانی نەکردبێت، بەڵام ئەم سورەتە تایبەت بەوان کراوەو، تەنانەت ئەو یەك دوو هەرەشەی لە کۆتایی سورەتەکەدا، لە موسوڵمانانیشی دەکات، کە نەکەونە ئەوەی بۆ خوا ساغنەبووبێتنەوەو، سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکانیان، ئەوەندە بە خۆیانەوە خەریکیان بکەن، ئەرکی سەرشانیان لە هەڵگرتنی دینەکەو بانگەوازەکەیدا، لا سووکببێت! پێیان دەفەرموێت: هۆشیاربن! ئەوەندە بە دەم هەواوهەوەس و نەفسی خۆتاندا نەچن، نەبادا بێئاگایانە سیفەتی دوورِوویيتان پێوەبلکێت و، رواڵەت و رەفتارتان، وەکو هی دوورووەکانی لێبێت و، ببێتە جێگومانی موسوڵمانانیتر!!

ئەم سورەتە، هەرچەندە کورتە، بەڵام تین و تەوژمی رەشەبایەکی بەهێز لەخۆدەگرێت، کە پەردەی سەر ناخ و داخی دوورووەکان لا دەبات، کە چەند کرمێ و رەشداگەراوە! دڵ و دەروونیان دەردەخات، کە چۆن قین و بوغز پەنگیتێداخواردۆتەوە، رەفتارو رەوشتیان فەزحدەکات کە بەردەوام پێویستیان بە سوێندی درۆ هەیە، تا موسوڵمانان قەناعەتپێبکەن، کە ئەمانیش وەکو ئەوانن،

باوەڕیان بە ئیسلام هەیەو پێوەی پابەندن! دڕۆودەلەسەو فاکوفیکیان دەخاتەڕوو، کە لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکی خۆیاندا، دوور لەچاوی موسوڵمانان، خۆی پێوەبادەدەن و بەلاقرتێوە بە جوامێریی و ئازایەتیی دەزانن و دەناسێنن!! هەروەها بێغیرەتیی و ترسنۆکیی و گێلکەززابیان کەشفدەکات!

بزوتنەوەی دووڕوویی، لە گەیشتنی ئیسلامەوە بە مەدینە سەریهەڵداو، بووە بزاڤێکی تابووری پێنج و بڵندگۆی شەڕی واتەوات و وەرەوخاندن! تا کۆچی دوایی پێغەمبەری پێشەواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قۆناغ بە قۆناغ لاوازبوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو، بە شێوازیتر دەردەکەوتەوە، ئێستاش، هەر وایە..

بزوتنەوەی سلبی دووڕووەکان، ڕەنج و کاتێکی زۆری موسوڵمانانی بەفیڕۆدا، زۆر باسکردنیان لە قورئان و لە فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بەڵگەی زۆریی و کاریگەریی ئەو بزاڤە سلبیەیە، کە لەکاتی خۆیدا ڕێی لە بانگەوازیی خوایی گرت، کە زووتر زۆرتر بڵاونەبێتەوە!

مامۆستا (محمد عزەت دروزە) لە کتێبە نایابەکەی خۆیدا: (سيرة الرسول صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ.. صورة مقتبسة من القرآن الكريم)دا، باسێکی جوان و وردی بزوتنەوەی دووڕووەکانی مەدینەی کردووە، شتێکی چاکە، کە وەکو (سەیید قوتب) لە (في ظلال القرآن)ـەکەیدا لێیەوە وەرگرتووە، ئێمەش لێی وەربگرینەوە:

(هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەی دووڕووەکان لە مەدینە ئاشکرایە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانی یەکەمی مەککە، ئەوەندەیان دەسەڵات و هێز نەبوو، خەڵکێك لێیانبترسێت، یان لێیان بسڵەمێتەوە، یان تەماعی ئەمان و سامانیانی هەبێت! تا خۆیان لێنزیککەنەوەو مامەیی زاهیرییان بۆ بکەن، یان نەوێرن بە ئاشکراو ڕاستەوخۆ لێیاندەن و ئازاریانبدەن، تاناچاربن بە دزیەوە پلانیان دژ دارێژن و فێڵیان لێبکەن! وەکو ئەوەی لە دووڕووەکانی مەدینە دەبینرا.

ئەهلی مەککە بە ئاشکرا بەرهەڵستی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)و یاوەرانیان دەکرد، هەر کەسێکیان لە موسوڵمانە نوێیەکان بگرتبایە،

بە کەیفی خۆیان ـبێسڵەمینەوە لە هیچ کەسێك ـ بە ئارەزووی خۆیان ئەشکەنجەیاندەدان.. بە ئاشکراو بە شانازیەوە بە هەموو هێزو تینی خۆیان، بەرهەڵستی بانگەوازی ئیسلامیان دەکرد، بێئەوەی کەس ڕێیان لێبگرێت! چونکە هەموو هێزو دەسەڵاتێك بەدەست ئەوانەوە بوو، بۆیە موسوڵمانان ناچاربوون ـبۆ قوتارکردنی دین و ژینیان ـ لە مەککە هەڵێن و، سەرەتا کۆچ بۆ (حەبەشە) بکەن و، دواتریش بۆ مەدینە..

ئەوەبوو هەیانبوو لە ژێر ئەشکەنجەو ئازاردا بە زاهیریی وازی لە دینەکە هێناو، هەندێکیتریان ترساو تاسا! چونکە هەموو کەسوکارە تیرەو هۆزەکانیان لە یەك کاتدا، تەبەڕایانلێکردن و ناچاربوون لەگەڵ دەسەڵاتی موشریکەکاندا بڕۆن! هەشیانبوو هەر تەحەمولیکرد، تا لەژێر ئەشکەنجەو ناسۆردا گیانی دەرچوو!!

بەڵام لە مەدینە، بارودۆخەکە زۆر جیاوازبوو، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێشئەوەی کۆچبکات بۆ مەدینە، کۆمەڵێك پیاوماقوڵی خاوەن دەسەڵات و قسەڕۆیشتووی، لە هۆزەکانی: (ئەوس و خەزرەج)دا لە مەدینەییەکان پەیداکردبوو، کۆچیشی نەکردە لایان، تا لە بەیعەت و پەیمانیان دڵنیابوو، کە خۆیان بە قوربانی دین و هەڵوێستەکانی جەنابی ئەو دەکەن..

پێش ئەوەی ئەو تەشریف بهێنێت بۆ مەدینە، ماڵی عەرەب نەمابوو باسی دینەکەی ئەم و بانگەوازەکەیان پێنەگەیشتبێت.. لە بارودرخی وادا کارێکی ئاسان نەبوو بۆ ئەو کەسانەی، لە نەزانینیەوە، یان لە گەلۆریەوە، یان لە کەللەڕەقی خۆیانەوە، باوەڕیان بە ئیسلامەکە نەهێنیا بێت و، بکەونە شەڕەقۆچێکی بێئامان! یان هەر لە خۆوە جارِیّ هیچیان بەرامبەر نەکراوە بکەونە بەرهەڵستیی!

بەڵام دواتر، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تەشریفی هێناو دەسەڵاتی گرتەدەست، کە نوری کەسایەتی ئەو، سایەی هەموو کەسێکیتری خاوەن نفوزی سڕیەوە، کە دەسەڵاتی ئەو، باڵی بەسەر دەسەڵاتی هەر هەموو تیرەو هۆزەکاندا کێشا، کەسنەبوو بوێرێت، هەڵوێستی دوژمندارانەی دژی ئیسلام ئاشکرا

بکات، چونکە زۆرینەی زۆری بەرەبابەکانی (ئەوس و خەزرەج)، سەرڕاستانە موسوڵمانبووبوون و، هەموو جۆرە پەیمانێکی پشتگیریی و سەرخستنیان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دابوو، کە باوەڕیان بە پێغەمبەرێتیی جەنابی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هێنابوو. ئیتر تەنها ئەویان بە سەردارو سەروەر قبوڵبوو! جێبەجێکردنی فەرمانی ئەویان لا خواپەرستیی بوو.

بۆیە ئیتر بوارێك لەبەردەم ئەو کەسانەدا نەمایەوە، کە کوفریان پێپەسەندتربوو وەك لە ئیسلام، ئەوانەی لەبەر دەروون نەخۆشیی خۆیان، نەدەهاتن گوێ لەم دینە بگرن و واز لە کەللـەپووتی و کەللـەڕەقی خۆیان بهێنن و، بەدەم بانگەوازەکەوە بچن! ڕقی زۆریان لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانی مەککە دەبۆوە، لە بڵاوبوونەوەی دینەکەو زۆربوونی موسوڵمانان، ئیزعاجبووبوون و، لە ناخیاندا دەکوڵان، بێئەوەی بوێرن، هیچ ناڕەحەتیەکی خۆیان نیشان کەسێك بدەن، یان بهێڵن ناحەزییەکیان پێوە دیاربێت!!

بۆیە دەبوو شێوازێکیتری نهێنی بگرنەبەر، کە بریتیبوو لە: هەڵوێستی دووڕوانە.. ئەو زەمانەش، هێشتا دەمارگیریی تیرەو هۆزایەتیی، کاریگەریی خۆی لەسەر تاك تاکی تیرەو هۆزەکان هەبوو، زۆرینەی زۆریان، هێشتا هەر شوێنکەوتووی هەڵوێستی سەرۆك هۆزەکانیان بوون..

ئیتر دەبوو لە ڕواڵەتدا خۆبەموسوڵمان نیشاندەن و، ڕوکنەکانی بەئاشکرابکەن و، لەگەڵ موسوڵمانانی تیرەو هۆزەکانی خۆیاندا موسوڵمانانە بجوڵێنەوە!

دەبوو بێباوەڕیی خۆیان بشارنەوە، دەبوو مەکرو فێڵ و پلان و پیلانەکانیان، بە نهێنی داڕێژن و ئەنجامیبدەن.. گەرچی جاری واش هەبوو لە شوێنێکدا، یان لە کاتێکدا، کە هەستیان دەکرد خۆیان زۆرن و موسوڵمانێکیان کەوتۆتەبەردەست، یان چەند موسوڵمانێکی داماویان لێوە نزیکە، یان موسوڵمانان تووشی تەنگژەیەك بوون، دەکەوتنە لاقرتێ و گاڵتەپێکردن، گاڵتەبەدینەکە، بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە موسوڵمانان.. زۆر جاریش بە شێوەیە لاوەکیی و ئاماژە دەیانکرد، بۆ ئەوەی لەسەرییان نەچەسپێت! یان بە ناوی پاراستنی بەرژەوەندیی

خەڵکی و هێمنیی بارودۆخی گشتیی و، پاراستنی پارسەنگیی هەموو لایەکەوە دەیانکرد!!

بە هەرحاڵ ئەوەندە ئازانەبوون، بوێرن بەئاشکرا کوفرو شیرکی خۆیان ئاشکرا بکەن، هەرچەندە کوفرو شیرك و دووڕوویی و فاکوفیك و پلان و پیلانیان، لە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شاراوە نەبوو، زۆر کەسیان لە موسوڵمانانیتری کۆچکەرەکان و ئەنسارەکانیش، هەرناسراوبوون! بە تایبەتی، کە لەکاتی تەنگژەو کێشەکاندا، کە بەسەر ئەهلی ئیسلام دەهات، ئەوان هەڵوێستی کوفرینی خۆیان ئاشکرادەکرد، زیاتر دەناسران و زیاتر لە کوفرو شیرکیان دڵنیادەبوون، بۆیە ئەوەندەیتر دەبوغزێنران، ئەوەندەیتر گۆشەگیردەکران، ئەوانیش خۆیان ڕوویاننەدەهات لە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکدا، یان لە هەموو کات و شوێنێکدا، سەربەرزکەنەوەو ببنەوە بە دەمڕاستەکەی جاران!!

هەر لە ناخیاندا چاوبەرەوژێر بوون.. ئینجا، کە ئایەتێك لەسەر یەکێکیان، یان کۆمەڵێکیان، یان هەڵوێستێکی دەستەجەمعییان، بۆ پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەهاتە خوارەوە، کە پەردەی لە ڕووی هەندێکیان، یان هەڵوێستێکیان (بە ئاماژە بۆکردن) هەڵدەماڵی، هەموو سەریان شۆڕدەبوو، یەك یەك لەوە دەترسان، ئەمجارە ناویان هاتبێت و بە یەکجاریی فەزحبووبن!

دەیانزانی، کە خوای گەورە چاکیان دەناسێت و ئاگاداری هەموو هەست و نەست و هەڵوێستێکیانە، بەڵام لەوە دەترسان ئایەتێکیان لەسەر بنێرێتەخوارەوەو بە یەکجاری ئابڕوویانببات! ئەوەشیاندەزانی و باوەڕیشیان نەدەهێنا!! لەوەش دەترسان و، هەر بەردەوامیش بوون لەسەر دووڕوویی خۆیان!!

لە ئایەتە مەدەنیەکانەوە دەردەکەوێت، کە کاریگەریی هەڵوێستی دووڕووەکان لە مەدینە زۆر جیددی بوو، ڕۆژانە تین و فشارێکی زۆریان هەبوو، ئاسەواری سلبییان لە دڵ و دەروونی زۆر کەسدا بەجێدەهێشت!

بزاقی دووڕووەکان کۆڵ و کوول نەدەبوو!! هەر دەتوت: خەباتێکی هەقپەروەرانەی نەپساوەیەو خاوەنەکانی ماندوونابن! لە هەڵوێستی ڕووبەڕووبوونەوەو بەرهەڵستیدا، دەتوت: سەرانی مەککەن و زەمانیان هێناوەتەوە دواوە، هەر ئەوەندەیە کات و شوێن و ڕۆڵ و ئەکتەرەکان گۆڕاون!

لەگەڵ ئەوەشدا، کە دووڕووەکان یەك بزاقی یەك دیدو، یەك ڕێبازو، یەك ئامانج نەبوون، یەك سەرکردایەتی و یەك ئاڕاستە نەبوون، لە بەرامبەریشیاندا ئیسلام یەك دیدی خوایی و یەك ڕێبازی پێغەمبەرانەو، یەك ئامانج بوو، یەك سەرکردایەتی بەهێزو یەك ئاڕاستەبوو، بەڵام هەڵوێستی دووڕووەکان، هەر کاریگەربوو، چونکە بەربەستێکی ڕۆژانەی ماندوونەناس بوو!! ناڕێکیەکەشی بووبوو بە کۆسپێکیتر! بەڵام کاریان بەوە شلۆقدەبوو، کە ئیسلامەتی زیادیدەکرد و دووڕوویی کورتی هەڵدێنا، ژمارەی موسوڵمانان زیادیدەکرد، دووڕووەکان کەمدەبوونەوە، دەسەڵاتی ئیسلامی، بە هاوپەیمانێتی تیرەو هۆزو هێزی نوێ بەهێزتر دەبوو، ئەوان شیرازەیان زیاتر لێك دەپساو، متمانەیان بە ڕیزی خۆیان و بە هاوپەیمانەکانیان لە: قورەیش و جولەکەکان و، هەروەها متمانەیان بە داهاتووی خۆیان کەمدەبۆوە..

بزوتنەوەی دووڕوویی لە مەدینە هێزبوو، خاون زەمینەو تیرەو هۆز بوو، خاوەن پەیمانی ستراتیژیی بوو لەگەڵ قورەیش، لەگەڵ جولەکەکان، بۆیە دژوارێتی لەسەرەتاوە زۆربوو، دووڕووەکان سوودیان لە دەمارگیریی تیرەو هۆزەکانیان وەردەگرت، ئەو خوێن و کوشتارانەی ڕابوردوویان، دەکردەوە بە کۆنەقین و دەیانوروژاندەوە!

ئێ هێشتاش بە تەواوی فەزحنەبووبوون، ئەو هەموو ئایەتەی دوایی لەسەریان هاتە خوارەوە، لەسەرەتایانەوە هێشتا هیچی وا نەهاتبوو، هێشتا غەزای (بەدر) ڕووینەدابوو! بۆیە ئومێدی بەزاندنی ئیسلامیان لە شارەکەی خۆیاندا هەبوو!

لەملاشەوە هێشتا دەسەڵاتی ئیسلامەکە مابووی خۆبگرێت، هێشتا زۆرینەیەکی کاریگەر مابوون موسوڵمانبن، ئەوانەش، کە موسوڵمانبووبوون، هەندێکیان مابوویان تەواو تێیدا قاڵببنەوە!

پێغەمبەری سەرۆکیش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەستیدەکرد، لە هەر چوار لاوە بە شیرك و موشریکانی، بەهێز گەمارۆدراوەو کاتی زیاتری پێویستە..

لەگەڵ ئەم بارە دەروونیەشدا، کە دووڕووەکان دروستیاندەکرد، جولەکەکانیش تین و فشاری خۆیان هەبوو، ڕۆڵی زۆر کاریگەرتریان بە ناوی دینەوە دەبینی!! هەر زۆرزوو نکوڵیان لە ڕاستی دینەکەی و ڕاستگۆیی پێغەمبەری خوا کردبوو، بە ئاشکراش دژایەتیان نواندبوو، بەردەوامیش بوون لەسەر گاڵتەکردن بە خۆی و بە دینەکەی!

لە مەککەش وەنەبێت بە چوونەدەرەوەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانان قورەیشیەکان و هاوپەیمانانیان، کۆڵیان لە دوژمنداریێتی دابێت، نەخێر.. هێشتا هەر خەریکی پیلان بوون، خەریکی هاندانی تیرەو هۆزەکانی عەرەب و جولەکەکان بوون!

ئێ قورەیش هێشتا، هەر قیبلەی عەرەبەکان بوو، (کەعبە)ش هەر ڕووگەی هەموان بوو! شاری دیدارو یەکتربینینی هەمووشیان بوو ..

بارودۆخی جموجوڵ بۆ دووڕووەکان لەباربوو، هەم خۆیان هێزبوون، هەم هاوپەیمانێتییان کردە هێزێکی ئیزافیی.. چونکە دوای ماوەیەکی کەم لە تەشریفهێنانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ مەدینە، دووڕووەکان و جولەکەکان و قورەیش، بوونە یەك بەرەی دژ بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئیسلام و موسوڵمانان..

قورەیش بە شەڕی سەختی ئاشکراو دیار، جولەکە بە پلان و پیلانی ژێر زەمینی و بە ناوی دینەوە، دووڕووەکانیش بە چرپەو واتەوات و شەڕی دەروونییەوە..

ئاوا نەبوایە دووڕووەکان هی ئەوە نەبوون، خۆ لەبەر لافاوی باوەڕو باوەڕداریی بگرن، ئەگەر ئاوا لایەنگیریی جولەکەو پشتگیریی قورەیشیان مسۆگەرنەبوایە، نەیاندەتوانی ئاوا ببنە بزاڤێکی بەرهەڵستی کاریگەر، لەسەر بانگەوازە خواییەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)!

ئەم بارودۆخە هەر وا دەڕۆیشت، بەڵام بەرەی ئیسلامیش ڕۆژبەڕۆژ بەهێزتر دەبوو، لە ڕووی چۆنێتی و چەندێتیەوە ڕۆژانە دەچووەپێش، تا ئەو زەمانەی ئیسلام ئەوەندە بەهێزبوو، کە بتوانێت لوتی هەموویان لە غەزای (بەدر)دا بشکێنێت و چاوبەرەوژێریان بکات، تا گەیشتە ئەوەی، ئیتر دووڕووەکان، هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر ڕەوتی دەوڵەتەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە مەدینە نەمێنێت..).

ئەمە کەش و بارودۆخی گشتیی هاتنەخوارەوەی هەموو سوڕەتەکەیە.. هۆی تایبەتی هاتنەخوارەوەی هەندێك ئایەتیشی (عبداللەی کوڕی سەلوول)ـە..

## هۆی هاتنە خوارەوەی سوڕەتەکە:

هەموو موفەسسیرەکان، لە هۆی هاتنەخوارەوەی بەشێك لە ئایەتەکانی ئەم سوڕەتەدا، لەسەر ئەوە کۆن، کە دەرهەق سەرۆکی دووڕووەکانی مەدینەی ئەو زەمانە، کە (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) بوو، هاتۆتەخوارەوە، بەڵام هەیانە وەکو: (ئیمامی قورطوبی)، (ئیمامی بوخاریش هەر وای گێڕاوەتەوە)، کە ڕوداوەکە هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتی یەکەم، تا ئایەتی هەشتەمی سوڕەتەکەیە، بەڵام هەندێکیتر لەو بەڕێزانە وەکو: (طەبەری و ئیبنو کەثیرو بەغەوی و زەمەخشەری و سەیید قوتب) هەر هەمان ڕوداو وەك هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی پێنجەم تا هەشتەمی دەهێننەوە.. زۆریشیان ڕیوایەتی (ئیبنوئیسحاق) بە تەفسیلاتەکەیەوە دەهێننەوە..

من بۆچوونەکەی (ئیمامی قورطوبی)ـم لا بەهێزتربوو، چونکە ڕای (ئیمامی بوخاری) چۆتەپاڵ، چونکە کەس وەکو (ئیمامی بوخاری) بە دووی ساغکردنەوەی سەنەدی ڕوداوەکەدا نەچووە، بۆیە منیش ویستم هەر لە پێش لێکدانەوەی ئایەتی یەکەم و دووەم، باسی هۆی هاتنەخوارەوەکە بکەم، نەك پێش ئایەتی پێنجەم و شەشەم..

هەرچەندە ڕوداوێکیتریش هەیە، کە هۆکاری هاتنەخوارەوەی ئایەتی پێنجەم بێت، کە لەشوێنی خۆیدا باسیدەکەین، ڕەنگە هەندێك لەو بەڕێزانە دوو ڕوداوەکەیان تێکەڵ یەك کردبێت. بەوەی وایانزانیبێت، کە هەردووکیان _مادام هەر لەسەر (عبداللەی کوڕی ئوبەی)یە_، هەر یەك ڕوداون، بەڵام وادیارە دوو ڕوداوی جیاوازن، کات و شوێنیان جیاوازە، وەکو دواتر (إن شاء الله) ڕوونیدەکەینەوە..

سەرەتا ڕیوایەتەکەی (ئیمامی بوخاری) دێنمەوە، ئینجا ڕیواتی ئەو بەڕێزانەی دیکە، کە ئەوانیش هەر لە زۆرێك لە زانایانی سەلەفەوە گێڕاویانەتەوە، بەڵام بەتەئکید لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی سەنەدەکان، لای (ئیمامی بوخاری) بەهێزترە،

چونکە ئەوە پیشەی تەمەنی پیرۆزی بووە..

ئێمەش، ئەوەی لە ژیانماندا کردوومانە بە ڕەفتارێکی فێرخوازییمان ئەوەیە: کە بابەتی مێژوویی لەڕێی ئەهلی حەدیسەوە وەردەگرین، بێئەوەی نکوڵیی لە زانیاری خەڵکانیتریش بکەین..

(ئیمامی بوخاری) لە (زەیدی کوڕی ئەرقەم)ـەوە دەگێڕێتەوە، کە فەرمووی: لەگەڵ مامما بووم، گوێم لێبوو (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول) وتی: سامان و خۆراکتان مەدەنە پێغەمبەرەکەی خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، هەروەها وتی: (شەرت بێ ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە، دەبێ پیاوماقوڵ و عەزیزەکان، زەلیلەکان لەشار وەدەرنێن)! منیش بۆ مامم گێڕایەوە.

ئەویش چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بۆی گێڕایەوە،

پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردی بە شوێن (عبداللەی کوڕی ئوبەی) و هاوڕێکانیدا، کە هاتن هەموو سوێندیانخوارد، کە شتی وایان نەوتووە!

ئیتر پێغەمبەری خوایش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە ڕاستیدانان و منی بەدرۆخستەوە!!

تووشی خەم و خەفەتێکبووم، کە قەت شتی وام بەسەردا نەهاتبوو، چوومەوە ماڵەوە، لەوێ بووم، کە ئەو ئایەتانە دابەزینە خوارێ، هەر لە ﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ﴾، تا دەگاتە ﴿لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ﴾، ئینجا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردی بە شوێنمدا و فەرمووی: (إِنَ اللهَ قَدْ صَدَقَكَ)، واتە: خوای گەورە بەڕاستگۆی دانایت..

(ئیمامی ترمذی) حەدیسێکیتر دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: کە (زەیدی کوڕی ئەرقەم) فەرموویەتی: لە غەزایەکدا لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بووین، دەشتەکیشمان لەگەڵ بوون، جاری وا هەبوو پێشئەوەی ئێمە بگەینە سەرچاوەی ئاوەکە، دەشتەکییەکان زووتر دەیگەیشتنێ، ئاوەکەیان هەڵدەکێشاو

دەیانکردە حەوزەکەوەو، کە وشترەکانی خۆیان ئاودەدا، پێستەیەکیان دەدایەوە بەسەر حەوزەکەدا (بۆ ئەوەی کەسیتر بەکارینەهێنێت)، چاوەڕێیاندەکرد، تا دەستەیەکیتر لە هاوڕێکانیان دەهاتن..

جارێکیان کابرایەکی ئەنساریی هات، جڵەوی ئەسپەکەی شلکرد، تا ئاوبخواتەوە، دەشتەکییەك ڕێیلێگرت و نەیهێشت!

ئینجا کابرای ئەنساریی بەردێکی لە لێواری حەوزەکە لاداو ئاوەکەی لێوە ڕژایە چاڵێکیتر، کابرای دەشتەکی تەختەیەکی لەو ناوە هەڵگرت و، کێشای بەسەری ئەنسارییەکەداو سەریشکاند!

(عبداللەی کوڕی ئوبەی) سەرۆکی مونافیقەکان بە دەنگەوەهات و، کابرای دەشتەکیی، کە دۆستیبوو، باسەکەی بۆ گێڕایەوە.

(عبداللەی کوڕی ئوبەی) زۆرتوڕەبوو، پاشان بە دەشتەکییەکانی وت: (سامان و خۆراکی خۆتان مەدەنە ئەوانەی دەوری پێغەمبەرەکەی خوا، ئەگەر دیتان ئەوانەی دەوری لای هەستان و چۆڵیانکرد، ئەو کاتە خواردنێك بۆ (محمد) خۆی ببەن)! چونکە دەشتەکییەکانیش، هەر دەهاتنە دەوری پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و نانیان دەخوارد، (مەبەستی ئەوە بوو: کە ئەو کاتەی قەرەباڵغی یاوەرانی لایە، خواردنی بۆ مەبەن، کە ئەوان هەستان و چۆڵیانکرد، خێرا ئێوە بچن و خواردنەکەش هەر خۆتان لەگەڵیدا بیخۆن).

پاشان بە هاوڕێکانی خۆی وت: (شەرت بێ ئەگەر گەڕاینەوە مەدینە، دەبێ پیاوماقوڵان و عەزیزەکان، ئەو زەلیلانە لەشار دەربکەن)!

زەید دەفەرموێ: منیش لە پشت مامەوە بووم، گوێملێبوو چی وت، بە مامم وت: کە ئاوای وت، ئەویش چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و بۆی گێڕایەوە.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ناردی بە (شوێن عبداللەی کوڕی ئوبەی)دا، کە هات نکوڵی لێکردو زۆری سوێندخوارد، کە شتی وای نەوتووە!

پێغەمبەری خوایش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرموی ڕاستدەکەیت! ئەو درۆیکردووە!

ئیتر مامم هاتە لامەوەو وتی: وا دەزانم پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زۆری ڕق لێت هەستابێت و موسوڵمانانیش..

ئیتر خەم و پەژارەیەك دایگرتم، کە شتی وا تووشی کەس نەبووە، لە خەفەتاندا سەرم قورسبوو.

کەچی دوایی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هاتە نزیکمەوەو، دەستی پاکی هێنا بە گوێچکەمداو بە ڕوومدا پێکەنی.. ئەوەندە خۆشحاڵبووم، ڕەنگە بە نەمریی لە دنیادا بمایاتەوە، ئەوەندە خۆشحاڵ نەبوومایە!

دواتر (ئەبوبەکری صدديق -خوا لێی ڕازی بێت) هاتە لامەوەو فەرمووی: پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) چی پێفەرموویت؟!

وتم: هیچی نەفەرموو، بەڵام دەستی پیرۆزی بە گوێچکەمدا هێناو بە ڕوومدا پێکەنی!

(ئەبوبەکر) فەرمووی: دەی مژدەت لێبێت..

(عومەری کوڕی خەططاب)یش (خوا لێی ڕازی بێت) بە دوامدا هات، بەویشم هەر وا وت..

بۆ سبەینێ بەیانی، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سورەتی (المنافقون)ی خوێندەوە!!

(ترمذی) دەفەرموێ ئەمە حەدیسێکی حەسەن و سەحیحە..

ڕیوایەتەکانـی ئیمامـی (موسـلیم) و ئیمامـی (ئەحمەد)یـش هـەر بـەم شـێوەیە گێڕاویانەتـەوە..

ئیمامی (ئیبنوکەثیر) چەندین ڕیوایەتی گێڕاوەتەوە لەوانەی، کە تەفسیلاتێکی لەو دوو ڕیوایەتەی سەرەوەمان زیاترە، کە ئەمەی خوارەوە یەکێکیانە:

لە غەزای (بەنیلموستەلَق)دا بوو، کە دوو کەس لەسەر ئاو هەڵهێنجان، لێیانبوو بە هەرا، (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول)یش بێئەوەی ئاگاداربێت، کە (زەیدی کوڕی ئەرقەم)، کە مێردمنداڵێکبوو، لایەوە وەستاوە، وتی: لە وڵاتی خۆمان تەنگیان پێهەڵچنیوین، بە خوا قەسەم، نمونەی ئێمەو ئەم سیخنانە، هەر وەکو پەندەکەیە، کە دەڵێ: سەگەکەت قەڵەوبکە، با بتخوات!! (واللە)، ئەگەر ئەمجارە بگەڕێینەوە مەدینە، دەبێت عەزیزو پیاوماقوڵانی شار، ئەم زەلیلانە لەشاردەربکەن!

ئینجا گەڕایەوە لای تیرەکەی خۆی و وتی: چیتان بەخۆتان کرد؟! هێناتانن بۆ وڵاتی خۆتان، سەروەت و سامانی خۆتانتان لەگەڵدا بەشکردن، (واللە)، ئەگەر لێیانبگەڕانایە، ئێستا جێیاندەهێشتن و دەچوونە شوێنێکیدیکە..

(زەیدی کوڕی ئەرقەم)یش (خوا لێی ڕازی بێت)، (کە منداڵێك بوو، لای (عومەری کوڕی خەططاب) بوو)، گوێی لێبوو، هەواڵەکەی لە ڕێی (عومەری کوڕی خەططاب)ـەوە (خوا لێی ڕازی بێت)، گەیاندە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

(عومەر) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! فەرمانبدە بە (عەببادی کوڕی بیشر)، با بچێت بۆی و لەگەردنی بدات!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: (لا يتحدث الناس أن محمدًا يَقتُل أصحابَه)[1] جا چۆن دەبێت، دوایی خەڵکی بڵێن: (محـمد) یاوەرەکانی خۆی

(١) بوخاری (٤٩٠٥)، موسلیم (٢٥٧٤).

دەكوژێت..

پاشان فەرمانیدا، هاوار لەو خەڵكە بكات، تا لێپێچن بۆ ڕۆیشتن! مەبەستی لەوە بوو پێشئەوەی بحەسێنەوە بە ڕۆیشتنێكیتر ماندووتربن و، قسەكە بەناویاندا بڵاونەبێتەوە.

كە قسەكە گەیشتەوە بە (عبداللەی كوڕی ئوبەی)، هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پۆزشی هێنایەوەو سوێندیخوارد، كە شتی وای نەوتووە!

ئیتر وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا! لەوانەیە (زەید)، كە منداڵە، باش لە قسەكەی حاڵینەبووبێت و وا تێگەیشتبێت..

ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لەو كاتە ناوەختەشدا، كە كاتی قەیلولەی حەوانەوەی نیوەڕۆ بوو، كەوتەوەڕێ.

(ئوسەیدی كوڕی حوزەیر -خوا لێی ڕازی بێت) پێیگەیشت و، سڵاوی بەنازناوی پێغەمبەرێتی لێكردو، فەرموی: ئەی پێغەمبەری خوا! لە ساتەوەختێكدا كەوتوویتەتەڕێ، كە لە حاڵەتی ئاساییدا واتنەدەكرد!

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ( أما بَلَغَكَ مَا قَال صاحِبُكَ ابنُ أُبَيّ ؟ زعم أنه إذا قدم المدينة سيخرج منها الأذل).

واتە: نەتبیستووە ئیبنوئوبەی هاوڕێت چی وتووە ؟! لافی ئەوە لێدەدات، كە ئەگەر بگەڕێنەوە مەدینە، زەلیلەكان لە شاردەردەكات!

(ئوسەید) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەخواقەسەم، جەنابت عەزیزیت و ئەو زەلیلە، بەڵام توخوا نەرمونیانبە لەگەڵیدا، بەخوا لەو كاتەدا، كە خوای گەورە بەم خێرەوە بەرێزتانی نارد، ئێمە خەریكبووین تاجهان بۆ ئەو دەچنی، تا لەسەری بكەین، ئێستا ئەو وا هەستدەكات جەنابت پلەو پایەكەیت لێ گرتووە..

ئیتر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە هەموو یاوەرانەوە کەوتەڕێ، تا ئێوارەداهات، دوای ئێوارەش کەوتەوەڕێ، تا بەیانی هات! بەیانیش، تا چێشتەنگاو هەر ڕۆیشتن!! بۆئەوەی قسەکە بەناویاندا تەشەنەنەکات، هەر بەوەندەی فەرمانیدا، کە باربخەن و بحەسێنەوە، ئەو خەڵکەش هەر بەوەندەی دابەزین خەویان لێکەوت!! ئا لەوێدا سوڕەتی (المنافقون) دابەزیەخواریێ..

ڕیوایەتەکانیتریش، هەموو جەخت لەوە دەکەنەوە، کە ئەم ڕوداوەو ئەم (عبداللەی کوڕی ئوبەی)ی سەرۆکی دووڕووەکان، هۆی هاتنەخوارەوەی سوڕەتی (المنافقون)ـە..

## دەرسی یەکەم

### ئایەتی ١ـ٤

﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ
ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١ ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ
يَعۡمَلُونَ ٢ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَفۡقَهُونَ ٣ ۞وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ
أَجۡسَامُهُمۡۖ وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ
ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ ٤ ﴾ **المنافقون: ١ - ٤.**

واتە: ئەگەر دووڕووەکان هاتنەلات و وتیان: شاهێدییدەدەین، کە تۆ نێرراوی خوایت، خوا دەزانێت، کە تۆ نێرراوی ئەویت، خوا شاهێدیی ئەوە دەدات، کە دووڕووەکان درۆزنن، سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغان، بەوەش ڕێیان لە ڕێبازەکەی خوا گرتووە، بە ڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپەبوو، ئەوەش بەوەی، کە باوەڕیانهێنا، پاشان کوفریانکرد، لەبەر ئەوە بوو، کە دڵیان مۆری پێدانراو ئیدی حاڵینابن، کە دەتبینین لەشولاریان سەرسامی دەکردیت! کە دەدوێن قسەکانیان دەبیستیت، هەر دەڵێی تەختەو داری کلۆری هەڵپەسێرراون، وا گوماندەکەن، کە هەموو هاوارێك بەسەر ئەواندا دەکرێت، ئەوانە دوژمنن هۆشیاربە لێیان، خوا بیانکوژێت، چۆن لە ڕێنمایی خوایی بەرەو گومڕایی خۆ لا دەدەن ؟!!

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

**ئایەتی یەکەم:**

﴿إِذَا جَآءَكَ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشۡهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ ١﴾ المنافقون: ١.

واتە: ئەگەر دووڕووەکان هاتنەلات و وتیان: شاهێدییدەدەین، کە تۆ نێرراوی خوایت، خوا دەزانێت، کە تۆ نێرراوی ئەویت، خوا شاهێدیی ئەوە دەدات، کە دووڕووەکان درۆزنن.

إِذَا : کە بە مانای ئەگەرە، لە زمانی عەرەبیدا سێ جۆرە:

ـ إِذَا التفسيريه: واتە ـ إِذَای لێکدانەوە، واتە: (أي)، کە مەرجە کردارێکی ڕابوردوو بە دوایدا هاتبێت، کە بە دوێنەر بێت، وەکو دەڵێیت: (إسْتَكْتَمْتُهُ الْحَدِيثَ: إذا سألتَهُ كِتْمَانَهُ).

ـ إِذَا الظرفيه: واتە ـ إِذَای ئاوەڵکردار: بە مانای (ئەو کاتەی) بۆ کاتی داهاتووەو مانای مەرج دەگەیێنێت، کرداری مەرج و وەڵامی مەرجی دەوێت، وەکو: (إذا رأيتَهُ فأخْبِرْهُ) خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَلَا عَلَى ٱلَّذِينَ إِذَا مَآ أَتَوۡكَ لِتَحۡمِلَهُمۡ قُلۡتَ لَآ أَجِدُ مَآ أَحۡمِلُكُمۡ عَلَيۡهِ﴾ التوبة: ٩٢.

ـ إِذَا الفجائية: واتە لە پڕ، یان لە ناکاو، مەرجە، کە ناوی بە دوادا هاتبێت، وەکو: (خَرَجْتُ لَيلاً فَإذا الاطفالُ يَلعَبونَ).. خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَأَلۡقَىٰهَا فَإِذَا هِيَ حَيَّةٞ تَسۡعَىٰ ٢٠﴾ طه: ٢٠

(إِذَا) لێرەدا، کە بەکارهاتووە بۆ ئیحتیمالی زۆر ڕوودانە، ئەگەر ئیحتیمالی ڕوودانێکی کەم هەبوو (إنْ) بەکاردێت، وەکو: ﴿وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلۡمِ فَٱجۡنَحۡ لَهَا﴾ الأنفال: ٦١.

واتـە: ئەگـەر کافـرەکان باڵیـان بـۆ ئاشـتی ڕاخسـت (ئەگـەری ئـەوەش کەمە لەوکاتـی بەهێزیەیانـدا، داوای تەقەبەس و ئاشـتی بکەن) تۆش بـاڵ ڕاخە.. لەبەر ئەمەیـە، کـە پیتـی (إنْ)ی بۆ بەکار هێنـاوە، بـەڵام لێـرەدا دووڕووەکان موحتاجی ئـەوەن، زوو بێنـە خزمـەت پێغەمبـەری خوا (صَلَّـى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) ، تا متمانەی ئیسـلامەتی بەدەسـت بخـەن، بۆیـە پیتـی (اذا) ی بۆ بـەکار هێناوە.. واللـه اعلم .

_ ٱلۡمُنَٰفِقُونَ : دووڕووەکان..

ئەمە ناوی بکەری (نافَقَ)یەو ئەسڵەکەی: ( نافَقَ يُنافِقُ مُنَافَقَةً أو نِفَاقَاً ) .

ئەسڵی وشەی (نفاق) سێ پیتی: (نون و فاء و قاف)ە، کە هەموویان ڕەگی ئەسڵی وشەکەن، وەکو (ئیبنوفارس) دەفەرموێ: دوو تەوەرە مانای هەیە: یەکەمیان: پسان و قرتانی شتێك و کۆتاپێهاتنی. دووەمیان: شاردنەوەی شتێك و پەنهانکردنی[1].. ئێمە لێرەدا، باس لە تەوەرە مانای دووەمیان دەکەین، کە وشەی دووڕوویی لێوە وەرگیراوە..

**النَّفَقُ:** کونێکە لە زەویدا، کە بە ڕێڕەوێکی ژێر زەمیندا دەڕوات، بۆ کونێکیتر لەشوێنێکیتر، کە عادەتەن بۆ خۆرزگارکردنە، وەکو: کونی مشك لە ماڵدا، یان کونی جرجی دەشت، کە دروستیدەکات، یان ئەو خەندەقە ژێر زەمینیانەی، لە کۆنەوە وەك ڕێڕەوی نهێنی دروستکراون، کە کورد پێی دەڵێ: (لەغەم)، لەم سەردەمەشدا وشەی ئینگلیزی جێی گرتۆتەوە، کە (تونێل)ە، یان عەرەبی، کە (نەفەق)ـە، کە ڕێڕەوێکی ژێرزەمینی و ناوچیاییەو دوو جەمسەر کونی هەیە...

لە باسی ئەم کونەیە، کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَإِنِ ٱسۡتَطَعۡتَ أَن تَبۡتَغِيَ نَفَقٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ أَوۡ سُلَّمٗا فِي ٱلسَّمَآءِ فَتَأۡتِيَهُم بِـَٔايَةٖ﴾ **الأنعام: ٣٥.**

گەر بتوانیت لەغەمێك لەژێر زەوی لێدەیت، یان پەیژەیەك بۆ ئاسمان هەڵخەیت، تا نیشانەیەکیان بۆ بهێنێتەوە!!

---

(١) ابن الفارس: معجم مقاييس اللغه(ب ٥/ ل ٤٥٥)چاپی دار الجيل. بيروت- ١٣٨٩/١٩٦٧.

**النَّافِقَاء:** کونی دووەمی ئەو ڕێڕەوە ژێرزەمینییەیە، کە جرجێك دروستیکردووە، بەڵام وەکو کونی یەکەمیان نییە_کە ئاشکراکەیە_، ئەمیان پێیدەوترێت: (القاصعاء) هێشتا بە تەواویی ئەمدیوودیوی نەکردەووەو، توێژاڵێکی تەنکی لێهێشتۆتەوە، تا کەشفنەبێت، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستیشدا ئاسان بتوانێت بە سەر لێدانێکی، توێژاڵەکە لەسەر (النَّافِقَاء)، کە لادات و لێوەی هەڵێت.

**نافق:** یەعنی جرجەکە لە کونی (نافقاء)ەوە، چووە ناو ڕێڕەوە نهێنیەکەیەوە..

زاراوەی نفاق: دووڕوویی: لەمەوە وەرگیراوە، چونکە دووڕووەکە ئەوەی لە ناخیدایە دەیشارێتەوەو، شتێکیتری پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕەی خۆی دەردەبڕێت.. ڕێڕەوێکی نهێنیشی بۆ هاتوچۆی خۆی بە دزیەوە دروستکردووە! وەکو ئەوەی کە ڕێبازێکی دیکەی نهێنی بۆ خۆی گرتۆتەبەر، کە لە لایەکەوە بە نهێنی خۆی لە باوەڕهێنان و داواکاریەکانی قوتاردەکات و، خۆی لێیاندەدزێتەوە، لە لایەکی تریشەوە، کەی پێویستیکرد خۆی بە موسوڵمان نیشاندەداتەوە..

بەم مانایەشە، کە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خۆیان دەپرسیەوە، کە نەبادا سیفەتی نیفاقیان هەبێت..

(حَنْظَلَةَ الْأُسَيِّدِيِّ، قَالَ: - وَكَانَ مِنْ كُتَّابِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ - قَالَ: لَقِيَنِي أَبُو بَكْرٍ، فَقَالَ: كَيْفَ أَنْتَ؟ يَا حَنْظَلَةُ قَالَ: قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ، قَالَ: سُبْحَانَ اللهِ مَا تَقُولُ؟ قَالَ: قُلْتُ: نَكُونُ عِنْدَ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، يُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ، حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِ رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ، فَنَسِينَا كَثِيرًا، قَالَ أَبُو بَكْرٍ: فَوَاللهِ إِنَّا لَنَلْقَى مِثْلَ هَذَا، فَانْطَلَقْتُ أَنَا وَأَبُو بَكْرٍ، حَتَّى دَخَلْنَا عَلَى رَسُولِ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، قُلْتُ: نَافَقَ حَنْظَلَةُ، يَا رَسُولَ اللهِ فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ «وَمَا ذَاكَ؟» قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ نَكُونُ عِنْدَكَ، تُذَكِّرُنَا بِالنَّارِ وَالْجَنَّةِ، حَتَّى كَأَنَّا رَأْيُ عَيْنٍ، فَإِذَا خَرَجْنَا مِنْ عِنْدِكَ، عَافَسْنَا الْأَزْوَاجَ وَالْأَوْلَادَ وَالضَّيْعَاتِ، نَسِينَا كَثِيرًا فَقَالَ رَسُولُ اللهِ صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: «وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنْ لَوْ تَدُومُونَ عَلَى مَا تَكُونُونَ عِنْدِي، وَفِي الذِّكْرِ،

لَصَافَحَتْكُمُ الْمَلَائِكَةُ عَلَى فُرُشِكُمْ وَفِي طُرُقِكُمْ، وَلَكِنْ يَا حَنْظَلَةُ سَاعَةً وَسَاعَ)[١].

(حەنزەلەی ئوسەیدی -خوا لێی ڕازی بێت)، کە یەکێك بوو لە نوسەرانی وەحی لای پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە (ئەبوبەکری صددیق -خوا لێی ڕازی بێت) گەیشت و، (ئەبوبەکر) لێی پرسی: ها حەنزەلە چۆنی؟

فەرمووی: بە خوا (حەنزەلە) موناففیێتی کرد!!

(ئەبوبەکر) فەرمووی: سوبحان الله! کورە بزانە چ دەڵێیت؟!

(حەنزەڵە) فەرمووی: کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەبین و باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکات، دەڵێی دەیانبینین و سەیریان دەکەین، کەچی هەر بەوەندەی کۆڕەکەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جێدەهێڵین و، تێکەڵ بە ماڵ و منداڵ و زەویوزارەکانمان دەبینەوەو، دەکەوینەوە یاری و مەزاقی خۆمان، کۆڕەکەی ئەومان بیردەچێتەوە!

(ئەبوبەکر -خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: بە خوا ڕاستدەکەیت، ئێمەش هەر واین، با بچینە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).

کە چوونە خزمەتی، (حەنزەلە) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! (حەنزەلە) نیفاقیکرد!!

پێغەمبەری خوایش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: بەچی؟!

(حەنزەلە) فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! کە لە خزمەت جەنابتدا دەبینو، باسی بەهەشت و دۆزەخمان بۆ دەکەیت، وامان لێدێت دەڵێی بەچاوی خۆمان دەیبینین، کە لە خزمەت جەنابیشت مەرەخەسدەبین و تێکەڵ بە ماڵ و منداڵ و زەویوزارەکانمان دەبینەوە، زۆریمان بیردەچێتەوە!!

---

(١) موسلیم (٢٧٥٠)، ترمذی (٢٤٥٢)، ئیبنوماجە (٤٢٣٩)، ئەحمەد (١٨٥٦٦).

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، ئەگەر چۆن هەروا لای من دەردەچن و، هەر لە یادی خوادا بمانایاتەوە، فریشتە لە سەر جێ و ڕێتاندا، تەوقەی لەگەڵ دەکردن! بەڵام ئەی (حەنزەلە)! ئیتر وایە، ساتە نا ساتە (سێ جاری ئاوا فەرموو )..

ئاشکرایە، کە ئەمەی (حەنزەلە -خوا لێی ڕازی بێت) لەبەر ئەوە بووە، کە زانیوێتی نیشاندانی سیفەتێك بە سەرزارەکی _کە وەکو خۆی نەبێت_ نیشانەیەکی دووڕوویيە، بۆیە خەمی بووەو زوو بە هەڵەداوان خۆی و سەییدنا ئەبوبەکر چوونەتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆ ڕوونکردنەوەو زانینی حوکمە شەرعیەکەی.

زاراوەی نیفاق و مونافیق، وەکو زمانەوانی گەورە: (ئیبنومەنزور) دەفەرموێ: زاراوەیەکی ئیسلامیەو عەرەب پێشتر وەکو زاراوە نەیبووە)[1]..

﴿ إِذَا جَآءَكَ ٱلْمُنَٰفِقُونَ قَالُواْ نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ ٱللَّهِ ۗ وَٱللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾ **المنافقون: ١.**

واتە: ئەگەر دووڕووەکان هاتنەلات و، وتیان: شاهێدییدەدەین، کە تۆ نێرراوی خوایت، خوا دەزانێت، کە تۆ نێرراوی ئەویت، خوا شاهێدیی ئەوە دەدات، کە دووڕووەکان درۆزنن .

ئەوان دێنە لات و خۆیان بە موسوڵمان نیشاندەدەن و، سەرزارەکی ئیسلامەتی خۆیانت بۆ دەردەبڕن، ئەو قسەیەشیان وەکو شاهێدیەك دەدەن، کە ئیعتیمادەکاتە سەر دڵنیایی دوای (بینین) و (زانین)!! بەڵام خوای گەورە، کە بە درۆیاندەخاتەوەو ڕوونیدەکاتەوە، کە ئەو شاهێدیە درۆیە، چونکە بە هیچ کلۆجێك باوەڕ لە ناخیان نەچەسپیووە، بەڵام بەرپەرچی هەموو قسەکەیان ناداتەوە! بەڵکو قسەکەیان جیادەکاتەوە، ئەم دەستەواژە ڕاستەی لێدەردەهێنێت:

---

(١) ابن منظور: لسان العرب (ب١٠ ل٣٥٩).

(﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ﴾): بە تەئکید خوا دەزانێت، کە جەنابت نێرراوی ئەویت بەڵێ، تۆ پێغەمبەری خوایت، بەڵام ئەوان درۆزنن.. نافەرموێت ئەوان درۆدەکەن، تا تەنها ئەوە نەگەیێنێت، کە هەر شاهێدیدانەکەی ئەم قسەیەی ئێستایان، کەوتۆتە ڕیزی درۆکانیانەوە، بەڵام سیفەتی ئەوان دەسەلمێنێت، کە درۆزنن، درۆزنێتی بۆتە سیفەتێکی چەسپاوی ئەوان.. درۆزنن، چونکە ناخ و دەرەوەیان وەك یەك نیە! خۆشیان ئەوە دەزانن بۆیە دێن و سوێنددەخۆن..

خوا دەزانێت ئەوانە درۆزنن..

آ- خوای گەورە شاهێدیدانەکەی ڕەتکردنەوە، چونکە بە زانیاری خۆی دەیزانی، کە ئەوانە پێشتر، کە داوای باوەڕهێنانیان لێدەکرا ڕەفزیاندەکردو فشەیان بەبانگهێشتەکە دەهات: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ ءَامِنُواْ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُۗ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ﴾ البقرة: ١٣.

واتە: کە پێیاندەوترێت: ئێوەش وەکو ئەو خەڵکە باوەڕبهێنن، دەڵێن: چۆن ئێمە وەکو ئەو خەڵکە گێل و گەمبۆڵە باوەڕدەهێنین؟!!

هەروەها خوای گەورە دەشیزانی، کە ئەوانە لە ناخیاندا زانیارییان دەربارەی وەحی و پێغەمبەرێتیی نیە، وەك لە کۆتایی هەمان ئایەتی ڕابوردوودا فەرموی: ﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمۡ ءَامِنُواْ كَمَآ ءَامَنَ ٱلنَّاسُ قَالُوٓاْ أَنُؤۡمِنُ كَمَآ ءَامَنَ ٱلسُّفَهَآءُۗ أَلَآ إِنَّهُمۡ هُمُ ٱلسُّفَهَآءُ وَلَٰكِن لَّا يَعۡلَمُونَ ١٣﴾ .

خوای پەروەردگار شاهێدیەکەیان بە درۆدەزانێت، چونکە بە زانایی و دانایی خۆی ئەوە دەزانێت، کە ئەو درۆزنانە لەم شاهێدیدانەشیاندا درۆدەکەن..

- زانین: بریتیە لە گواستنەوەی وێنەو سیفەتی شتێك بۆ مێشك، تا بەتەواوی پەی پێبباتو پێناسەیەکی ڕاستی بکات و، حوکمێکی دروستی دەرهەق بدات، مەرجە وێنەو سیفەتی شتەکەی بەڕاستیی نەقڵکردبێت.. وەك ئەوەی تۆ سەرەنجامی بینینی ڕوداوێك بە تەواوەتی، زانیاریەکت لا گەڵاڵەدەبێت.

ئەمما بۆ خوای گەورە، هیچ شتێك شاراوەنیە، چونكە كردگاری شتەكانە! ئەو سێ پەردەی نەزانینەی مرۆڤ هەیەتی، خوای گەورە نیەتی، چونكە خۆی دروستیكردوون، مەبەستم پەردەی شوێن: وەك ئەو دیو دیوارەكەی تەنیشت تۆ. پەردەی كات: وەك ڕوداوەكانی سبەینێ. پەردەی ماهییەت: واتە چییەتی شت، وەك ئەوەی، كە تەفسیلاتی پێكهاتەی ئەو شتە نازانیت، كە دەیبینیت.

كەوابوو: شاهێدیەكەی خوای گەورە _كە لە زانینی كات و شوێن و ماهیەتی دووڕووەكانەوە هاتووە_ شاهێدیەكی حەقەو پڕاوپڕی واقیعەكەیە، چونكە خوای گەورە، كە باسی هەر شتێك دەكات، لە سیفەتی ئەو شتەوە باسیدەكات، وەك باسی مرۆڤ و فریشتەو شەیتان و بەهەشت و دۆزەخ و..هتد

- ئەم ئایەتە، باسی (خبر و انشاء)ی ڕەوانبێژیی تێدایە.. چونكە هەواڵدان، ئەگەری ڕاست و درۆی تێدایە، هەواڵدەریش، ئەگەری ڕاستگۆیی و درۆزنیی هەیە.

ئەگەر هەواڵەكە هاوجووت بوو لەگەڵ حەقیقەتدا، ئەوە ڕاست و ڕاستییە.

بەڵام ئەگەر هەواڵدەرەكە قەناعەتی بە قسەكەی خۆی هەبوو، ئەوە ڕاستە، با بە تەواویش هاوجووتی واقیعەكە نەبێت، چونكە هەواڵدەرەكە سەرڕاستەو، باوەڕیشی وایە: كە ڕوداوەكە ئاوایە، ئەمە ڕاستگۆیە، چونكە خۆشی باوەڕی وا بۆ دروستبووە.

بەڵام لەبەرئەوەی ئەم لە گۆشەیەكەوە بینیوێتی، یان لەژێر كاریگەریی ئینفیعالێكی ترس و تورەیی و، یان ئازادی و زەلیلیدا، یان هەژاریی و دەوڵەمەندیدا بووە، هەواڵەكەی بە تەواویی هاوجووتی واقیعەكە نەبووە، ئەمە ڕاستی نیە، بەڵام هەواڵدەرەكە ڕاستگۆیە..

نابینیت دایكە (عائیشە -خوا لێی ڕازی بێت)، كە پێیان وت: ئایا (ئیبنوعومەر) لەو مەسەلەیەدا درۆیكرد؟!

فەرمووی: (ما كَذَبَ، لكِنَّهُ وهَمَ)[١].

واتە: درۆی نەکردووە ، هەواڵەکەی وا پێگەیشتووە!!

لێرەدا خوای گەورە دەزانێ، کە نە هەواڵەکە لە دڵ و دەروونیاندا وایە، نە خۆشیان باوەڕیان بە هیچ گۆشەیەکی پێغەمبەرێتییەکە هەیە!! بۆیە شاهێدیدانەکەیان ڕەفزبۆتەوە، چونکە هاوجووتی ناخی خۆیان نیە..

- شێخ (محمـد متەوەللی الشەعراوی) ڕەحمەتی دەفەرموێ: ڕۆژهەڵاتناسەکان دەڵێن: باشە خۆ دووڕووەکان شاهێدیان لەسەر شاهێدیەکەی خواوە داوە، کە (محمـد) نێرراوی خوایە، ئیتر چۆن دەبێت بڵێت دووڕووەکان درۆزنن؟! کە لەگەڵ زانیاری و شاهێدیەکەی خوادا یەکیانگرتۆتەوە!! درۆش ئەوەیە، کە لەگەڵ واقیعدا یەکنەگرێتەوە، جا ئایا قسەی دووڕووەکان لەگەڵ واقیعەکەدا یەکی نەگرتۆتەوە؟! ئەمە پێچەوانەی یەکن!!

دەبێ لێرە ئەوە ورد سەیربکرێت، کە بەدرۆخستنەوەی خوای پەروەردگار بۆ دووڕووەکان، لە هەموو بڕگەی قسەکەیاندا نیە، بەڵکو خوای گەورە شاهێدی دەدات، کە دووڕووەکان لەو قسەیەی، کە دەڵێن: ﴿نَشۡهَدُ﴾دا درۆزنن!! چونکە شاهێدیەکی وا نادەن، کە قسەکەیان لەگەڵ واقیعی ناخی خۆیاندا یەکیگرتبێتەوە.. بۆیە لە پاڵانتەی باوەڕهێنانەکەیاندا درۆدەکەن.. چونکە شاهێدیدان ئەوەیە: کە بەقسە ئەو وێنە بنەخشێنیتەوە، کە لە دڵ و دروونتدا هەیە..

کەوابوو: جیاوازیەکە لێرەدا، لەسەر شاهێدیدان و شاهیدەکانە، نەك لەسەر شاهێدیی لەسەردراوەکە؟!

بۆیە بەدرۆخستنەوەکە ڕووناکاتە شاهێدیی لەسەردراوەکە، بەڵکو ڕوودەکاتەوە سەر شاهیدە درۆزنەکان و، خودی شاهێدیدانە درۆکەیان.. چونکە پێغەمبەرێتیی ـ کەشاهێدیی لەسەردراوەکەیە_ لەسەداسەد ڕاستە، بەڵام شاهێدیدانی دووڕووەکان

---

(١) موسلیم (٩٣٢)، ئەبوداود (٣١٢٩)، نەسائی (١٧/٤).

درۆیە، چونکە ئەوەی دەیڵێن، هاوجووت نیە لەگەڵ ئەوەی لە ناخیاندا هەیە..

کەسێك، کە وێنەی ناو موشەکێك(ساروخێك)ی لە مێشکدایەو، باسی فڕۆکەیەك دەکات، درۆدەکات، با بۆ خۆیشی بڵێ: ڕاست وەسفدەکەم، بەڵام ئێمە، کە نازانین، ڕەنگە باوەڕی پێبکەین، بەڵام موشەکەوانێك، یان فڕۆکەوانێکی شارەزا، بەدرۆی دەخاتەوەو، دەڵێ: قسەکانی نابنە پێناسەی ئەو وێنەیەی، ئەم باسی لێوەدەکات..

- ئیمامی ئیبنولعەڕەبی (موفەسسیرە شەرعناسەکەیە، نەك سۆفیەکە، ئەمیان ئیبنو عەرەبیە)، دەفەرموێ: ئەمە سێ مەسەلەی لەخۆگرتووە:

یەکەمیان: شاهێدیدان بە دڵ و زمان و ئەندامانیتری لەشە، شاهێدیدان بەدڵ بریتییە لە: باوەڕو قەناعەتکردن (هەندێك فەرموویانە بریتییە لە زانین)، بەڵام من پێم وایە: (ئیبنولعەڕەبی پێی وایە) باوەڕو ئیعتیقادکردنە، چونکە یەکێك لەوەی ئیعتیقاد دادەمەزرێنێت، پەیپێبردن و هەبوونی زانیارییە، شاهێدیدانیش بەزمان بریتیە لە: دەربڕین، هەموو ئەحکامی دنیاش، بە خوێن حەڕامبوون و عوزر قبووڵبوونیەوە، دەکەوێتە سەر ئەم دەربڕینە، چونکە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ:

(أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ، عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ، إِلَّا بِحَقِّ الْإِسْلاَمِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ تَعَالَى)[1].

واتە: فەرمانم پێکراوە کوشتاری خەڵکی، تا ئەو کاتە بکەم، کە دەڵێن (لا اله الا الله)، ئەگەر وتیان، ئیتر خوێن و سامانیان لە من حەڕامدەبێت، مەگەر بە حەقی خۆی، لێپرسینەوەشیان مافی خوای گەورەیە..

(١) بوخاری (٢٥)، موسلیم (٣٣).

دووەمیان: کە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾ .

واتە: خوا دەزانێت، کە جەنابت بە تەئکید نێرراوی ئەویت، خوا شاهێدیی ئەوەش دەدات، کە دووڕووەکان درۆزنن.. خوای گەورە زانیوێتی و شاهێدیداوە..

ئەم ئایەتە، کە ڕستەی ئیعتیرازی پێدەوترێت، فەرمایشتی خوای گەورەیەو، لێرەدا بۆیە هاتووە، تا ڕەتکردنەوەی قسەی دووڕووەکان، هەموو قسەکەیان نەگرێتەوە، بەڵکو تەنها ئەوە ڕەتبکرێتەوە، کە درۆیە، بۆ ئەوەی لە ڕەتکردنەوەی قسەکەیاندا، ئەو لێتێکچوونە دروستنەبێت، کە چۆن ئەوان شاهێدیی پێغەمبەرێتیی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەدەن، کەچی خوای گەورە هەر ڕەتیاندەکاتەوە..

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

- بڕوانە دووڕووەکان، چونکە پێویستیان بەوە هەیە جەخت لە باوەڕەکەیان بکەنەوەو، وا شاهێدیەکە بدەن، کە لە ناخی دڵ و دەرونیانەوە قەناعەتەو دەریدەبڕن!! تا بە بێگومان دروستکردن، خۆ بە موسوڵمان نیشاندەن، پیتی (إنَّ) و (لام)یان بۆ تەئکید بەکارهێناوە.

(ئەبوحەییان)ی موفەسسیر دەفەرموێ: بەکارهێنانی (ئیننەو لام)ـەکە، وتەکە دەباتە پلەی سوێند، کە سوێندیش کۆتا پلەی تەئکیدو دڵنیاییە!! کە دەوترێت: (الامرُ سهلٌ) کارەکە ئاسانە، وەك: ئەوە نیە بڵێین: (إنَّ الامرَ سهلٌ) بە تەئکید کارەکە ئاسانە، لەمیش بەهێزتر ئەوەیە بڵێین: (إنَّ الامرَ لسَهلٌ)، واتە: دڵنیابە بە تەئکید کارەکە ئاسانە)، ئاخر بۆیە خوای گەورەش بە هەمان شێوازی تەئکیدەوە بە (إنَّ) و (لام) دەفەرموێ: ﴿وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾..

- نافەرموێ: (انهم لكاذبون)، بەڵکو جارێکیتر بە دووڕوو ناویاندەباتەوەو، ئەو سیفەتەیان بۆ دەکاتەوە وەسفی چەسپاوو نەگۆڕ، دەفەرموێ: (إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ).

- خوای گەورە دەفەرموێ: ئەگەر دووڕووەکان هاتن و وتیان، نافەرموێت: ئەگەر شایەتییاندا! چونکە ئەوان ڕەفتارەکەی خۆیان ناویانناوە شاهێدیدان، بەڵام لە حەقیقەتدا شاهێدی نیە، چونکە ئەوی دەیڵێن، هەر شتێکی سەرزارەکیەو لە ناخدا پەییان پێنەبردووەو، نەیانناسیووەو تەسلیمینەبوون.

کەوابوو باوەڕیان پێینەهێناوە! ئیدی بۆچی ناوی دەنێن شاهێدی؟! تا قەناعەت بە جەنابت بکەن، کە ئەوانیش وەکو موسوڵمانەکانی دەوروبەرت شاهێدی دەدەن!!

کەوابوو لەمەشدا، کە قسەکەیان ناوناوە: شاهێدیی، هەر درۆدەکەن!!

- قسەکەیان بە درۆناخاتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو فعلێکی ئەواندا، فعلێکی خواییش نەیەت، بەڵکو بە (اسم) باسیاندەکات، تا هەرچی دەیڵێن، هەر بە گومانەوە

بیرِوانێتیێ..

- بە لەفزی (نشهد) دەیڵێن، تا بڵێن: دڵیشمان پڕ باوەڕەو ڕاستدەكەین..

- خوای گەورە بڕگەی ﴿وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُۥ﴾ ی خستۆتە پێش ﴿وَٱللَّهُ يَشۡهَدُ إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَكَٰذِبُونَ﴾ بۆ ئەوەی جاریْ پێغەمبەرێتیەكەی پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بچەسپێنێت، ئینجا دووڕووەكان بەدرۆبخاتەوە!!

- شاهێدیەكەی خوای گەورە دەرهەق ئەوان، پڕاوپڕی واقیعەكەیانە، چونكە خوای گەورە بە پێی ئەو ڕێسا قورئانیەی خۆی فێرماندەكات: (دەبێت وەسف، یان لە سیفەتی زاتی شتەكە خۆیەوە بێت، یان دەبێت لە ڕاستگۆیەكەوە بێت)، وەسفی خوای گەورە، كە دەرهەق ئەمانە دەفەرموێ: درۆزنن، پڕاوپڕ وەسفی حاڵی ئەوان دەكات، خوای گەورەش ڕاستگۆیە لە نەقڵكردنی وەسفەكەیاندا، بۆیە لەمسەریشەوە، سیفەتی دووڕوویی و درۆزنی ئەوانمان زیاتر لا دەچەسپێت.

بۆ ئەوەی ئەم خاڵە ئوصوڵییە فیكریی و شەرعییەت لا بچەسپێت، دوو نموونە دێنمەوە، ورد سەرنجیان بدەریْ:

ـ كاتێك سەییدنا (یەعقوب)ی باوكی سەییدنا (یوسف)، (علیهما السلام)، كوڕەكانی بینی وا ئێواریْ هاتوونەتەوەو كراسێكیان سووركردووەو دەڵێن: ئەمە كراسی (یوسف)ی برامانە، كە گورگ خواردوییێتی!! سەییدنا (یەعقوب) دیتی، كە یەكەم ئەو سوورە خوێن نیە! دووەمیش، كراسەكە ساغەو وەكو خۆی ماوە.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿وَجَآءُو عَلَىٰ قَمِيصِهِۦ بِدَمٖ كَذِبٖۚ قَالَ بَلۡ سَوَّلَتۡ لَكُمۡ أَنفُسُكُمۡ أَمۡرٗاۖ فَصَبۡرٞ جَمِيلٞۖ وَٱللَّهُ ٱلۡمُسۡتَعَانُ عَلَىٰ مَا تَصِفُونَ﴾ یوسف: ١٨.

واتە: خوێنێكی قەستینەیان كردبوو بە كراسەكەیەوە! بەڵام ئەو فەرمووی: ئەمە هەر نەفس و هەواوهەوەسی خۆتان ئەمەی پێكردوون، سەبرێكی بێ ناڵیین دەگرم، ئەوم چاكترە، خواش یاریدەدەرە لەسەر وەسفەیدەی كەن. یەعنی ئەو وەسفەی دەیكەن، لە سیفەتی خوێن و كراسەكەوە نەهاتووە..

ـ كاتێك سەیدنا (یوسف -علیه السلام) لە میسر، بووبوو بە كاربەدەستی باڵای وڵات و، براكانی هاتنەئەویْ و ویستی براكەی گلداتەوە، تەگبیری ئەوەی كرد، كە

ئێغنکێشەکە (کەوچکێکی قوڵ و گەورەیەو بۆتە ئامێری پێوانی دانەوێلە) بخاتە ناو باری براکەیەوە، تا لەسەری بگیرێن، بانگدەکرێن: ئێوە دزن!! کە ئێغنکێشەکە لە باری براکەی دەردەهێنن، براکانی تری، کە نازانن ئەوە سەیدنا (یوسف)ی برایانە، دەڵێن:

﴿قَالُوٓاْ إِن يَسۡرِقۡ فَقَدۡ سَرَقَ أَخٞ لَّهُۥ مِن قَبۡلُۚ فَأَسَرَّهَا يُوسُفُ فِي نَفۡسِهِۦ وَلَمۡ يُبۡدِهَا لَهُمۡۚ قَالَ أَنتُمۡ شَرّٞ مَّكَانٗاۖ وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِمَا تَصِفُونَ﴾ یوسف: ٧٧.

واتە: ئەو، کە ئێستا ئاوا دزیدەکات، ئەوە برایەکیتریشی پێشتر دزیکردووە، بەڵام (یوسف) ئەو قسەیەی لای خۆی ڕاگرت و دەرینەبڕییەوە بۆیان (بە درۆینەخستنەوە، چونکە (یوسف) تەنها ئەو برایەی هەبوو، کە ئێستا وا هەردووکیان لەلایەن براکانیتریانەوە بەدز دەناسرێن!)، فەرمووی: ئێوە پیاوخراپن، خوا زاناترە بەو وەسفەی دەیکەن.. چونکە زانی ئەو وەسفەی کردوویانە، هاوجووتی ڕەفتارو ڕەوشتی براکەی نیە، چ جای ڕەفتارو ڕەوشتی پێشینی خۆی، کە لە خۆشی دڵنیایە، کە قەت دزینەکردووە!!! ئیتر ئەم وەسفە ناڕەوایە لە کوێوە هات؟! ئەم شاهێدیە درۆیە لەسەر چ بنەمایەکە؟!

بزانە، کە خوای گەورە وەسفێك ڕەتدەکاتەوە، کە لە سیفەتی زاتی ئەو باسکراوەوە نەهاتبێت و، پڕاوپڕی نەبووبێت، نابینیت لە بەرپەرچی قورەیشدا، کە دەیانوت: فریشتە کچی خوان، چۆن دەفەرموێ:﴿وَجَعَلُواْ لِلَّهِ شُرَكَآءَ ٱلۡجِنَّ وَخَلَقَهُمۡۖ وَخَرَقُواْ لَهُۥ بَنِينَ وَبَنَٰتِۭ بِغَيۡرِ عِلۡمٖۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يَصِفُونَ﴾ الأنعام: ١٠٠.

واتە: ئەوان پەری و جنۆکەیان کردۆتە شەریکی خوای گەورە، کە خوا خۆی ئەوانیشی دروستکردووە، هەروەها کوڕو کچیان بۆ خوا بڕیارداوە، بێئەوەی هیچ زانیاریەکیان هەبێت، پاك و بێ عەیبی بۆ خوای گەورە لەوەی، کە ئاوا وەسفیدەکەن.. چونکە وەسفەکەیان لەسەر زانیاریی نیە، ئەوان چوزانن سیفەتی خوای تاکوپاك چیەو چۆنە، ئەدی چۆن ئاوا وەسفیدەکەن؟!

کەوابوو: وەسفەکەیان، هەر قسەی بێجێیە..

## وەسفی باوەڕهێنانی دەشتەکییەکان:

- لەم باسەدا سێ شت هەیە: شاهید، شاهێدیدانەکە، شاهیدیی لەسەردراوەکە. ئەمەی سێیەمیان، کە پێغەمبەرێتییەکەی پێغەمبەری خوایە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، لەم باسەدا نیە. ئێرە باس لە شاهیدەکان دەکات، کە درۆزنن، شاهێدیەکەشیان درۆیە، چونکە قسەیەك دەکەن، کە لەگەڵ ناخی خۆیاندا یەکناگرێتەوە، واش نایکەن، کە بسەلمێنێت، کە قەناعەتیان پێیهەبێت..

ئیمامی (ئەحمەد -رحمه الله) دەفەرموێ: ئەوی وەك ئەمە، ئەو ئایەتەیە، کە خوای گەورە باسی دەشتەکیەکان دەفەرموێ:

﴿۞ قَالَتِ ٱلۡأَعۡرَابُ ءَامَنَّاۖ قُل لَّمۡ تُؤۡمِنُواْ وَلَٰكِن قُولُوٓاْ أَسۡلَمۡنَا وَلَمَّا يَدۡخُلِ ٱلۡإِيمَٰنُ فِي قُلُوبِكُمۡ﴾ **الحجرات: ١٤.**

واتە: دەشتەکیەکان وتیان: باوەڕمانهێناوە، پێیان بفەرموو: ئێوە هێشتا باوەڕتانەهێناوە، بڵێن: موسوڵمانبووین، چونکە هێشتا باوەڕ نەچۆتە ناو دڵ و دەرونتانەوە.

واتە: زاهیرتان ئیسلامەتییە.. کە مادام زاهیریان پڕاوپڕ هاوجووتی ناخیان نیە، ئاوا بەو شێوە داناییەی خۆی بۆی ڕونکردنەوە، بێئەوەی واشیان تێگەیێنێت، کە ئێوە لە ڕیزی کافراندان، نا، دەفەرموێ ماوتانە بە باوەڕدار حسێببن..

- ئیمامی (ئەبوحەنیفە -رحمه الله) دەفەرمووێ: ئەگەر کەسێك وتی: ئەشهەدو، ئەوە سوێندی خواردووە، چونکە لەم ئایەتەدا خوای گەورە دوای ئەوەی (اشهد)ی ئەوانی هێناوەتەوە، لە ئایەتی دواتردا دەفەرموێ:

﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ﴾. واتە: سوێندەکەیان کردە قەڵغانی سەریان!!

کەوابوو: وتنی: ئەشهەدو، یەعنی سوێندم..

ئیمامی (شافیعی) دەفەرموێ: (ئەشهەدو) بە تەنها نابێتە سوێند، مەگەر کەسێك بڵێ: (ئەشهەدو باللە)، ئەوە سوێندە..

ئیمامی (مالیك) دەفەرموێ: ئەگەر وتی: ئەشهەدو، بەبێ نییەتی سوێند، نابێتە سوێند، بەڵام ئەگەر وتی: (ئەشهەدو باللە) دەبێتە سوێند..

ئەمەی ئیمامی (مالیك) ناکۆییەکان چارەسەردەکات و بۆچوونێکی وردترە..

- شاهێدیدان گەورەترە لە سوێند، نابینیت لە دادگای شەرعیدا، سوێند لە مەسیحی و جولەکە وەردەگیرێت، بەڵام شایەتییان، بۆ نموونە: لە تەڵاقدانی موسوڵماندا، وەرناگیرێت. وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَأَشۡهِدُواْ ذَوَىۡ عَدۡلٍ مِّنكُمۡ﴾ الطلاق: ٢.

واتە: دوو پیاوی دادپەروەری خۆتان بکەنەشاهێد..

**ئایەتی دووەم:**

﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَيۡمَٰنَهُمۡ جُنَّةٗ فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِۚ إِنَّهُمۡ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾

واتە: سوێندەکانیان کردووە بە قەڵغان، بەوەش بەرەنگاری دینەکەی خوای گەورە بوونەتەوەو، ڕێیان لە ڕێبازەکەی ئەو گرتووە، بەڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپەبوو.

- أَيۡمَٰنَهُمۡ : زۆرینەی موفەسسیرەکان بەم شێوەیە دەیخوێننەوە، کە دەبێتە کۆی (یمین)، واتە: سوێند. واتە: ئەو سوێندخواردنەیان، یان ئەو شاهێدییە درۆیەیان، دەکەنە قەڵغانێك و خۆی دەخەنەبەر..

هەشیانە بە (إِيْمَانَهُمْ) خوێندویتیەوە، واتە: باوەڕهێنانە سەرزارەکیەکانیان کرد بە مایەی خۆپاراستن لە سزای کافرێتیان، چونکە کابرای دووڕوو لە ناخیدا کافرە، بەڵام بۆ ئەوەی حوکمی کوفرو کافران نەیگرێتەوە، باوەڕهێنانێکی ئاشکراکردووە..

جُنَّةٗ: قەڵغان، یان دیاردەو دیمەنێکی دیار، کە وەکو: (توقیە) بەکاریبهێنن، کە ئیماندارێی سەرزارەکییە، لە ناخیشدا بێباوەڕن..

-سەیری بکە چەند لێچواندنێکی جوانیکردووە، کە سوێندخواردنەکەیانی بەقەڵغان چواندووە.. قەڵغان قورسەو، ناکرێت جەنگاوەری شەڕە شمشێر داینێت، پێویستەو دەبێ، لە هەموو سات و کاتی هەستکردن بە شمشێری بەرامبەردا، خۆی بداتەبەریی، بۆیە ئەم هەڵوێستە قورس و لەقەی دووڕووەکانیش پێویستی بەگرتنەبەریی بەردەوام هەیە، هەر کە موسوڵمانێك دەبینێت، هەر کە ئایەتێك دادەبەزێت، هەر کە داوا لە موسوڵمانان دەکرێت، بڕگەیەکی نوێی دینەکە وەرگرن و پێوەی پابەندبن.. وە هەروەها.

- ئیمامی (قورطوبی) دەفەرموێ: ئەو سوێندخواردنەیان لێرەدا، ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە وتیان: (جەنابت پێغەمبەری خوایت)، بەڵکو وەکو (بوخاری) و (ترمذی) لە (ئیبنوئوبەی)یەوە دەگێڕنەوە، بۆ هۆی هاتنەخوارەوەی سوڕەتەکە دەگەڕێتەوە، چونکە ئەوان سوێندیاندەخوارد، کە ئێمە قسەی کوفرینمان نەکردووە..

- شەرعناسان لەسەر ئەوەن، کە هەر کەسێك وتی: سوێندم بەخوا، یان قەسەم بەخوا، یان بە ناوی خواوە شایەتییدەدەم، بە شێوەی ڕابوردوو بێت، وەکو: سوێندم بەخواخوارد، یان بە شێوەی ڕانەبوردوو، وەکو: سوێند بەخوادەخۆم، ئەمانە هەمووی سوێندن و ڕایان لەسەر ئەوە کۆیە، کە لە ڕووی ئەحکامی شەرعییەوە سوێندخواردنن.

ئیمامی (مالیك) و یاوەرانی دەفەرموون: ئەگەر ناوی خواشی تێدانەبات، هەر بە سوێند حسێبە، مادام مەبەستی سوێندخواردن بوو‌بێت، بۆ نموونە: ئەگەر وتی: سوێنددەخۆم کە ئەو هەواڵە ئاوایە.

ئیمامی (ئەبوحەنیفە)ی ڕەحمەتی دەفەرمووێ: ئەگەر وتی: ئەشهەدوبیللا، ئەوە سوێندە، ئەمما ئەگەر ناوی خوای گەورەی لەگەڵیدا نەهێناو، مەبەستی سوێندبوو، دەبێتە سوێند.

ئیمامی (شافیعی)ی ڕەحمەتی دەفەرمویێ: مادام ناوی خوای لەگەڵدا نەهێنێت، نیەتیشی سوێند بێت، نابێتە سوێند.. چونکە ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەو سوێندەی خواردوویانە، کە خوای گەورە لە سوڕەتی (تەوبە)دا گێڕاوێتیەوە، کە وتوویانە:

﴿ يَحۡلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُواْ وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ ﴾ التوبة: ٧٤.

واتە: سوێند دەخۆن، کە ئەوان وایاننەوتووە، بەڵام ئەوان وشەی کوفریان وت و دوای باوەڕهێنانیان کافربوونەوە.

- ﴿فَصَدُّواْ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ﴾ : واتە بەرەنگاری دینەکەی خوای گەورە بوونەوە، مەبەست لەوەیە: کە ئەو دووڕوانە بۆیە وایانکرد، تا حوکمی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە خوێن و ساماندا جێبەجێنەکرێت، یان بەوەی، کە دەیانویست نەچنەجیهاد، بەڵکو خەڵکی دیکەش چاویان لێبکات و، بەوەش ڕیزی موسوڵمانان لاوازببێت! لە لایەکیتریشەوە بەوەی، کە ڕێیان لە موسوڵمانبوونی

کافرو موشریکەکان دەگرت و، ئیسلامیان لا ناشیرینده‌کردن و، ڕێبازە جاهیلیەکەی خۆیانیان لا جوانتردەکرد! بەوەی، کە پێیاندەوتن: ئەوەتا ئێمە هەر لەگەڵیاندایین و کافریشین، ئەگەر دینەکەیان ڕاستبوایە، هەڵبەت ئێمە، کە ئەوەندە لێیانەوە نزیکین، باوەڕمان پێیدەهێناو پێوەی پابەنددەبووین!

ئیتر خوای گەورەش ئەم حاڵەتە دەروونیی و هەڵوێست ورەفتارەی فەزحکردن.

- ﴿ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾ المنافقون: ٢.

بە ڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپە بوو، چ پاڵانتەی باوەڕهێنان و موسوڵمانبوونیان بێت، چ ئەو هەڵوێست و ڕەفتارەیان بێت، چ ئەو بەرەنگاریکردنەی بانگەوازەکەی خوای گەورە بێت...

- هاتنی ئەو شێوازانەی کردار ( فعل) لە ئایەتەکەدا، لە باسی بیروباروەڕو هەڵوێستیاندا وەکو: (ٱتَّخَذُوٓاْ) (فَصَدُّواْ) (سَآءَ) (يَعْمَلُونَ) بەڵگەی ئەوەیە: کە بەردەوام پێویستیان بەو ڕەفتارە هەبووە، چونکە کردار بۆ ڕوداوو دوپاتکردنەوەیە، بەڵام ناو بۆ چەسپاویی و بەردەوامبوونە..

وەکو هەمیشە لە باسی ئەم دووڕوانەدا، خوای گەورە بەو شێوەیە باسیان دەفەرموێت، چونکە ئەوانە ڕۆژانە بەموسوڵمانان دەگەیشتن و دەبوو بەردەوام ـبۆ ئەوەی کەشف نەبن ـ سوێندبخۆن، یان خێراخێرا بۆ شاردنەوەی هەڵوێستی دوژمنکارانەی خۆیان، موسوڵمانێتی خۆیان نیشانبدەنەوەوە جوختی لێبکەنەوە! بێئەوەی کەس ناچاریکردبن!

- کە دەفەرموێ: ﴿ إِنَّهُمْ سَآءَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴾، واتە: ئەو کارانەی، کە دەیانکرد بەڕاستی خراپبوو، بەدبوو، ناپەسەندبوو.. چونکە درۆکردنە، شایەتیی درۆیە، فریودانو چەواشەکارییە، ڕێگرتنیشە لە موسوڵمانبوونی خەڵکیتر، لە بڵاوبوونەوەی ئیسلام، ئیتر چ هەڵوێستێك لەمە بەدترو خراپترە ؟!

## ئایەتی سێیەم:

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمْ ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾

واتە: ئەوەش لەبەر ئەوەیە، کە باوەڕیانهێنا، پاشان کوفریانکرد، بۆیەدڵیان مۆری پێدانرا، ئیدی حاڵینابن.

- ذَٰلِكَ: ناوی ئاماژە (اسم اشارە)یە، ئاماژەیە بۆ هەڵوێستەکەی پێشوویان، کە بە هۆیەوە خوای گەورە فەرمووی: (إِنَّهُمْ سَاءَ مَا كَانُوا يعْمَلُونَ) بە ڕاستی ئەوەی دەیانکرد خراپبوو.. کە بریتیبوو لە: باوەڕی سەرزارەکیی و لێی پەشیمانبوونەوەی.. ئەمەش بۆ هەموو کەسێکیتر، هەر وا ناشیرینەو نیشانەی لاسەنگیی دەروونە..

- ءَامَنُوا۟ ثُمَّ كَفَرُوا۟ : باوەڕیانهێناو پاشان کافربوونەوە..

باوەڕیانهێنانیان دەشێت:

ـ بە شایەتمانهێنانە ڕاشکاوو ئاشکراکەیان بووبێت، کە بە دوایدا هەموو داواکاریەکانی ئیماندار یان ئەنجامدەدا، بەڵام دواتر بەوەی، کە کردەوەی کوفرینیان لێدەردەکەوتەوە کافردەبوونەوە.

بۆ نموونە: کە دەیانوت ئەگەر ئەوەی (محمد) دەیڵێ ڕاستبێت، هەڵبەتە ئێمە گوێدرێژین!!

یان کە لە غەزای (تەبووك)دا دەیانوت: ئەم کابرایە بە تەمای کۆشکی قەیسەرو کیسرایە، هەیهووهەیهوو..

یان گاڵتەو لاقرتێکردنیان بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ).
بۆیە خوای گەورە قسەکانی هێنانەوەو فەرمووی:

﴿يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ مَا قَالُوا۟ وَلَقَدْ قَالُوا۟ كَلِمَةَ ٱلْكُفْرِ وَكَفَرُوا۟ بَعْدَ إِسْلَٰمِهِمْ﴾ التوبة: ٧٤.

واتە: سوێنددەخۆن، کە ئەوان وایاننەوتووە، بەڵام ئەوان وشەی کوفریانوت و دوای باوەڕهێنانیان کافربوونەوە..

ئینجا حوكمی كوفریشی دان: ﴿لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ﴾.

واتە: پۆزش مەهێننەوە، ئێوە بەو قسانەی كردتان، دوای موسوڵمانبوونتان كافربوونەتەوە.

- بەوەی لای موسوڵمانەكان خۆیان وا نیشاندەدا، كە موسوڵمانن و پابەندی شەریعەتی خوان، كەچی لە لای كافرەكانی دۆستیان، گاڵتەیان بە ئیسلام دەكردو دەیانوت: هەر بۆ گاڵەتە پێكردنیان بە سەرزارەكیی باوەڕمانهێناوە..

ئەمەشە, كە خوای گەورە دەرهەقیان دەیفەرموو:

﴿وَإِذَا لَقُواْ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قَالُوٓاْ ءَامَنَّا وَإِذَا خَلَوۡاْ إِلَىٰ شَيَٰطِينِهِمۡ قَالُوٓاْ إِنَّا مَعَكُمۡ إِنَّمَا نَحۡنُ مُسۡتَهۡزِءُونَ﴾ البقرة: ١٤.

واتە: كاتێك بەو كەسانە دەگەیشتن، كە باوەڕیانهێنابوو، دەیانوت ئێمەش باوەڕمانهێناوە، كەچی، كە بە شەیتانەكانیان دەگەیشتنەوە، دەیانوت: نا، ئێمە هەر لەگەڵ ئێوەداین و، گاڵتەمان بەوان دێت!!

ـ ئەمە ئەو كەسانەش دەگرێتەوە، كە دواتر لە دینەكە پاشگەزبوونەوە..

-ئەمە ئەو موشریكانەش دەگرێتەوە، كە بەهۆی تێكەڵاویانەوە لەگەڵ جولەكەكان، باوەڕیان وابوو: كە پێغەمبەرێك بەو ناونیشانانەی لە كتێبەكانی ئەواندا نوسرابوو، دێت و ئەمانیش هەر ئەو كاتە باوەڕیان بەوە هەبوو، كەچی، كە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پەیامی خواییەوە هات، باوەڕیان پێنەهێنا..

ئایەتەكە گشتگیرە دەشێت ئەمانیش و ئەو دووڕوانەی ئەهلی كیتابیش بگرێتەوە..

- ﴿فَطُبِعَ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ﴾ : لەبەر ئەوە بوو، كە مۆر بەدڵیاندانرا. لە كوردیشدا وەكو عارەبی وایە، كە دەوترێت: مۆركرا، یەعنی كونبڕبووە، ئیتر ڕێی ئەوە نەماوە، هیچ بچێتە ناویی، یان لێوەی بێتەدەرەوە، بۆیە بەو تەنەكە نەوتەی سەری لەحیم

دەکرایەوە، دەوترا: تەنەکەی سەرمۆر.. لەمەشەوەیە، کە وتراوە: نامەی مۆرکراو، یەعنی، کە دەپێچرایەوەو مۆری لێدەدرا، کەس بۆی نەبوو بیکاتەوە..

ئەم لێچواندنە لە ڕەوانبێژیی عەرەبیدا پێیدەوترێت: مەجاز (لە جۆری ئیستیعارەیە) مەبەست لەوەیە، کە لە لایەکەوە دڵیان لەبەر نەفامیی و گەلۆریی و کەللـەڕەقیی و عینادیی خۆیان، وا لە ڕووی حەقدا داخراوە، تازە ڕێی ئەوە نەماوە ئاهێکی گەشانەوە، یان تروسکاییەکی خواناسیی داخڵ ببێت!

- ﴿فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ﴾ المنافقون : حاڵینابن.. ئەقڵیان بەو بانگەوازە نەشکا، کە بۆی بانگهێشتدەکران، ئەقڵیان بەو شنەی ڕۆح و ئاسوودەیی دەروون و چێژی جەستە نەدەشکا، کە ئەم دینە بۆی دەستەبەردەکردن!! درکیان بە کاریگەریی ئەم بانگەوازە خواییە نەکرد، لە داڕشتنەوەی شەخسییەتی تاك و، پێکهێنانی کۆمەڵگەو بنیاتنانی دەسەڵاتی سیاسیی، پەییان بە چارەنوسی دژواری خۆیان، لە دنیاو قیامەتدا نەدەبرد، کە دەبووە ئەنجام و سزای ئەو هەڵوێستە لاسەنگانەیان ـکە بەرامبەر ئەم دینەو پێشەواکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیانگرتە بەرـ لەبەرچاونەبوو!!

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

- سەیری ئەو ڕەوانبێژییە بەهێزە بکە، کە لەم ئایەتەدایە، دەفەرمویێ: کە خوای گەورە دڵی ئەو دووڕوانەی مۆرکردووە! ڕەنگە کەسێك بڵێت: ئاخر ئەوە ڕێگرتنە لە وەرگرتنی حەقەکە، کە لەگەڵ دادی خواییدا یەکناگرنەوە.

وەڵامی ئەمە ئەوەیە:

١ـ خوای گەورە بەردەوام ڕێی بەرەوئیسلامهاتنی بۆ خۆشدەکردن، چونکە بەشێوەی کردار باس لە باوەڕهێنانەکانیان دەکات، کە زووزوو دووپاتدەبۆوە، بەڵام ئەوان هیچ سوودێکیان لەو هەموو هەلە وەرنەدەگرت، تا موسوڵمانبن، ئیتر خوای گەورەش غەزەبی لێگرتن و وا ڕێی لێگرتن، کە دڵیانی مۆرکرد، ئیتر کێ هەیە جورئەت بکات بڵێ: هەلیتریان لەبەردەمدا بۆ دەڕەخسێنم، بەڵکو باوەڕبهێنن. نا، ئەمە نابێت، چونکە خوای گەورە بە زانینی ڕەهای خۆی، بە دادی بێوێنەی خۆی، بە حەزی هیدایەتدانی بەندەکانی، هەموو ڕێیەکی بۆ هیدایەتی ئەمانە ڕوونکردەوە، بەڵام هەر وەدەنگیەوە نەهاتن و کوێرایی زەین و دیدیان بەباشترزانی، وەك لە نوری ئیمان و بەرچاوڕوونی دنیاو قیامەت.. ئەوەش هەم ئەنجامی کاریانە، هەم سزای خواییی..

٢ـ ئەم مۆرە، لە ڕووی چۆنیەتیی و چەندێتیی و کات و شوێن و ماهییەت و هۆیەوە، قابیلی موناقەشەو بەدواداچوون نەماوە، چونکە خوای گەورە ئەو کارەیکردووە، ئیتر بوار بۆ کەس نەماوەتەوە، تا لە حاڵەتێکی ئەو مۆرلێدانە بکۆڵێتەوەو، بەهیوابێت بگاتە ئەنجامێك، کاڵیکاتەوە، چ جای ئیلغاکردنەوە، چونکە سزایەکی دادپەروەرانەی خوای گەورەیە، کە دوای ئیقامەحوججەو ڕوونکردنەوەی چاکەو خراپەو، چارەنووسی پابەندبوون بە هەر یەکێکیانەوەی بۆ ڕوونکردبوونەوە، بەڵام ئەوان، هەر باوەڕیاننەدەهێنا، نابینیت خوای گەورە چۆن لە باسیاندا فەموویەتی:

﴿وَنُقَلِّبُ أَفۡـِٔدَتَهُمۡ وَأَبۡصَٰرَهُمۡ كَمَا لَمۡ يُؤۡمِنُواْ بِهِۦٓ أَوَّلَ مَرَّةٖ وَنَذَرُهُمۡ فِي طُغۡيَٰنِهِمۡ يَعۡمَهُونَ﴾ الأنعام: ١١٠.

واتە: هەر وەکو چۆن ئەوان لە یەکەمینجارەوە باوەڕیان پێینەهێنا، ئێمەش ئاڕاستەی دڵ و چاویان دەسوڕێنین و، لێیاندەگەڕێین لە گومڕایی خۆیاندا خولبخۆن..

هەروەها: ﴿فَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡ﴾ الصف: ٥.

کاتێك، کە ڕێی هیدایەتیان نەگرت و لایاندا، ئێمەش لاماندان..

یان: ﴿وَنَطۡبَعُ عَلَىٰ قُلُوبِهِمۡ فَهُمۡ لَا يَسۡمَعُونَ﴾ الأعراف: ١٠٠

واتە: دڵیان مۆردەکەین، ئیتر هیچ ـبۆ تێگەیشتن و پەیپێبردنـ نابیستن!

ئەمانە هەموو ئەوە ڕووندەکەنەوە، کە ئەو مۆرلێدانەی خوای گەورە، بە دڵی ئەو دووڕوانەوە، سەرەنجامی هەڵوێستی سەربەستانەی خۆیان بووە، نەك خوای گەورە نەیویستبێت هیدایەتیانبدات. وەکو خۆیان و دووڕوانی هەموو زەمانێکیتر وا دەڵێن، خۆ خوای گەورە فەرق و جودایی لە نێوان بەندەکانی خۆیدا ناکاتو، واسیتەی کەسیش بۆ کەسێکیتر قبووڵناکات..

نابینیت پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ـوەکو (حوزەیفەی کوڕی یەمان -ڕەزای خوای لێبێت) لێوەی دەگێڕێتەوەـ دەفەرموێ:

(تُعْرَضُ الْفِتَنُ عَلَى الْقُلُوبِ كَالْحَصِيرِ عُودًا عُودًا فَأَيُّ قَلْبٍ أُشْرِبَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ سَوْدَاءُ وَأَيُّ قَلْبٍ أَنْكَرَهَا نُكِتَ فِيهِ نُكْتَةٌ بَيْضَاءُ حَتَّى تَصِيرَ عَلَى قَلْبَيْنِ عَلَى أَبْيَضَ مِثْلِ الصَّفَا فَلَا تَضُرُّهُ فِتْنَةٌ مَا دَامَتْ السَّمَاوَاتُ وَالْأَرْضُ وَالْآخَرُ أَسْوَدُ مُرْبَادًّا كَالْكُوزِ مُجَخِّيًا لَا يَعْرِفُ مَعْرُوفًا وَلَا يُنْكِرُ مُنْكَرًا إِلَّا مَا أُشْرِبَ مِنْ هَوَاهُ)[1].

واتە: بەڵاو موسیبەتی تاقیکردنەوە ـوەك دانەقامیشی ڕیزکراوی حەسیرـ بەسەر دڵاندا دێت (یەعنی جۆرەها کێشە، کە دەبنە مایەی لادەریی و دین لاوازیی،

(١) بوخاری (٣٥٨٦)، موسلیم (١٤٤).

ڕوو لە دڵ و دەروونەکان دەکەن، جا چۆن ئەو کەسەی حەسیر دروستدەکات، قامیشێك قایمدەکات، ئینجا قامیشێکیتری دەخاتەپاڵ و، ئەویش قایمدەکات، ئینجا سێیەم وە هەروەها.. ) هەر دڵێك هەر یەکێك لەوانە بگرێتەخۆ، خاڵێکی ڕەشی پێوەدەچەسپێت، هەر دڵێکیش وەرینەگرت و ڕەتیکردەوە، خاڵێکی سپی پێوەدەچەسپێت، تا ئەم دڵە سپیەیان وەکو چیایەکی تاوێر ( یان وەك کێوی (سەفا)، کە لە مەککەیە) ساف و لوس دەبێت و، هیچی پێوەناوەستێتەوە و بریسکەیدێت، ئەو دڵەش ئاوای لێدێت، کە هەتا دنیادنیابێ و ئاسمان وزەوی بمێنن، هیچ تەگەرەیەك کارتێکردنی خراپی لەسەر نابێت، ئەویتریان ڕەشدادەگەڕێت و وەکو کیتەڵە (گۆزەی بچووك)ی دەمەونخونکراوەی لێدێت، (کە هیچی پێوەناگیرسێتەوە)، ئیتر نە چاکە دەزانێت چییەو نە خراپە، مەگەر هەر ئەوەی، کە لەگەڵ هەواو هەوەسەکەی خۆیدا دەگونجێت..

- بەکارهێنانی شێوەی مەجازی وا لە داڕشتندا، هێزێکی زۆر دەداتە تەعبیر، نابینی کورد، کە شتێك بێئەسەر ونببێت دەڵێ: (کەوتە تونی باباوە)، یان (ناوی بە کۆڵەکەی ئاشدا چوو)، یەعنی: ئومێدی ئەوە نەما بدۆزرێتەوە..

لێرەشدا، کە خوای گەورەو بەدەسەڵات و زاناو دانا، مۆر لە دڵی کەسانێك دەدات _پەنابەخوا_ ئیتر کەس بۆی نییە قسەی لەسەر بکات، چونکە کەس ئومێدی سڕینەوەی ئەو مۆرەی نامێنێت..

- دڵێك کە ئامێری هەست و هۆش و گۆشی نەمابێت، کە ڕۆڵی سەرەکی لە پەیپێبردن و لێکهەڵاوێردنی چاك و خراپ نەمابێت، هیچ ڕۆڵێکی مرۆڤایەتی بۆ خاوەنەکەی نەمابێت، وەکو دڵی ئاژەڵی لێهاتووە! کە مادام خاوەنەکەی بە ویستی ئازادو سەربەستی خۆی وای لێکردووە، با لەڕووی فیزیکیشەوە هەر بیمێنێت، با وەکو دڵی ئاژەڵێك خزمەتی زیندوێتی خاوەنەکەی -تا کۆتایی کاتی خۆشی- بکات، دوایی لەو ڕووەشەوە لە لێدان دەوەستێت و، هیچ فاعیلییەتێکی نامێنێت..

- کەسێك بارودۆخی باوەڕهێنان و، کەشی ئیماندارانی دیبێت، لە ڕوانگەی

بەرفراوانیەوە، هەستی بە هەموو ئاسۆو مەودای گەردوون و ژیان و مرۆڤایەتی مرۆڤ کردبێت و، خوای کردگاری ناسیبێت، لە ناخیدا چێژی لە خواناسیی کردبێتو گەشەی ڕۆحی چێشتبت، ئاهی تەقوای تێگەڕابێت و دەروونی لەژێر سایەی ئیماندا حەوابێتەوە، چاوێك لەبەر نوری خواییدا، هەموو ڕەهەندە دژوارەکانی تاریکستانی جاهیلییەتی کەشفکردبێت و، خۆی لێ لادابێت، پاشان گەڕابێتەوە بۆ دیدی تەنگوتاری گومڕایی کوفرو، بیری شەڕەشۆقی دارستانی جاهیلییەت، بۆ بیابانی بێرروونی کوفرو زۆنگاوی بەدڕەوشتیی و بەرەڵایی، دەبێ ئەقڵی بە چی بشکێت؟ پەی بە چی ببات؟ درکی چ مەودایەکی خێرو شەڕ بکات؟ مەگەر شایانی ئەو سیفەتانە ئائەمە نابێتە وەسفی پڕاوپڕیی، کە خوای زانا دەربارەی بفەرموێ: ( فَهُمْ لا يفْقَهُونَ )..

## ئایەتی چوارەم:

﴿وَإِذَا رَأَيۡتَهُمۡ تُعۡجِبُكَ أَجۡسَامُهُمۡۖ وَإِن يَقُولُواْ تَسۡمَعۡ لِقَوۡلِهِمۡۖ كَأَنَّهُمۡ خُشُبٞ مُّسَنَّدَةٞۖ يَحۡسَبُونَ كُلَّ صَيۡحَةٍ عَلَيۡهِمۡۚ هُمُ ٱلۡعَدُوُّ فَٱحۡذَرۡهُمۡۚ قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُۖ أَنَّىٰ يُؤۡفَكُونَ﴾ المنافقون: ٤.

واتە: کە دەیانبینیت، لەشولاریان سەرسامتدەکات! کە دەدوێن، گوێ لەقسەکانیان دەگریت، هەر دەڵێی کۆتەرەی گەندەڵ و تەختەو داری هەڵپەسێرراون، وا گوماندەکەن، کە هەموو هاوارێك بەسەر ئەواندا دەکرێت، ئا ئەوانەن دوژمن، هۆشیاربە لێیان، خوا بیانکوژێت، چۆن لە ڕێنمایی خوایی بەرەو گومڕایی خۆ لا دەدەن ؟!!

- تُعۡجِبُكَ: سەرسامدەبیت پێی، العجب: عەجەب: سەرسامبوونە، ئەمە لە کوردیشدا وەك عەرەبیەکەیە، مانای جێی تێڕامان و واقوڕمانە. عوجب: لوتبەرزیی و خۆپەسەندیە..

- واقوڕمانەکە ئینفیعالێکی دەروونییە:

١- بە هۆی نەزانینی ماهییەتی پێکهاتەی شتێکەوە دروستدەبێت، کە پەیپێنابرێت، وەکو خوای گەورە باسی سەرسوڕمانی ژنەکەی سەیدنا ئیبراهیم دەکات، کە بەو پیریی و نەزۆکییەوە مژدەیدرایە، کە منداڵیدەبێت!! کە بە ڕوومەتی خۆی کێشاو فەرمووی:

﴿قَالَتۡ يَٰوَيۡلَتَىٰٓ ءَأَلِدُ وَأَنَا۠ عَجُوزٞ وَهَٰذَا بَعۡلِي شَيۡخًاۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَيۡءٌ عَجِيبٞ﴾ هود: ٧٢.

واتە: هەی ڕۆ، چۆن منداڵمدەبێت، کە من ئاوا پیرەژنم و ئەوەش مێردەکەمە ئەوەندە پیرە، بە ڕاستی ئەمە جێی سەرسوڕمانە!

فریشتەکانیش پێیان فەرموو:﴿قَالُوٓاْ أَتَعۡجَبِينَ مِنۡ أَمۡرِ ٱللَّهِۖ﴾ هود: ٧٣.

واتە: چما لە کاری خوا سەرت سوڕدەمێنێت؟!!

٢- یان بە هۆی نەزانینی هۆکاریی ڕوودانی ڕوداوێکەوەیە، وەکو دەربارەی یاوەرانی ئەشـــکەوت فـــەرمووی:

﴿أَمْ حَسِبْتَ أَنَّ أَصْحَٰبَ ٱلْكَهْفِ وَٱلرَّقِيمِ كَانُوا۟ مِنْ ءَايَٰتِنَا عَجَبًا﴾ الكهف: ٩.

واتە: یان وا دەزانیت باسی یاوەرانی ئەشکەوت، یەکێکە لە نیشانە سەرسوڕهێنەرەکانی ئێمە!

٣- یان سەیرێتی گرتنەبەری هەڵوێستێکە، وەکو لە باسی هەڵوێستی سەیری کافرە نەفامەکاندا، دەرهەق وەحی و پێغەمبەرێتیی دەفەرموێ:

﴿أَكَانَ لِلنَّاسِ عَجَبًا أَنْ أَوْحَيْنَآ إِلَىٰ رَجُلٍ مِّنْهُمْ أَنْ أَنذِرِ ٱلنَّاسَ﴾ یونس: ٢.

واتە: چما ئەوە جێی سەرسوڕمان و واقوڕمانی خەڵکیە، کە وەحیمان بۆ پیاوێك لە خۆیان ناردووە، کە هۆشداریی بدە خەڵکی؟!

سەرچاوەی هەموو ئەمانەش، نەزانینی هۆکارەکەیە.. هەروەکو، کە خوای گەورە باسی سەرسوڕمانی کافرەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەوە سەریان سوڕمابوو، کە چۆن محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تەنها یەك خوا دەپەرستێت! وەك دەفەرموێ:

﴿أَجَعَلَ ٱلْءَالِهَةَ إِلَٰهًا وَٰحِدًا ۖ إِنَّ هَٰذَا لَشَىْءٌ عُجَابٌ﴾ ص: ٥.

واتە: چۆن هەموو خواکانی کەناردووە تەنها یەك خوا دەپەرستێت؟! بە ڕاستی ئەمە شتێکە، زۆرزۆر جێی سەرسوڕمانە.. (عُجَابٌ لە عجيبٌ زیاترە)..

- ماناکەیتریان، کە بۆ سەرسامبوونی لوتبەرزیی و خۆپەسەندییە، حاڵەتێکیتری دەروونە، بەڵام سلبییە، نەخۆشیی و لاسەنگییە، وەکو دەربارەی یاوەران لە غەزای حونەیندا فەرمووی:

﴿وَيَوْمَ حُنَيْنٍ ۙ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْـًٔا وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ ٱلْأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ﴾ التوبة: ٢٥.

واتە: هەروەها ئەو ڕۆژەی لە (حونەین)دا بە زۆری ژمارەی خۆتان سەرسام (عوجب گرتبوونی، موعجیب بووبوون!)، بەڵام ئەوە هیچ دادینەدان و سەری

دنیاتان لێهاتەوەیەك و، پاشانیش پشتتانهەڵكردو هەڵاتن!!!

- ﴿خُشُبٌ﴾: كۆی خَشَبَه یە. واتە داری گەندەڵ و كلۆرم، كە خۆركە لێیدەدات و هەڵیدەكۆڵێت، وشەكە وەكو (بُدْن)ـە، كە كۆی (بَدَنَه) یە یان (ثمُر و ثَمَرَة)..

- ﴿مُّسَنَّدَةٌ﴾: داری هەڵپەسێرراو، پاڵدراو بەدیوارەوە..

- ﴿صَيْحَةٍ﴾: لە ئەسڵدا بە درەختی بەرز دەوترێت، كە لە دوورەوە دەبینرێت، بۆیە بە هاواركردن وتراوە: (صیحَة)، ئینجا بۆ هاواری ترس و بیم و تۆقین و تۆقاندن بەكارهاتووە، چونكە لە دوورەوە، كە خاوەن دەنگەكە وا هاوار لە بانگكراوەكان دەكات، رایاندەچڵەكێنێت و وا بەهۆشیاندێنێتەوە، كە زۆر بەبایەخەوە ڕوو لە دەنگەكە بكەن . بۆیە خوای گەورە لە قورئاندا ئاوا بەكاریهێناوە وەك:

﴿إِن كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ خَامِدُونَ﴾ یس: ٢٩.

واتە: هەر ئەوەندەبوو، كە هاوارێكیان لێكرا، ئیتر هەر هەموو خامۆشبوون..

- ﴿فَاحْذَرْهُمْ﴾ : بەهۆشبەلێیان..

- حَذَر: سڵكردنەوەیە لە شتێكی سامناك: وەك خوای گەورە دەرهەق پیاوچاكان دەفەرموێت:

﴿أَمَّنْ هُوَ قَانِتٌ آنَاءَ اللَّيْلِ سَاجِدًا وَقَائِمًا يَحْذَرُ الْآخِرَةَ وَيَرْجُو رَحْمَةَ رَبِّهِ ۗ قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ الزمر: ٩.

واتە: یان ئائەوانەی، كە شەوان ملكەچی خوان و شەونوێژی بۆ دەكەن و لە سوجدەدان بۆی، یان بەپێوەن و هۆشیان لای ڕۆژی دواییەو ئومێدیان بە ڕەحمەتی خوایە، پێیان بفەرموو: مەگەر ئەو كەسانەی دەزانن بەو كەسانە یەكسانن، كە نازانن؟

- یان هۆش خستنەسەر ڕەفتارە، بۆ ئەوەی نەكەویتە مەترسیی و هەڕەشەوە. وەكو، كە خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَيُحَذِّرُكُمُ اللَّهُ نَفْسَهُ﴾ آل عمران: ٢٨.

واتە: خوای گەورە هۆشتان بە لای خۆیدا ڕادەکێشێت، تا سرك و سڵبن و هۆشتان لە ڕەفتاری خۆتان بێ.

یان قسەکەی فیرعەون و دەستودایەرەکەی کە خوای گەورە دەیگێڕێتەوەو دەفەرموێ:

﴿وَإِنَّا لَجَمِيعٌ حَٰذِرُونَ﴾ الشعراء: ٥٦.

واتە: ئێمە هەر هەموومان هۆشدارین.

- أَنَّىٰ: لە کوێوە: وەك خوای گەورە دەربارەی سەیدنا (زەکەریا)و (مەریەم) (علیهما السلام) دەفەرموێ:

﴿كُلَّمَا دَخَلَ عَلَيْهَا زَكَرِيَّا ٱلْمِحْرَابَ وَجَدَ عِندَهَا رِزْقًا قَالَ يَٰمَرْيَمُ أَنَّىٰ لَكِ هَٰذَا قَالَتْ هُوَ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ﴾ آل عمران: ٣٧.

واتە: هەر کاتێك (زەکەریا) دەچووە جێ پەرستگاکەی (مەریەم) بۆ سەردانی، دەیبینی خواردنی لایە! ئیدی لێی پرسی: مەریەم ئەمەت لە کوێوە بۆ هاتووە؟ ئەویش فەرمووی: لە لایەن خوای گەورەوەیە..

- هەروەها بە مانای: (چۆن و کەی و بە چ شێوەیەك) دێت: وەك خوای گەورە دەربارەی سەرجێیی ژن و مێرد (جیماع) دەفەرموێ:

﴿نِسَآؤُكُمْ حَرْثٌ لَّكُمْ فَأْتُوا۟ حَرْثَكُمْ أَنَّىٰ شِئْتُمْ﴾ البقرة: ٢٢٣.

واتە: ژنەکانتان کێڵگەتانن، چۆن حەزتان لێیە، وا بچنە کێڵگەکانتان. واتە چۆنو کەی و هەر چۆنێك حەزتانکرد ( مادام لە پێشەوە بێت)..

- ﴿يُؤْفَكُونَ﴾ : الإفك: هەموو شتێکە، کە لەڕووی ڕاستەقینەی خۆی وەرگێڕرابێت.. بۆیە خوای گەورە لە تۆمەتبارکردنەکەی (عائیشە)خاندا دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ جَآءُو بِٱلْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ﴾ النور: ١١.

واتە: ئەو کەسانەی، کە ئەو تۆمەتە ناڕاست و درۆو دەلەسەیان هەڵبەست، هەر کۆمەڵێك بوون لە خۆتان!!

## لێکدانەوەی ئایەتەکە

(ئیبنوعەبباس -خوا لێیان ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە: کە (عبداللەی کوڕی ئوبەی) _کە گەورەی دووڕووەکان بوو_، کابرایەکی کەتەو چوارشانەیەکی تێکسمراو بوو، دەم پاراوو زمانلووس، ڕەوانبێژو قسەزان بوو، چەند کەسێکیتریش لە ناودارانی مەدینە _کە هەر بە دووڕوویی مابوونەوە_ هەر وا بوون، ئەمانە، کە دەهاتنە کۆڕو کۆبوونەوەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کارێکی وایاندەکرد، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) پێیان سەرسامببێت! حەز بەنزیککردنەوەیان بکات، تا زیاتر بکەونە ژێر کاریگەریی بانگەوازەکەیەوەو، بەرەو ئیسلامەکە بێن. ئەمانە لە پێش هیجرەتیشدا پیاوماقوڵی کۆمەڵگەکە بوون، کە قسەیان دەکرد، گوێیان لێدەگیرا، بۆیە پێغەمبەری خواش (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هەروا گوێی لێدەگرتن..

بەڵام خوای پەروەردگار لەم ئایەتەدا، ڕاستی ئەوانی نیشانداو هۆشدارییدایە، نەبادا بەو زمانلوسییەو سەرو سیماو هەیکەل و هەیبەتەیان سەرسامببێت و، بە قسەکانیان بڕوابکات، یان وا بزانێت دەگۆڕێن! بۆیە پێی فەرموو: کە دەیانبینیت بە سەرو سیماو ڕواڵەتیان سەرسامدەبیت، کە قسەدەکەن تۆ گوێیان لێدەگریت، هەق نیە وا بیت!

ئەوانە وەکو کۆتەرەداری گەندەڵ و کلۆرن، جێی هیچ ناگرن و بە کەڵکی هیچ نایەن.. کۆتەرەداری ڕزیوو و پواون، بەلارووێریی بە دیواردا هەڵپەسێرراون! گەر سودێکیان پێوە بوایە، دەکرانە کۆڵەکە، نیرگە، تەژەی دارەڕا!! هەر نەبێ نەبێ دەبوو بینە چیلکەو چەوێلی بانیژە، یا هەڵێژگی گوێسوانە!!

ئاخر کەڵکی کوێیان پێوەیە، وا تۆ گوێیان لێدەگریت! کە ئەوان گوێ لە تۆو پەیامەکەت نەگرن، حەیف نییە تۆ گوێ لەوان بگریت؟!! ئەوانە کلۆرەدارن، ئایاتی قورئان و بانگەوازەکەی تۆ، وەك (با) لەم گوێیانەوە دەچێتە ژووری، لەویانەوە

دێتەوەدەرەوە..

ئەمانە چونکە باوەڕیان لە ناخدا نەچەسپیووەو، ناچارن خۆ بە موسوڵمان نیشاندەن، هەمیشە بێ ورەن، لە ترسی کەشفبوون ترساوو دەروون لەرزۆکن، هەر هاوارێك ببیستن، وا دەزانن لەگەڵ ئەوانیانەو ڕادەچڵەکن!! لە ناخیاندا هەمیشە خۆ بەتاوانباردەزانن.. وەکو کورد دەڵێ: (دار هەڵبڕە، سەگی دز دیارە)!!

جا کە ئەمانە ئاوان، جەنابیشت بەحەزەربە، هۆشت لێیانبێت، بەقسەی لوس خۆت لێنەهێننەپێش، بە سەرو قەلافەت، خۆ لەو خەڵکەی دەروبەرت نەکەنە پیاوماقوڵی ئیسلام و، بەرپرس و فەرماندە!! نەبادا خەڵکێکیان پێ دەسخەڕۆببێت.. حەزەرت لەوە هەبێت، کە خەڵکانێکی بێئاگا، سادە، وا نەزانن ئەوی دێتە کۆڕی جەنابت، ئیتر تەزکیەکراوەو پیاوی متمانەپێکراوە.. ئەمانیش دوایی ئەو پەی پێنەبردنەی خەڵکی بۆ خۆیان دەقۆزنەوەو، خۆ لەو خەڵکە دەکەنە دەمڕاستی ئیسلامەتیش!!

-﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ﴾ هەی خوا بیانکوژێت، لە ناویانببات، بیانفەوتێنێت.. چ مەکربازو چەواشەکارو فریوودەرن.. هەموو ڕاستیەکان دەزانن، کەچی هەر سوورن لەسەر لاڕێبوون!! هەمیشە هۆشیان لەوەیە، کە چۆن ڕاستییەکان لە خەڵکی بزرکەن[١]..

---

(١) ئەم ئایەتە، ڕەفتارێکی نەگۆڕیی دووڕوویی هەموو سەردەمێك، لە ڕووی دەروونییەوە دەخاتەڕوو، کە ئەمڕۆ لە دەروونناسییدا پێی دەوترێت: کەسایەتی لەرزۆك (الشخصية المهزوزة)، کە باوەڕی بەوە نییە خۆی بە زاتێتی خۆی کاریگەر بێت، بەڵکو دەیەوێت هەلی لە سایەی کەسانیتردا دەستکەوێت و، ئاوا بگاتە مەرامی نەخۆشی خۆی..

ئەمە نەخۆشیی دەروونییە، ئەمە جودایە لەو سیفەتە زاتییەی، کە پەیوەندیی بە (کاریزمایی) وکاریگەریی زاتەوە هەیە.

بۆ نموونە: لە کاری کۆمەڵکاریی و ڕێکخراوەیی و حزبییدا دەبینیت، کەسانێك هەن کاریگەرن، کاریگەرێتییەکەیان زاتیی کەسایەتی خۆیانەو پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە لە چ بوارو دەزگاو پلەو پۆستێکدا کارەکە دەکەن، ئەگەر لەو بوارو دەزگاو پلەو پۆستەش دوریان بخەیتەوە، یان کارکەنار (تەقاوتبن)، هەروا کاریگەر دەمێنن. بەڵام کاریگەریی کەسایەتیی کەسەکەیتر، بەو بوارو دەزگاو پلەو پۆستەوەیە، کە دوور دەخرێتەوە، یان تاك دەکەوێت کاریگەریی نامێنێت. ئەمە نەخۆشی دەروونیی و جەستەیی نییە، ئەمە ڕادەو بڕی توانایە. زانین و بەگەڕخستنی زانینەکەیە.

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١. لەگەڵ باسكردنی ئەو دژوارییەی، كە ئەم دووڕوانە دروستیدەكەن، لەگەڵ ئەو ڕۆڵە خەتەرەی وەك جاسوس و تابوری پێنجەم و ئەهلی واتەوات، لە ناو موسوڵماناندا بۆ دوژمنان دەبینن، سەیركە خوای گەورە غیرەتیانمان چۆن پێدەناسێنێت ؟!!

ئەمانە هەر بە مەزهەریان كەتەو زل و قسەزانن، ئەگینا سنگشێری ماكەرپشتن!! نابینیت خوای گەورە بە موسوڵمانان ڕادەگەێنێت، كە ترسی ئەوەشتان نەبێت بڵێن: ئاخر ئەگەر خراپ لەگەڵیاندا ڕەفتار بكەین، دوایی دەچنە پاڵ دوژمن و بەهێزیدەكەن!!! نا ئەمانە ترسنۆكن، بێ ورەن، بەزیوون، ڕوخاون!!

بۆیە لە جێیەكیتریشدا ئاوا وەسفیاندەكاتەوە، كە بودەڵەن و هیچیان لەباردانییە.

دەفەرموێ: ﴿أَشِحَّةً عَلَيۡكُمۡۖ فَإِذَا جَآءَ ٱلۡخَوۡفُ رَأَيۡتَهُمۡ يَنظُرُونَ إِلَيۡكَ تَدُورُ أَعۡيُنُهُمۡ كَٱلَّذِي يُغۡشَىٰ عَلَيۡهِ مِنَ ٱلۡمَوۡتِۖ فَإِذَا ذَهَبَ ٱلۡخَوۡفُ سَلَقُوكُم بِأَلۡسِنَةٍ حِدَادٍ أَشِحَّةً عَلَى ٱلۡخَيۡرِ﴾ الأحزاب: ١٩

واتە: پیسكەو چروك و ڕەزیلن بەرامبەرتان، هەر كە ترس و بیم نزیكدەبێتەوە، وا چاوت تێدەبڕن و چاو بە دووی هەموو بزاوت و سرەوتێكتدا دەگێڕن، دەڵێی ئەو كەسەن، كە لە گیانەڵادایەو خەریكە باڵی مەرگی بەسەردادێت!!! هەر بەوەندەش كە ترسەكە نەما، زمانیان بڕندەدەبێتەوەو بۆ بەرهەڵستیی تیژی دەكەنەوەو (وەك تیغی دەبان، وەك موس پێتاندا دەهێنن و) بەرامبەرتان دەیخەنەوەكار!! ئەمانە لە كاری چاكەو خێریشدا، هەر چروك و دەستنوقاون!!

كەوابوو: ئەمانە هی ئەوە نین، كە موسوڵمان لێیان بترسێت و حسابی كوڕی ئازایان بۆ بكات، بەڵام لەبەر ئەوەی وەك: گەماڵی نهێنگرن و (حیزفرسەت)ن، دەبێ لێیان بەحەزەربین..

**٢.** کە لە کۆتاییدا دەفەرموێ: ﴿هُمُ ٱلْعَدُوُّ فَٱحْذَرْهُمْ﴾ واتە: ئا ئەوانە دوژمنن، هۆشداربەلێیان، حەزەریان لێبکەو سرك و سڵبە بەرامبەریان..

ئیمامی (قورطبی) دەفەرموێ: ئەمە دوو مانا دەبەخشێت:

یەکەمیان: لەوە بەحەزەربە، کە بە قسەی لوسیان باوەڕبکەیت و متمانەیان پێبکەیت.

دووەمیان: لەوە بەحەزەربە، کە وەلائیان بۆ دوژمنانی خواو پێغەمبەرەکەیەتی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و، بۆ هەل دەگەڕێن، تا نشوستی بەسەر خۆت و یاوەرانتدا بهێنن!!

**٣.** دیسان، کە دەفەرموێ: ﴿هُمُ ٱلْعَدُوُّ فَٱحْذَرْهُمْ﴾، واتە: ئا ئەوانە دوژمنن هۆشداربە لێیان، ئاگات لە خۆت بێت لێیان.. بۆچی وا دەفەرموێت، لە کاتێکدا، کە ئاشکرایە، کە کافرو موشریکەکان دوژمنی سەرەکین، کەچی بەمان دەفەرموێ: ئائەوانەن دوژمن، هۆشت بەلایانەوە بێت و لێیان بەحەزەر بە، بۆچی؟

چونکە کافرو موشریکەکان، دیدو ڕێبازو هەڵوێستی دوژمنانەی خۆیان ئاشکراکردووەو، ڕاشکاوانە بەرامبەر دینەکەو دینداران وەستاون، حەتمەن لە لایەن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانانەوە کاردانەوەیان دەبێت، هەر موسوڵمانێك کافرێك، یان موشریکێك ببینێت، لە ناخیەوە سڵدەکاتەوەو هۆشی بەلایدا دەڕوات، موراقەبەیدەکات، لێی بەحەزەردەبێت، تێکەڵینابێت، هەڵسوکەوتی وای لەگەڵ ناکات، مەگەر زۆر زەروورییبێت..

بەڵام دوژمنایەتی ئەمان دژوارترە، چونکە نهێنیە، ئەمان هەرهەمان دیدو ڕێبازی کافرەکانیان هەیە، بەڵام شاردویانەتەوە، ئەمانە دێنە کۆڕی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا دواتر وەکو تەزکیەیەك ئامادەبوونەکە بەکاربهێننەوە!!

ئەمانە کە تێکەڵ بە موسوڵمانان دەبن، زۆر موسوڵمان گومانی باشیان پێدەبات، چونکە حەتمەن ـ بە پێی دینەکە، کە حوکم لەسەر زاهیری خەڵکی دەدات ـ دەبێ ڕەفتاری موسوڵمانانەیان لەگەڵدا بکەن.

ئەمەش خەتەرە، چونکە دەچنە هەموو کون و کەلەبەرێکی ڕیزی موسوڵمانانەو، سەدان تایبەتمەندێتیی موسوڵمانانیان دەکەوێتە بەردەست!!

بۆیە دژواری ئەمان وای پێویستکردووە، کە یەك یەك بەناوی خۆیان بە پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بناسێنێت، جا دەبێت ناسینەوەیان لای موسوڵمانانیتر چەند زەحمەتبێت، کە وەحی نەماوەو، ئەوانیش بە سیمای موسوڵمانێتیی و لەبەرکردنی قورئان و شارەزابوونی شەرع، ئاسان دەتوانن دزەبکەنە _نەك ناو ڕیزی موسوڵمانانەوە_ بەڵکو ئاسان دەتوانن ببنە مەلاو داعی و بگەنە سەرکردایەتیی و مەڵبەندی بڕیارو ئاڕاستەوانیی!!

لە لایەکیترەوە، سەرنجدە، کە وەکو ئیمامی (زەمەخشەری) دەفەرموێ: (هُمُ ٱلْعَدُوُّ: أي الكاملونَ في العَداوةِ)! واتە: دوژمنداریێتی ئەمان کۆتاپلەی دوژمنداریێتیە!!

ڕاستە، چونکە ئەمان لە ترسنۆکی خۆیان، لە بێجوامێریی خۆیان نەیانوێراوە هەڵوێستەکەیان ئاشکرابنوێنن، بۆیە کینەو بوغزیان زیاتر پەنگی خواردۆتەوەو ڕقنترن!! دەی وەکو، کە خوای گەورەو کارزان فێرماندەکات بڵێین: خوا دەستیاننەدات و ڕسوایانکات و لەناویان بەرێت!! ئامین..

کەوابوو: جێی خۆیەتی درك بەوە بکەین و بزانین، کە کاری ئیسلامی ئەمڕۆمان، چەند سەختەو ڕیزی موسوڵمانانەی خۆمان، چۆن دەبێت هۆشدارانە بپارێزین؟!

٤. کە دەفەرموێ ﴿قَٰتَلَهُمُ ٱللَّهُ﴾ واتە: خوا بیانکوژێت.. (ئیبنوعەباس -خوا لێیان ڕازی بێت) دەفەرموێ: لەعنەتی خوایان لێبێت! واتە یاخوا لە ڕەحمەتی خوا دووربخرێنەوە! هەموو ماناکانی ئەم وشەیە هەر بۆ زەمکردن و سەرزەنشتکردنە، ئەگەرچی لە هەندێك بەکارهێناندا هاتووە، کە بۆ سەرسامبوون بێت، وەکو، کە بە یەکێکی زۆر هەڵکەوتووی شیعریان وتووە: (قاتَلَهُ اللهُ ما أشْعَرَهُ) یەعنی هەی خوا بیکوژێت، چ شیعرزانە!![1]

---

(١) لە کوردیشدا بۆ مەدح دەڵێن: (سەگبابە چەند دەنگی خۆشە، یان لێزانە، یان زیرەکە یان ئازایە!)

**٥.** (ئیبنوعەبباس خوا -لێیان ڕازی بێت) دەربارەی: ﴿يُؤْفَكُونَ﴾ دەفەرموێ: یەعنی چۆن لە ڕێی حەق لادەدەن.. بە سەرسەوڕمانەوە دەفەرموێت: ئاخر چۆن و بۆچی ئاوا هەموو کاتەکە لەو حەقە خۆڕادەپسکێنن و نایەنە ژێر ئاڕاستەیەوە؟! سەرسوڕمانە، چونکە نەدەبوو لەگەڵ هەبوونی ئەو هەموو بەڵگەو نیشانەی _ کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیخستە بەردەستیان_ ئاوا لە حەق لادەن و نکوڵی لە پێغەمبەرێتییەکە بکەن و، سووربن لەسەر دیدو تێڕوانین و هەڵوێست و پێناسەی جاهیلییان!

**٦.** ئیمامی (ئەحمەد) بە سەنەدەوە لە (ئەبوهورەیرە)وە (خوا لێی ڕازی بێت)، دەگێڕێتەوە: کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی:

(إِنَّ لِلْمُنَافِقِينَ عَلَامَاتٍ يُعْرَفُونَ بِهَا: تَحِيَّتُهُمْ لَعْنَةٌ، وَطَعَامُهُمْ نُهْبَةٌ، وَغَنِيمَتُهُمْ غُلُولٌ، وَلَا يَقْرَبُونَ الْمَسَاجِدَ إِلَّا هَجْرًا، وَلَا يَأْتُونَ الصَّلَاةَ إِلَّا دُبْرًا..)[١].

واتە: دووڕووەکان چەندین نیشانەیان هەیە، کە پێیانەوە دەناسرێنەوە: سڵاوکردنیان جنێوە، خۆراکیان زەوتکراوو ماشراوەیە، دەستکەوتی جەنگییان ماڵیدزراوە، نزیك مزگەوتان ناکەونەوەو، حەزیان بەواز لێهێنان و دوورکەوتنەوەیانە لێی، کاتێکیش خۆ دەگەێننە نوێژەکان، کە خەریکە کۆتایی دێت!!

لەم سیفەتانەو سیفەتەکانیتریانەوە، کە لە قورئان و فەرموودەیتردا هاتوون، دووڕووەکان دەناسینەوە، ئەگینا، کە وەحی نەماوە چۆن بۆمان کەشفدەبن؟!!

خوا یارمەتیدەرمان بێت لەسەریان..

---

(١) ترمذی (٢٢٣٩) نەسائی (١٨١١)، ئیبنوماجە (٤٢٥٦)، ئەحمەد (٧٧٢٦)، ئیبنوحیببان (٣٠٧٠). عەللامە (ئەحمەد شاکر -رحمەالله) لە توێژینەوەی مەسنەدەکەی ئیمامی ئەحمەد (٥١/١٥)دا دەفەرموێ: سەحیحە.

**ئایەتی پێنجەم و شەشەم:**

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ ٱللَّهِ لَوَّوْاْ رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ ۝٥ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ أَسْتَغْفَرْتَ لَهُمْ أَمْ لَمْ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ لَن يَغْفِرَ ٱللَّهُ لَهُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ **المنافقون: ٥ - ٦.**

واتە: کاتێك پێیاندەوترێت: وەرنە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تا داوای لێوردنتان بۆ لە خوای گەورە بکات، مل بادەدەن و دەیانبینیت بە ڕوو وەرگێڕانەوە (بە بێبایەخیەوە سەر ڕادەوەشێنن!! دەیانبینیت لوتبەرزو فیزاویانە سەریان ڕادەوەشێنن )!! داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت و بۆ نەکەیت، هەر وەکو یەکە، چونکە هەتاهەتایە خوای گەورە لێیان نابورێت.. خوای گەورە ڕێنمایی کۆمەڵی لاڕێ ناکات..

## هۆی هاتنە خوارەوەی

لەسەرەتای باسی ئەم سوڕەتە پیرۆزەدا، هۆی هاتنەخوارەوەی هەموو سوڕەتەکەم لە ڕیوایاتی جیاوازو بە سەنەدیانەوە هێنایەوەو، ئاماژەم بەوەدا، کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکانی پێنجەم و شەشەم هۆکارێکیترن، هەرچەندە، هەر لەسەر هەمان سەرۆکی دووڕووەکانی مەدینەیە، کە (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول)ـە.

ئیمامی (ئیبنوکەثیر) لە تەفسیرەکەی خۆیدا، ڕیوایاتی جیاواز دەهێنێتەوە، کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم دوو ئایەتە بن، لە ئەنجامی بەدوواداچوونیدا دەفەرموێ: زۆرێك لە زانایانی سەلەف فەرموویانە: کە هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم دوو ئایەتە ئەوە بوو کە؛ ڕۆژێك (عبداللەی کوڕی ئوبەی)، کە سەرۆکی دووڕووەکانی مەدینە بوو، هەر وەکو عادەتی خۆی لە هەموو کۆڕێکی پێغەمبەری خوادا، بۆ خۆنواندن و دەربڕینی دڵسۆزیی درۆزنانەی خۆی، هەڵدەستاو مەتحی پێغەمبەری خوای (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەکردو، ڕووەو ڕووی خەڵکەکە دەیوت: خەڵکینە!

ئەوە (محمـد)ە، ئەوە نێرراوی خوایەو هاتۆتە شارەکەی ئێوە، باوەڕی پێبهێنن و ڕێزی لێبگرن و شوێنیکەون.

جارێك دوای شەڕی (بەنیلموستەڵیق)، ناماقوڵیی بەرامبەر پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کردبوو، کە وتبووی: ئێمە پیاوماقوڵین و ئەو زەلیلە، بۆیە دەبێت لە مەدینە بکرێتە دەرەوە.

لە نوێژی هەینیدابوو، دیسان هەستایە سەرپێ و بانگی لە خەڵکەکە کردەوە، کە باوەڕ بە پێغەمبەری خوا بهێنن و ڕێزیبگرن!! موسوڵمانانێکی نزیکی خۆی، عەباکەیان ڕاکێشایەوەو پێیان وت: دانیشە هەی دوژمنی خوا! ئێمە چاك دەزانین پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) کێیەو تۆش چیت!! ئیتر ڕقی هەستاو بەتوڕەییەوە لە مزگەوت چووەدەرەوە..

لە دەرێ موسوڵمانێك بینی و لێی پرسی: بۆچی لە دەرەوەیت؟

وتی: لە مزگەوت هەستاوم، تا خەڵکەکە هاندەم بۆ پشتگیریی (محمـد -صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کەچی یاوەرەکانی قسەیان پێوتووم و سوکایەتیان پێکردووم! هەر دەڵێی خراپەیەکم بەرامبەر کردوون!!

موسوڵمانەکەش پێیوت: بگەڕێرەوە مزگەوت، تا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوای لێبوردنت لە خوای گەورە بۆ بکات..

وتی: شەرتبێت نەگەڕێمەوە، بۆچی چیە؟! وتتان: باوەڕی پێبهێنە، باوەڕم پێهێنا! وتتان: زەکاتبدە، دام، هەر ئەوە ماوە بچم و سوجدەشی بۆ ببەم؟!! نامەوێت، لێبوردنی ئەوم ناوێت!!

ئیتر ئەم دوو ئایەتە لەسەر ئەوو لەسەر ئەو هەڵوێستەی هاتنەخوارەوە..

پێدەچێت هۆی هاتنەخوارەوەی ئەم دوو ئایەتە، کە ئاوا جیاوازە لەگەڵ هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی دواترو، لەگەڵ سەرەتای سوڕەتەکە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموویان، هەر لەسەر هەڵوێستی دووڕووەکان بە گشتیی و لەسەر (عبداللەی کوڕی ئوبەی) هاتوونەتەخوارەوە، پێدەچێت لە زۆر لە مێژوونوسان و لێکدەرەوانی

قورئان تێکەڵبووبێت..

بە هەر حاڵ، هەر کام لە توێژینەوەکان ڕاستتر بێت، هەر لەو تەوەرەباسە دەرناچن، کە پەیوەندی بە سەرۆکی دووڕووەکان و هەڵوێستەکانیەوە هەبووە. هەڵوێستەکانیش، ڕەفتاری ڕۆژانە بوون و دووپاتبوونەتەوە، یان هاوشێوەی یەکبوون.. والله اعلم..

## لێکدانەوەی ئایەتەکان

﴿يَسۡتَغۡفِرۡ﴾ : داوای لێبوردن و لێخۆشبووندەکات.

زۆرینەی وشەی عەرەبی سێیینەیە، واتە لە سێ پیت پێکدێت، بەڵام دۆزینەوەی سێ پیتە سەرەکیەکە، _کە پێیاندەوترێت: ڕەگ_ پێویستە، ئەوەش بەوە دەبێت، کە بزانیت کە پیتەکانی ( س أ ل ت م و ن ی ه ا )، کە لە وشەی (سألتمونيها)دا کۆبوونەتەوە، بە مانای لێتان پرسیم، جیابکەیتەوە لە پیتە سەرەکیەکانی وشەکە، ئینجا سێ ئەسڵەکەیت بۆ دەمێنێتەوە، وەکو بۆ نمونە: (استفهام، استخراج) (فهم و خرج)ـەیان لێدەمێنێتەوە، ئیتر ماناکەی ئاسانتر دەبێت و، ئاسانتریش لە فەرهەنگی زمانەوانیدا دەدۆزرێتەوە.. ئەم وشەیەش وایە، ئەسڵەکەی (غفر)ـەیە، کە لێخۆشبوون و لێبووردنە..

﴿لَوَّوۡاْ﴾ : ئەسڵەکەی ( لوی )یە، کە لارکردنەوەو پێچ پێکردنەوەیە، لە لاربوونەوەی لاسکی گیاوە هاتووە، کە سیسدەبێتەوە، پاشان بۆ پێچاو پێچی مار بەکارهاتووە، ئینجا بۆ مل لارکردنەوەو سەربادانی ڕەزامەندیی دەنەبڕین..

عارەب دەڵێ: (يلوي عُنُقَهُ)، یان (لا يلوي عَلى شَئٍ)، یان (يلوي بِرَأسِهِ)، بەڵام کورد دەڵێ: (سەری بۆ بادا)، یان (لوتی بڵندکرد)، بۆ کەسێك، کە بە فیزەوە وەڵامی نەخێری کەسێکیتر دەداتەوە!

﴿يَصُدُّونَ﴾ : يَصُدُّ: بریتیە لە بەربەست بۆدانان و ڕێگرتن، هەروەها بۆ گوێنەدان و پشتتێکردن، بۆیە خوای گەورە، هەمیشە بۆ وەسفی هەڵوێستی کافرەکانی بەکارهێناوە، کە بەرامبەر بانگەوازی پێغەمبەری خوا وەستاونەتەوە، وەك بۆ ئەهلی کیتاب دەفەرموێ:

﴿قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ لِمَ تَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ تَبْغُونَهَا عِوَجًا وَأَنتُمْ شُهَدَآءُ ۗ وَمَا ٱللَّهُ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ آل عمران: ٩٩.

واتە: ئەرێ هۆ ئەهلی کیتاب! خاوەن پەیامە ئاسمانییەکان، ئێوە بۆچی ئاوا بەرهەڵستی ڕێبازەکەی خوای گەورە دەکەن و، دژی ئەو کەسانە دەوەستنەوە، کە باوەڕیان پێهێناوەو دەتانەوێت ئەوانیش لێی لادەن و ئینحیرافبکەن؟! لە کاتێکدا ئێوە دەزانن و ئامادەن و واتان لێ چاوەڕواندەکرێت، شاهیدی بدەن لەسەر ڕاست و ڕەوایی ئەم ڕێبازە، خۆ خوای گەورە لەوە غافڵ نییە، کە ئێوە دەیکەن..

یان بۆ دووڕووەکان دەفەرموێ:

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَٰفِقِينَ يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا﴾ النساء: ٦١.

واتە: کاتێك بانگێشتدەکرێن، کە وەرن ئەوە وەرگرن، کە خوای گەورە ناردوێتییە خوارەوە، دەبینیت دووڕووەکان زۆر بێبایەخانە ڕووت لێوەردەگێڕن!

بۆ کافرانی دیکەش دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ وَصَدُّوا۟ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ قَدْ ضَلُّوا۟ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا﴾ النساء: ١٦٧.

واتە: ئەو کەسانەی دیدوڕێی کوفریان هەڵبژاردووەو، بەرهەڵستی ڕێبازەکەی خوای گەورە دەبنەوە، بە دڵنیاییەوە ئەوانە زۆر دژوار گومڕابوون..

﴿مُّسْتَكْبِرُونَ﴾ : لە (استکبر)ەوە هاتووە، کە بە مانای: (إمْتَنَعَ عَنْ قُبُول الحَق مُعَانَدَةً وتَكَبُّرًا) واتە: بە هۆی لوتبەرزیی و خۆبەزلزانینەوە، هەقی قبوڵنەکردو

کەللـەڕەقانە دژی وەستایەوە..

ئەمە حاڵەتێکی نەخۆشی دەروونییە، کە کەسێك بەرامبەر حەق دەبێتەوەو، نەفسی بۆ نایاتە ژێربار بۆ قبووڵکردنی، چونکە بە تەنازولی دەزانێت، ئیدی هەروا لە نەفامیدا بە بێهۆیەکی ڕەوا دەمێنێتەوە.

ئەو دووڕوانەش وابوون، بۆیە لێرەشدا وا باسیاندەفەرموێت، کە بۆیان بۆتە سیفەتێکی نەگۆڕ، بۆیە نافەرموێ (استکبروا)، بەڵکو دەفەرموێ﴿مُّسۡتَكۡبِرُونَ﴾.

﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ : یەکسانە، چون یەکە. داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، یان نەکەیت، تازە خوای گەورە بڕیاریداوە، کە لێیان نابورێت..

ئەمەش لە دوای ئەوە هات، کە خوای گەورە فەرمووبووی:

﴿ٱسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ أَوۡ لَا تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ إِن تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ سَبۡعِينَ مَرَّةٗ فَلَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمۡ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۗ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ التوبة: ٨٠.

واتە: داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، یان نەکەیت، گەر حەفتا جاریش داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، خوای گەورە لێیان خۆشنابێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: حەفتاجارو حەفتاجارو حەفتاجاریتریش بۆیان دەپاڕێمەوە، بەو هیوایەی خوای گەورە لێیان خۆشبێت، ئینجا خوای گەورە بەم ئایەتەیان کۆتایی بەو ئومێدە هێنا، کە هەرچەند داوای لێبوردنیان بۆ بکات، خوای گەورە تازە لێیاننابورێت، چونکە بە فاسقی ڕۆیشتوون، واتە: خۆیان، تا مردن هەر حەزو مەیلیان بەلای لە خوایاخیبوونەوە بووە..

بۆیە لێرەدا فەرمووی:

﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ﴾.

﴿سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ﴾ بۆ (چونیەکیی)ە، وەکو لە سەرەتای سوڕەتی (بەقەرە)شدا دەرهەق کافرەکان دەفەرموێ:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ سَوَآءٌ عَلَيْهِمْ ءَأَنذَرْتَهُمْ أَمْ لَمْ تُنذِرْهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ﴾ **البقرة: ٦.**

واتە: ئەوانەی، کە کافربوون هۆشدارییان بدەیتێ، یان نەیاندەیتێ وەك یەکەو هەر باوەڕناهێنن..

أَسْتَغْفَرْتَ : دەشێت هەمزەی پرسیارکردنەکەی لادرابێت، واتە (أَأَسْتَغْفَرْتَ) بوو بێت، چونکە هاتنی پیتی (أَمْ ) بەڵگەیە لەسەر ئەوە، کە پێی دەوترێت: (یان)ی بەراوردیی (أَمْ المعادلة).. دەشکرێت بە (أَسْتَغْفَرْتَ ) بخوێنرێتەوە، کە تێرکردنی هەمزەکەیە بۆ پرسیار..

﴿ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ : فاسق ناوی بکەر (اسم فاعل)ی کرداری (فَسَقَ)یە ،کە لە ڕووی زمانەوانیەوە بریتیە لە: دەرچوونی خورمای تەڕ (ڕوتەب) لە پێستە تەنکەکەی. پاشان بۆ دەرچوونی هەموو شتێك لە شتیتر بەکارهاتووە.

لە ڕووی زاراوەییەوە بریتیە لە: سەرپێچیکردنی فەرمانی خوای گەورە، جا بە گوناحی گەورە بێت، وەکو کوفرێك، کە خاوەنەکەی لە دین و میللەت دەباتەدەرەوە، یان بە گوناحیتربێت، وەکو: (زیناو قەتڵ و نۆشینی شەڕاب و سووخواردن)..

(باسی زیاتری دێت ان شاء الله )..

**لێكدانەوەی ئایەتی پێنجەم :**

﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا يَسْتَغْفِرْ لَكُمْ رَسُولُ اللَّهِ لَوَّوْا رُءُوسَهُمْ وَرَأَيْتَهُمْ يَصُدُّونَ وَهُم مُّسْتَكْبِرُونَ﴾ **المنافقون: ٥.**

واتـە: كاتێـك پێیاندەوترێت: وەرنـە خزمەت پێغەمبـەری خوا (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ)، تـا داوای لێوردنتـان بۆ لە خوای گـەورە بكات، مل بـادەدەن و دەیانبینیت بـە ڕوو وەرگێڕانـەوە، (بـە بێبایەخیەوە سـەر ڕادەوەشـێنن!! دەیانبینیـت لوتبەرزو فیزاویانـە سـەریان ڕادەوەشـێنن)!! دەیانبینیت چەند خۆبەزلزان و موستەكبیرن!

هـەر كەسـێك پێیانبڵێت: وەرنـە لای پێغەمبەری خوا، تا داوای لێخۆشـبوونتان لـە خـوای گەورە بـۆ بـكات.. هەروا بـە (مبنـي للمجهـول)، یەعنی ئـەوی داوایان لێـدەكات، خـاوەن مەنزیلـە بێت، یـان عەوامـی خەڵكی بێـت، ئەمان هـەر نایەن!! ئاخـر بۆچـی نایـەن؟! پێویسـتیتان بە ڕەزامەنـدی خوای بەدەسـەڵات نیە؟!

ئەمە نەزانینە، یان گەلۆریی و كەللـەپووتی هەڕاڵیی و لوتبەرزییە!

ئاخـر ئەمە، چ هەڵوێسـتێكە؟! بە كەسـێك بڵێـن: وەرە دیداری كاربەدەسـتێك، وەزیرێـك، پاشـایەك، غـاردەدات! ئـەم ناحەزانـە بـۆ لای ئـەو پێغەمبـەرە پێشـەوا نموونەییـە نایەن؟!

بانگدەكرێـن تـا قیامەتیـان بـۆ مسـۆگەركات! كەچـی بـە غـرورەوە سـەرێك ڕادەوەشـێنن: نایەیـن!! پێویسـتمان بـە پاڕانـەوەی ئـەو نیـە!!

ئەدی چۆن ڕازیبوونی خوا مسۆگەردەكەن ؟!

كە خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿مَّن يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾ **النساء: ٨٠.**

واتـە: ئـەو كەسـەی گوێڕایەڵـی پێغەمبـەری خـوا (صَلَّـى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) بـكات، گوێڕایەڵـی خـوای گـەورەی كـردووە!!

ئیدی بۆچی وا پشتپەل كەوتوون؟!

بڕوانە، کە دەفەرموێ: (﴿لَوَّوۡاْ رُءُوسَهُمۡ﴾: دەیانبینیت لوتبەرزو فیزاویانە سەریان ڕادەوەشێنن)! بێزیان نایات ئەو پێغەمبەرە بەڕێزە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بکەنە هۆکاری بەرەوخواچوون، بە هۆکاری لە خوا نزیکبوونەوە! لە کاتێکدا جاران بتی بەردو داریان دادەناو دەیانپەرستن، بەو هیوایەی لای خوای ئاسمانەکان تکایان بۆ بکەن! بەو ئومێدەی لە خوایان نزیککەنەوە!!!

ئەمە، چ هەڕاڵبوونێکە، کە ئاوا لە حەنای حەقدا کوێربوون؟! ئەمە کتومت هەڕاڵیەکەی ئیبلیسە، کە لە حەوت جێی قورئاندا، خوای گەورە بە هەمان سیفەت باسی دەفەرموێت!! کە لە کەلـلەڕەقی خۆیەوە، هەر سوورە لەسەر ئەوەی، کە خۆی لەسەر هەقە!

سەیری ئەم هەڵوێستە ترسنۆکانە، کە کەس دیارنیە، زماندرێژو جنێوفرۆشن! بەدەم هیچ ناهێڵنەوە، کەچی، کە هەڵوێستێکیان لێ ئاشکرادەبێت، چۆن زەلیلدەبن و تەبەڕا لەخۆیان و هەڵوێستیان دەکەنەوە، چۆن سەد سوێنددەخۆن، کە شتی وایان نەوتووەو نەکردووە!!

ئەمە هەر ئەو کەسەیە، کە پێش هیجرەتی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خەریکبوون تاجی شایانەیان لەسەردەکرد! کەچی ئێستا ئاوا زەلیل و ترسنۆکە، ناوێرێت بێتەوە بە خاوەن هەڵوێستێکی خۆی، کە ئەنجامیداوەو شایەتیشی لەسەرهەیە!!

دیسان هەر ئەم «پیاوماقوڵانە»، کە بۆ خێرو خواویستی بانگدەکرێن، بۆ ئەوە چوون بەشوێنیاندا، تا داوای لێبوردنیان بۆ بکرێت، نەك خۆیان بیکەن!! وەرن ﴿يَسۡتَغۡفِرۡ لَكُمۡ رَسُولُ ٱللَّهِ﴾ با پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) داوای لێبوردنتان بۆ بکات!!

کەچی بە هەواوفیزەوە سەرێك دەجوڵێنن، کە نایەین! ئاوا لوت دەگەێننە ئاسمان و، ئەو پێغەمبەرە سەروەرە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و خوای کردگاری خاوەن وەحیەکە، بە شایانی ئەوە نازانن بەرەو لایان بێن و، داوای لێبوردنیان بۆ بکرێت لایان!! سوبحان الله چەند سەیرە!

**لێکدانەوەی ئایەتی شەشەم :**

﴿ سَوَآءٌ عَلَيۡهِمۡ أَسۡتَغۡفَرۡتَ لَهُمۡ أَمۡ لَمۡ تَسۡتَغۡفِرۡ لَهُمۡ لَن يَغۡفِرَ ٱللَّهُ لَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ **المنافقون: ٦.**

واتە: هەرچەندە داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، یان بۆ نەکەیت، هەر وەکو یەکە، چونکە هەتاهەتایە خوای گەورە لێیان نابورێت.. خوای گەورە ڕێنمایی کۆمەڵی لاڕێ ناکات..

ئەمە وەڵامی ئەو هەڵوێستە فیزاویەیانەیە، کە نواندیان! کە بەوپەڕی غرورەوە بە ئاماژەی لەش (نەك بە قسەکردن)، وەڵامی پێغەمبەری خوایان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دایەوە، بۆیە ئێستا شایانی ئەوە بوون، کە خوای گەورەش ئەم هەڵوێستە سەختەیان بەرامبەر بنوێنێتەوەو، بیشیکاتە حوکمێکی ئەبەدیی: (داوای لێبوردنیان بۆ بکەیت، یان بۆ نەکەیت، هەر وەکو یەکە، چونکە هەتاهەتایە، خوای گەورە لێیاننابورێت)..

دەسا بزانن کێ زیانی لێکەوت ؟! خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، یان دووڕووە گەوجەکان؟ کە وایاندەزانی بە هەڵوێستی وا نەزانانە گەورەدەبن! نەیانزانی ئەو دەبەنگیەیان، چ سزایەکی پێوەیە!!

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

- دەوترێت: باشە، کە ئەم ئایەتە لەسەر هەڵوێستی تاکی (عبداللەی کوڕی ئوبەی) هاتۆتەخوارەوە، بۆچی بە شێوازی کۆ دەفەرموێ: (لَهُمۡ، لَكُمۡ، لَوَّوۡاْ، رُءُوسَهُمۡ، وَرَأَيۡتَهُمۡ، وَهُم مُّسۡتَكۡبِرُونَ )، چونکە لە باسی یەك کەسەوە هاتۆتە سەر باسی توخمی دووڕووەکان، کە ئەوە هەڵوێستی هەموویانە.. نابینیت، کە (حەسسانی کوڕی سابیت)ی شاعیری گەورەی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە (ئیبنولئوبەیرەق)، کە شتی لە مەککەییەکان دزیبوو، ئەویش بە شیعر بەرامبەری فەرمووی:

ظَنَنْتُمْ بِأنْ يخْفَى الّذى قَدْ صَنَعْتُمْ..... وفِينَا رَسُولٌ عِنْدَهُ الْوحِيُ واضِعَهُ[1]

واتە واتان گوماندەبرد، کە ئەوەی کردتان بۆتان دەشاررایەوە، بەڵام ئێمە پێغەمبەرێکمان لە ناودایە، کە وەحی بۆ دێت و هەواڵیدەداتێ..

- (دە)دانە ساڵی ڕەبەق، ئەم دووڕوانە لە ڕیزی یاوەرانی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەهاتن و دەچوون و، ئەمە ڕەفتاریانبوو، لە پێش کۆچی دوایی پێغەمبەری خوادا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، خوای گەورە ناوی ئەو دووڕوانەی پێڕاگەیاند، ئەویش تەنها بە یەکێك لە یاوەرانی خۆی فەرموو _کە (حوزەیفەی کوڕی یەمان) بوو، (خوا لێی ڕازی بێت)_، بۆ ئەوەی نهێنی باوەڕهێنان و نەهێنانی خەڵکی نەکەوێتە ناو ناوان و، خەڵکی نەکەونە تیروتوانجگرتنە یەکترو، تۆمەتبارکردنی یەکتریی.

نابینیت تەنانەت یەکێکی وەکو (عومەری کوڕی خەططاب) دەهاتە لای (حوزەیفە)و لێی دەپرسی: کە ئایا ناوی من لە لیستی ناوی دووڕووەکاندا نیە؟!

---

(١) قورطوبی: الجامع لأحكام القرآن چاپی دووەم ١٩٦٦/١٤١٦ ب١٨ ل١٢٣ تویژەرەوەکانی لە پەراوێزیدا نوسیویانە، کە (سیبەوەی) لە کتێبی:(الکتاب)ەکەی خۆیدا بەسەنەدەوە هێناویەتییەوە.

(حوزەیفە -خوا لێی ڕازی بێت)، هەر ئەوەندەی پێدەفەرموو: ناوی تۆی تێدانیە..

یاوەران، کە دەیانبینی یەکێك کۆچی دوایی کردووە، سەیریاندەکرد بزانن پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نوێژی جەنازەی لەسەر دەکات، یان نا؟ ئەگەر لەسەرینەکردایە، دەیانزانی ئەوە یەکێك بووە لە دووڕووەکان، چونکە بە پێی فەرمانی خوای گەورە، پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بۆی نەبوو نوێژ لەسەر جەنازەی دووڕووەکان بکات.

وەك دەفەرمویێ: ﴿وَلَا تُصَلِّ عَلَىٰٓ أَحَدٍ مِّنْهُم مَّاتَ أَبَدًا وَلَا تَقُمْ عَلَىٰ قَبْرِهِۦٓ ۖ إِنَّهُمْ كَفَرُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَمَاتُوا۟ وَهُمْ فَـٰسِقُونَ﴾ التوبة: ٨٤.

واتە: نوێژ لەسەر کەسیان نەکەیت، کە مردن، نەشچیتە سەر گۆڕەکەی، چونکە ئەوانە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نەهێناو بە کافری سەریاننایەوە..

دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، کە جەنازەیەکیان بۆ نوێژلەسەرکردنی دەهێنا، (عومەری کوڕی خەططاب -خوا لێی ڕازی بێت)، سەیریدەکرد بزانێت داخۆ (حوزەیفە) نوێژی لەسەردەکات، یان نا، ئەگەر ئەو نوێژی لەسەر نەکردایە، ئەمیش نوێژی لەسەر نەدەکرد..

- سەیربکە! ئەوە (عبداللەی کوڕی ئوبەی)یەو لە مەدینەیە، لە سەردەمی هاتنەخوارەوەی وەحیدایە بۆ پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، ئەوەندەش لە کۆڕو کۆمەڵگەی پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نزیکە، کە خەمی ئەوەیەتی ئایەتی قورئانی لەسەر دابەزێت!! کەچی هەر باوەڕناهێنێت و بە کافری دەڕوات!! ئەم هەموو بارودۆخە ئیمانیە نوێیە کاریتێناکات و، ئەو دڵە ڕەش و ڕەقەی بەرەو ئەم دینە نایات! هەر لەبەر ئەو پلەو پایە کۆمەڵایەتیەی، کە بەتەمابوون بیکەنە پاشای مەدینە، کە بە هاتنی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لە دەستیچوو، ڕازیبوو هیدایەتی خوایی لە دنیاو قیامەتدا لەدەستدا!!

- لەگەڵ ئەم هەڵوێستە گومڕاییەی (عبداللەی کوڕی ئوبەی)دا، هەڵوێستی ئیمانداڕانەی کوڕەکەی ببینە، کە کاتێك بیستی باوکە دووڕووەکەی وتویێتی: (ئەگەر بگەڕێینەوە مەدینە، دەبێت پیاوماقوڵان زەلیلەکان دەربکەن)، چووە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا! بەگەورەیی خوا، جەنابت پیاوماقوڵ و عەزیزو سەرووەریت و، (عبداللەی کوڕی ئوبەی)یە زەلیلە، ئەگەر جەنابت بڕیارتداوە بکوژرێت، فەرمانم پێبکە، با خۆم بیکوژم، نەبادا کەسێکیتری موسوڵمان بیکوژێت و، دوایی منیش نەتوانم هەر ئاوا سەیری قاتڵی باوکم بکەمەوەو بیکوژمەوە، بەمەش موسوڵمانێك بە کافرێك بکوژم، ئیتر ڕەنج بەخەساربم.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: نا، لە قسەی جوان زیاتر هیچیتری پێنالێین..

ئینجا (عبداللە)ی کوڕی زووتر خۆی گەیاندە دەروازەی شاری مەدینەو، بوو بە چاودێری ڕێ! هەر، کە باوکی نزیککەوتەوە، ڕێی لێگرت و نەیهێشت داخڵی شارببێت، فەرمووی: بە خوا قەسەم، بەبێ پرسی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، دوو پێتی تێناخەیت، دەبێ بچیتە خزمەت پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و پۆزشی بۆ بهێنیتەوە، تا ئەو ڕازی ببێت، ئینجا دەتوانیت بچیتە شارەوە!

نەشیهێشت، تا پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فەرمووی: ڕێیدە، با داخڵبێت!!

ئەمە هەڵوێستی ڕاستگۆیانەی دینداریی و، ئەوەش هەڵوێستی دینداریی سەرزارەکیی دووڕوویی..

## لێكدانەوەی ئایەتی حەوتەم:

﴿ هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْۗ وَلِلَّهِ خَزَآئِنُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ لَا يَفۡقَهُونَ ﴾ المنافقون: ٧.

واتە: ئەوانن، كە دەڵێن: هیچ خێرو چاكەیەك لەگەڵ نێرراوەكەی خوادا مەكەنو، پارەو سامانی مەدەنێ، با ئەو كەسانەی لە دەروبەرین لێی دووركەونەوەو بڵاوەی لێبكەن! ئاخر خۆ گەنجینەی هەر هەموو ئاسمانەكان و زەمین، هی خوای گەورەن، بەڵام دووڕووەكان پەی بەوە نابەن..

### لێكدانەوەی ئایەتەكە:

أنفاق: كە لە زمانی عەرەبیدا لە (نفق)ـەوە هاتووە: بەخشینە، ئەسڵەكەی زیادەی سامانەو، هەر بۆ ئەوە تەرخانكراوە، كە بدرێتە كەسانیتر، كەچی دووڕووەكان ناهێڵن، ئەو ماڵ و سامان و پارە زیادەیەش بدرێتە موسوڵمان!!

موسوڵمان، كە سەیری هەڵوێستی دوژمنانی خواویستی دەكات، ئەم هەڵوێستە لە هەموو نەوەكانیانداو بەرامبەر بە هەموو پێغەمبەران و نێرراوانی خوای گەورە (علیهم السلام) و شوێنكەوتووەكانیان دەبینێت.. پێش ئەم دووڕووانە، قورەیش، پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و شوێنكەوتووە دەستكورتەكانی، لە دۆڵەكانی (ئەبوطالیب)دا گیردابوو، گەمارۆی ئابووریی خستبوونەسەر، نەیاندەهێشت كەس بە فرۆشتنیش هیچیان بداتێ!!

ئێستاش هەمان پلان و ڕەفتارو هەڵوێست دەبینینەوە، ئیدارەی سێ حكومەتی یەك لەدوای یەكی ئەمریكا بە درێژایی ساڵانی نەوەدەكانی سەدەی ڕابوردوو گەمارۆی عێراقیاندا، نان و دەرمانیان بە كڕینیش لێ قەدەغەكردن، تا نزیكەی یەك ملیۆن منداڵ لە برساندا مردن!! (٣٠ سی) نەخۆشی _كە هیچ ئاسەواریان لە عێراقدا نەمابوو_ هەمووی گەڕایەوە!! ئەمە لەو عێراقەدا، كە (١١٪) ئیحتیاتی

پیترۆلی جیهانی تێدایە!! (١)

ئەگەر موسوڵمانان هەژارو دەستکورت هێڵرانەوەو، ڕێی کەسابەت و دەوڵەمەندییان لێگیرا، سامانیان موسادەرەکرا، ناچاردەبن، هەوڵێکی زیاتربدەن، کەمتر دەپەرژێنە سەر فێربوونی دینەکەو، هەڵگرتنی بانگەوازەکەی!! ئەو کاتەی، کە کەسێکی کاسب و ماندوو بۆ تێگەیشتنی دینەکەی و، کاری بانگەوازەکەی دەیمێنیتەوە، زۆرکەمدەبێت، خۆی زیاتر ئاتاجێتی، تا تێیدا بحەوێتەوە..

ئەگەر لە بەرامبەر ئەم پلان و ڕەفتارو، هەڵوێستە نەگۆڕەی ئەهلی کوفرو دوژمنانی ئیسلامدا، کۆمەڵێك موسوڵمانی دڵسۆزو شارەزا، بۆ باری ئابووریی بانگەوازەکە موتەفەڕیغ نەبن و، ئەرکی خەرجیی کاری ئیسلامیی نەخەنە سەرشانی خۆیان، بانگەوازەکە زۆر سست دەڕوات، موسوڵمانان لەبەر پارسەنگکردنەوەی باری ئابووریی خۆیان و خێزان و خانەوادەکانیان، ناچاردەبن، هەموو کاتەکانیان بۆ بژێوی تەرخانکەن..

بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر هەریەك لە موسوڵمانانی شوێنێك بڕیارياندا، بڕێك پارەی مانگانە لە خەرجیی خۆیان بگرنەوەو، بیدەنە سەرکردایەتی و پێشەوای خۆیان، ڕێژەیەکی زۆر کاریگەریی لیّ پەیدادەبێت..

بۆ نموونە: ئەگەر هەزار موسوڵمانی کورد لە ئەورووپا، یەکی ڕۆژانە یەك یۆرۆ، کە ناکاتە نرخی ساردیەك، بخەنە بەیتولمالەوە، یەعنی هەریەکەیان بێئەوەی زۆر بایەخ بە ئەنجامەکە بدات، بڕی (٣٦٥) یۆرۆی لە ساڵێکدا خستۆتە بەیتولمالەوە، مادام هەزار کەسیشن، یەعنی بڕی (سێسەدو شەست و پێنج هەزار) یۆرۆ، ـ بێئەوەی کاریگەریی لەسەر پارەو سامانی کەس هەبێت ـ کۆبۆوە!! ئەم پارەیە

---

(١) (مادلین ئۆلبیرایت)ی وەزیرەی دەرەوەی ئەمریکا، لە بەرنامەی (نیو سەعات)ی کەناڵی (فۆکس نیوز)دا وتی: فەوتانی ئەو منداڵانە هەنجەتی هەیە!! ئەمە هەر هەمان هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانە، کە لە شورەوی پێشوودا کۆپنی خواردەمەنیان لە موسوڵمانەکان دەگرتەوەو، سەرپشکیان دەکردن: یان مردن، یان نان و کافربوون! هەموو جۆرەکانی گەمارۆدانی ئابووریی ئەم سەردەمەش، هەر ئەم پلانەیە..

سەرمایەی کردنەوەی چێشتخانەیەکە!! خۆ ئەو مستەوطەنە ئیسرائیلیانەی لە فەلەستینی داگیرکراودا قوتکراونەتەوە، هەمووی بە پارەی جولەکەی دەرەوەیە!! ئەوانەی لەسەر سنوری (غەززە)و (قودس) دەژین، هەر لەو پارە کۆکراوەدا، معاشی مانگانەیان دەدرێتێ، تا بمێننەوە!!

بۆیە ئیسلام پشکێکی زەکاتی بۆ ئەوانە تەرخانکردووە، کە نەوموسوڵمانن، تا دڵیان بە هاوکاریی و برایەتی ئیسلام خۆش بێت، تا پلان و ڕەفتارو هەڵوێستێکی ئیمانی بێت و، بەرامبەر بە پلان و ڕەفتارو هەڵوێستی دووڕوو و کافرەکان بوەستێتەوە، کە دەیانەوێت ئەو موسوڵمانانە بەوە بترسێنن، کە ئەگەر ئیسلامیان وەرگرت و بۆیان بووە سیمای ناسینەوە، نانیاندەبڕێت و ئەمانیان لەدەستدەچێت! هەر وەکو ئێستا هەموو موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و، موسوڵمانانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی و، موسوڵمانانی ئەمریکا بە تایبەتیتر، هەستی پێدەکەن!

ئایەتەکە بەو بڕگەیە کۆتاییدێت، کە پێویستە لە ناخی موسوڵماندا بچەسپێت، ئەویش ئەوەیە: ڕزق و ڕۆزیی و بژێویی، لەلایەن خوای خاوەنەوە دیاریکراوە، ئەو زاتە پاکە کارزانە، کە ئاگاداری هەموو هەست و نەستێکە، خۆی خاوەنی گەنجینەی ئاسمانەکان و زەویە، ئیدی ئەو دووڕوانە ڕزق لە کێ دەگرنەوە؟!

ئەو دووڕوانە گێلن و پەی بەم هاوکێشە ئیمانیە نابەن! چونکە ماددیانە دەڕواننە یاساو ڕێساکانی گەردوون و بە چاوێکی بەرژەوەندیی و، کاریگەریی ماددەشەوە دەڕواننە دینی پێغەمبەران و شوێنکەوتوانیان، هەر وا دەزانن وەکو بیروبارووەڕی خۆیان، وا لە بواری ئالمەو سالمەی کڕین و فرۆشتن و تەنازول پێکردندا!! بەڵام لای موسوڵمان ئەوە بەڵگەنەویستە، کە سەری بێ ڕزق وا لەژێر گڵەوە!!

ئەوە لە قەناعەتی موسوڵماندا جێگیرە، نەك هەر لە هەست و نەستیدا، کە خوای کردگارو خاوەنی ڕۆزیدەرێتی.. بەڵام ئەم بانگەوازە خواییە پێویستی بە بەخشین و پارسەنگی ئابووریی هەیە، بۆ کاریگەریی سەرکردەکەی سەربەخۆیی بڕیاری و ڕاگرتنی شوێنکەوتووەکانی..

## ئایەتی هەشتەم:

﴿يَقُولُونَ لَئِن رَّجَعْنَآ إِلَى ٱلْمَدِينَةِ لَيُخْرِجَنَّ ٱلْأَعَزُّ مِنْهَا ٱلْأَذَلَّ ۚ وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَٰكِنَّ ٱلْمُنَٰفِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ **المنافقون: ٨.**

واتە: ئەوان دەڵێن: هەر، کە چووینەوە شار (مەدینە)، بە تەئکید دەبێت پیاوماقوڵە شەریفەکان، زەلیلەکان لە شار دەرکەن! کۆتاپلەی دەسەڵات و عزەتو هێز هی خوایەو بۆ پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ئیماندارانە، بەڵام بەتەئکید دووڕووەکان ئەمە نازانن..

### هۆی هاتنە خوارەوەی:

لە سەرەتاوە باسمانکرد، کە زۆرینەی زانایان و ئەهلی تەفسیر و فەرموودە لەسەر ئەوەن، کە ئەم ئایەتانە لەسەر هەڵوێستەکانی (عبداللەی کوڕی ئوبەی کوڕی سەللول) هاتوونەتەخوارەوە، مەرجیش نیە لەسەر یەك هەڵوێستی بووبێت، چونکە ـوەکو لە ڕوانگەی قورئانەکەوە دەبینین ـ ڕوداوی جیاواز هەیەو، ئایەتەکانیش باس لە کات و شوێن و ڕوداوی جیاوازدەکەن.

ئەوەی لە سەرەتای سورەتەکەدا هێنامانەوە (باسی شەڕی دوو کەسی موهاجیرو ئەنصاریەکە، کە لەسەر ئاوهەڵهێنجانی بیرەکە بووەشەڕیان و (عبداللەی کوڕی ئوبەی) قسەخراپەکانی کردو، (زەید)، کە گچکەبوو، گوێی لێبوو، قسەکانی گەیاندەوە بە مامی و، ئەویش بە پێغەمبەری نازدار (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ))، ڕیوایاتی: ئیمامی (ئەحمەد)و (نەسائی) و (ترمذی)، هەموو جەخت لەوە دەکەنەوەو، زۆر جار موفەسسیرەکان لە تەفسیری ئەم دوو ئایەتەشدا، ڕیوایەتەکانیان هێناوەتەوە، کە ئێمە بە پێویستی نازانین، دیسان بیگێڕینەوە..

## لێکدانەوەی ئایەتەکە :

لَيُخۡرِجَنَّ: بە چەندین شێوە دەخوێنرێتەوە، وەکو: لیخرُجَنَّ: واتە: دەبێت خۆیان بچنەدەرەوە، لیُخْرَجَنَّ: دەبێت بکرێنەدەرەوە، لتُخْرجَنَّ: دەبێت ئێوە بیانکەنەدەرەوە، یان عەزیزو زەلیلەکان لێك هەڵاوێردرێن و لە یەکتریی جوێ بکرێنەوە!

ٱلۡأَعَزُّ: ئەوی خاوەن هێزو دەسەڵاتی زۆرترە.. عەزیز: لە زمانی عەرەبیدا بەمانای خاوەن هێزو دەسەڵاتە، بەڵام مەرج نیە، هەر هێزی ماددی بێت، بەڵکو دەشێت ویست (ئیرادە)ی بەهێز بێت، بۆیە، کە لە سەیدنا (حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوطالیب)یان پرسی: دەڵێن: سەرکەشییەکت تێدایە؟! فەرمووی: نا سەرکەشیی نیە، ویستی بەهێزە! بەڵام عەزیز، کە کراوە بە کوردی، بۆتە مانای خۆشەویست.. وەك دەوترێت: برای عەزیزم. ئەمە بە مانا عەرەبییەکەی نییە.

ٱلۡأَذَلَّ: ئەوی لە هەموان لاوازو بێ دەسەڵاتترە! ئەمیش مەرج نیە، هەر بێهێزی ماددی بێت، بەڵکو دەشێت ورەڕوخاویی و نەبوونی ویستی پتەو بێت.. ئەمە مانا عەرەبیەکەیەتی، بەڵام، کە بۆتە وشەیەکی کوردی و دەوترێت: زەلیل، ژێردەستەکراو.

کە خوای گەورە ئەو قسە پووچ و بێبەهایانەی سەرۆکی دووڕووەکانی گێڕایەوە، کە لە کاردانەوەی لەدەستدانی سەروەریی فشەڵەوە هاتبوون و، بەو شێوەیە دەربڕرابوون، بەرپەرچیدانەوە، کە ئەوان بە هەڵەداچوون، کە وادەزانن هێزو دەسەڵات و ویستی بەهێزو لاواز، بە گوێرەی پلەو پایەیەکی زەوتکراوی ستەمکارانەیە.. بۆیە بۆ ئەوان و موسوڵمانانی ڕوونکردەوە، کە ئەو پلەیە وەکو هەر شتێکیتر، کە لەم ژیانەدا نیعمەتن و مایەی خۆشین، یان مایەی نارەحەتین، هەمووی لای خوای گەورەوە بۆ خەڵکی، بە پێی شایانی خۆیان پێیاندەدرێت.. عیززەت و زەلیلیی، وەکو ڕێنمایی و ڕێ بزربوون، یان بەرفراوانی ڕۆزیی و تەسکبوونەوەی، یان وەکو فەرمانڕەوایی و ژێردەستەیی، هەمووی لای خوای گەورەوە بۆ مرۆڤ دیاریدەکرێن.

بە پێی زانستی خوایی، کێ شایانی چی بوو دەیدرێتێ و، خوای گەورە ستەم لە کەس ناکات.. بۆیە فەرمووی: ئەو دووڕوانە نازانن.. چونکە ئەوان ئیماندارنین، تا ئەم هاوکێشە خواییە تێگەیشتبن و قەناعەتیان بۆ دروستبووبێت، کە بکەری کاریگەری هەموو بزاوت و سکونەتێك خوای گەورەیە.. دەسەڵات و هێزو ویستی بەهێزیش هی خوای گەورەیە، بەڵام کە لێی بەخشراوە بە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و موسوڵمانان، لەبەر ئەوەیە، کە باوەڕیان بەو خوای خاوەن و کردگارو کارگێڕەی بوون و، ژیانی زیندەوەران و گەردوونە هێناوەو تەسلیم بە ویستی بەهێزو زاڵی ئەو بوون، ئەویش لە لوتفی خۆیەوە، بە ئەرکی خۆی زانیووە سەریانبخات!! ئەمەش کەسێك ئەقڵی پێدەشکێت و دەیزانێت، کە لە هاوکێشە ئیمانیەکە گەیشتبێت و، خۆی تەسلیم بەقەدەری خوایی کردبێت.. بەڵام ئەمە، هەرچەندە بەڵگەنەویستە، بەڵام دووڕووەکان دید لێڵ و بیرکولن، ئەمە نازانن و پەی پێنابەن..

ئینجا خوای گەورە بە واقیعی نیشانیدا، کە دەسەڵات هی کێیە، کە بینی بەفەرمانی پێغەمبەری خوا نەبێت (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، تەنانەت کوڕی خۆشی ناهێڵێت بچێتە مەدینەوە!! بینی، کە دەسەڵاتی وەحی، لە شوێنکەوتوانی ئەو بەهێزترە!

ئەوەش جێی سەرنجبوو، کە دوای چوونەوەی مەدینەی دوای ماوەیەکی کەم، ئەوەندەی خەم و خەفەت خوارد، بەلادا هات و مرد!! ئەوەندەش زەلیلیی لە چاوەڕوانیی خەڵکیدا بینی، کە سات بە سات بچووکتر دەبۆوە، ئەوەش بۆی دەبووە جێخەم، دەشبینی، کە سات بە ساتیش پێغەمبەری پێشەوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و یاوەرانی، عەزیزتر دەبن!!

کێ خاوەن دەسەڵاتبوو؟! (ئیبنوسەللول)ی دووڕوو دەسەڵاتی بەسەر کوڕەکەی خۆشیدا نەما!! تەنانەت ئەوەندە زەلیلکەوت، کە لەبەرچاوی ئەو هەموو خەڵکە، کوڕی خۆی ڕێی چوونەوە ماڵ و شاری خۆی لێبگرێت!! کە ڕۆژانێك بوو تاجیان بۆ دەنەخشاند، تا بیکەنە پاشای مەدینە!! بەڵام ئەم زەلیلییەی لە کوێوە هات؟!

کە کوڕەکەی خۆشی گوێ لەم ناگرێت و، ئاوا بۆتە شوێنکەوتووی دڵسۆزی ئەم غەریبە مەککەییە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)!! کە بە فەرمانی ئەم (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ڕێ بەو دەدات بچێتەوە ماڵی خۆی، کە دایك و خوشك و برای خۆشی لەوێن و، چاوەڕوانی گەڕانەوەیین!!

خوای گەورە ئاوا دەیسەلمێنێت، کە عیززەت بە باوەڕەوەیە، هەردووکیشیان نیعمەتی خوان و ئەو بە ڕەحمەت و بەزەیی خۆی دەیبەخشێتە ئەوانەی شایەنیانن، ئەوەی سەلماند، کە وەك چۆن باوەڕ ئەم عەبدە بە خواوە پەیوەستدەکاتەوە، عیززەتیش لە خواوە بۆ عەبدەکە دێت و بۆی دەبێتە مایەی پشت ئەستووریی!!

جا چۆن ئەو باوەڕەی ناخی ئەم موسوڵمانە، تا خۆی بە گوناح و تاوان و سەرپێچی لاوازی نەکات و لەدەست خۆی نەدات، ئەم عیززەتە خواییە، خەڵاتی خوایەو پێیداوە، تا پشتی بەو بەستێبێت و ڕووی لەو بێت لێی ناسەنێتەوەو، لە کام شوێنەی پڕ ناسۆرو ژانە، لەوێدا ویستی بەهێزتردەکات و، گیانی زاڵیی و ورەبەرزیی تێدا ڕادەگرێت..

ئەمە بەرهەمی ئیماندارییە، دووڕوو ـ کە ئیماندار نییە ـ پەی پێنابات.. چۆن ئەو کەسەی دووڕووەو لەرزۆکانە لەمسەرو سەردایە دەگاتە ئەو پلەیە؟!

چۆن، کە ئەو خۆی بۆ خوا ساغنەکردۆتەوە شایانی ئەو باوەڕو عیززەتەیە؟!

نا ئەمە پلەیەکە شایانی ئیماندارەو، عیززەتێکیشە ئیماندار دوای لوتفی خوایی ڕەنجی خۆشی بۆ خستۆتەکار .

## ئایەتی نۆیەم:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَٰلُكُمْ وَلَآ أَوْلَـٰدُكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَـٰسِرُونَ﴾ **المنافقون: ٩.**

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! سەروەت و سامان و زارۆکتان ئەوەندە مەشغوڵتان نەکەن، لە یادی خواتان دابڕن، ئەوانەی وا دەکەن حەتمەن زەرەرمەند دەبن.

## لێکدانەوەی ئایەتەکە:

خوای پەروەردگار داوا لە موسوڵمانان دەکات، کە یادی خوای گەورە ببێتە خولیای سەریان و جێ مەشغەڵەتی ژیانیان، نەك ئەوەندە خۆ بە چێژی دنیاوە خەریککەن کە یادی خوایان لە بیربچێتەوە، با ئەو چێژە لە حەڵاڵیشدا بێت، وەکو: سەرپەرشتیکردنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکانیشیان.. با ڕەواش بێت بۆیان، کە هەوڵی بژێویی و خۆدەوڵەمەندکردن و بازرگانیی و، شەهادەهێنانەوەو پارەپەیداکردنیشیان بێت، یان سەرپەرشتی زۆری ماڵ و منداڵ و بەخەمەوە بوونیشیان بێت، ئەمەش دەبێت بکرێت، بەڵام نابێت لەسەر حسابی خواپەرستی بێت، نابێت لەسەر حسابی یادی خوا بێت..

ناشێت کابرا پیشەوەی گرێبەستی کارێك لەگەڵ خاوەنەکەیدا ئیمزا بکات، نەزانێت داخۆ نوێژو ڕۆژووەکانی لە کاتی کارکردنیدا بۆ ئەنجامدەرێت، یان نا؟!

ئایا ئەوەندەی کات بۆ دەمێنتەوە، تا خواپەرستیەکانی لە کاتی خۆیدا بکات؟!

ئەگەر نا، ئەوە چ سوودێکە پارە پەیدا کات و نوێژی لەدەست بچێ؟!

ئەوە دیدو ڕەفتارو هەڵوێستی موسوڵمانی قیامەتخوازنیە، ئەوە پیشەو نەریتی دووڕووەکانە.. بۆیە دەفەرموێ: هەر کەسێك وا بکات، حەتمەن دەچێتە ڕیزی ئەو کەسانەوە، کە زیانیان لێکەوتووە.. خوا دەزانێت، کە چ زیانێك لەو کەسە دەکەوێت! زیانەکەش هی ئەوە نییە جارێك بێت و لێیهەستێتەوە، نا، ئەگەر

وابوایە، بە شێوەی ناو (خاسر) نەیدەفەرموو، بەڵکو دەیفەرموو (یخسر)، بەڵام، کە دەفەرموێ: (خاسر)، یەعنی سیفەتی زیانکردنەکەی، لێ دەبێتە سیفەتێکی چەسپاوو نەگۆڕ!! دەست دەداتە هەر کارێك بە زیان بۆی تەواودەبێت.. زیانی هەرە گەورەشی لە ڕۆژی دواییدایە، کە دەبینێت خەڵکی باری چاکەیان لێخستووەو سوودمەندن، کەچی ئەم کیسە خێرێکی نییەو زەرەرمەند کەوتووە!!

یادی خوا، هەموو خواپەرستیەکە: نوێژە، ڕۆژووە، زەکاتدانە، حەجە، قورئانخوێندنە، تەسبیحاتە، خوێندنی ئەزکاری ئێوارەو بەیانیانە.. بۆیە (حەسەنی بەسری -رحمه الله) دەیفەرموو: یادی خوا، هەموو بزاوت و سکونەتێکە، کە ملکەچی بۆ خوای گەورە تێدا بێتەدیی..

هاندانی موسوڵمان لەسەر ئەوەی، کە دڵی هەمیشە بە یادی خواو زمانی هەمیشە بە زیکری خوا پاراو بێت، کە بەرەو خێریتری دەبەن، چاکترە وەك لەوەی بە کەسابەتی زیادەو خەریکبوونی زۆر بە یاری و مەزاقی منداڵانیەوە خەریکبێت، کە تا زیاتر تێیاندا قاڵبێتەوە، بەرەو مەشغەڵەتی زیاتری دەبەن..

دڵی زیندووی موسوڵمان، چۆن هەمیشە لە جیاتی ئەوانە لە خەمی ئەم ئیسلامەیدا نابێت، کە بانگەوازی شەوورۆژی پێغەمبەرانی خوا بووەو، بۆ سەرخستنی ئۆقرەیان لێ هەڵدەگیراو شەونخوونییان بۆ دەکێشاو، بە پشووی درێژەوە بەردەوام دەبون لەسەری و، هیچ شتێك لەم ژیانەدا، ئەوەندەی بە خۆوە خەریك نەدەکردن، کە بۆ ساتێك هۆشیان لە یادی خواو سەرخستنی خواویستیەکەیان دابڕێت!!

موسوڵمان دەبێت هەمیشە لە خولیای ئەوەدا بێت، کە ئەمی بەندەی لاواز و بێدەسەڵات، چ مەنزیلەیەکی دەستکەوتووە، کە خوای کردگاری بەتواناو کارزان هیدایەتی بۆ دینی خۆی داوەو، ئەوەندەی ڕێزلێناوە، کە بەرنامەی ڕێنمایی خۆی بۆ ناردووە، تا بزانێت چۆن بەندایەتی خوادەکات و، چۆن ژیانی خۆی و کۆمەڵگەکەیو پەیوەندیەکانیان ڕێکدەخات؟!

چۆن دەبێت شتێکیتری ئەوەندە لە دڵ و هەست و هۆش و ڕەفتاردا، لا بە نرخ بێت، کە لە زیکری ئەو خوا خۆشەویستەی کەمکاتەوە.. ئاخر دوایی زیانی

لێدەکەوێت، یەکەمین زیانی ئەوەیە: کە خوای گەورە بە بەندەیەکی خواناسی قبووڵنەکات!

ئەمە وەکو (سەیید قوتب) دەفەرموێ: ( سومعەشکانە، سووکبوونە!)[١].

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١ـ ﴿لَا تُلۡهِكُمۡ﴾ : لا تشغلكم: بە خۆتانەوە خەریکنەکات، بەڵام بۆچی نەیفەرمووە: لا تشغلكم ؟! ئەمە نهێنیەکی جوانی تێدایە.. ئەوی پێوەی خەریکدەبیت، شەرت نیە هەر کات بە فیڕۆدانی بێسوودبێت، چونکە لەوانەیە کارێکی بەسوودو کاریگەربێت.

پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەیفەرموو: (إِنَّ فِي الصَّلَاةِ شُغْلًا)[٢].

واتە: کار هەیە لە نوێژەکەشدا بە خۆیەوەت خەریکدەکات..

بەڵام (إِلْهَاء) هیچ خێرو بێرێکی تێدا نیە، چونکە هەر مەشغوڵکردنەکەیەو بەس..

٢ـ بڕوانە مەشغوڵکردنەکەی خستۆتە پاڵ سەرووەت و سامان وماڵ و منداڵەکە. یەعنی: ئەوان وا دەتوانن بە خۆوە خەریکتانکەن، کە زیکری خواتان لە بیرببەنەوە! بەو شێوەیش ئامۆژگاری موسوڵمانەکان دەکات، کە ڕاستەوخۆ نەیانترسێنێت. بۆیە فەرمووی: ئەوان بە خۆیانەوە مەشغوڵتان نەکەن، کە لەڕاستیدا، هەر خۆمانین، کە بەوانەوە مەشغوڵدەبین! ئەمەش لە ڕەوانبێژیدا پێی دەوترێت: بەرهەڵستی لە شتێك، کە شتێکیتری پێمەبەستە.

وەك خوای گەورە لەسوڕەتی لوقماندا دەفەرموێ:

﴿فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ﴾ لقمان: ٣٣.

---

(١) سيد قوتب: في ظلال القرآن ب٦ ل ٣٥٨٠.

(٢) بوخاری (١١٤١)، موسلیم (٥٣٨).

واتە: نەکەن ئەوەندە بوار بکەنەوە، کە دنیا هەڕاڵتان بکات، وا فریو نەخۆن، کە خوای گەورە لێتان ناپرسێتەوە!! دەبینیت دەفەرموێ: دنیا مەغرورتان نەکات، لە ڕاستیشدا مەبەستەکە ئەوەیە، کە ئەی موسوڵمان! نەکەی وا بە دنیاوە هەڕاڵبێت، کە خوای گەورەو حاڵی قیامەتت لەبیربچێتەوە!!

٣- بۆچی ئەو شێوازە لاوەکیەی بەکارهێناوە؟! ئەوە وەکو ئەوەیە، کە خوای گەورە بەرگریی لە موسوڵمانەکە بکات، بۆیە بە سەروەت و سامان و زارۆك و ماڵ و منداڵەکان دەفەرموێت: ئەم موسوڵمانەی بەندەی خواویستی من، بە خۆتانەوە وا مەشغوڵمەکەن، زیکری منی پێنەکرێت..

ئەوەش ئەوە دەگەێنێت، کە سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکان، ئەم بەندەیان دەوێت و پێویستیانە، بۆیە بۆ خۆیانی ڕادەکێشن، بەڵام خوای گەورە لە زانینی ئاقیبەت و خێرخوازیی خۆی بۆ ئەم عەبدەی، دەیەوێت ڕووی لە خواناسییەکە وەرنەگێڕێت، نەبادا زیانی لێبکەوێت!

هەڕەشەیەکیشی بۆ موسوڵمانەکە تێدایە، کە نەکەیت بکەویتە داوی سامان و زارۆك و وا کەمەندکێش ببیت، بێویست، ڕاتکێشنە جیهانێکی مەشغەڵەتیەوە، ئەمەش هۆشدانەوەیەکیتری موسوڵمانەکەیە، کە ئاگاداربە! هەر وەکو ئەوەی پێی بفەرموێت: ئەوە بزانە، کە سامان و زارۆك تەڵەیان بۆ داناویت، تا پێوەبیت، وریابە.. ئەوەش لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە ئەوەیە، کە سامان و زارۆکەکانی هۆشدارو ژیر کردووە، کە ئەی موسوڵمان! بزانە، کە بەرەی بەرامبەریشت ئەقڵی پێدەشکێت، چۆن ڕاتکێشێتە ناو داوی خۆی و، لە زیکری خوای گەورە دووورتخاتەوە..!!

(شێخی ئالوسی -رحمەالله) دەفەرموێ: (مەبەست لە بەرهەڵستیکردنی سەروەت و سامان و ماڵ و منداڵەکە، کە موسوڵمانەکان مەشغوڵنەکەن، هەر بەرهەڵستیکردنی موسوڵمانانە، کە بەو شتانەوە مەشغوڵنەبن، بەڵام ئەوانی کردووە بە بکەر، تا مانای ئەوە بدات، کە ئەوان مەشغەڵەتبازن و، تۆی موسوڵمانیش ڕێی ئەو مەیدانەت نەدراوە، خۆ بخەیتە ناویی و واشبزانیت بە سەلامەت بۆی دەردەچیت! دەنا ماناکەی وایە، کە ئەوەندە خۆ بەو سەروەت و سامانەوە خەریك

مەکەن).

ئیمامی (بەیزاوی -رحمەالله) دەفەرموێ: (ئەوە ئاڕاستەی موبالەغەیە، بۆ زۆر هۆشداریدانە).

٤- پیتی (لا) دوای پیتی بەستنەوە (عەطف) هاتووە: ﴿لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ﴾ نەك (أَوْلادُكُمْ وأَمْوَالُكُمْ)، بۆ ئەوەی ئەوە بسەلمێنێت، کە هەریەکە لەو دوو باسکراوە بۆ خۆی دەتوانێت ببێتە مایەی مەشغەڵەتێکی وا، زیکری خوات لەبیر بکات!! ئەگەر پیتی (لا)ی دووبارە نەکردایەتەوە، ئەگەری ئەوە دەبوو، کە بە هەردووکیان پێکەوە خاوەنەکەیان لە یادی خوا بکەن، ئەو کاتەش، ئەوی، تەنها یەکێکیانی دەبوو، دەیوت: نا ئەوی تریانم نییە، تا ئەوەندە بە هەردووکیانەوە مەشغوڵبم، کە بگەمە ئەو ئاستەی مەترسی زیان لێکەوتنی لای خوام هەبێت!!

٥- سامانی پێش ماڵ و منداڵ خستوە، چونکە ئەویان زیاتر مرۆڤ مەشغوڵدەکات، سامان کۆکردنەوەو کەسابەتی زیاترو گەشەپێدانی، کاتی زیاتری دەوێت، کەلەوانەیە زۆر کەس بۆ کەسابەت و پارەپەیداکردن لە ماڵ و منداڵی دابڕێت!

٦- ئەوی باشە، کە سەروەت و سامانەکەیە، خستوێتیە پێش باشترەکەوە، کە ماڵو منداڵە، چونکە سەروەت و سامان بۆ ماڵ و منداڵ خەرجدەکرێت و، بۆ ئەوانیش پاشەکەوتدەکرێت و، دەبێتەوە بە سامانی میراتی ئەوان..

ئەمە بۆ موسوڵمانی مەشغوڵیش دەبێت ببێتە ڕێسا، نەك وەکو کافران ماڵ و منداڵیان بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان بخەنەوە کار!

بۆیە لە ئایەتی دواتردا، بۆ ئەوەی خۆی قوتار بکات، هاواردەکات: خوایە! مۆڵەتیترم بدەرێ، با سەروەت و سامانەکەم هەمووی ببەخشم و قوتارمبێت و، بچمە ڕیزی پیاوچاکانەوە!!

٧- خەریککردنی جەستەو دەروون، بە سامان و ماڵ و منداڵەوە، حەتمەن مەشغوڵبوونێکە لەسەر حسابی گەشەی ڕۆح! کە لە خۆشەویستی خوای گەورەو زیکرو یادی ئەودایە.. ئەوەش یەعنی: لاوازکردنی نێوان خۆی و خوای خاوەنی، بە مەشغوڵبوونی بە نێوانی خۆی و سامان و ماڵ ومنداڵی!!

ئەمەش بازرگانیەکی سەیرە! چونکە زیانی حەتمی پێوەیە، چونکە بەهێزکردنی لەزەتی جەستەیە لەسەر حسابی لەزەتی ڕۆح.. ئەمە وەکو مەشغوڵبوونە بە کارێکی سەختەوە، لە بارودۆخێکی ناتەندروستدا، وەکو کار لە کانەخەڵوزی ژێرزەویدابکات، کە لەگەڵ پارەپەیداکردندا تووشی نەخۆشی دەبێت! دوای تووشبوون و چارەسەر نەبوون هەست بە زیانە گەورەکە دەکات و پەشیماندەبێتەوە، بەڵام کەی؟ کاتێك کە سوودینابێت!! لەبەر ئەوەشە، کە کۆتایی ئایەتی دواتر، کە باس لەبەخشینی سەروەت و سامانەکەی دەکات و، دەیەوێت لا کات بە لای زیکری خواوە. دەڵێ: تا ببمە پیاوچاك، بەڵام هەل لەدەستچووە!

٨- لێرەشدا هەر سەروەت و سامانی پێش ماڵ و منداڵ خستووە، ئەمەش لە هەموو قورئاندا وایە، جگە لە یەك ئایەتی سورەتی تەوبەدا، کە باس لە بەخشین لە پێناوی خوادا دەکات و، بە ڕیزبەندیی ئەوانە پێشتر دەخات، کە بەنرخترن، کە باوك و ئەولادو براو هاوسەرو عەشرەتن، ئینجا دێتە سەرسامان و بازرگانیی و کۆشك و تەلار، چونکە یەکەمین هەنگاوی سەرخستن و بەرگرییکردن لە دینەکە، بەگیانبەخشینە.

ئێرەش ساحەی جیهادەو شوێنی فەخرو شانازی نیە، تا خەڵکی خۆی پێوەبادەن! وەك دەفەرموێ:

﴿قُلْ إِن كَانَ ءَابَآؤُكُمْ وَأَبْنَآؤُكُمْ وَإِخْوَٰنُكُمْ وَأَزْوَٰجُكُمْ وَعَشِيرَتُكُمْ وَأَمْوَٰلٌ ٱقْتَرَفْتُمُوهَا وَتِجَٰرَةٌ تَخْشَوْنَ كَسَادَهَا وَمَسَٰكِنُ تَرْضَوْنَهَآ أَحَبَّ إِلَيْكُم مِّنَ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ وَجِهَادٍ فِى سَبِيلِهِۦ فَتَرَبَّصُوا۟ حَتَّىٰ يَأْتِىَ ٱللَّهُ بِأَمْرِهِۦ ۗ وَٱللَّهُ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْفَٰسِقِينَ﴾ التوبة: ٢٤.

واتە: بفەرموو: ئەگەر خۆشەویستی بابوباپیران و ئەولادو نەوەو خوشکوبرایان و هاوسەران و کەسوکارو تیرەو هۆزو ئەو کەسابەت و بازرگانیی و سەروەت و سامانەی کۆتانکردۆتەوەو _کە دەترسن برەوی نەمێنێت و لەدەستتان بچێت_ هەروەها ئەو کۆشك و تەلارانەی دڵتان پێیان خۆشە، ئەگەر ئەمانەتان بە لاوە خۆشەویسترە وەك لە خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و جیهادکردن لە پێناوی خوادا، دەی سا چاوەڕوانی غەزەبی خوابن بێتەسەرتان، خوای گەورە ڕێنمایی مەنحەریف و لادەرو فاسقان ناکات..

٩- کە دەفەرموێ: ﴿وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ﴾ نافەرموێ: (ومَن تُلهِهُ تلك)، چونکە لێرەدا دەبێت کارێك ئەنجامبدرێت و بکەرەکە بناسرێت، تا زیانەکە دیاریبکرێت، کە دەکەوێتە سەر کێ؟!

نەبادا کابرا خۆی لێ ڕزگار بکات، بەوەی بڵێت: خوایە! خەتای ئەو سەروەت‌و سامان و ماڵ و منداڵەم بوو، کە ئاوا لە یادی بەڕێزتان مەشغوڵیانکردم!! بۆ ڕێگرتنێتی لەم فێڵەی نەفس، کە دەفەرمێ: هەر کەسێك وابکات.. مادام کردنە، دەبێت ئەوەت لەبیربێت، کە هەموو کردارو گوفتارێکی موسوڵمان پاداشت، یان سزای دەکەوێتەسەر..

بۆیە لەمەشدا دەبێت کابرای موسوڵمان، ئەوەی لەبەرچاو بێت، کە ئەم هەڵوێستەی لەسەرحسێبە..

١٠- بڕوانە ئەو شێوازە جوانە، کە کرداری ڕانەبوردووی (يَفۡعَلۡ)ی بۆ بەکارهێناوە! بۆ ئەوەی مانای دووبارەبوونەوەی بەردەوامبدات، تا موسوڵمان حاڵیبکات، کە ئەمە ڕەفتارێك نییەو جارێك ڕوویدابێت و تەواو، دەنا دەیفەرموو: (ومَنْ فَعَل ذلكَ)!

نا، ئەگەر زۆر هۆشیارنەبن _نەك هەر لێتان دووبارەدەبێتەوە_ بەڵکو لێتان دەبێتە کردەوەی بەردەوامی ڕۆژانە!! چونکە لە دادی خواییش ناوەشێتەوە، کە ئەو زیانە گەورەیە لە کەسێك بکەوێت، هەر بەوەندەی جارێك ئەوەندە مەشغوڵی حەزی خاوەنێتیی و دنیایی خۆی بوو، کە لە یادی خوای گەورە غافڵببێت.

نا، ئەوە سزای ئەو کەسەیە، کە قیامەتی بۆ حەزی ئەم دنیایە وەلکردووە یادی خوای وازلێهێناوە!

**١١-** دەفەرموێ: ﴿فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡخَٰسِرُونَ﴾ کۆتاییەکی زۆر ڕەوانبێژییە، کە شیاوی ئەو ڕەنجە گەوجانەیە، ئەو دنیاویستە، هەر لە ڕەنجی کەسابەت و قازانجی دنیاییدابووە، بۆیە ئەوەتا ئەنجامەکەی ئەو زیانە گەورەیە! ئەو بۆیە مەشغوڵی سەروەت و سامان و ماڵ ومنداڵی بووە، تا لە ڕێی ئەوانەوە ئەوەندەیتر کەسابەتبکات و، سوودی دنیایی دەستکەوێت، کەچی ئەوەتا لە جێی قازانج، ئەو زیانە گەورەیەی تووشدێت، کە ئەوەندە لەسەر دڵی گرانە، کە ئامادەیە هەرچی سەروەت و سامان و منداڵی هەیە، لە ڕێی خوادا ببەخشێت، تا بچێتە ڕیزی پیاوچاکانەوە!! بەڵام تازە ڕۆیی! هەرچی هەلێکی هەبوو لەدەستیدا!!

ئیمامی (زەمەخشەری) دەفەرموێ: (مەزنیی نەمریی، بە سووکیی پووکاو دا).

**١٢-** هێنانی ڕاناوی (هُمُ) لە نێوان موبتەداو خەبەرەکەدا، پاشان ناساندنی زیانلێکەوتوان بە (الـ)ی ناساندن (ٱلۡخَٰسِرُونَ) مانای کورتکردنەوەو جەختکردنەوەی ماناکە دەبەخشن.

واتە: لە ڕاستیدا هەر ئەوانە زەرەرمەندن، نەك کەسانیتر! ئەوان شایانی ئەوەن پێیان بوترێت: زەرەرمەندان! ئەگەر بیفەرموایە: (فاولئك خاسرون)، مانای وادەبوو، کە ئەوان زیانیان لێدەکەوێت، بەڵام لەوانەیە زیانەکە کەمبێت، یان لەوان و لە غەیری ئەوانیش بکەوێت!

**١٣-** فەرمووی: ﴿لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِۚ﴾، نەیفەرموو: (عن الصلاة)، یان (عن الجهاد)، یان خواپەرستیەکیتر، چونکە یادی خوا گشتگیرترەو هەموو ئەو جۆرە خواپەرستیانە دەگرێتەوە، هەر کارێکی چاکە، کە دەیکەیت و هۆشت لەوەیە لەبەر خاتری خوا بێت، بە یادکردنی خوا حسێبە!

کەوابوو: لەوانەیە زیکری خوا نیەتێکی پاکبێت، کە لە دڵدایە، هەر وەکو، کە دەشێت ناوهێنانی خوای گەورەو لێپاڕانەوەی بێت، کە بە زمان ئەنجامدەدەرێت، یان سوجدە بۆبردنی بێت، کە بە ئەندامانیتری لەش ئەنجامدەدرێت..

نابینیت خوای گەورە لە باسی زیکری خۆیدا فەرمان دەکات:

﴿وَٱذۡكُر رَّبَّكَ فِي نَفۡسِكَ تَضَرُّعٗا وَخِيفَةٗ وَدُونَ ٱلۡجَهۡرِ مِنَ ٱلۡقَوۡلِ بِٱلۡغُدُوِّ وَٱلۡأٓصَالِ وَلَا تَكُن مِّنَ ٱلۡغَٰفِلِينَ﴾ الأعراف: ٢٠٥.

واتە: یادی پەروەردگاری خۆت لە دڵ و دەروونندا بکە، بە پاڕانەوەو لاڵانەوەی کزو پەنهان، هەر وا بە چرپەو بڵندیی، بەیانیان و دەمەو ئێواران زیکر بکە، تا نەکەویتە ڕیزی بێئاگایانەوە..

تەنانەت نوێژەکەش بۆ یادی خوایە، بۆیە دەفەرموێ:

﴿وَأَقِمِ ٱلصَّلَوٰةَ لِذِكۡرِيٓ﴾ طه: ١٤.

واتە: نوێژ بۆ یادی من بکە..

(حەسەنی بەسری -رحمەالله) دەفەرموێ: هەموو فەرزەکان زیکری خوان.[1]

---

(١) ئەبو حەییانی ئەندەلوسی: البحر المحیط ٢٧٤/٨

## ئایەتی دەیەم :

﴿وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾ المنافقون: ١٠.

واتە: لەوەی پێمان بەخشیوون ببەخشن، پێشئەوەی مردن بگاتە یەکێکتان، ئەوسا هاواری لێهەڵدەستێت، کە خوایە! ئەگەر ماوەیەکی تریش مردنەکەمت دوادەخست، تا خێروخێراتم بکردایاو بچوومایەتە ڕیزی پیاوچاکانەوە!!

## لێکدانەوەی ئایەتەکە :

دوای ئەوەی دووڕووەکان بە یەکتریان دەوت: کە خێرو خێرات نەدەنە شوێنکەوتوانی محمد (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، وەکو خوای گەورە لەسەری تۆمارکردوون:

﴿هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ حَتَّىٰ يَنفَضُّواْ﴾ المنافقون: ٧.

واتە: ئەوانن، کە دەڵێن: هیچ خێرو چاکەیەك لەگەڵ نێرراوەکەی خوادا مەکەن و، پارەو سامانی مەدەنێ، تا ئەو کەسانەی لە دەروبەرین لێی دووركەونەوەو بڵاوەی لێبکەن!

خوای گەورە فەرمانیدا بە موسوڵمانان، کە ببەخشن و خێرو خێراتی زیاتربکەن، تا لە واقیعی حاڵدا ئەهلی جاهیلییەت ئەو جیاوازیە گەورەیان بۆ دەرکەوێت، کە چۆن موسوڵمانان هەرچی هەیانە بێخەم و سڵکردنەوە لە هەژاریی بە ئومێدی پاداشتی لای خوا دەیبەخشن، لەبەرامبەر ئەو دەستچوقاندنەی جاهیلییەتدا، ئەمان دەبێت ئاوا سەخاوەت بنوێنن!

بڕوانە ئەم شێوازی ئاڕاستەکردنە، کە لە جێی بەرهەڵستی بەخشین، فەرمان بەبەخشین دێت!! بەرهەڵستیەکە لە دووڕووەکانەوە دێت، کە زۆر یەکگرتوو نین، کەچی فەرمانی بەخشینەکە لە خوای کردگارو خاوەنەوەدێت!

پاشان خوای گەورەی زانا، کە دەفەرموێ: ئەگەر نەبەخشن پەشیماندەبنەوە! ئەمەش ئەو هەستی دڵنیاییە لە ناخدا دەچەسپێنێت، کە ئەمە حەتمەن دێتە دیی..لە کاتێکیشدا دەبێت، کە سەرەمەرگەو کات بەسەرچووە!

## چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان

١ـ دەفەرموێت: ﴿مِن مَّا رَزَقْنَٰكُم﴾ واتە: هەندێك لەوە ببەخشن، کە خوای گەورە پێیداون، هەندێکی نەك هەمووی! هەندەکەش لە پێناوی هەمان خوادا ببەخشن، کە پێیداون!

بەم شێوازە، دەروونەکان زیاتر بەلای بەخشینەکەدا کێشدەکات، هەروەك ئەوەی بڵێن: جا کە خوا خۆی ئەم هەمووەی پێداوین و، دەفەرموێت: هەندێکی لەبەرخاتری من ببەخشنەوە، ئیتر چ سپڵەیی و بێوەفاییەکە، چ نەزانیی و ئەقڵ پێنەشکانێکە، چ ڕەزیلیەکە نەیبەخشین!

دیسان بۆیە دەفەرموێ: هەندێك لەو سامانە ببەخشن، کە پێمداون، چونکە خوای کارجوان دەزانێت، ئەگەر داوای بەخشینی هەموو سامان و ماڵەکانیان لێبکات، وەڵامدانەوەیان نابێت، بەمەش گوناهباردەبن! چونکە لە جێیەکیتردا دەفەرموێ:

﴿إِنَّمَا ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ ۚ وَإِن تُؤْمِنُوا۟ وَتَتَّقُوا۟ يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْـَٔلْكُمْ أَمْوَٰلَكُمْ ﴿٣٦﴾ إِن يَسْـَٔلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا۟ وَيُخْرِجْ أَضْغَٰنَكُمْ﴾ محمد: ٣٦ ـ ٣٧ .

واتە: ئەگەر باوەڕبهێنن و پارێزکارییبکەن، ئەوە حەتمەن خوای گەورە بە چاکە پاداشتتان دەداتەوە، خۆ خوا داوای بەخشینی هەموو سەروەت و سامانتان لێناکات! ئەگەر داوای ئەوەتان لێبکات، بە تەئکید پیسکەو چاوبرسیی دەبن و ڕەزیلیی دەکەن، بەوەش ڕق و کینەتان دێتەدەرێ و سەردەکات!!

٢- کە دەفەرموێ: (رَزَقۡنَٰكُم ) بۆ ئەوەیە، بیریانبخاتەوە، کە ئەوەی هەیانە، هی خوای گەورەیە، ڕۆزی ئەوەو بە لوتفی خۆی ئەمانی کردووە بە خاوەنی! بەمەش دڵنەرمتریاندەکات و بەرەو بەخشینەکانیان دەبات، چونکە لە لایەکەوە دەڵێن: دەی ئەو خوایەی خاوەنمانەو سامانەکەی پێبەخشیووین، دەفەرموێ: ببەخشن، ئەو خوایەی، کە دادپەروەرە، تا ئێمە لەڕێی ئەودا ببەخشین، ئەو زیاتر لەبەرچاوی دەبێت و حەتمەن پاداشتمان بەزیادەوە دەداتەوە! پاشان، کە ئەو فەرمانمان پێدەدات، کە ببەخشین، ئیتر، کە نەمانبەخشی، چۆن ڕوومانبێت داوای زیاتری لێبکەین ؟!

٣- دەفەرموێ: (مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ )، پێشئەوەی مەرگ ڕێتان پێبگرێت! هاتنی ئەو (مِّن ) لەوێدا، ئاماژەیە بە نزیکیی مردنەکە لە مرۆڤەوە!

کەوابوو: موسوڵمانەکە دەبێ بزانێت، کە لە کێبرکێی ئەوەدایە زوو ببەخشێت، پێشئەوەی مەرگەکەی بگاتێ! چونکە مانای (مِّن) لێرەدا، وەکو زانایانی زمانەوانی فەرموویانە: (تفید ابتداء الغاية الزمانية) واتە: سەرەتای دەستپێکی زەمانێك ڕووندەکاتەوە!! یەعنی کاتەکە نزیکە لە هاتنی مردنەوە، هەر پێکەوە هاوڕێن!

بەڵام لابردنی (مِّن) لێرەدا، هەر مانای هاتنی مەرگەکە دەگەێنێت، بەڵام نازانرێت نزیکە، یان دوور! دیسان وەکو بڵێیت: دەی ئەوەش مۆڵەتێکیتری ڕەخساو لەبەردەستتدا پێشئەوەی مەرگت بگاتێ! هەرچەندە ئەجەل، کە هات دواناکەوێت، بەڵام وەکو بیرو ژیریی بزواندن و دواندنێتی، کە دەی ببەخشە، خۆ کاتی تەواوت لەبەردەستدا ماوە!!

٤- کراو (مفعول به) پێش بکەر (فاعل) هێناوە (مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ أَحَدَكُمُ ٱلۡمَوۡتُ ) الموت: فاعیلەکەیە، بەڵام لە ڕستەکەدا دواکەوتووە! چونکە ئەوەی جێ باسەکەیە، موسوڵمانە ئاراستەکراوەکەیە، نەك مردن! موسوڵمانە، کە داوای لێکراوە هۆشی لە مردنەکە بێت و، زوو تۆبەبکات و ببەخشێت! دیسان لەبەر ئەوەی هەموو کارێك لە ژیاندا دەکرێت و، مردن کۆتایی بە هەموو هەڵوێستێك

دەهێنێت، بۆیە دەبێت بکەوێتە کۆتایی ڕستەکەوە!!
بڕوانە ئەو ڕەوانبێژییە!

٥ـ دەفەرموێ: ﴿فَيَقُولَ رَبِّ﴾، (فاء)ـەکە لە لایەکەوە بۆ خێرایی و دوابەدوا هاتنی یەکسەرییە، لە لایەکیترەوە بۆ ڕوونکردنەوەی هۆیەکەو بەستنەوەی ڕستەکەشە، بۆیە نەیفەرموو: (ثُمَّ يقول)، کە کاتی دواتری توولدەکێشێ، یان (ويقول)یش بۆ ڕیزبەندیی و پێکەوەبەستنەوەی گشتیە، بێگوێدانە کات..

واتە: مردنەکە دەبێتە هۆی پەشیمانبوونەوەتان و ئەو داوا نابەجێیەتان، کە سا خوایە کەمێکیترمان دوابخە، با خێرو خێرات بکەین!

ئەگەر لە جێی ئەو فائە (ثُمَّ) بهاتبا، ئەو مانا قووڵە ڕەوانبێژیەی نەدەدا!!

٦ـ بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت، کە ئەوەندە خێرا هاواردەکرێت و پەلەی تێدادەکرێت، فریاناکەون بڵێن: (يا ربي)! بۆیە خێرا دەڵێن: ﴿فَيَقُولَ رَبِّ﴾ فریای ئەوە ناکەون (يا) یەکە بڵێن!! وەکو ئەو کەسانەی، کە لە تاواندا هاوار دەکەنە کەسێك و، ناوی دژوارییەکە دەهێنن! وەکو کە دەڵێن: ئاگر ئاگر، بێئەوەی بڵێت کەوتەوە، یان سوتاندتی!

٧ـ فەرمووی: ﴿لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ﴾ نەیفەرموو: (لو أخرتني)، چونکە (لَوْلَآ) بۆ داواکردنێکی بەهێزترە، بۆ داواکردنی بەردەوامی یەك لەدوای یەکی کەم شەرمترە!! چونکە هەڵوێستەکە وا دەخوازێت، تا بە هەر پاڕانەوەو داواکارییەك بێت بگێڕرێتەوە دنیا، تا بکەوێتە خێرو خێرات! بەڵام (لو) دەشێت، هەر بۆ یەکجار بێت و داوایەکی نەرمونیانانەیە، جگە لەوەی مانای تەمەنناو خۆزگەش دەگەیێنێت، وەکو ئەوەیە کارەکەی لەدەست دەرچووبێت و بێئومێد بووبێت، ئینجا بڵێ: خۆزگە دەتگێڕامەوە دنیا! دەشزانێت، کە نایگێڕێتەوە، چونکە ڕێساکە وایە، کە هەر کەس مەرگی گەیشتێ، دەبێت تەسلیمبێت!! نابینیت کابرای شاعیریش، کە دڵنیاشە لەوەی گەنجێتیەکەی ناگەڕێتەوە، کەچی هەر بە خۆزگەوە دەڵێ:

ألا ليتَ الشبابُ يعودُ يوماً ..... فَأخْبِرَهُ بما فعل المَشيبُ

واتە: ئای خۆزگە گەنجێتی دەگەڕایەوە، تا هەواڵی بدەمێ، کە پیرێتی چی کردووە!!

٨ـ لە دوای (لولا) کرداری ڕابوردووی هێناوە ﴿لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ﴾، نەك (لولا تؤخرني)، چونکە ڕابوردوو ڕوویداوەو لێ بۆتەوە!

یەعنی: ئەمەی ئەم حەزەری لێدەکردو بە هیوای هاتنەوەیەتی، تازە بوو بەبەشێك لە ڕابوردوو، هی ئەوە نیە بێتەوە!! جا ئەگەر کرداری ڕانەبوردووی بهێنایە، ئومێدی گەڕانەوەکە، هەرچەند کەم بوایە، هەر دەما!

وەکو خوای گەورە بۆ نیعمەتی ئاو فەرمووی:

﴿لَوۡ نَشَآءُ جَعَلۡنَٰهُ أُجَاجٗا فَلَوۡلَا تَشۡكُرُونَ﴾ الواقعة: ٧٠.

واتە: ئەو ئاوی بارانە سازگارەی ئێمە، لە هەورەوە هێناومانەتە خوارەوە، گەر ئارەزوومان لێبوایە دەمانکردە خوێیاوێکی تاڵ و تفت!!

یەعنی: هێشتا ئومێدی ئەوە ماوە نەیکاتە سوێراو! یان:

﴿لَوۡلَا تَسۡتَغۡفِرُونَ ٱللَّهَ لَعَلَّكُمۡ تُرۡحَمُونَ﴾ النمل: ٤٦.

واتە: دەی خۆ بوارو کاتی ئەوەتان ماوە، داوای لێبووردن لە خوای گەورە بکەن، تا بەزەیی پێتاندا بێتەوەو بتانبەخشێت!

٩. بروانە چۆن داوای ماوەیەکی کەمی کاتیی کردووە، تا چاکسازیەکی حاڵی خۆی بکات! لە کاتێکدا ئاشکرایە، کە ئەو لە ژیاندا ئەو هەموو تەمەنە زۆرەی لەبەردەستدا بوو، هیچ چاکسازیەکی وای نەکرد، کە خوای گەورە پێیخۆشبێت! کات، سامان، تەمەنی خۆی بە هەدەردەدا، بێئەوەی تێفکرێت، بێئەوەی یادێکی ئەم ڕۆژەی بێتەسەر!

دەڵێ: ﴿إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ﴾ نەیوت: (إلى أَجَل)، چونکە ئیحتیمالی ئەوەی هەیە، کە داوای کاتێکی زۆری کردووەو قابیلی ئەوەیە، خۆی تێدا ئیسڵاحبکات!!

١٠. کە دەفەرموێ ﴿فَيَقُولَ﴾ هاتنی فائەکە بۆ خێرایی و ڕیزبەندیی و دوابەدوادا هاتنە! هەر وەکو بڵێیت: لە پەلەپەلی خۆیدا، لە عەزرەت ئەو حاڵەتە دەروونییە

قورسەی تێیدایە، لە لایەکەوە فائەکەی بۆ خێرایی هێناوە، لە لایەکی دیکەوە (یا) ئەکەی لابردووە بۆ ئەوەی زوو (فَيَقُول)ەکە بڵێ!! ئەم دوانەشی لەگەڵ (لَوْلَا)دا هێناوە، کە داواکردنە بە ئیلحاحی یەك لەسەر یەکەوە!!

**١١-** لێرەدا، کە دەفەرموێ﴿أَخَّرْتَنِيٓ﴾، یائەکەی هێناوە، کەچی لە سورەتی (ئیسراء) دا، لە باسی ئیبلیسدا نەیهێناوە، کە دەفەرموێ:

﴿لَئِنْ أَخَّرْتَنِ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَـٰمَةِ لَأَحْتَنِكَنَّ ذُرِّيَّتَهُۥٓ إِلَّا قَلِيلًا﴾ **الإسراء: ٦٢.**

واتە: ئەگەر مۆڵەتی، تا قیامەتم دەدیتێ، شەرتبێ نەوەو وەچەکەی گومڕادەکەم، مەگەر کەمێکیان لەدەستمدەرچن..

لە (مونافیقون)دا یائەکەی بۆیە هێناوەتەوە، چونکە سوودی هێنانەدیی داواکەی دێتەوە سەرخۆی، بۆیە دەیەوێت بە یائەکە تایبەتی بکاتەوە بە خۆیەوەو، زیاتر جەختی لێبکاتەوە، بەڵام لە (ئیسراء)دا، سوودی داواکە بە قازانج بۆ (ئیبلیس) ناگەڕێتەوە، خۆ هەموو مرۆڤایەتی گومڕا ببن، لەعنەتەکەی ئەو ناسڕنەوەو، هیچ سوودێك بە (ئیبلیس) ناگات، بۆیە لە (ئیسراء)دا پێویست بە هاتنی یائەکە نەبوو..

دیسان لە ڕاستیدا داواکاریەکەی ئیبلیس، داواکاری حەقیقی ڕاستەوخۆ نییە، هەر کەلـلەڕەقی و خۆهەڵکێشانێکە، بۆیە بە شێوەی مەرج و سوێندی ناواخن دەیڵێت: (لَئِنْ أَخَّرْتَنِ)، بەڵام (لَوْلَآ أَخَّرْتَنِيٓ ) داواکاریەکی لالانەوەیە، بۆیە جیاوازیەکی ئاوا ڕەوانبێژیی، لە نێوان هەردوو لەفزەکەدا هەیە..

**١٢-** لێرەدا دەپرسرێت: بۆچی کردارێکی مەجزوم، عەطفکراوەتە سەر کردارێکی مەنصووب؟! فەرمووی: ﴿وَأَكُن﴾ مەجزومەو عەطفە لەسەر کرداری (فَأَصَّدَّقَ)، کە مەنصووبە؟ ئەمە ئەوەیە، کە ڕێزمانەوانانی عەرەبی پێی دەڵێن: عەتفی لەفز لەسەر مانا، کرداری یەکەم مەنصووبە بە فائەکەو کرداری دووەم مەجزوومە بە وەڵامی مەرجەکە.

وەکو، کە دەڵێیت: (هَلَّا تَدُلَّنِي عَلى بيتِكَ أَزُرْكَ) . أَزُرْكَ مەجزومە بە وەڵامی

داواکەو ماناکە. واتە: (إنْ تَدلَّني على بيتِك أزُرْكَ)، ئەگەر فائی بۆ بهێنیت ئەویش مەنصووب دەبێت، دەڵێیت (فأزورَكَ)..

کەوابوو وەکو ئیمامی (زەمەخشەری) دەفەرمویّ: ماناکەی بۆتە (إن تؤخرني أصدّق وأكن).. الكشاف ٢٣٦/٣ .

ئینجا نەشی کردوون بە یەك ئاست، چونکە سەدەقەو خێرو خێرات کردن بەس نییە، بۆ ئەوەی ڕەزامەندی خوای گەورەی دەست بخات، بەڵام ساڵح بوونەکە دەشێت سامانیشی نەبێت و، ببێتە مایەی لێبوردنی خوای گەورە..

بۆیە لەویاندا دەفەرمویّ: خێرو خێرات دەکەم بۆ چاکسازیەکەی بە مەرج، دەڵێ: شەرت بێت ببمە پیاوچاك!! بۆ ئەوەی مەرجەکەش ببێتە هاندانی وەڵامدانەوەی خوای گەورە!! بەڵام ئەی هاوار لە من هەر نابێتیّ!!

**١٣.** کە خوای گەورە فەرمووی: لەوەی پێمان بەخشیون ببەخشن ﴿وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم﴾ کابرای چاوچنۆك و پیسکە _هەروەکو کافرو دووڕووەکانی کردو نەیبەخشی_ ئیتر تووشی ئەم چارەنوسە سەختەهات، بۆیە ئێستا پەشیمانەو دەیەوێت سەروەت و سامانەکەی، وەکو سەدەقەو خێروخێرات ببەخشێت، ئینجا مەرجی ساڵحبوونەکە دابینبکات!

ئێ پێشئەوە خوای گەورە پێیدەفەرموو: ماڵ و منداڵتان هۆشتان لەبەرنەبەرن و یادی خواتان لە بیرببەنەوە: ﴿لَا تُلۡهِكُمۡ أَمۡوَٰلُكُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُكُمۡ عَن ذِكۡرِ ٱللَّهِ﴾، پێش ئەمیشیان، باسی لە هەڵوێستی دووڕووەکان کرد، کە دەیانوت: خێر بەو کەسانە مەکەن، کە لە خزمەت پێغەمبەری خوادان (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ﴿هُمُ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ لَا تُنفِقُواْ عَلَىٰ مَنۡ عِندَ رَسُولِ ٱللَّهِ﴾، بۆیە ئێستا ئاوا هاواری لێ هەستاوە، کە ئەگەر مۆڵەتێکی کەمی بدرێتەوە، زۆر زوو دەبەخشێت و دەچێتە ڕیزی پیاوچاکانەوە.. ئەم هەموو هات و هاوارەش دەکات، بەڵام لە کاتی فەوتاودایە!! ﴿فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ وَأَكُن مِّنَ ٱلصَّٰلِحِينَ﴾

**١٤ـ** ئینجا بڕوانە دەڵێ: (فَأَصَّدَّقَ) ناڵێ (فأتَصَدَّقَ)، کە ئەسڵەکەیە! زۆر هۆ هەن بۆ ئەمە، لەوانە:

- بڕگەکانی (فَأَصَّدَّقَ) کەمترە لە بڕگەکانی (فأتَصَدَّقَ) یەکەمیان: (فە، ئەس، سەد، دە، قە) پێنج بڕگەیە، بەڵام ئەوی دیکە شەشە: (فە، ئە، تەس، سەد، دە، قە) ئەمیش لەبەر خێرا وتن و ئومێدی خێرا وەدەنگ هاتنەوەیە، بۆیە پیت و بڕگەکانیشی کەمکردۆتەوە!! جا بڕوانە ئەو ڕەوانبێژییە ؟!

ـ لە (فَأَصَّدَّقَ) دوو جمککردن ( تەشدید)ی تێدایە، کە لەسەر صاد و دالەکەن، بەڵام لە (فأتَصَدَّقَ) یەك تەشدیدی تێدایە، کە لەسەر دالەکەیە.. ئاشکراشە، کە تەشدید لە زمانی عەرەبیدا، بۆ زیاد ئەنجامدان و مەحکەمکردنی کارەکەیە! یەعنی: دوو جار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەس مۆڵەتەکەی بۆ دواخرێت! حەتمەن خێرو خێراتێکی زۆر هەر دەکات!

ـ داوای ماوەیەکی زۆر کەم دەکات، کەچی شەرت لەسەر خۆی دەگرێت، کە خێروخێراتێکی زۆر بکات!!

ئەوە ڕەوانبێژیی قورئانە! کە هەر پیتێك لە هەر وشەیەکدا، هەر وشەیەك لە هەر ڕستەیەکدا، جێی خۆی زۆر بە مەحکەمی گرتووە، کە نامومکینە جێگۆڕکێ بە پیت و وشەکانی خۆشی بکرێت، چ جای ئەوەی پیت و وشەی دیکەیان بخرێتە جێ!

نەك هەر ئەوەش، تەشکیلە ئیعرابیەکەشی (سەروبۆرەکەی)، هەر نیشانەی بەهێزی ڕەوانبێژییە بێوێنەکەی قورئانن.. دەبا ئەو چاوە هەر نابینا بێت، کە بە وشەی ئەم قورئانەدا هەڵنایات و، بە نوری ئەم قورئانە نابینێت..

## ئایەتی یازدەیەم:

﴿وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ﴾ **المنافقون: ١١.**

واتە: بە هیچ کلۆجێك خوای پەروەردگار ئاکام (ئەجەل)ی کەسێك دواناخات، ئەگەر ساتی مەرگی هات، خوای گەورە شارەزای ئەو کردەوانەیە، کە ئەنجامیاندەدەن.

## لێکدانەوەی ئایەتەکە:

دوای ئەو پەشیمانی و هاوارو هانا بۆخواهێنانە کە: با بۆ ساتێکیش بێت مردنەکەمان دواخەو، مۆڵەتی ساتێکی زۆر کەمان بدەرەوە، تا پیاوچاك بین، خوای گەورە بە شێوەیەکی زۆر توندو سەخت و، بۆ بنبڕکردنی هەموو هیواو ئاوات و ئومێدێکیان لەو ڕووەوە دەفەرموێ: (وَلَن ).. ئەم پیتە بۆ نەفیکردنە، بەڵام نەفیکردنەکەی ئەم وەکو (لا و لم) نیە، ئەمیان پەیوەستە بە کاتێکی نەبڕاوەی هەتاهەتاییەوە!!

یەعنی: بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ کلۆجێك، ئومێدی ئەوەتان نەبێت بۆ چرکەیەکیش خوای گەورە ئەجەلتان دواخات! چونکە بڕیاری نەگۆڕی خۆی داوەو فەرموویەتی: (وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ )، ئەگەر ساتی مەرگی کەسێك هات، خوای پەروەردگار بە هیچ کلۆجێك ئاکام (ئەجەل)ی دواناخات..

لە هەموو قورئانەکەی خوای گەورەدا ئەم بڕیارە بنبڕە دەبینینەوە، وەك دەفەرموێ:

﴿وَأَنذِرِ ٱلنَّاسَ يَوۡمَ يَأۡتِيهِمُ ٱلۡعَذَابُ فَيَقُولُ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ رَبَّنَآ أَخِّرۡنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ نُّجِبۡ دَعۡوَتَكَ وَنَتَّبِعِ ٱلرُّسُلَۗ أَوَلَمۡ تَكُونُوٓاْ أَقۡسَمۡتُم مِّن قَبۡلُ مَا لَكُم مِّن زَوَالٖ﴾ **إبراهيم: ٤٤.**

واتە: هۆشداری ئەو ڕۆژە بدە بە خەڵکی، کە سزایاندەگاتێ، جا ئەوانەی ستەمیانکردووە هاواردەکەن: خوایە! بۆ ساتێکی نزیك مردنمان دواخە، تا بە دەنگ بانگەوازەکەتەوە بێین و شوێن پێغەمبەرانت بکەوین!!

ئەدی لەوەو پێش سوێندتان نەدەخوارد، کە هیچتان لێنایات و نافەوتێن؟!!

یان دەفەرموێ:﴿ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾ المؤمنون: ٩٩ – ١٠٠.

واتە: جا ئەو ساتەی یەکێکیان مردنی دەگاتێ داوادەکات: خوایە بمگەڕێنەرەوە بۆ دنیا، تا کردەوەیەکی چاکە بەوە بکەم، کە جێمهێشتووە! هەرگیزاوهەرگیز ئەوە نابێت.. ئەوە بڕیارێکەو خوای گەورە داوێتی (کە ئاکامی هەر کەس هات، دەبێت دەستبەجێ تەسلیمبێت و بمرێت)، جا ئیدی بەرەو بەرزەخێك (قۆناغی دوای مردن) دەکەونە ڕێ، کە ڕۆژی زیندووبوونەوەیانی بەدوادا دێت!

بۆیە بەو شێوە توندو سەخت و بنبڕە، بە پیتی (لن) پێیاندەفەرموێ: کە دواخستنی ساتی مردن ئەستەمە، تا بزانن، کە هیچ بوارێکی موناوەرەو خۆخافڵاندنیان لەبەردەستدا نەماوەو، لە بنبەستێکدا گیریانخواردووە، کە غەیری خۆبەدەستەوەدانی زەلیلانە چارێکی دیکەیان نیە!!

پاشان دەفەرموێ: کە خوای گەورە شارەزایە بەوەی کردوویانەو دەیکەن، بۆیە متمانەو باوەڕ بەو بەڵێنەشیان ناکات، کە دەڵێن: هەر ساتەوەختێکی کەممان بدەرەوە، تا خێرا ببینە پیاوچاك!!

فەرمووی: (خبیر)، نەك (علیم)، چونکە (خبیر) بۆ زانینی پەنهان و ئاشکرایە، بەڵام (علیم) بۆ شارەزایی زاهیرییە..

## باسی فیسق

باسی فیسق، باسێکی گرنگە، چونکە یەکەمین کێشەی عەقائیدیبوو، کەوتە ناو ئوممەتی موسوڵمانەوە، باسێکە لە هەردوو خانەی: عەقیدەو ئەحکامدا دەهێنرێتەوە، چونکە شەرعناسان، کە لە لایەنی کردەوەوە باسیان لێوەکردووە، دەستبەجێ فەرمووشیانە لە ڕووی عەقیدەشەوە ئاوایە، یان ئاوانییە.

هەروەها مەسەلەی فاسقبوون خەلەلێکی گەورەیە، زۆرینەی زۆری موسوڵمانانی ئەمڕۆی، بە شێوەیەك لە شێوەکان گرتۆتەوە! بەسە بۆ ئەوەی بزانین، کە خوای پەروەردگار ئەو کاتی، قورئانی بۆ پێغەمبەرە نازدارەکەی (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەناردە خوارەوە، فەرمووی:

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ ٱلنَّاسِ لَفَٰسِقُونَ﴾ المائدة: ٤٩.

واتە: بە ڕاستی زۆرینەی زۆری خەڵکی فاسقن.

(ئیبنوکەثیر -رحمەالله) دەفەرموێ: (یەعنی زۆرینەی خەڵکی لە گوێڕایەڵی خوای گەورە دەرچوون و، پێچەوانەی حەق ڕەفتاردەکەن)..

دەبێ ئەمڕۆ ئەو زۆرینە زۆرەی زەمانی (ئیبنوکەثیر) چەند بەرابەر زیادیکردبێت.. لەبەر گرنگیی باسەکە، جێی خۆیەتی بە پاشکۆیەکی کورت باسێك لە (فسق) بکەین..

- فَسَقَ لە ڕووی زمانەوانیەوە: (فَسَقَ يفْسُقُ ويفْسِقُ): خۆی لێکێشایەدەرێ، بۆ خورمای تەڕ (ڕوتەب) دەڵێن: (فَسَقَتْ الرَّكْبَةُ) واتە: خورما تازەپێگەیشتووەکە لە پێستە تەنکەکەی هاتەدەرێ.[1]

ئەمەشە بۆتە مانای خۆڕاپسکان لە گوێڕایەڵیی و ملکەچیی، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:﴿وَإِنَّهُۥ لَفِسْقٌ﴾ الأنعام: ١٢١، واتە: ئەوە حەتمەن لە گوێڕایەڵیی

(١) لسان العرب ٣٠٨/١٠

دەرچوونە .

فَسُقَ: بە مانای (فَجُرَ) هاتووە، کەوابوو: مانای (فسوق و فجور) یەك شتن.. کە دەوترێت: کەسێکی فاسق، یان فاجر، هەر بەو مانایەیە، کە خۆی لە خێرخوازیی داماڵیووەو، خۆی لە گوێڕایەڵیی و ملکەچیی فەرمانی خوا ڕاپسکاندووە .

(فسق) لە ڕووی زاراوەییەوە: مانا زمانەوانیەکەی (فسق) گشتگیرەو، هەموو دەرچوونێك، کە خراپی لێبکەوێتەوە دەگرێتەوە، بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە، هەرچەندە (فسق) هەموو سەرپێچیەکی فەرمانی خوایی دەگرێتەوە، بەڵام شەرع مانای تایبەتی بۆ دیاریکردووە، تا ببێتە پێوەری موسوڵمانان. ئەویش بەوەیە، کە (فسق) ئەنجامدانی گوناحی گەورەیە، یان بەردەوامبوونە لەسەر گوناحی بچووك.

کە دەوترێت: فڵانکەس فاسقە، یەعنی: (سقطت عدالته)، واتە:جێمتمانەنەماوە.. بۆیە هەر کەسێك گوناحێکی گەورەی ئەنجامدا، با بۆ یەکجاریش بێت، یان لەسەر گوناحی بچووك، با یەك گوناحیش بێت، بەردەوام بوو، حوکمی (فاسق) دەیگرێتەوە، چونکە لە فەرمانی خوای گەورە دەرچووە، کە دەبوو وابکات و نەیکردووە، یا ن وا نەکات و کردوێتی ..

زاراوەی (فاسق) بۆ کافرو دووڕو و موسوڵمان بەکاردێت، چونکە هەر یەکەیان بەجۆرێك سەرپێچی فەرمانی خوای کردووەو، گوێڕایەڵێتیەکەی پشتگوێخستووە.. بەڵام هەمیشە ئەوەمان لەبەرچاو بێت، کە زانایانی شەرع لە پێشەوایانی سەلەف، کە فەرموویانە: فاسق، مەبەستیان پێ کافربوون بووە، بەڵام زانایانی شەرع لەوانی، کە دوای ئەوان هاتوون، دەفەرموون: فاسق موسوڵمانێکە، کە بە هۆی دەرکەوتنی گوناحی گەورەوە لێی، یان سووربوونی لەسەر ئەنجامدانی گوناحی بچووك، جێمتمانەنەماوە..

لەم ڕوانگەوەیە، کە زانایان فەرموویانە: زاراوەی (فاسق)، وەکو زاراوەی کافرە، واتە حوکمی شەرعیەو، تا کەسێك شایانی نەبێت، ناتوانرێت پێی بوترێت: فاسق.

لەبەر ئەمەشە، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (لاَ يَرْمِي

رَجُلٌ رَجُلًا بِالفُسُوقِ، وَلاَ يَرْمِيهِ بِالكُفْرِ، إِلَّا ارْتَدَّتْ عَلَيْهِ، إِنْ لَمْ يَكُنْ صَاحِبُهُ كَذَلِكَ)[١]

واتە: هەر کەسێك کەسێکی دیکە بە فاسقێتی، یان بە کافرێتیی ناوزەدبکات و کابرا وا نەبێت، حەتمەن ئەو قسەیە دەگەڕێتەوە سەر خۆی..

گومانی تێدانیە، کە قورئان لە چەندین شوێندا باسی فسق و فاسقانی بە شێوازی کردار، وەکو (فَسَقَ، فَسَقُوا)، یان بکەر (فاسِقٌ و فاسِقونَ)، یان چاووگ وەکو (فِسْقٌ و فُسُوقٌ) کردووە..

ئیمامی (ئیبنولقەییم -ڕەحمەتی خوای لێبێت) دەفەرموێ: زاراوەی (فسق) لە قورئاندا بە دوو جۆر هاتووە: تاکی ڕەهاو ئەو فیسقەی پەیوەندە بە گوناحەوە..

## تاك دوو جۆریترە:

- جۆرە فاسقبوونێکیان، بکەرەکەی لە دین و ئوممەت دەباتە دەرەوە، ئەویش ئەوەیە، کە خوای گەورە دەرهەقی دەفەرموێ:

﴿وَلَقَدۡ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ءَايَٰتِۭ بَيِّنَٰتٖۖ وَمَا يَكۡفُرُ بِهَآ إِلَّا ٱلۡفَٰسِقُونَ﴾ البقرة: ٩٩.

واتە: ئێمە بە تەئکید بەڵگەو نیشانەی خۆمانمان بۆ ناردوویتەخوارەوە، بەڵام ئەوانەی، کە فاسقن، هەر باوەڕی پێناهێنن..

هەروەها ئایەتی تری وەکو البقرة/ ٢٧، السجدة/ ٢٠..

- جۆرەکەی دیکە لە دین و ئوممەتی ناباتە دەرەوە، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾ الحجرات: ٦.

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتانهێناوە! ئەگەر فاسقێك هەواڵێکی بۆ هێنان لێیبکۆڵنەوە .

ئەمما ئەو فیسقەی بە گوناحەوە پەیوەندە، وەکو ئەوەی، کە خوای گەورە لەم ئایەتەدا ئاماژەی پێکردووە:

---

(١) بوخاری (٦٠٤٥)، موسلیم (٢٦٨٩).

﴿وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ حَبَّبَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡإِيمَٰنَ وَزَيَّنَهُۥ فِي قُلُوبِكُمۡ وَكَرَّهَ إِلَيۡكُمُ ٱلۡكُفۡرَ وَٱلۡفُسُوقَ وَٱلۡعِصۡيَانَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلرَّٰشِدُونَ﴾ **الحجرات: ٧.**

واتە: بەڵام خوای گەورە باوەڕەکەی لا شیرینکردوون و لە دڵتاندا جوانیکردووە، لە بەرامبەریشیدا کوفرو فسوق و گوناحکاریی لا بوغزاویکردوون، ئەوانەی خاوەنی ئەو پابەندیەن ئا ئەوانە بیرکامڵن..

(ئەبولبەقائی کەفەوی) لە کتێبە نایابەکەی خۆیدا: (الكليات/ ل٦٩٢) ڕوونتر دەفەرموێ: فسق: کە هەر بە مانای فجوورە، وازهێنانە لە فەرمانی خواو گوێ پێنەدانێتی، یاخیبوونە، سەرپێچییە، لەڕێلادانە..

ئیدی جاری وا هەیە، ئەو فیسقە سەرپێچییەکە، کە لە بواری عەقائیدو کرداریدایەو، بکەرەکەی پێی کافردەبێت، فسقی واش هەیە، هەر لەبواری کردەوەدایەو، نەگەیشتۆتە بواری کوفر..

فاسق زاراوەیەکی گشتگیرترە لە کافر، کافریش گشتگیرترە لە فاجر.. کە وتراش: فاجر، ئەوە هەردوو زاراوەی فاسق و کافر دەگرێتەوە، ئەمەش ڕاستە وایە، چونکە فسق لە قورئاندا چەندین جۆرە:

- هەیە بە مانای کوفرە ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿أَفَمَن كَانَ مُؤۡمِنٗا كَمَن كَانَ فَاسِقٗاۚ﴾ **السجدة: ١٨.**

واتە: چما ئەوی موسوڵمانە، هەر وەکو ئەو کەسەیە، کە فاسقە؟!.

- هەیە بە مانای گوناحە ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿فَٱفۡرُقۡ بَيۡنَنَا وَبَيۡنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡفَٰسِقِينَ﴾ **المائدة/٢٥.**

واتە: خوایە ئێمە لە قەومی فاسقان هەڵاوێرە..

- هەیە بە مانای درۆکردن دێت ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن جَآءَكُمۡ فَاسِقُۢ بِنَبَإٖ فَتَبَيَّنُوٓاْ﴾ **الحجرات: ٦.**

واتە: ئەگەر فاسقێك هەواڵێکی بۆ هێنان لێی بکۆڵنەوە، هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتەش نیشان دەدات, کە هەواڵێکی درۆ بوو .

- هەیە هەر بە مانای گشتی گوناح و تاوانە ، وەکو خوای گەورە دەفەرموێ:
﴿وَإِن تَفۡعَلُواْ فَإِنَّهُۥ فُسُوقُۢ بِكُمۡ﴾ البقرة: ٢٨٢.
واتە: ئەگەر ئێوە بیکەن بە گوناح لەسەرتان حسێب دەکرێت..
- هەیە هەر بە مانای خراپەکاریی دێت ، وەکو:
﴿فَلَا رَفَثَ وَلَا فُسُوقَ وَلَا جِدَالَ فِي ٱلۡحَجِّ﴾ البقرة: ١٩٧.
واتە: نە خراپەکاریی, نە جەنگوجیدال نابێت _لە کاتی ئەنجامدانی مەراسیمی حەجدا_ هەبن..

کەوابوو: زاراوەی فاسق، زیاتر بە مانای موسوڵمانی گوناحکارە.. ئەمەش بەڵگەی فەرموودەی زۆری لەسەرە، وەکو، کە پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێ: (سِباب المسلم فسوقٌ، وقتاله كفرٌ)[1] .
واتە: جنێودان بە موسوڵمان فسقەو کوشتاریشی کافربوونە.
زانایان و شەرعناسان لەسەر ئەوە ڕێکن، کە ئەوە کوفری بچووکەو خاوەنەکەی لە دین وئوممەت ناباتەدەرەوە.

## سیفاتی فاسیقان:

بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێك سیفەت هەن، کە خاوەنەکانیان دەخەنە ڕیزی فاسقانەوە، ئیمامی (ئیبنولقەییم -رحمە اللە) دەفەرموێ: (فسوق دوو جۆرە: یەکەمیان: فیسقی ڕەفتارە، دووەمیان: فیسقی عەقیدەتیە، فیسقی ڕەفتار، یان لە گوفتاردایە، یان لە کرداردا:
ـ فیسقی گوفتار: وەکو درۆکردن، سوێندی درۆخواردن، شایەتی درۆ، تۆمەتبارکردن بە زیناو داوێنپیسیی، دووزمانیی، جنێو بە یاوەرانی پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، شین و شەپۆڕگێڕانی پرسە، قسەکردن بەدەم شەرعی

---
(١) بوخاری (٨٤)، موسلیم (٦٤).

خواوە .

ـ فیسقی ڕەفتار: وەکو نوێژنەکردن، ڕۆژوونەگرتن بێعوزری شەرعیی، کوشتن، دزیی، شەڕابخۆریی، زیناکردن، سووخواردن، خواردنی ماڵی هەتیوو، تۆران و یاخیبوونی بێ هۆی ژن لە مێردی..

فیسقی ئیعتیقادیش بیدعەچێتیە، ئیمامی (ئیبنولقەییم) دەفەرموێ: فیسقی ئیعتیقاد، وەکو فیسقی بیدعەچییەکانە، کە باوەڕیان بە خواو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) و ڕۆژی دوایی هەیە، بەڵام نکوڵی لە هەندێك سیفات دەکەن، کە خوای گەورەو پێغەمبەری خوا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) باسیانفەرمووەو چەسپاندوویانە، یان هەر ئەوەی، کە تەقلیدی شێخ و مشایەخەکانیان دەکەنەوەو، سیفاتی وا دەدەنە خوای گەورە، کە قورئان و سوننەت باسیان لێوە نەفەرمووە، جا ئیتر ئەمە سەرەنجامی نەزانینیان بێت، یا سەرەنجامی هەڵە لێکدانەوەیان بێت[1].

## سیفاتی متمانە پێکراوان:

لە بەرامبەر ئەم سیفەتانەی فاسقاندا پێویستە سیفاتی متمانەپێکراوانیش بزانین، چونکە ئەمانیش زیاتر سیفاتی فاسیقانمان بۆ ئاشکرا دەکەن..

متمانەپێکردن یەعنی (عەدالەت)، کە مەبەستیان لێی پابەندبوونی ئەو موسوڵمانەیە بە شەرعی خواوە. بۆیە فەرموویانە: عادل ـکە متمانەپێکراوەـ: ئەو کەسەیە، کە دیندارێکی سەرڕاستە، ئەو موسوڵمانەیە، کە گوناحی گەورەی لێدەرنەکەوتووەو، سوورنیە لەسەر ئەنجامدانی گوناحی بچووك و، خاوەن بیدعە نییە.. دەشێت کابرا کاتی خۆی، گوناحی گەورەی ئەنجامدابێت، بەڵام بەئاشکرا تۆبەی لێکردووەو، خەڵکی دوای تۆبەکردنەکەی، دەکەنە پێوەری متمانە پێکردنەوەی، نەك پێش تۆبەکەی..

---

(١) مدارج السالكين (٢٧٦/١).

# ناوەڕۆک

پێشکەشە .................................................... ٦
تەفسیری سورەتی الصف.................................. ٧
پێناسەی سوڕەتەکە ........................................ ١٠
هۆی هاتنە خوارەوەی ...................................... ٢٠
دەرسی یەکەم : ئایەتەکانی ١-٤ ............................ ٢٥
مانای گشتیی ئایەتەکان .................................... ٢٥
لێکدانەوەی ئایەتەکان ...................................... ٢٧
ئایەتی یەکەم : .............................................. ٢٧
ئایەتی دووەم : ............................................. ٣١
ئایەتی سێیەم : .............................................. ٣٥
ئایەتی چوارەم : ............................................ ٣٩
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان.................................. ٤٧
کۆمەڵکاری و هەستیی....................................... ٥١
دەرسی دووەم : ئایەتەکانی ٥-٦ :.......................... ٥٥
مانای گشتی ئایەتەکان...................................... ٥٥
لێکدانەوەی ئایەتەکان ...................................... ٥٧
ئایەتی پێنجەم : ............................................ ٥٧
ئایەتی شەشەم : ............................................. ٦٢
دەرسی سێیەم : ئایەتەکانی ٧ -٨ -٩ :...................... ٦٥
مانای گشتی ئایەتەکان...................................... ٦٥
لێکدانەوەی ئایەتەکان ...................................... ٦٦
ئایەتی حەوتەم : ............................................ ٦٦

ئایەتی هەشتەم :........................................................................................ ٧٠
ئایەتی نۆیەم :........................................................................................ ٧٤
دەرسی چوارەم : ئایەتەکانی ١٠ و ١١ و ١٢ و١٣ :........................................ ٧٧
مانای گشتی ئایەتەکان........................................................................ ٧٧
لێکدانەوەی ئایەتەکان ........................................................................ ٧٩
ئایەتی دەیەم :........................................................................................ ٧٩
ئایەتی یازدەیەم :........................................................................................ ٨١
ئایەتی دوازدەیەم :........................................................................................ ٨٥
ئایەتی سیازدەیەم :........................................................................................ ٨٨
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان........................................................................ ٩١
دەرسی پێنجەم : ئایەتی ١٤:........................................................................ ٩٥
مانای گشتی ئایەتەکە ........................................................................ ٩٥
لێکدانەوەی ئایەتەکە........................................................................ ٩٦
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان........................................................................ ٩٩
تەفسیری سورەتی الجمعة........................................ ١٠١
پێناسەی سورەتەکە........................................................................ ١٠٣
ناوی سورەتەکە:........................................................................ ١٠٣
مەبەست لە سورەتەکە:........................................................................ ١٠٧
مانای گشتی سورەتەکە ........................................................................ ١٠٨
دەرسی یەکەم : لێکدانەوەی ئایەتەکان........................................................ ١١١
ئایەتی یەکەم:........................................................................................ ١١١
دەرسی دووەم : ئایەتی ٢_٣ ........................................................................ ١١٥
ئایەتی دووەم:........................................................................................ ١١٥
لاباسی یەکەم: سۆفیگەرێتیی زاهدێتییەکەی ئیسلام نیە: ........................ ١٢٧
لاباسی دووەم: زانین:........................................................................ ١٣١
ئایەتی سێیەم: ........................................................................................ ١٣٨

ئایەتی چوارەم:........................................................................................ ١٤١
دەرسی سێیەم : ئایەتی پێنجەم: ................................................................. ١٤٥
ئایەتی ٦_٧............................................................................................ ١٥٣
دەرسی چوارەم : ئایەتی شەشەم: .............................................................. ١٥٣
ئایەتی حەوتەم:........................................................................................ ١٦١
دەرسی پێنجەم : ئایەتی هەشتەم:............................................................... ١٦٣
دەرسی شەشەم : ئایەتی ٩_١٠................................................................. ١٦٧
ئایەتی نۆیەم:.......................................................................................... ١٦٧
ئایەتی دەیەم:.......................................................................................... ١٧٢
دەرسی حەوتەم : ئایەتی یازدەیەم:............................................................ ١٧٥
هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە:................................................................. ١٧٥
**تەفسیری سورەتی المنافقون**................................................................. ١٧٩
پێناسەی سورەتەکە.................................................................................. ١٨٢
هۆی هاتنە خوارەوەی سورەتەکە:............................................................. ١٩٠
دەرسی یەکەم : ئـایەتی ١ـ ٤ .................................................................. ١٩٧
لێکدانەوەی ئایەتەکان ............................................................................. ١٩٨
ئایەتی یەکەم:......................................................................................... ١٩٨
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان....................................................................... ٢٠٨
وەسفی باوەڕهێنانی دەشتەکییەکان: ............................................................ ٢١١
ئایەتی دووەم:......................................................................................... ٢١٣
ئایەتی سێیەم: ........................................................................................ ٢١٦
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان....................................................................... ٢١٩
ئایەتی چوارەم:....................................................................................... ٢٢٣
لێکدانەوەی ئایەتەکە ............................................................................... ٢٢٧
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان....................................................................... ٢٢٩
ئایەتی پێنجەم و شەشەم: ......................................................................... ٢٣٣

هۆی هاتنە خوارەوەی ........................................................................ ٢٣٣
لێکدانەوەی ئایەتەکان ........................................................................ ٢٣٥
لێکدانەوەی ئایەتی شەشەم : ........................................................................ ٢٤١
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان ........................................................................ ٢٤٢
لێکدانەوەی ئایەتی حەوتەم : ........................................................................ ٢٤٥
ئایەتی هەشتەم : ........................................................................ ٢٤٨
لێکدانەوەی ئایەتەکە : ........................................................................ ٢٤٩
ئایەتی نۆیەم : ........................................................................ ٢٥٢
لێکدانەوەی ئایەتەکە : ........................................................................ ٢٥٢
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان ........................................................................ ٢٥٤
ئایەتی دەیەم : ........................................................................ ٢٦١
لێکدانەوەی ئایەتەکە : ........................................................................ ٢٦١
چەند خاڵێك بۆ سەرنجدان ........................................................................ ٢٦٢
ئایەتی یازدەیەم : ........................................................................ ٢٦٩
لێکدانەوەی ئایەتەکە : ........................................................................ ٢٦٩
باسی فیسق ........................................................................ ٢٧١
تاك دوو جۆریترە: ........................................................................ ٢٧٣
سیفاتی فاسیقان: ........................................................................ ٢٧٥
سیفاتی متمانە پێکراوان: ........................................................................ ٢٧٦